حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی سلێمانیی
کۆلێژی زمان

# نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا

نامەیەکە

**سازان زاهیر سەعید**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی
بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

**سەرپەرشت:**

**پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

(٢٧١٨)ی کوردیی　　(٢٠١٩)ی زایینیی

ئەم نامەیە بەناونیشانی (نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا)، لەلایەن خوێندکار (سازان زاهیر سەعید)ەوە بەسەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا.

ناو: پ.ی.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

ڕۆژ: ٢٠١٩/٢/١١

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: ٢٠١٩ /٢/١١

ئێمه ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆكو لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:
ئەندامو سەرپەرشت
ڕۆژ: / /

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.

ناو:
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ: / /

# پێشکەشە...

- بە دایکوباوکی ئازیزم، ئەو دوو میهرەبانەی، خۆشەویستیی‌و ژیانیان پێبەخشیم‌و لە هەر هەنگاوێکدا پەرۆشی سەرکەوتنم بوون.
- بە خوشکوبراکانم (زانا، ڕۆژان، زرنگ)، هەمیشە پاڵپشتی سەرکەوتنەکانم بوون.
- بەو پەپوولانەی، ئاسوودەیی بە ڕۆحم دەبەخشن (ڕەند، ڕەنوو).
- بە هەر خوێنەرێك، وێڵی زانست‌و زانینی زیاتر بێت.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس بۆ:

- بەڕێز (پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف)، کە بەوپەڕی دڵسۆزییو لەخۆبوردووییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆو هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی زانستیی کردوومو لەگەڵمدا ماندووبووە، سوپاسیاندەکەم.
- مامۆستای بەڕێز (پ.د.محەمەد مەحویی)، هەموو کات ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم بووە، پێزانینم هەیە.
- برای ئازیزم کاک (زانا زاهیر) لە هۆبەی خوێندنی باڵای کۆلێژ، هەمیشە هاوکارم بووەو کارئاسانیی بۆ کردووم.
- بەڕێزان (پ.ی.د.هۆشەنگ فارووق)و (د.نیان عوسمان)، کە بە وەرگێڕانی پوختەی نامەکە بۆ زمانی ئینگلیزییو عەرەبیی، هاوکارییانکردووم.

# هێماو کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| پ.س | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی |
| پ.ف | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی |
| ت | تەواوکەر |
| س | سەر |
| ن ج | نیشانەی جیاکەرەوە |
| /  / | فۆڕمی فۆنۆلۆژیی، مۆرفیم |
| * | ناڕێزمانیی |
| [  ] | نواندنی فۆنەیتیکیی |
| [....] | نواندنی ناواخنی فەرهەنگیی |
| <  > | ڕۆڵی واتایی/ بابەتانە |
| >  < | ڕستە |
| {  } | فرێز |
| [  ] | فیچەری سیمانتیکیی |
| ~ | هاوواتا/ بە هەمان واتا دێت |
| ⟵ | دەبێت بە |
| ⟵----- | مەرج نییە ببێت |
| ≠ | نابەرامبەر/ ناهاوتا |
| ó | بڕگە |
| ؟ | گومانلێکراو |
| j , i | هاونیشانەیی DP/NP یەکان |
| $A^0$ | ئاوەڵناو |
| $AP/A^{-}$ | فرێزی ئاوەڵناویی |

| | |
|---|---|
| ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی | $Adv^0$ |
| فرێزی ئاوەڵکرداریی | $AdvP/Adv^-$ |
| ڕێککەوتن | $AGR^0$ |
| فرێزی ڕێککەوتن | $AGR^-/AGRP$ |
| واژەگۆکەر | $C^0$ |
| فرێزی تەواوکەری ڕستەیی | CP |
| مۆرفیمی تەکخستنی فەرهەنگیی | $Conj^0$ |
| فرێزی تەکخستن | $Conj^-/ ConjP$ |
| مۆرفیمی خستنەپاڵ | D |
| دیارخەر | $D^0$ |
| فرێزی دیارخەریی | $DP /D^-$ |
| ناو | $N^0$ |
| پێشناوی فەرهەنگیی/ فرێز | P |
| پارتیکڵ | Par |
| فرێزی پێشناویی | PP |
| دەستەواژیلە | Pre.P |
| دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی | $PreP.\ A^0$ |
| دەستەواژیلەی کرداریی | $PreP.V^0$ |
| دەستەواژیلەی فەرهەنگیی | $PreP.X^0$ |
| پێشگری سنتاکسیی | Sp |
| سپێك | Spec |
| پاشگری سینتاکسیی | Ss |
| تاف | $T^0$ |
| فرێزی تاف | $TP /T^-$ |
| کرداری فەرهەنگیی/ ڕەگ | $V^0$ |
| فرێزی کرداریی/ کرداری سینتاکسیی | $VP /V^-$ |
| توخمی فەرهەنگیی | $X^0$ |

| | |
|---|---|
| تەواوکەر | Y |
| ڕستیلە، کە گۆکردنی تەواوکەری سینتاکسیی دەبێت | $Y^-$ |
| فرێزی تەواوکەری دیارینەکراو | YP |
| فرێزی سەربار | ZP |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Syntactic argument | ئارگومێنتی سینتاکسیی |
| Syntactic adverb | ئاوەڵکرداری سینتاکسیی |
| Lexical adverb | ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی |
| Operation | ئۆپەراسیۆن |
| | ب |
| Topicalization | بەترۆپککردن |
| Neutralization | بێلایەنبوون |
| | پ |
| Parameter | پارامیتەر |
| Agreement parameter | پارامیتەری ڕێککەوتن |
| post-sentential | پاش_ڕستەیی |
| Post-lexical | پاش_فەرهەنگیی |
| Filter | پالێوەر |
| Predicate | پریدیکات/ ئارگومێنت_داواکەر |
| Predicator | پریدیکاتۆر |
| Syntactical Sub categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی |
| Lexical Sub categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی |
| Syntactic category | پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی |
| Pre –sentential | پێش_ڕستەیی |
| Preposition | پێشناو |
| Syntactic component | پێکهاتەی سینتاکسیی |
| Semantic component | پێکهاتەی واتایی |
| Process | پێواژۆ |
| | ت |

| | |
|---|---|
| Tense | تاف |
| Morphological pattern | تەرزی مۆرفۆلۆژیی |
| Syntactic complement | تەواوکەری سینتاکسیی |
| Element | توخم |
| Copy theory of movement | تیۆری جوڵەی کۆپیی |
| Copy theory | تیۆری کۆپیی |
| | **ج** |
| Movement | جولاندن |
| Free variation | جۆراوجۆریی ئازاد |
| A_Position | جێکەوتەی ئارگومێنت |
| Syntactic position | جێکەوتەی سینتاکسیی |
| A¯_Position | جێکەوتەی نائارگومێنت |
| | **د** |
| Phrase | دەستەواژە/ فرێز |
| Sub Phrase/ Pre-Phrase | دەستەواژیلە/ پێش_فرێز |
| Complementary distribution | دابەشبوونی تەواوکەرانە |
| Morphosyntactical structure | دروستەی مۆرفۆسینتاکس |
| | **ڕ** |
| Non finite verb/ root | ڕەگ |
| Projection Principle | ڕێسای پرۆژەسازدان |
| Extended Projection Principle | ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| | **س** |
| Functional head | سەری ئەرکیی |
| Grammatical head | سەری ڕێزمانیی |
| Lexical head | سەری فەرهەنگیی |
| | **ش** |

| | |
|---|---|
| Syntactical inflection | شکانەوەی سینتاکسییانە |
| Trace | شوێنپێ |
| | ف |
| Functional phrase | فرێزی ئەرکیی |
| Tense phrase | فرێزی تاف |
| Agreement phrase | فرێزی ڕێککەوتن |
| Lexical phrase | فرێزی فەرهەنگیی |
| Verb phrase | فرێزی کرداریی |
| Adjunct phrase | فرێزی هەڵواسراو |
| | ق |
| Stress | قورساییخستنەسەر |
| | ك |
| Deletion category | کەتیگۆریی دەرنەبڕاو |
| Syntactic category | کەتیگۆریی سینتاکسیی |
| Syntactic verb | کرداری سینتاکسیی |
| Lexical verb | کرداری فەرهەنگیی |
| Finite verb | کرداری کاتدار |
| Copy | کۆپییکردن |
| | گ |
| Transformation | گواستنەوە |
| | م |
| Syntactic marker | مارکەلێدانی سینتاکسیی |
| Lexical morphology model | مۆدێلی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی |
| Agreement morphemes | مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن |
| | ن |
| Irregular | نایاسابەند |
| θ-grid | نەخشەی سیتا |

| | |
|---|---|
| Representation | نواندن |
| Obligatory representation | نواندنی خورتیی |
| Optional representation | نواندنی سەرپشکیی |
| Syntactic representation | نواندنی سینتاکسیی |
| Node | نۆد/ گرێ |
| | **و** |
| Sub constituent | وەچە پێکهاتە |
| | **ی** |
| Deletion Rules | یاساکانی دەرنەبڕین |

# پێڕستی ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| | **پێشەكیی** |
| ١ | ١/٠ ناونیشانو بواری لێكۆڵینەوەكە |
| ١ | ٢/٠ كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە |
| ١ | ٣/٠ هۆی هەڵبژاردنی لێكۆڵینەوەكە |
| ١ | ٤/٠ ڕێبازو تیۆری لێكۆڵینەوەكە |
| ١ | ٥/٠ بەشەكانی لێكۆڵینەوەكە |
| | **بەشی یەكەم**<br>**فەرهەنگو بنەما تیۆرییەكان** |
| ٣ | ١/١ گریمانەی بەپێكهاتەبوونی فەرهەنگ |
| ٥ | ١/١_١ پێكهاتەی فەرهەنگ |
| ٩ | ١/١_٢ زانیارییە زمانییەكان لە فەرهەنگدا |
| ١١ | ١/١_٢_١ نواندنی فۆنۆلۆژیی |
| ١٦ | ١/١_٢_٢ نواندنی فۆنۆلۆژییانەی بڕگە |
| ١٦ | ١/١_٢_٣ نواندنی مۆرفۆلۆژیی |
| ٢١ | ٢/١ پریدیكات/ ئارگومێنت_داواكەر |
| ٢٣ | ٢/١_١ پریدیكاتۆر |
| ٢٤ | ٢/١_٢ بەرجەستەكردنی پریدیكاتو پریدیكاتۆر |
| ٢٤ | ٢/١_٣ پریدیكاتۆری فەرهەنگیی |
| ٢٥ | ٢/١_٤ پریدیكاتو دروستەی ئارگومێنت |
| ٢٧ | ٢/١_٥ دروستەی ئارگومێنت |
| ٣٤ | ٣/١ بنەمای پڕۆژەسازدانو تیۆری سیتا |
| ٣٤ | ٣/١_١ پڕۆژەسازدان |
| ٤٥ | ٣/١_٢ پڕۆژەسازدانی فراوانكراو |
| ٤٧ | ٤/١ پۆلەڕەگەزدیاریكردنو بنەما |

| | |
|---|---|
| ٤٩ | ٥/١ تیۆری دۆخی ڕێزمانییو نواندنی سینتاکسیی |
| ٥٦ | ٦/١ گریمانەی DP |
| ٥٩ | ٦/١_١ گریمانەی بوونی NP |
| ٦٢ | ٦/١_٢ شکانەوەی DP لەناو DP دا |
| ٦٤ | ٧/١ تیۆری X-bar |
| | **بەشی دووەم**<br>**پڕۆژە ناوەندییەکانو نواندنیان** |
| ٦٨ | ١/٢ پڕۆژە ناوەندییەکان |
| ٦٨ | ١/٢_١ پڕۆژەی فرێزی فەرهەنگیی |
| ٧٠ | ١/٢_١_١ پڕۆژە سینتاکسییەکانی ناو $N^0$ |
| ٧٠ | ١/٢_١_١_١ پڕۆژە پێش_فرێزییەکان |
| ٧١ | ١/٢_١_١_٢ پڕۆژە فرێزییەکان |
| ٧٢ | ١/٢_١_١_٢_١ ناوی گشتیی |
| ٧٥ | ١/٢_١_١_٢_٢ جێناو |
| ٧٦ | ١/٢_١_١_٢_٣ ناوی تایبەتیی کەس |
| ٨٠ | ١/٢_١_١_٢_٤ ناوی تایبەتیی شوێن |
| ٨٢ | ١/٢_١_٢ پڕۆژە سینتاکسییەکانی دیارخەر $D^0$ |
| ٨٧ | ١/٢_١_٣ پڕۆژە سینتاکسییەکانی ئاوەڵناو $A^0$ |
| ٨٧ | ١/٢_١_٣_١پڕۆژە پێش_فرێزییو فرێزییەکانی ئاوەڵناو |
| ٩٢ | ١/٢_١_٤ پڕۆژە سینتاکسییەکانی مۆرفێمی تەکخستن $Conj^0$ |
| ٩٨ | ١/٢_١_٥ پڕۆژە سینتاکسییەکانی کردار |
| ١٠٠ | ١/٢_١_٥_١ کرداری فەرهەنگیی $V^0$ |
| ١٠٣ | ١/٢_١_٥_٢ گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کردار |
| ١١٣ | ١/٢_١_٥_٣ کرداری سینتاکسیی $V^-$ |
| ١١٥ | ١/٢_١_٦ پڕۆژە سینتاکسییەکانی پێشناو $P^0$ |
| ١١٨ | ١/٢_١_٧ فرێزی ئاوەڵکرداریی |
| ١١٩ | ١/٢_١_٧_١ فرێزی ئاوەڵکردارییو مەوداکانیان |

| | |
|---|---|
| ٢/١_١_٧_٢ ئاوەڵکرداری کاتیی | ١٢٠ |
| ٢/١_١_٧_٣ ئاوەڵکرداری شوێنیی | ١٢٧ |
| ٢/١_١_٧_٣_١ پێواژۆی سینتاکسییانە | ١٣١ |
| ٢/١_١_٧_٣_٢ پێواژۆی دیسپلینکردنی مۆرفۆلۆژییانە | ١٣٣ |
| ٢/١_١_٧_٤ ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی | ١٣٦ |
| ٢/١_١_٧_٤_١ پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانە | ١٣٨ |
| ٢/١_١_٧_٤_٢ پێواژۆی سینتاکسییانە | ١٤٤ |
| ٢/١_٢ پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکان | ١٤٥ |
| ٢/١_٢_١ فرێزی تاف | ١٤٥ |
| **بەشی سێیەم**<br>**نواندنی پرۆژە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکان** | |
| ٣/١ پرۆژە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکان | ١٥٤ |
| ٣/١_١ پێکهاتە واتایی‌و سینتاکسییەکان لە پرۆژە پاش_ڕستەییەکاندا | ١٥٤ |
| ٣/١_٢ فرێزی ڕێککەوتن | ١٥٤ |
| ٣/٢ نواندنە پاش_ڕستەییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان $X^0$ | ١٦٢ |
| ٣/٢_١ نواندنی پاش_ڕستەیی کردار | ١٦٢ |
| ٣/٢_٢ نواندنە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکانی پارتیکڵ $Par^0$ | ١٦٧ |
| ٣/٢_٣ نواندنە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکانی مۆرفیمی تەکخستن $Conj^0$ | ١٧٤ |
| ٣/٣ نواندنی مۆرفۆسینتاکسیی | ١٧٨ |
| ٣/٣_١ پێکهاتەی سینتاکسیی پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە | ١٨٤ |
| ٣/٣_٢ پارامیتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا | ١٨٨ |
| ٣/٣_٣ مۆرفۆسینتاکس‌و دروستەی ئارگومێنت | ١٩٢ |
| ٣/٣_٤ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس‌و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی | ١٩٦ |
| ٣/٣_٥ دۆخ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا | ١٩٨ |
| ٣/٤ بەترۆپککردن‌و نواندنی ترۆپکیی | ٢٠٣ |

| | |
|---|---|
| ٣/٤_١ پرنسیپەکانی بەترۆپککردن | ٢٠٤ |
| ٣/٤_١_١ بەترۆپککردنی گشتیی | ٢٠٦ |
| ٣/٤_١_٢ بەترۆپککردنی تایبەتیی | ٢١٠ |
| ٣/٤_٢ ترۆپك لە فرێزی کرداریيدا | ٢١٣ |
| ٣/٤_٢_١ بەترۆپککردنی ئارگومێنت | ٢١٣ |
| ٣/٤_٢_٢ بەترۆپککردنی نائارگومێنت/ سەربار | ٢١٧ |
| ٣/٤_٢_٢_١ بەترۆپککردنی ئاوەڵکردارو ئاوەڵکرداریی | ٢١٨ |
| ٣/٤_٣ پارامیتەرو ترۆپك | ٢٢٤ |
| ٣/٤_٣_١ پارامیتەری ڕێککەوتن | ٢٢٥ |
| ٣/٤_٣_٢ پارامێتەری هاوسێیەتیی لەدروستەی ترۆپکدا | ٢٢٦ |
| ٣/٤_٤ ترۆپك لە فرێزی تافدا | ٢٢٧ |
| ٣/٤_٢_٢_٢ ترۆپك لە دروستەی کرداری لێکدراودا | ٢٣٢ |
| **ئە نجام** | ٢٤٠ |
| **سەرچاوەکان** | ٢٤٣ |
| **المُستخلص** | ٢٥٢ |
| **Abstract** | ٢٥٤ |

## ١/٠ ناونیشانو بواری لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (نواندنی سینتاکسیی لەزمانی کوردییدا) کاری تێدا کراوەو بۆ نواندنی سینتاکسییانەی توخمێکی فەرهەنگییە. واتە ئەو زانیارییە فەرهەنگییانە دەنوێنرێن، کە لە دیوی ناوەوەی (X)ەکاندا گەنجکراون.

## ٢/٠ کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا، زمانی کوردیی، دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_ شێوەزاری سلێمانیی، کراوەتە سەنگی محەكو نموونەو بەڵگەکانی لێوەرگیراوە.

## ٣/٠ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

دیاریکردنو دەستنیشانکردنی ئەو پێکهاتە سینتاکسییانەی، کە پەیوەست بە زانیاریی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردییەوە، دروستەو دەربڕراوە زمانییەکان بەرهەمدێنن، هۆی خستنەڕووی سینتاکسییانەی دیوە نادیارو شاراوەکەی توخمە فەرهەنگییەکانە، هەموو ئەمانەش بۆ زمانەوانیی کوردیی، لەو ڕووەوە گرنگو پێویستن، کە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکانی زمانی کوردییو نواندنیان، بەپێی کۆزانیاریی زمانییو داڕشتەی ئاوەزیی ئاخێوەری کورد لە فەرهەنگدا، پەسندەکات.

## ٤/٠ ڕێبازو تیۆری لێکۆڵینەوەکە

لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕێبازی (پەسنکردنی شیکاریی) پەیڕەوکراوە، بەجۆرێك، کە هەنگاوەکانی ئەو ڕێبازە، بەپێی تیۆرەکانی GB و پرنسیپو پارامیتەر نراوە.

## ٥/٠ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

نواندنی سینتاکسیی، زانیاریی ئەبستراکتی توخمە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگ لە گشت ئاستەکانی نواندندا بەرجەستەدەکات، بەوەش لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەو زانیارییانە دەخرێنەڕوو، کە بەشێوەیەکی نادیار لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاکدا هەڵگیراون، لەو ڕووەشەوە، زانیارییەکان لە دەربڕراوە زمانییەکانی وەك پرۆژە (ناوەندییەکان، ڕستەییەکان، پاش_ڕستەییەکان)دا پەیوەست بە زمانی کوردییەوە هەڵدەهێنجرێن.

لە بەشی یەکەمدا، بەگشتیی زانیارییە زمانییەکان لەناو پێکهاتەی فەرهەنگدا پەیوەست بە نواندنی فۆنۆلۆژیی‌و مۆرفۆلۆژییەوە خراونەتەڕوو، لەو ڕووەوە، کە ئەم زانیارییانە بنەمای بەرهەمهێنانی هەر دروستەیەکی سینتاکسیی‌و سیمانتیکین. پاشان ئەو وەچەتیۆریی‌و تیۆرانە خراونەتەڕوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەوەدا کاریانپێکراوە، بۆ ئەوەش وەچەتیۆرییەکانی تیۆری (دەسەڵات‌و بەستنەوە)، بەتایبەت تیۆری (X-bar، دۆخ)، مەوداو چوارچێوەی زانستیی لێکۆڵینەوەکە دیارییدەکەن.

بەشی دووەم، تایبەتە بە خستنەڕووی هەنگاوەکانی بونیاتنانی پڕۆژە ناوەندییەکانی لە چەشنی (دەستەواژیلەو دەستەواژە) بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان، وەك پڕۆژە سینتاکسییەکانی ($T^{-}$, $P^{-}$, $V^{-}$, $Conj^{-}$, $D^{-}$, $A^{-}$, $N^{-}$)، کە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە لە چەند قۆناغێکی یەکلەدواییەکدا، هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی ئەو پڕۆژانە بەپێی تیۆری X-bar جێبەجێدەکرێن‌و بەهۆیانەوە دروستەی سینتاکسیی تێرو بێکەموکوڕیی، دەستدەخرێن، بەجۆرێك هەڵگری هەموو ئەو زانیارییانەن، کە لە توخمە فەرهەنگییەکەی $X^{0}$ دا وەك بنەڕەتی بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکان $X^{-}$، هەن‌و گەنجکراون.

بەشی سێیەم، بۆ پڕۆژە (ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکان) تەرخانکراوە، بۆ ئەوەش پڕۆژەی فرێزی ڕێککەوتن، وەك دروستەی بنچینەیی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو، کراوەتە وەچەپاری سەرەتای ئەم بەشەو پەیوەست بە پێکهاتە سینتاکسیی‌و واتاییەکانەوە شیکراوەتەوەو پەسنکراوە، دواتر نواندنی پاش_ڕستەیی کردارەکان بۆ بەرهەمهێنانی پڕۆژەی ڕستەیی جیا خراوەتەڕوو، لە پارەکانی دواتریشدا هەریەك لە پڕۆژەکانی (مۆرفۆسینتاکس، ترۆپك) پەیوەست بە سەرو پارامیتەرەوە نوێنراون.

لە کۆتاییشدا، ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە پێیانگەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو.

## ١/١ گریمانەی بەپێکهاتەبوونی فەرهەنگ

بەپێی یەکێك لە گریمانەکان، فەرهەنگ هەڵگری کۆی زانیارییە زمانییەکانە[١]، ئەگەر وەهای دابنێین ئەمە گریمانەیەکی دروست بێت، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا دەکرێت فەرهەنگ لەپای گشت زانیارییە گەنجکراوەکانی ناویدا، بە پێکهاتە هەژماربکرێت؟

وەڵامی ئەو پرسیارە لەوەوە دەستپێدەکات، ئەگەر ڕێزمان میکانیزمی پەسنکردنی پێڕەوبەندانەی کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بێت، ئەوا پێدەچێت لەناو پێکهاتەی ڕێزماندا، گریمانەی بوونی وەچەپێکهاتەیەك بکرێت، کە کۆزانیاریی فەرهەنگیی قسەپێکەر بخاتەڕوو. هەروەك بۆ قسەپێکەری زمان ئەوە ڕوونو ئاشکرایە، کە: (ا) وشەکانی زمانەکەی، کامانەن، (ب) وشەکان بەدیاریکراویی دروستەی ناوەکییان هەن، (پ) دروستە ناوەکییەکە پەیوەندیی بە یاسایەکی دیاریکراوی زنجیرەی پێکەوەبەستراوی مۆرفێمەکانەوە هەیە[٢]، بۆ نموونە [(موبایل_چیی)، (سپلێت_چیی)] دوو وشەی ئەگەریین[٣] لەکوردییدا، چونکە دوو فۆڕمی شێوازبەندنو پەیڕەوی یاسای مۆرفۆلۆژیی (بناغە+ پاشگر)یان کردووە، بەپێچەوانەوە دروستو ڕێگەپێدراو نین (بڕوانە (١))، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە "سەرەوڕیزبوونی مۆرفێمە پێکهێنەرەکانی وشە لە زۆرترین وشەکانی زمانە سروشتییەکاندا لەڕێی یاساوە جێگیرکراون"[٤].

١_ا. *[/_چیی/ + موبایل][٥]

ب. *[/_چیی/ + سپلێت]

فەرهەنگی زمان ڕێگەپێدانی مۆرفۆلۆژیی بۆ هەموو پرۆسەیەکی خستنەتەکیەك دەستەبەرناکات، بەڵکو "فەرهەنگ سێتێك کۆتوبەندی فۆنۆتاکتیکیی هەیە، کە وەك پاڵێوەر گۆدەکەنو تەنها ڕێگە بە هاتنەناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە فۆنۆلۆژییانە فۆڕمدروستن. بەرلەوەی وشە دانراو/ خەیاڵییەکان putative words بتوان بچنە فەرهەنگەوە، پێویستە دەنگەکانیان بەو جۆرەی لە زمانەکەدا ڕێپێدراون، بخرێنەتەکیەك"[٦]، بۆ نموونە فۆڕمەکانی*(ڵیر، نبج) ڕاستەوخۆ/ ئۆتۆماتیکیی ڕەتدەکرێنەوە،

---

1 بڕوانە: Carnie, A. (2001: 171)، محەمەد مەحویيو نەرمين عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ١٢_١٣)، هەروەها بڕوانە: Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 230_232)

2 Scalise, S. (1986: 24)

3 بۆ زانیاریی لەبارەی وشە ئەگەرییەکانەوە، بڕوانە: نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٢٨)

4 محەمەدی مەحویی، زانستی زمان (٢٠٠١: ١٧٣)

5 فۆڕمی */موبایل_چیی/، ئەگەرچیی پەیڕەوی یاساکانی وشە_دروستکردنی کردووە، بەڵام لە فەرهەنگی زمانەکەدا فۆڕمێکی لەو چەشنە بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەك وشەیەکی ئەگەریی، پێشبینییدەکرێت.

6 katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 83)

چونکە لە پێڕەوی فۆنۆتاکتیکیی زمانی کوردییدا، هاتنی دەنگی /ڵ/ ی سەرەتای برگەو بەدوایەکداهاتنی /ن+ب/ ڕێپێدراو نیین. بەمەش مۆرفێم/ وشەکانی زمان لە هەنگاوی پێش_فەرهەنگییدا پەیوەست بە فۆڕمدروستییو واتاوە، بەگشتیی پابەندی دوو مەرج دەبن: (ا) یاساکانی وشە_دروستکردن، (ب) پاڵێوەری پشکنین _فلتەری چێککردنەوە_.

ئەوەی گرنگە بگوترێت، مەرجی یەکەم بە تەنها سەنگی محەك نییە بۆئەوەی دەرکردەی پرۆسەکە وەك توخمێکی فەرهەنگیی پەسەندبکرێت، بەو واتایەی، یاساکانی وشە_دروستکردن، تەنها مەرج نیین بۆ بەدەستهێنانی لێکسیمێکی فەرهەنگیی، چونکە هەرچەندە دروستە بەرهەمهاتووەکان یاسا جڵەوگیریش بن، کەچیی پرنسیپی پاڵێوەری پشکنین دروستەکە جێگیردەکات (بڕوانە خشتەی (١))، کە تێیدا ئەوە خراوەتەڕوو، فۆڕمێکی وەك */بەفرۆکە/، لەگەڵئەوەشدا میکانیزمی داڕشتنەکەی دروستو یاسابەندە، بەڵام پێدەچێت پاڵێوەرەکە بەهۆی هەبوونی لێکسیمی /پڕوشە/وە، ڕێگەدانی مۆرفۆلۆژیی بۆ فۆڕمەکە بلۆکبکات[٧]، بۆیە وەك وشەیەکی هەبوو لەناو فەرهەنگی کوردییدا، پێشبینیی لیستکردنی ناکرێت.

خشتەی (١)

**پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی پێش_فەرهەنگیی[٨]**




---

[7] سازان زاهیر سەعید (٢٠١٥: ٧٤)

[8] بیرۆکەی ئەم خشتەیە لە Scalise, S. (1986: 31) ەوە وەرگیراوە.

لەخشتەی (١) دا، کارکردنی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، ئەوە دەردەخات، کە وشەی /باخچە/ بە هەمان دروستەوە لە لیستی مۆرفێمەکاندا نییە، بەڵکو هەریەك لە /باخ/، /_چە/ بە دوو مۆرفێمی جیا هەنو هەڵگیراون، یەکەکان بەهۆی یاساکانەوە دەخرێنەتەکیەكو پالێوەرەکەش لەڕووی واتاوە ئاماژە بە فیچەرێکی ئیدیۆسینکراتیکیی دەدات، بەمەش دەرکردەی /باخچە/ وەك لێکسیمێك دەچێتە فەرهەنگەوە. هەر لەم ڕووەوە، یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لە کوردییدا، فۆڕمێکی لە جۆری */کچتر/ هەڵناگوێزن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لەلایەك /_تر/ لاگرێکی سینتاکسییەو لەلایەکی دیکەشەوە، تایبەتە بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی (ئاوەڵناو)، نەك (ناو).

ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن (ا) بۆ هەر لێکسیمێکی فەرهەنگیی، قۆناغی پێش_فەرهەنگیی هەیەو تێیدا مۆرفێمەکان ئازادانە ڕوودەدەن، هەڵاوێرکردنو یەکگرتنیشیان وابەستەی هەندێك ڕێسای مۆرفۆلۆژییو کۆتومەرجی دیاریکراون. (ب) پەیوەست بە خاڵی (ا)ەوە، بوونی کەرەستەی فەرهەنگییو یاسا دیاریکراوەکانی، هەژمارکردنی فەرهەنگ وەك پێکهاتە مسۆگەردەکەن.

## ١/١_١ پێکهاتەی فەرهەنگ Lexicon component

هەرچەندە پێشتر بلومفیلد ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو، کە فەرهەنگ پاشکۆی ڕێزمانەو لیستێکە لە یەکە نایاسابەندەکان[٩]، لەلایەکی دیکەشەوە وا پێشنیازکرابوو، کە لە فەرهەنگدا تەنها هەندێك تایبەتمەندیی گشتیی مۆرفێمەکانو توخمە فەرهەنگییەکان نیشاندەدرێن، بەڵام لەئێستاداو بەتایبەت زۆرینەی زمانەوانانی سەر بە قوتابخانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، کە فەرهەنگ تەنها لیستێك یەکەی نایاسابەند بێت، بەڵکو ڕوونو ئاشکرا ئەوە دەخەنەڕوو، کە فەرهەنگ پێویستی بە لیستێك لە یەکەی ڕێزمانیی مۆرفێمە بنەڕەتییەکانو یەکە فەرهەنگییەکانی تریش هەیە.[١٠] فەرهەنگ کۆی ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، کە قسەپێکەری هەر زمانێك بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاستو دروست پێویستیەتی، لەمەوە ئەو ڕاستییە هەڵدەهێنجرێت، کە "زانیارییە سینتاکسییو واتاییەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێك، دروستەی دروستو واتاڕاستو پێچەوانەکەی بناسێتەوە."[١١]

بەوپێیەی، فەرهەنگ گەنجینەی زانیارییەکانە لەبارەی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، پێویستە زانیاریی هەمەجۆر لەبارەی وشەکان، مۆرفێمو ئیدیۆمەکانیشەوە لە فەرهەنگدا

---

[9] katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 84)
[10] ibed, 85

11 عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٦٦)

لیستبکرێن[١٢]، چونکە ڕۆڵ لە پێکهێنانی ڕستەو کەتیگۆریی سینتاکسییدا دەبینن، ئەمەش پێماندەڵێت، توخمە فەرهەنگییەکان بڕی زانیاریی پێویستیان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی پەیوەست بە دەستورو یاسای دیاریکراوەوە تێدا هەڵگیراوە.[١٣]

فەرهەنگی ئاوەزیی، بەو جۆرە دەناسێنرێت، کە کۆگای هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکی زماندا، کە زانیاریی سیمانتیکیی، گراماتیکیی، فۆنۆلۆژیی لەبارەی تاکە تاکەی وشەکانەوە تێدایە، ئەو زانیارییانەی بۆ بەکاربردنی وشەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو ڕێکخراو، پێویستن[١٤]، بۆیە دەشێت هەر ئاخێوەرێکی زمان پەیوەست بە جیاوازیی ئەزموونی زمانیی تاکەکەسییەوە، فەرهەنگە ئاوەزییەکەی، جیاوازیی هەبێت. هاوکات فەرهەنگی ئاوەزیی لە چوارچێوەی ڕێزمانو ئاوەزدارییدا، ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاریی دەربارەی یەکە سینتاکسییو مۆرفۆلۆژییەکان خەزندەکاتو ناتوانرێت لەوە زیاتر شیبکرێنەوە، ئەو زانیارییانەش، بە فۆڕمی فۆنۆلۆژییو فۆڕمی فۆنەیتیکییەوە پەیوەستن، لەناو ئەوانەشدا دروستەکانی (بڕگە، زرنگە، قورساییخستنەسەر) پەیوەستن بە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانو خەسڵەتە سینتاکسییەکانی وشەکانو بەواتای وشەوەو بە واتاو ناوەڕۆکی سیمانتیکیی_ پراگماتیکییەوە[١٥].

لەو ڕوانگەیەوە، کە "ڕێزمان لە ڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژییو مۆرفۆلۆژییو سینتاکس دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاسا و ڕێساو کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن"[١٦]، کەرەستەکان دەهێنرێنو لە هەریەك لەو پێکهاتانەدا، بەهۆی پەیڕەوکردنی دەستوورو یاساکانەوە تاقیدەکرێنەوەو دروستەی زمانیی جیاوازیان لێبەرهەمدەهێنرێت. بەپشتبەستن بە ئەم ڕاستییانە، چاوەڕێدەکرێت زانیاریی هەڵگیراوی نێو توخمەکان، لەڕێی یاسا فەرهەنگییو سینتاکسییەکانەوە بەرجەستەبکرێنو بنوێنرێن، ئەمەش ڕێگەدەدات فەرهەنگ وەك پێڕەوێك لە یاسای دیاریکراو هەژماربکرێت، لەمەوە "گەر کار بە گریمانەی بە پێکهاتەبوونی فەرهەنگ بکرێت، ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، ئاستی فەرهەنگیی خاوەنی ڕیزبوونو نواندنی تایبەت بە خۆیەتیو ئەوانە دەبن بە ڕێسا بۆ نواندنە فۆنۆلۆژییو مۆرفۆلۆژییو سینتاکسییەکان"[١٧]. لەمەوە شیکردنەوەکان پێماندەڵێن: (ا) فەرهەنگو سینتاکس وەك

---

[12] بڕوانە: katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 84, 352)

[13] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: Cook, V. & Newson, M. (1997: 159_160)

[14] Cruse, A. (2006: 104), Lieber, R. (2012: 15)

[15] محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٢)

[16] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٧: ٥٤)

[17] سەرچاوەی پێشوو

دوو پێکهاتە، تەواوکەری یەکترین، بەوەی زانیارییە ئەبستراکتییە گەنجکراوەکانی نێو هەر توخمێکی فەرهەنگیی، بنەمای سەرەکیی دروستیی فۆڕمداڕشتنی سینتاکسین، بەو واتایەی، دروستە سینتاکسییەکان نواندنی دیوی دەرەوەی ئەو زانیارییە فەرهەنگییانەن، کە لە توخمەکاندا هەڵگیراون، هەربۆیە "نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە دوو دیوی فەرهەنگیی‌و سینتاکسییدا بەرجەستەدەکرێن"[١٨]. (ب) دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمە فەرهەنگییەکان، وابەستەی ناواخنی توخمەکانن، ئەمەش گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت، پەیوەست بە نواندنە سینتاکسییەکانەوە پێشبینیی هێنانەدەرەوەیان بکرێت.

هەر لەم ڕووەوە، چۆمسکیی لە بنەما سینتاکسییەکانی ڕێزماندا وایدادەنێت، کە فەرهەنگ[١٩] لە ژمارەیەك دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە مۆرفیمەکان پێکهاتووە، ئەمانیش بچووکترین زنجیرەی دەنگیی سەگمێنتەکانن، کە هەڵگری واتان. فەرهەنگیش بەشێکی یەکلاکەرەوەی ئەو لقە پێکهاتەیەیە، کە لەگەڵ یاساکانی بنکەدا پێکهاتەی سینتاکسیی پێکدێنن[٢٠]، وەك لە خشتەی (٢) دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (٢)[٢١]

پێکهاتەی سینتاکسیی




[18] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٦٦)

[19] زۆرێك لە زمانەوانان، جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان فەرهەنگ Lexicon و وشەنامە Dictionary یان خستووەتەڕوو، بەوەی فەرهەنگ لیستێکی ئامادەکراوە لە لێکسیمەکانی زمان لەگەڵ خستنەڕووی زانیاریی لەبارەی هەر لێکسیمێکەوە، ئەمەش پێچەوانەی وشەنامەی باو standard ە، کە لێکسیمەکانی بەپێی پیڕەوی ئەلفبێ ڕێکخراون، تێیدا زانیارییەکان ئیدیۆسینکراتیکین‌و ناتوانرێت بەهۆی یاسا گشتییەکانەوە پێشبینییبکرێن، ئەو زانیارییانەش، پەیوەندیی نێوان دەنگو واتای لێکسیمەکان دیارییدەکەن، کە پەیوەندییەکی لەخۆوە arbitrary یە، هەروەك فۆڕمە_وشە سادەکان لە زماندا بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. بڕوانە: Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 226-232)، محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦).

[20] Steinberg, D. (1999: 35)

[21] ibed, 30

وەك ئاماژەی بۆ كرا، لەناو فەرهەنگدا بۆ هەر توخمێك دەروازەی زانیاریی (فەرهەنگیی)[22] تەواو و ورد تۆماركراوە، كە تێیدا جەخت لە زانیاریی زمانیی كراوەتەوە، هەروەك پەیوەست بە جۆری كەرەستەكانەوە، زانیاریی جیاواز لەبارەی (چۆنیەتیی دەربڕینی فۆنەتیكییانە، دیاریكردنو جیاكردنەوەی پۆلەڕەگەزی توخمەكان، چەمكو ناوەڕۆك، هاوكات پەیوەندییە سیمانتیكییەكانی لەجۆری (كرۆكە واتا، دژواتا...)ی توخمەكان لەخۆدەگرێت.[23] بۆ نموونە فۆڕمێكی وەك /پیاو/، لە دەروازە فەرهەنگییەكەیدا سەرەڕای پۆلێنكردنی پۆلەڕەگەزەكەی، زانیاریی فۆنۆلۆژییانەو چۆنیەتیی گۆكردنیو هەروەها فۆڕمە هەڵگوێزراوەكانی /پیاوەتیی، پیاوانە، ناپیاو/یشی تێدا دیاریكراوە، هەموو ئەمانەش بە زانیاریی سینتاكسییەوە پەیوەستكراون، سەرباری ئەوەی، فیچەرە واتاییەكانیش _كە بە نیشانەكانی (+،−) هێمادەكرێن_، زانیاریی سیمانتیكیی[24] دەخەنەڕوو. لەلایەكی دیكەوە، ئەو فیچەرە واتاییانەی لەنێو توخمە فەرهەنگییەكاندا هەنو بەهۆیانەوە ناوكۆییو جیاوازیی نێوانیان دەناسرێنەوە، بە ڕەهەندی واتایی Semantic dimension ناودەبرێن، وەك فیچەرەكانی [ ± زیندوو، ± مرۆڤ، ± ڕەگەز، ± هاوسەرگیریی] [25]. بۆ نموونە بەسەرنجدان لە ڕەهەندی واتایی (ڕەگەز) لە وشەكانی /كوڕ، كەڵەشێر/دا، بەلایەنی كەمەوە لە فیچەری واتایی [+نێر]دا هاوبەشنو وشەكانی /كۆتر، مریشك/یش لە فیچەری [+ باڵندە]دا، كەچیی فیچەری [ ± فڕین] لێكیانجیادەكاتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی جێی تێڕامانە، ئەو فیچەرانە بەشێوەی تەواوكاریی ڕوودەدەن، واتە بەتەنها فیچەرێكیان ڕەهەندەكە پەسندەكات، ئەمەش وادەكات هیچ یەكێك لەم دوو فیچەرانە پێكەوە ڕوونەدەن، بۆ نموونە فیچەری [+مرۆڤ]، فیچەری [+باڵندە] ڕەتدەكاتەوەو فیچەری [+نێر]یش، بەگشتیی ڕێگریی لە هاتنی فیچەری [+مێ] دەكاتو بەپێچەوانەشەوە، بۆیە هاتنی فیچەرەكان پێكەوە، بۆ دیاریكردنو ناسینەوەی سیمای واتایی توخمەكان، ڕێگەپێنەدراون.

دیاریكردنی ئەو فیچەرە واتاییانە لەدەروازەی زانیاریی هەر توخمێكی فەرهەنگییدا، بۆ نواندنو خستنەڕووی: (ا) ئەدگارە بنەڕەتییەكان، (ب) پەیوەندییەكان، (پ) چالاكییەكان، (ت) بارودۆخی توخمەكان، گرنگو بەهادارن[26]. واتای توخمە فەرهەنگییەكانیش، لەتەك دیاریكردنی گۆكردنی

---

[22] لەبارەی جۆرەكانی زانیاریی فەرهەنگییو فراوانكردنیانەوە، بڕوانە: (Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 228_230 و محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١٠: ٣٦٩– ٣٨١). هەر لەمبارەیەوە، عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ١١٠) لە دەروازەی فەرهەنگیی هەر وشەیەكدا، سێ جۆر زانیاریی خستووەتەڕوو: نیشانە ڕێزمانییەكان Grammatical marker، نیشانە سیمانتیكییەكان Semantic marker، نیشانە جیاكەرەوەكان Distinguishers.

[23] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ٩)

[24] بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی سیمانتیكو فیچەرە واتاییەكانەوە، بڕوانە: (Lieber, R. (2004

[25] احمد عزوز (٢٠٠٢: ٧٢_٧٤)

[26] Steinberg, D. (1999: 37)

فۆنۆلۆژییانەدا، بەشێك لە دروستەی قووڵ پێکدەهێنن، بۆ نموونە دەکرێت دروستەی قووڵی لێکسیمی /کچ/ وەك توخمێکی فەرهەنگیی، لە هێڵکاریی (١)دا بنوێنرێت.

هێڵکاریی (١)

NP

|

$N^-$

|

$N^0$

|

/کچ/

|

[+ زیندوو، + مرۆڤ، + مێ، − هاوسەرگیریی]

شیکردنەوەکان دەریدەخەن، کە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکیی هەر زمانێك، بریتییەلە فەرهەنگی ئەو زمانە. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە: (١) لێکدانەوەی سیمانتیکیی ڕستە، لەسەر واتای مۆرفێمو وشە پێکهێنەرەکانیو پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوانیان وەستاوە. (٢) لێکدانەوەی واتای ئەو ڕستانەی، کە لەڕووی سینتاکسییەوە لە ڕەگەوە جیاوازن، پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ فەرهەنگ، هەربۆیە بە پێکهاتەیەکی سیمانتیك دانراوە[٢٧].

### ١/١_٢ زانیارییە زمانییەکان لە فەرهەنگدا

لەو ڕووەوە، کە پێڕەوی زمان لە زانستی زماندا (ا) بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی زمان (فۆنیم، وشە، ڕستە)یە لەگەڵ یەکترییدا، (ب) کارکردنە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکان لە گشت ئاستەکانی پەسنکردنی زماندا، کە بە ئەرك/ گۆکردن ناوبراوە[٢٨]، یەکە پێکهێنەرەکانی دەربڕینە زمانییەکان ناچوونیەکنو هەڵگری زانیاریی جۆراوجۆرن، هەروەها کۆڵینەوە لەجۆرو چەشنی یەکەو زانیارییە پەیوەستدارەکانو دیاریکردنی پەیوەندیی نێوانیان، پێڕەوبەندانەو بە یاسا ڕێکخراوە.

---

[27] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ١٠٨)

[28] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٣)

لەم ڕوانگەیەوە، پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی گشت تایبەتێتییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان. تایبەتێتییەکانیش، ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی دروستەی ئارگومێنتی Argument structure[29]ی سەرەکاندا هەیە، هەروەك کردار وەك ئارگومێنت_داواکەر، چەند ئارگومێنت هەڵاوێردەکاتو چ ڕۆڵێکی سیمانتیکییش دەدات. ئەمانەش دەریدەخەن، کە پێکهاتەی فەرهەنگ بەمەبەستی دروستکردنی یەکەی زمانیی جیاواز لەجۆری (بڕگە، وشە، فرێز)[30]، زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی، بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان دەبەخشێت (بڕوانە هێڵکاریی (٢)).

هێڵکاریی (٢)




---

29 لەو مۆدێلەی مۆرفۆلۆژییدا، کە لەلایەن ویلیامس Williams (1981b) ەوە پێشنیازکراوە، بیرۆکەی دروستەی ئارگومێنت بەکاربراوە. دروستەی ئارگومێنتی کەرەستەیەکی فەرهەنگیی، لیستێکی ناولێنراوی ئەو ئارگومێنتانەیە، کە دەتوانن ڕووبدەن، ویلیامس لە مۆدێلەکەیدا کەتیگۆرییەکانی گروبەر Gruber ی پەسەندکرد، کە (کارا، باس، ئامانج، سەرچاوە) دەگرێتەوە. Scalise, S. (1986: 181)

30 بڕوانە: katamba, F. & Stonhan, J. (2006: 14)

### ١/١_٢_١ نواندنی فۆنۆلۆژیی

پێڕەوی فۆنۆلۆژیی هەر زمانێك، پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکانو تەرزی دەنگەکان (چەشنو جۆرەکانی خستنەتەکیەکەکان)[٣١]ەو پەیوەست بە پەیڕەوکردنی ژمارەیەك دەستوورو یاسای دیاریکراوەوە کاردەکات، کە ڕێگە بە دروستیی یەکگرتنی کەرەستە فۆنۆلۆژییەکانی وەك فۆنیمو بڕگەکان دەداتو پەیوەندییە دەنگییەکانی نێوانیشیان ڕێکدەخات، هەروەك لەباریی هاتنو پێکەوەگونجانی فۆنیمەکان لەگەڵ یەکدا، یاخود ڕێگەگرتن لە پێکەوە ڕوودانی دوو دەنگی ڤاوڵ لە هەمان مەودای فۆنۆلۆژییدا. پەیوەست بەمەوە، گەر بۆ دیاریکردنو گەیشتن بە کەرەستە پێکهێنەرەکانی وشە بە ڕێبازی دروستەکارەکان کاربکەین، ئەوا دروستەی هەر فۆڕمە_وشەیەك لە فەرهەنگدا، لە خستنەتەکیەکی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی بڕگەو دواتریش بڕگەکان بۆ دروستکردنی مۆرفیمو وشە پێکدێت، خستنەتەکیەکیشیان، سروشتو توانای کەرەستەکان بۆ پێکهێنانی یەکەی گەورەتر نیشاندەدات. هەموو ئەو کەرەستە فۆنۆلۆژییانەش لە فەرهەنگدا خاوەنی زانیاریی تایبەت بە خۆیانن، بۆ نموونە زانیاریی فۆنۆلۆژیی سەبارەت بە ڕیزبوونی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی بڕگە، لەناو خودی فۆنیمەکاندا هەڵگیراوە، زانیارییەکانیش بریتین لە نیشانە فۆنۆلۆژییەکان/ جیاکەرەوەکان _چەپکە نیشانەکان_، دواجاریش هەموو ئەم زانیارییانە، دەبن بە ڕێساو پەیڕەوکردنیشیان دەبێتە مەرجی ناسینەوەی فۆڕمی فۆنۆلۆژیی دروستو نادروست لای ئاخێوەری زمان، بەوپێیەی "نواندنی فۆنۆلۆژیی، پەسنی دروستەی ئەو دەنگە نادیارانەی وشەکان دەکات، کە لە یادگەدا گەنجکراون"[٣٢]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان، زانیاریی بنەڕەتیی و هەڵگیراوی نێو فەرهەنگی ئاوەزیی تاکن.

لەناو ڕژێمی فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراودا، هەر فۆنیمێك ژمارەیەك نیشانەی جیاکەرەوەی وەك (سازگەی دروستبوون، دەنگداریی‌و کپی،...هتد) لە فۆنیمەکانی دیکەی زمانەکەی جیادەکاتەوە، نواندنی فۆنۆلۆژییانەی بڕگەکانیش، پشت بە نیشانەی فۆنیمەکان دەبەستێت، هاوکات دارشتەی مۆدێلی بڕگەش، دروستکەری فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییە.

لەو ڕووەوە، کە یەکەکانی پلەیەکی خوارتری فۆنۆلۆژیی (دەنگەکانی زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ) ئەرکو گۆکردنیان بۆ ئەوەیە، لێکبدرێن‌و یەکە بەرزترەکانی ڕێزمان (وشەکان) دروستبکەن[٣٣]، فۆنیمیش یەکەیەکی نادیارە، لەبەرئەوە ڕوودانی سەربەخۆو دەرکەوتنی ئاشکرای نییە، بەڵکو یەکە

[٣١] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٥٦_٥٧)

[32] Sutherland, D. (2006: 4)

[٣٣] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ٦)

پێکهێنەرەکانی دەربڕین (دەنگ _فۆن_)ەکانی زمان لە سنووری بڕگەکاندا دەیاننوێنن، هەربۆیە بۆ ئاخێوەری زمانێك، گشت زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لەناو خودی بڕگەکاندا بەرجەستەدەبن. لەمەوە نواندنی فۆنۆلۆژیی لە زماندا، پەیوەستدەبێت بە:

ا. تایبەتمەندییو نیشانە جیاکەرەوەکانی فۆنیمەکان، کە مەبەست لە زانیارییەکانە، چونکە "هەر فۆنیمێك لەڕێی چەپکێك لە (ن ج)ەوە پێناسە دەکرێت یان ئاکارەکەی دیارییدەکرێت"[٣٤].

ب. بەکاربردنی فۆنیمو بەرجەستەکردنی نیشانەکانی لەنێو سنوری بڕگەدا، بەپشتبەستن بەو بنەمایەی، سەگمێنتی فۆنۆلۆژیی لە زماندا فۆنێمو بڕگەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە بڕگە دروستکراوی ئاستی فۆنۆلۆژییە، بۆیە نواندنی، گشت نیشانەو زانیاریی ناواخنی فۆنیمەکان دەردەخات. لەنواندنی فۆنۆلۆژییدا، زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، کە دیوی دەرەوەیان بەهۆی نواندنە فۆنۆلۆژییەکانەوە/ فۆنەتیکییەکانەوە بەرجەستەدەکرێن، ئەمەش پێماندەڵێت، نواندنەکان بۆ هەڵهێنجانو خستنەڕووی زانیارییەکان، کە خۆی لە نیشانەو تایبەتێتیی فۆنیمەکاندا دەبینێتەوە، گرنگو پێویستن.

هەر لەمبارەیەوە، زۆرجار گۆڕانی دەنگەکان لە زمانی ئاخاوتندا، مەرج لەسەردانراو نین، ئەمەش ئەدگارێکی تایبەتیی ئەو دەنگانەیە، کە نیشانەی فۆنەتیکییان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن، بۆیە زۆرجار لەباریی دەربڕینو گۆکردنیان، هۆی ڕوودانو بەرجەستەکردنی ئەم نواندنە جیاوازانەن. دەتوانرێت ئەم نواندنە لە یاسای (١)دا شێوازبەندبکرێت:

١) /X/ < [Y]

ئەگەر وایدابنێین، گۆڕاوی /X/ وەك فۆنیمی بنەڕەتیی دروستەی وشەکە _کەرەستە فۆنۆلۆژییە ئەبستراکتەکە_ مامەڵەدەکرێت، ئەوا پێشبینییدەکرێت [Y]یش لەداڕشتە فۆنەتیکییەکەیدا (کە بە نواندنی IPA ناودەبرێت)، بەهۆی فۆن _یەکەی بەرجەستەکراوی فۆنەتیکیی_ ەکانەوە لە زمانی ئاخاوتندا، ئاماژە بە نواندنی فۆنەتیکیی فۆنیمەکان بکات، بەو بەڵگەیەی" نواندنی فۆنەتیکیی، بەرپرسە لە پەسنکردنی قسە (ئاخاوتن) وەك دیاردەیەکی فیزیکیی"[٣٥]. بۆ نموونە دەتوانرێت جۆراوجۆریی[٣٦] دەنگی [س] بەرامبەر بە فۆنەکانی [س]و [ص]و [ز]، کە سەر بە فۆنیمی /س/ن، بەرجەستەبکرێت، لەمەوە دەشێت خودی فۆنیمەکان نواندنی جیاوازیان هەبێت، ئەو نواندنە جیاوازانەش

---

[34] محەمەدی مەحویی، مۆدێلو مۆدێلەکانی ڕێزمان (٢٠٠٩: ٢٢٤)

[35] pierrehumbert, J. (1990: 375)

[36] هۆو بنەمای ئەم جۆراوجۆریی دەربڕینانەش، وابەستەی هەندێك مەرجن، کە گۆڕانی فۆنەتیکییانەی فۆڕمە گۆکراوەکان دەخوڵقێنن، لەوانە:

١. جۆرو شێوازی دەربڕینی تاك (ئایدیۆلێکت): /هەتاو/> [هەطاو]، /سازان/ > [صاضان]~ [ساسان]، /ئاو/ > [ئ ٔاو]. =

جارێکی دیکە دەبنەوە بە فۆنیمو دارِشتەی فۆنۆلۆژیی پێکدەهێننەوە. نواندنە جیاوازەکانی فۆنیم، یاسای (٢) دەستەبەردەکەن:

**٢) /X/ < [Y]، [Z]**

٢. /سیر/ > [سیر]
/سەوزە/ > [صەوزە]
/دەستگرە/ > [دەزگرە]
٣. /ت/ > [ت] ~ [ط]
/هەتاو/ > [هەتاو]~ [هەطاو]

نموونەکان ڕوونیدەکەنەوە، کە ڕوودانی گەنجی دەنگەکان لە زمانی ئاخاوتندا، بە شێوە گۆکردنی جۆراوجۆر دەستدەکەون، چونکە دەنگەکان هۆی بەکۆنکرێتکردنی فۆنیمەکانن. ئەمەش وادەکات، دارِشتەی فۆنەتیکیی دروستەیەك پەیوەست بە ئەلۆفۆنەکانەوە، جیاواز لە دارِشتە فۆنیمییەکەی ڕوویدات، هەربۆیە فۆنیمەکان لەگەڵ ئەلۆفۆنێك، یان دەستەیەك لە ئەلۆفۆنەکانیاندا پەیکاڵی یەك دەبنو لەچێوەی دروستەیەکی دەنگیی فۆنەتیکییدا، هەمان واتا بە بیچمێکی جیاوازەوە هەڵدەگرن.

ئەوەی لە نموونەی (٢)دا تێبینییدەکرێت، بۆ هەندێك فۆنیم، یەك جۆر بەرجەستەکردن باو و ڕێگەپێدراوە، چونکە تەنها یەك ئەلۆفۆنی نوێنراو وەك ئەڵتەرناتیڤی فۆنیمەکە کاردەکات (بڕوانە [*طاریك، طرش])، بەڵام نموونەی (٣) بۆ ئاخێوەری زمان ئەگەری هەبوونی دوو جۆر نواندن، پەیوەست بە گۆکردنیەوە پەسەنددەکات.

ئەو یاسایانەی لە (١،٢)دا شێوازبەندکران، زانیاریی نواندنی فۆنەتیکییانە لەچێوەی دروستەکەدا دەردەبڕن، بەواتا "پێکەوەبەندبوونی فۆنەیتیكو نواندنی فۆنێمی کۆی ئەو زانیارییە دروستەییانەیە، کە دەربارەی فۆنۆلۆژیینو لەبەردەستدان."[٣٧] هەروەك دەریشیدەخەن، [Y]، [Z] هەردووکیان یەکەی

= ٢. جێکەوتەو دەوروبەری فۆنۆلۆژیی دەنگەکە، کە بە یاسای فۆنۆلۆژیی ڕوودەدات: /ڕۆژتان باش/ > [ڕۆشتان باش]، /مسگەر/ > [ مزگەر].

٣. جیاوازیی ئەکسێنتی قسەکەر: /دابەزین/ > [دابەزین]~[د´ابەضین]، /گیان/ > [گیان]~[گ´یان]

٤. هۆکاری بایۆلۆژییو چۆنیەتیی جووڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن لە بەرهەمهێنانو درکاندنی دەنگەکاندا: /سیروان/ > [سیروان] ~ [ثیروان]، /ماسی/ > [ماسی] ~ [ماصی] ~[ماثی] . بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەدی مەحویی، بەرگی دووهەم (٢٠٠٨: ١٧)

[37] محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکهەم (٢٠٠٨: ٢٠٠)

فۆنەتیکیی بەرجەستەی هەمان فۆنیمن، کە بە گۆڕاوی /X/ ئاماژەی بۆ کراوە. بەمەش [Y]، یان [Z] جۆرێکی دیکەی دەربڕینی فۆنیمی /X/ن، واتە دەرکەوتووە جۆراوجۆرەکانی فۆنیمەکەن، کە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان هەن، هەبوونی مەرجی دابەشبوونی تەواوکەرانەش، مەرجێکی خورتییە لەو دەوروبەرەی نواندنە فۆنەتیکییەکەی تێدا ڕوودەدات. بەگشتیی، کاتێك ڕوودەدات دوو فۆن لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدا بن، کە (ا) ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیم بن، بە واتا نەتوانن لەهەمان دەوروبەردا دەربکەونو هەمبەر بە یەك بوەستنەوە. (ب) ئەو ئەلۆفۆنانە (کە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان)، پێویستە لەیەکچوونی فۆنەتیکییان هەبێت[38]، واتە هەبوونی نیشانەی هاوبەشو لەیەکچوو لەنێوانیاندا.

کەواتە ئەگەر پێمانوابێت دوو فۆنیم لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، ئەوا مەرجە هەردووکیان ئەلۆفۆنی یەك فۆنیم بن، لەمەوە بەپێی مەرجی (ا)، پێویستە ئەلۆفۆنەکانی [ص]و [س]و [ز] هەمان فۆنیم بنوێننو ئەو ئەلۆفۆنانەش، سەر بە یەکەی جیاو سەربەخۆ بن، ئەوکات دەتوانرێت داڕشتەیەکی فۆنەتیکیی پەیوەست بە ئەلۆفۆن (فۆن/ پۆلێك فۆن)ی جیاوازەوە لە دروستەیەکی فۆنیمییەوە هەڵبگوێزرێت، بەمەش بۆیە بۆ ئاخێوەری زمان ئەدگاری (جۆراوجۆریی ئازاد)[39]ی فۆنەکان، سەرپشکییو لە هەندێك جێکەوتەدا پێشبینییلێکراوە، چونکە "ئەلۆفۆنەکان لەڕێی یاساوە لە فۆنیمەکان هەڵدەگوێزرێنو دەنوێنرێن"[40].

لەلایەکی دیکەوە، ڕوودانی ئەو دەنگ _فۆن_ە بەرجەستە لەبری گۆکراوانە، جگە لەوەی پێویستە لە_ هەمان قاڵبی فۆنەتیکییدا هەمان دروستەی واتایی پێکبهێننەوە، بەپێی خاڵی (ب)، گرنگە مەرجی لێکچوونی فۆنەتیکییشیان تێدا بێت، ئەگەر نا، ئەوا بەزاندنی مەرجی هەمان دروستەیی واتایی ڕوودەدات، ئەمەش وادەکات، وەك دوو فۆنیم (نەك دوو ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیم) هەڵسوکەوتبکەن، ڕاستیی ئەمە لە (٤)دا سەلمێنراوە.

٤_ ا. /سەد/~ [صەد]

ب. /سەد/ ≠ *[بەد] ≠ *[قەد]

ئەوەی لە نموونەی (٤_ا)دا تێبینییدەکرێت، لێکچوونی فۆنەتیکییانەی /س/و/ ص/ لە نیشانە جیاکەرەوەکانی [+خشۆك، +پووکیی، +کپیی] دا، هەمان دروستەی واتاییان دەستەبەرکردووە، بۆیە هەمبەر بەیەك ناوەستنەوە، بەڵام لە (٤_ب)دا نالێکچوویی فۆنەتیکیی _جیاوازیی بنەڕەتیی

---

38 محەمەدی مەحویی، بەرگی یەکەم (٢٠٠٨: ١٨٧)

39 جۆراوجۆریی ئازاد، دەرکەوتنی دوو یەکەی دەنگیی (فۆن)ە لە هەمان ژینگەو دەوروبەری فۆنەتیکییدا، کە لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، ئەم دەنگانە سەرباری جیاوازییان، پارێزگاریی دروستەی واتایی فۆڕمە گۆکراوەکە دەکەن.

40 محەمەدی مەحویی، بەرگی دووەم (٢٠٠٨: ٥)

فۆنیمەکان_ی /س/و /ب/و /ق/، دروستەی جیاوازیان بەواتای نوێوە دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە هەریەك لە دروستەکان دارشتەو نواندنی جیاو سەربەخۆیان هەبێت.

نواندنی فۆنەتیکییانەی فۆنیمەکان، وابەستەی ئەو مەرجو کۆتوبەندانەن، کە لەنواندنی فۆنۆلۆژییاندا پەیڕەوکردنیان خورتییە. لەداڕشتە فۆنەتیکییەکەشیاندا، لەیەکچوویی فۆنەکان پەیوەست بە چۆنیەتیی درکاندنو جووڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە، حوکمی گۆکردنیان دەکات، هەروەك گۆڕانی /دەستگرە/ لەداڕشتە فۆنەتیکییەکەیدا بۆ [دەزگرە]، بەهۆی پرۆسەیەکی فۆنۆلۆژییەوە ڕوویداوە، بەوپێیەی "نواندنی فۆنۆلۆژیی، دەرئەنجامی پەیڕەوکردنی ڕێسا فۆنۆلۆژییەکانە، نواندنەکانیش بایەخ بە کۆزانیاریی شاراوەی قسەکەر دەدەن، کە دەکەوێتە ژێر ڕکێفی زانیارییەکانی ناو مێشکەوە"[41].

نموونەکان دەیسەلمێنن، کە هەر فۆرمێك پەیوەست بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردییەوە لە مێشكو ئاوەزی قسەکەردا، نواندنێکی فۆنۆلۆژییانەی سەربەخۆی هەیە، ئەگەرچیی "پەیوەست بە فۆرمگۆڕینو نواندنی لێکسیمیشەوە، لێکسێمە بەرهەمهاتووەکان فۆرمە فۆنۆلۆژییەکانیان، کەمتر لە فۆرمە فۆنەتیکییەکانیان دەرکەوتنیان هەیە"[42]، بەڵام پێویستە بەهەمان فۆرمەوە لە تۆمارکردنی فەرهەنگییو زمانی نووسینی باڵادا بەرجەستەبکرێن، لێکەوتەی ئەمەش، پێویستە فۆرمی بنەڕەتیی، کە فۆنۆلۆژیی ناو مێشکە، لەگەڵ فۆرمە_وشە نوێنراوو بەرجەستەکراوەکان لە فەرهەنگو سینتاکسدا پەیکاڵی یەك بن، بە دەربڕینێکی دیکە، زمانی نووسینی باڵا، دەرکردەی فۆنۆلۆژیی ناو مێشك بێت، بەدەر لەو گۆڕانانەی، بەکاریگەریی مەرجو یاسا فۆنەتیکییەکان لە زمانی ئاخاوتندا ئەگەری ڕوودانیان هەن (بڕوانە خشتەی (٣)).

خشتەی (٣)

| فۆرمی فۆنۆلۆژیی | نواندن/ تۆمارکردنی فەرهەنگیی | نواندنی فۆنەتیکیی (وشەی فۆنەتیکیی) |
|---|---|---|
| /پشتدەر/ | [پشتدەر] | [پژدەر] |
| /پێشوازییکردن/ | [پێشوازییکردن] | [پێژوازییکردن] |
| /پیسبوون/ | [پیسبوون] | [پیزبوون] |
| /دەستگیرۆیی/ | [دەستگیرۆیی] | [دەزگیرۆیی] |
| /تۆپین/ | [تۆپین] | [طۆپین] |
| /توند/ | [توند] | [توند] ~ [طون] ~ [طونگ] |
| /ڕەنگە/ | [ڕەنگە] | [ڕەنگە] ~ [ڕەنە] ~ [ڕەمبێ] |

41 pierrehumbert, J. (1990: 376)

42 محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٣٦)

### ١/١_٢_٢ نواندنی فۆنۆلۆژییانەی بڕگە

دروستەی بڕگەش، وەك جۆرێکی دیکەی نواندنی زانیاریی فۆنۆلۆژیی، دروستکراوی پێکهاتەی فۆنۆلۆژییە، بۆیە دەرکەوتن‌و ڕوودانیشی، لەسنووری ئەم پێکهاتەیەدا دەبێت، کە زنجیرەیەکی دەنگیی بەدوایەکداهاتوون‌و پەیوەست بە هەندێك کۆتومەرجی دیاریکراوەوە، داڕشتەو مۆدێلەکانی بڕگە دروستدەکەن، لەمەشەوە "نواندنی فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنت، ڕێگە بە ئاخێوەری زمان دەدات زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان لەنێو دروستەی بڕگەدا بەگەڕبخات"[٤٣].

زانیاریی فۆنۆتاکتیکیی، پەیوەست بە چۆنیەتیی ڕیزکردنی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلەکانی بڕگە، لەناو ڕژێمی فۆنیمەکانی زمانی کوردییدان، واتە لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدان، ئەمەش ئەوە دەردەخات: (ا) خستنەتەکیەکی فۆنیمەکان یاسابەندن‌و یاسابەندییەکەش لەناو دروستەی بڕگەکاندا هەڵگیراوە. (ب) پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی بۆ بونیاتنانی دروستەی بڕگە، کەرەستەی پێویست لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە وەردەگرێت. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە ڕوودانی بڕگەکان لە سنووری مۆرفێم‌و وشەکاندا دەبێت، هەر مۆرفێم _وشە_ێك بۆی هەیە لە بڕگەیەك، یان زیاتر پێکبێت. لەمەوە، بۆیە زانیاریی هەڵگیراوی نێو فۆنیمەکان گرنگ‌و بەهادارن، چونکە ڕێگە بەخستنەتەکیەکی فۆنیمەکان دەدەن‌و پرۆسەی بەبڕگەکردنیان دەستەبەردەکەن. دواتریش خستنەتەکیەکی بڕگەکان بە زانیارییەکانی ناویانەوە، بەمەبەستی پێکهێنانی دروستەی زمانیی گەورەتر لەنێو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا.

### ١/١_٢_٣ نواندنی مۆرفۆلۆژیی

گەر بڕوامان بەوە بێت، کە هەر توخمێکی فەرهەنگیی، نیشانەو ئەدگار/ زانیاریی مۆرفۆلۆژیی خۆی تێدا هەڵگیراوە، ئەوا مۆرفێمەکان هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژیین، بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەش لەلایەن ئاخێوەرەوە بەپێی یاساو ڕێسا دیاریکراو و پێڕەوبەندانەیە، لەمەشەوە "توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێك لە سەلیقەی زمانییان لەبارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان‌و دروستداڕشتنیاندا دەردەکەوێت"[44]. لەم ڕووەوە، پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە هەبوونی کەرەستەو داتا _مۆرفێم_کان‌و ڕێساکانی خستنەتەکیەك‌و بەکاربردنیان، مۆرفۆلۆژیی وەك پێکهاتە پەسندەکات، تێیدا مۆرفێمەکان بەگوێرەی تەرزە مۆرفۆلۆژییە جیاوازەکان بەپێی یاسای (٣) بۆ دروستکردنی یەکەی مۆرفۆلۆژیی گەورەتر لەیەکدەدرێن، ئەمەش پێماندەڵێت "مۆرفۆلۆژیی بنیاتی وشەی ناسادەی تێدا دەنرێت"[٤٥]، وەك

---

[43] Sutherland, D. & Gillon, G. (2005: 295)

[44] نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٥)

[45] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٧: ٥٤)

لە (٥)دا نیشاندراون.

٣) ا. $[[X^0]+Y] \rightarrow X^0$

ب. $[[Y] + X^{-1}] \rightarrow X^0$ ← یاساکانی وشە هەڵگواستن

پ. $[X^{-1} + [Y]] \rightarrow X^0$

٥-١. 

| بناغە | بناغە | دەرکردە |
|---|---|---|
| [[میوە]N + | [فرۆش]V] | میوەفرۆشN |
| [[دەست]N + | [پاک]A] | دەستپاکA |

| ب. پاشگر | هەڵاوێرکردنی بناغە | | دەرکردە |
|---|---|---|---|
| /_چە/N | [[دەریا]N چە]N | ← | دەریاچەN |
| /ڕا_/N | [ڕا[هێنان]N]N | ← | ڕاهێنانN |
| /_ی/N | [[جوان]A ی]N | ← | جوانییN |
| /بە_/A | [بە[سۆز]N]A | ← | بەسۆزA |
| /_کەلە/A | [[سوور]A کەلە]A | ← | سوورکەلەA |

نموونەکان ئەوە دەستدەخەن، کە مۆرفێمەکان بە پەیڕەوکردنی تەرزە دروستەییە مۆرفۆلۆژییەکان دەخرێنەتەکیەكو وشەی ناسادەیان لێدروستدەکرێت، بەجۆرێك پێشبینییدەکرێت، کە لاگرەکان وەك کەتیگۆریی بەدەسەلات، بناغەکان هەڵاوێربکەن، بەوەش ئەو زانیارییانەی لەناو وشەو مۆرفێمەکاندا بەشێوەی ئەبستراکت هەڵگیراون، نواندنە مۆرفۆلۆژییەکان بەرجەستەیاندەکەن، هەروەك لە پرۆسەی لاگر_لکاندندا ڕوودەدات. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان لەناو فەرهەنگدان، ئەوا نواندنی مۆرفۆلۆژیی پەیوەستدەبێت بە:

١. نیشانە _فیچەر_ی مۆرفێمەکان.

٢. دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەکان، کە پەیوەندییان بە ئاگایی مۆرفۆلۆژییانەوە هەیە، وەك دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی پۆلەڕەگەزەکان.

لێرەدا پەیوەست بە پێشبینییەکەی سەرەوە سەبارەت بە پرۆسەی لاگر_لکاندن، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا لاگرەکان توانای هەڵاوێرکردنی تەواوکەریان هەن، یاخود دەشێت پێچەوانەکەی دروست

بێت؟ بۆ دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیارە، سەرەتا گریمانەی ئەوە دەکەین، کە لاگرەکان بەپێی زانیاریی چەشنە پۆلێنکراوەکەی، جۆری پۆلەڕەگەزەکان دیاریدەکەن، ئەمەش بە بەڵگەی جیاواز تاقیدەکەینەوە. بۆ نموونە لەناو لاگرەکانی هەڵگواستندا، ئەوانەیان، کە ناوی شوێن هەڵدەگوێزن، بەپێی تەرزی دروستەیی لکاندنی ناو بەو جۆرە مۆرفێمانەوە _کە زانیاریی مۆرفۆلۆژییان پەیوەست بە واتای شوێنەوە لەخۆیاندا هەڵگرتووە_ کاردەکەنو بەوپێیەی پۆلەڕەگەز/ وشەی دەسەڵاتدار individual word ن، زانیارییەکانی خۆیان بۆ (ناو)ەکە دەگوێزنەوە. لەمەوە دەشێت لاگرەکان جۆرێك بن لە دەسەڵاتی واتاییو دروستەیی فۆڕمە تازە دروستبووەکانو کاریگەریشیان لەسەر دەرکردە واتاییەکان هەبێت[46]، بەمەش دەرکردەکە هەڵگری فیچەرەکانی لاگرەکە دەبێت. کۆی ئەمانەش ئەوە دەردەبڕن: (ا) "گەلێك جار واتای لاگرەکە بەسەر واتای بناغەکەدا زاڵدەبێت"[47]، لاگرەکانیش لەنێو سنووری دروستەی وشە ناسادەکاندا، بە زانیارییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون. (ب) زانیارییەکان پەیوەست بە ئاگایی مۆرفۆلۆژییانەی ئاخێوەرەوە، دەتوانرێت بۆ دروستکردنی توخمی فەرهەنگیی$X^0$ی نوێ بەکاربهێنرێنەوە، بەمەش زانیارییەکان بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکان بەرجەستەدەکرێن (بڕوانە (٦)). (پ) ئەگەر وایدابنێین، لاگرەکان وەك سەر گۆدەکەن، ئەوا دەکرێت پەیوەست بە نیشانەکانیانەوە پێشبینیی هەڵاوێرکردنی تەواوکەریان بۆ بونیاتنانی وشەی نوێ لێبکرێت.

لەم ڕوانگەیەشەوە وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، فەرهەنگ خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژیانە Morphological Sub categorization پێش داڕشتنی وشەکان، مۆرفێمەکان بەو جۆرە دەنوێنن[48]، کە لە (٦)دا خراونەتەڕوو، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانەش لە تاقیکردنەوەی پرۆسەی مۆرفۆلۆژییانەی وشە هەڵگوێزراوەکاندا ئەوە مسۆگەردەکات، کە پرۆسەی هەڵگواستن پەیوەست بە بناغەو لاگری فەرهەنگییەوە، دەرکردەی دروستەیەکی فەرهەنگیی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا تێردەکات. نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی دەرکردەکان لە (٦)دا دەریدەخات، کە "ڕیزبوونی مۆرفۆلۆژییانە هاوشێوەی ڕیزبوونی فەرهەنگییانەی مۆرفێمی داڕشتنو بناغەکەی نییە، بەوەش پێشبینی دەکرێت، مۆرفێمەکانی داڕشتن/

---

[46] محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٣٣)، هەروەها بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦: ٦٢)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون!

[47] نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠: ٦٧)

[48] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٧: ٥٤)

سروشتی سەرەڕێزمانییەکانیان هەبێتو لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا، بەپێی پارامێتەری ($X^{-1}$) مۆرفۆلۆژییانە، کۆتایی بگرن"[49]، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیو نواندنی مۆرفۆلۆژیی لە بەدوایەکداهاتنی دانە فەرهەنگییەکانیاندا، چوونیەکو پەیکاڵی یەك نین.

| | مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی | | نواندنی مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|---|---|
| ٦_ا. | /_ دان/ + خوێ | ← | خوێدان |
| ب. | /_ زار/ + گوڵ | ← | گوڵزار |
| پ. | /_ دان/ + دار | ← | * داردان |

لە (٦_ا،ب)دا، کۆرپەلەدەقەکان ئاشکرایدەکەن، ئاخێوەر بە پەیبردن بە نیشانەو زانیاریی زانراوو هەڵگیراوی ناواخنی مۆرفێمەکان، فۆڕمێکی واتاڕاستی بەرهەمهێناوە، هەروەك ئەو ناوی شوێنەی، مۆرفێمی بەندی /_دان/ هەڵیدەگوێزێت، ڕووبەرەکەی بچووکترە لەوەی /_زار/ دروستیدەکات، ئەمەش ئەوە دەردەخات، بەگشتیی لاگر حوکمی هەڵاوێرکردنی تەواوکەرێك دەکات، کە لەفیچەری واتاییدا لەگەڵی ڕێکبکەوێت، هەربۆیە دەتوانرێت پشت بە "بنەمای هاونیشانەیی principle of Co-indexation ببەسترێت، کە بۆ پێکهێنانی پەیکەری سیمانتیکیی، هاونیشانەیی لەنێوان ئارگومێنتی سەرو ئارگومێنتی ناسەردا ڕوودەدات، تێیدا پێویستە نیشانەکان لەگەڵ مەرج/ کۆتە سیمانتیکییەکانی ئارگومێنتی سەردا ڕێکبکەون"[50] بەو جۆرەی سەر داوایدەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش، دەتوانرێت یاسای (٤) هەڵبهێنجرێت، نموونەی ئەمەش لە (٧)دا تاقیکراوەتەوە.

٤) $[[Y]_i + X^{-1}_i] \rightarrow X^0$

٧. [/_دان/]$_i$ ( + هەڵاوێرکردنی N، + داڕێژەری ناوی شوێن، + هەڵگری واتای بچووکیی ڕووبەر )    [[/خوێ/]]$_i$ ( + N، + هەڵگرتن )

لەم ڕووەوە، بۆیە (٦_پ) ڕێگەپێنەدراوە، چونکە زانیارییو فیچەرە واتاییەکانی بناغەکە _دار_ وەك مەرجی ڕاستەقینەی پێویستیی هەبوونی ڕووبەری فراوان، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی ئەبستراکتانە لە

---

[49] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٧: ٥٤)

[50] Lieber, R. (2004: 83)

لاگری /_دان/دا هەڵگیراون، ڕێکەوتوو و هاوتەریب نین، بەمەش بەزاندنی مەرجو بنەمای هاونیشانەیی نێوان تایبەتێتییە سیمانتیکییەکانی بناغەو لاگر، دروستەیەکی واتاڕاست دەستەبەرناکات.

پەیوەست بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژییەوە، هەندێك جۆری لاگر، تەنها تایبەت بە پۆلەڕەگەزێکی دیاریکراوەوە بۆ هەڵگواستنی وشەی نویٚ گۆدەکەن، بۆ نموونە لە (٨_ا)دا مۆرفێمی /_کەلە/، ڕوودانی تەنها بە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوەوە[٥١] بەستراوەتەوە، ئەمەش وابەستەی خودی ئەو زانیارییانەیە، کە لەناواخنی مۆرفێمەکەدا هەن، بۆیە هەبوونو هاتنی لەتەك دەوروبەری (ناو)دا، باو و پێشبینییکراو نییە (بڕوانە (٨_ب))، ئەوەش ڕێگەدەدات یاسای (٥) دابڕێژرێت.

٨_ا. /_کەلە/+ ڕەش ← ڕەشکەلە

ب. باخ + /_کەلە/ ← * باخکەلە

[/_کەلە/ [باخ]]

[+ هەڵاوێرکردنی A]i [A −]j

لەلایەکی دیکەوە، گەر لە فۆڕمەکانی /تێکردن، پێکردن، لێکردن/ بڕوانین، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پیٚ_، تیٚ_، لیٚ_/، فۆڕمی نوێیان بە واتای نوێوە هەڵگوێزاوە، کە دەروازەی زانیاریی فۆڕمە بنەڕەتییەکەی /کردن/، لە دەروازەی دەرکردە مۆرفۆلۆژییە نوێکان جیاوازە، ئەو جیاوازییەش، بەهۆی ئەو زانیارییانەوەیە، کە لە ناواخنی پێشناوەکاندا هەڵگیراون، بەمەش لاگرەکان لەڕووی واتاییەوە دەسەڵاتدارن، بۆیە لە دەربڕینی واتا نوێیە بەرهەمهاتووەکەی دەرکردەکە بەرپرسن، بەجۆرێك "لەڕووی سیمانتیکییەوە هێز بەرەو لای پاشگر (suf) ڕادەکێشریٚ، بەمەش پاشگر شوێنی سەرە دەگرێتەوە"[٥٢]، هەر ئەمەشە وادەکات، لاگرەکان وەك سەری پڕۆژە فەرهەنگییەکان گۆبکەنو ببنە هەڵگری ناوی دەرکردەکان، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی دیکەی ئەزموونبەند بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیەی لەسەرەوە پێشنیازکرا.

$$[[Y]_A + X^{-1}{}_A] \rightarrow X^0{}_A$$ (٥

ئەوەی زانراوە، مۆرفێم یەکەیەکی ئەبستراکتەو بەکارهێنانێکی بەرجەستەی نییە، هەربۆیە (ا) زانیارییەکانی بەهۆی مۆرفەکانەوە دەنوێنرێنو لە چوارچێوەی دروستەی وشەکاندا بۆ ئاخێوەری زمان

---

[51] بڕوانە: سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣: ٥٣)

[52] سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٤٥)

بەرجەستەدەكرێن، بەو بەڵگەیەی، ئاخێوەر هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ زمانپژانیدا، زانیاریی مۆرفۆلۆژیی لە بەكاربردنی وشەكانەوە وەردەگرێتو پێدەگات. بۆ نموونە پەیوەست بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی (ناو)ەوەو لەچێوەی مۆرفۆلۆژیی شكانەوەی (ناو)دا، ناسراوكردن لە كوردییدا بەهۆی مۆرفێمی /_ەكە/وە، كە ئەلۆمۆرفەكانی /_ەكە، _كە، _ە، _یەكە/ بەرجەستەیدەكەنو دەینوێنن، هەمبەر بە زانیاریی لكاندنی مۆرفێمەكانی پلەی بەراوردو باڵا /_تر، _ ترین/ بە (ئاوەڵناو)ەوە، بەشێكن لە زانیاریی تاك، بەو بەڵگەیەی لە كۆرپەلەدەقدا بە زانیاریی تەواوەوە لەڕووی واتاو دەوروبەری مۆرفۆلۆژییانەو جێكەوتەی ڕوودانیانەوە، بە ڕاستو دروستیی بەكاردەهێنرێن. (ب) هەر نواندنێكی مۆرفۆلۆژییانەی مۆرفێمەكانی هەڵگواستن $X^{-1}$، دەبنە $X^{0}$و لە فۆڕمی خۆیاندا نامێننەوە، واتە نواندنەكانی هەڵگواستن بەرهەمی $X^{-1}$ نو ناتوانن $X^{-}$ بەرهەمبهێنن.

## ٢/١ پریدیكات[٥٣] / ئارگومێنت_داواكەر

لەمیانەی شیكردنەوەی گۆكردنە گراماتیكییەكاندا، بەپێی ئەو بۆچوونانەی زمانەوانان لەبارەی زاراوەی پریدیكاتەوە پێشنیازیانكردووە، زاراوەكە بۆ ئەو یەكانەی ڕستە بەكاردێت، كە ئەركیان دیاریكردنی ئەو كارەیە، كە بكەر ئەنجامیدەدات[٥٤]. بەواتا بیرۆكەكە لە هەندێك ڕستەدا، هەر شتێك دەگرێتەوە، جگەلە بكەر.[٥٥] بەوەش بۆچوونەكان پەیوەست بە پریدیكاتەوە، تیشكدەخەنە سەر مەودای گۆكردنی زاراوەكە لەسنوری بەشەكرداردا، كە وەك پێكهێنەرێكی گرنگی دروستەی ڕستە دیاریدەكرێت، بەشەكرداریش بەشێوەیەكی باو، بە ڕاڤەكردنی دوو بەشەوە پەیوەستە؛ پێكهێنەرە خورتییەكانو پێكهێنەرە سەرپشكییەكان. بۆ ئەمەش، دەتوانین پشت بە دیاریكردنی ڕۆڵی واتایی بەشەپێكهێنەرەكان ببەستین (بڕوانە (٩)).

٩ _ا. پشیلەكە مشكەكەی خوارد.

ب. مشكەكە پشیلەكەی خوارد.

دروستەی ئەم ڕستانە لەنێو كەوانەی شكاوەدا، بەمجۆرەی خوارەوە دەنوێنرێن:

١٠_ا. [[پشیلەكە] [مشكەكەی [خوارد]]]

---

[53] predication theory: وەچەتیۆرییەكە لەناو ڤێرژنەكانی تیۆری حوكمكردنو بەستنەوەدا، بنەمای گرنگو بنچینەیی ئەم وەچەتیۆرییە ئەوەیە، كە پریدیكات/ ئارگومێنت_داواكەر، داوای بكەر دەكات. بڕوانە: Crystal, D. (2003: 367)

[54] Aarts, B. (2001: 9)

[55] ibed & Crystal, D. (2003: 366)

ب. [[مشکەکە] [پشیلەکەی [خوارد]]]

ڕستەکانی (٩_ا،ب)، لە بنەڕەتەوە لەواتادا جیاوازن، جیاوازیی واتاییش، لە ئەنجامی جیاوازیی ڕۆڵبینینی پیکهێنەرەکانەوە پەیوەست بە جۆری سەرەوڕیزبوونیانەوە ڕوویداوە. بۆ نموونە فریزەکانی بەشەبکەر {پشیلەکە، مشکەکە} ئەو کردەیەیان جێبەجێکردووە، کە کردارەکە ئاماژەپێکردووە، هەروەك ڕستەی (٩_ا) لەبارەی (پشیلە)کەوەو ڕستەی (٩_ب)یش لەبارەی (مشك)ەکەوە زانیارییمان دەدەنێ. بکەری ڕستەکەش، وەك بەشەپێکهێنەرێك دوو جۆر زانیاریی دەبەخشێت: (ا) لەلایەکەوە پێماندەڵێت، ئەوەی ئەو چالاکییە هەڵدەسوڕێنێت، کە بەهۆی کردارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، کارا_ agent یە. (ب) لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ڕستەکە دەربارەی چیی، یان کێیە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، یەکەکانی نێو کەوانە شکاوەکانی (١٠_ا،ب)_بەشەپێکهێنەرەکانی {مشکەکەی خوارد}، {پشیلەکەی خوارد}_، زانیاریی زیاتر لەبارەی بکەری ڕستەکانەوە دەدەن، کە لە هەردوو ڕستەکەدا ڕۆڵی کاراو کارتێکراو پێچەوانەبوونەتەوە. گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، ئەو زنجیرە وشانەی وەك پریدیکات دەناسرێنەوەو گۆدەکەن، لە دروستەی ناوەکییاندا جیاوازن. وەك لە نموونەی (١١)دا بەهۆی نواندنی ڕستەکەوە لە سێ ئاستدا، دروستە ناوەکییەکەی نیشاندەدرێت.

١١. پۆلیسەکان بانکەکەیان پاراست.

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ئاستی گۆکەریی** | بکەر | بەرکار | پریدیکاتۆر |
| **ئاستی فۆڕم** | [ N $_{DP}$ ] S ] | DP $_{VP}$ ] | [[[ V ] |
| **ئاستی سیماتیکیی** | کارا | بابەت | کردار |

پریدیکات/ ئارگومێنت_داواکەر

١٢. ئۆتومبیلەکە تێکچووە.

بکەر پریدیکات

١٣. کەشوهەوا گەرمە.

پریدیکات

کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (١٣،١٢) ئەوە دەردەخەن، کە هەرچەندە بکەرەکان پەیوەندییان بە پریدیکاتەکانەوە هەیە، بەڵام ئاماژەبەندییەکانی وەك /تێکچوون، گەرمبوون/ هیچ جۆرە چالاکییەکیان ئەنجامنەداوە، بۆیە بە نائاماژەیی nonreferential ناودەبرێن[٥٦].

**١_٢/١ پریدیکاتۆر**

زاراوەی پریدیکاتۆر لەلایەن هەندێك تیۆریستەوە، پەیوەست بە سەرەوڕیزبوونی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستە لەزمانی ئینگلیزییدا، بۆ ئاماژەدان بە توخمی کردارییی لە مەودای پێکهاتووی (بکەر_ کردار_بەرکار)دا پێشنیازکراوە، واتا (بکەر_ پریدیکاتۆر_ بەرکار)[٥٧]. دەکرێت پەیوەست بە ڕستەی کوردییشەوە، لە (١٤)دا سەرنجی ئەرکی پێکهاتەکانی نێو کەوانە شکاوەکان بدەین:

١٤_ا.



ب.



لە (١٤)دا، دیاریکردنی ئەرکی توخمەکان بەجۆرێکە، کە هەر یەکێك لە پریدیکاتەکانی (١٤_ا،ب)، لە کردارێکی تافدار {بانگکرد}و فرێزێکی بەرکار، پێکهاتوون، کە کرداری تافداری {بانگکرد}[٥٨] وەك پریدیکاتۆری فەرهەنگیی گۆدەکات. "پریدیکاتۆرەکان توخمی سەرەکیین، کە دەتوانین بەدیاریکراویی

[56] Aarts, B. (2001: 10)
[57] Crystal, D. (2003: 366)
[58] هەنگاوەکانی دواتری لێکۆڵینەوەکە ئەو بۆچوونە دەخەنەڕوو، کە ڕەگی کردارەکان سەری فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرن، بەوەش هەر ئەوان وەك پریدیکاتۆر، دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتی ناوەکییان دەبێت.

لەو ڕستانەدا بە پەیکەری ناوەڕۆکی ڕستەکان ناویانبنێین، ئەمەش کردارە سەرەکییەکان، یاخود ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە، کە ئاماژە بە کردار دەدەن".[59]

هەروەك لە ناوەکەیدا پێشنیازدەکرێت، پریدیکاتەکان بۆ گەیاندنو گرتنەوەی هەندێك شت لەکاردان، بۆ نموونە ناوەڕۆکی ڕستەکانی (١٤_ا،ب)، (بانگکردن)ە، کردەو چالاکیی بانگکردنەکەش، بەهۆی بکەرەکانی ئەم ڕستانەوە جێبەجێدەکرێن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، نموونەی (١٣) دەریدەخات، کە پریدیکاتی ڕستەکە لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوە، چونکە ئەو ڕستانەی، پەسنی ئەدگاری تایبەتیی دیاردە، یان حاڵەتێك دەکەنو کرداری تەواویان تێدا نییە، ئاوەڵناو بەشی پریدیکاتەکەیان پێکدەهێنێت، بەمەش سەرەڕای کردار (وەك لە نموونەکاندا تاقیکرایەوە)، بەهۆی ئاوەڵناوەکەوە، پریدیکاتەکە ئارگومێنتی بکەر هەڵاوێردەکات.

## ٢/١_٢ بەرجەستەکردنی پریدیکات و پریدیکاتۆر

پەیوەست بەو زانیارییانەوە، کە لەسەر پریدیکات دران، لە ڕستەی (١٥) دا، >دوێنێ کلیلەکانی ونکرد<، پریدیکاتە. لەناویدا، بەشە پێکهێنەرەکانی: پریدیکاتۆر _ونکر_، ئارگومێنتی ناوەکیی {کلیلەکان}، فرێزی سەرباری {دوێنێ}جیادەکرێنەوە. بڕوانە شێوازبەندکردنی یاسای پریدیکات لە (٦)دا پەیوەست بە زمانی کوردییەوە. گرنگە ئەوەش بگوترێت، پەیوەست بە کردارەوە، مەرجە پریدیکاتۆرەکان کرداری سەرەکیی بن[60]، چونکە کرداری ناتەواو، ناتوانێت وەك پریدیکاتۆر گۆبکات.

١٥. نەوزاد دوێنێ کلیلەکانی ونکرد.

**٦) [[ئارگومێنت + [[ئارگومێنت + پریدیکاتۆر]] پریدیکات]]**

## ٢/١_٣ پریدیکاتۆری فەرهەنگیی

ئەوەی لە وەچەپاری پێشوودا شیکرایەوە، پریدیکاتۆری سینتاکسیی بوو، هەمبەر بەمە وێڕای سینتاکس، لە زمانی کوردییدا، جۆرێکی دیکەی پریدیکاتۆری فەرهەنگیی، لەناو دروستەی کردارە لێکدراوە بەلێکسیمبووەکاندا لەچوارچێوەی فەرهەنگدا بەدیدەکرێت. ئەمجۆرەی پریدیکاتۆر، بەو دروستانەوە پەیوەستە، کە فۆڕمو واتایان گۆڕاوەو وەك فۆڕمێکی بەلێکسیمبوو لە زماندا هەن، تێیاندا

---

[59] Aarts, B. (2001: 14-15)
[60] ibed, 75 & Matthews, P.H. (2007: 315)

کەرەستە/ کەرتی دووەمی فۆڕمە لێکدراوەکە لە فەرهەنگدا، بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ، کەرتی یەکەم وەك تەواوکەری فەرهەنگیی هەڵاوێردەکات[٦١] (بڕوانە (١٦_ا))، ئەمەش بەو مانایە دێت، تەواوکەرە فەرهەنگییەکە لەژێر ڕکێفو مەودای کەرتی دووەمدا بۆ پێکهێنانی دروستەیەکی نوێ، کە هەڵگری زانیاریی سینتاکسیو سیمانتیکیی جیاوازە، داوادەکرێت، بۆیە کەرتی دووەم بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی، دەبێتە سەری فەرهەنگیی $X^0$ ی دروستەکەو وەك پریدیکاتۆر لەچوارچێوەی فەرهەنگدا ڕەفتاردەکات، واتە $V^0$ دەگرێتەوە، بەمەش دەسەڵاتی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی کەرتی یەکەمی هەیە، دواتریش لە بەکارهێنانی سینتاکسییدا، سەرلەبەری فۆڕمە بەرهەمهاتووە فەرهەنگییەکە، دەبێتەوە پریدیکاتۆرێکی فەرهەنگیی بۆ دروستکردنی پریدیکات، ئەمەش دەریدەخات، کردارە فەرهەنگییەکان پریدیکاتۆرنو لە سینتاکسدا بە تەواوکەرەکانیانەوە دەبنە پریدیکات (بڕوانە (١٦_ب)). فۆڕمەکانی /نانخواردن، شووکردن، یاریکردن، نوێژکردن،...هتد/ش، بەڵگەی بوونی ئەمجۆرەی پریدیکاتۆرن.

١٦_ا. [ بۆیاخ [ کر]]




ب. ئەو [دەرگاکەی [بۆیاخکر]]د.




### ٢/١_٤ پریدیکاتو دروستەی ئارگومێنت

لەناو دروستەی ئارگومێنتدا، دیاریکردنی جۆرو ئەدگاری سیمانتیکیی ئارگومێنت_داواکەرەکان، بەهۆی جیاوازیی کەرەستە ئارگومێنتییە داواکراوەکانەوە پێشبینییکراون، بۆیە دەکرێت لە دەروازەی فەرهەنگییاندا بکرێنە زانیاریی دیاریکردنو ناسینەوەی چەشنی پریدیکات/ ئارگومێنت_داواکەرەکان.

---

[61] بشڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٣٠_٣٨)

بەپێی جۆری پریدیکاتەکان، هەندێك پریدیکات یەك ئارگومێنت داوادەکات، هەندێکی دیکەشیان پێویستی بە بوونی دوو ئارگومێنت، یان زیاترە. لەم ڕووەوە لەسەر بنەمای چەندێتیی ژمارەی ئارگومێنتە داواکراوەکان، ئارتس Aarts سێ جۆر پریدیکاتی[٦٢]جیاکردووەتەوە: (١) پریدیکاتی یەك جێکەوتەیی monadic predicate، (٢) پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی dyadic predicate، (٣) پریدیکاتی سێ جێکەوتەیی triadic predicate (بڕوانە (١٧)).

لەزمانەوانییدا، ڕێگەی ئەلتەرناتیڤ بۆ نواندنی پریدیکاتو ئارگومێنتەکانی، خراوەتەبەردەست، کە هەر پریدیکاتێك بەدروستەی ئارگومێنتێکەوە پەیوەستە[٦٣]، بەمەش لە (١٧)دا، جگەلە ژمارەی ئارگومێنتەکان، زانیاریی سیماتیکییش پەیوەست بە جۆری ڕۆڵە سیماتیکییەکانەوە دەدرێت.

١٧_ا. /خوار/ (خواردن N)

[ ١ < NP ، کارا > ، ٢ < NP ، کارتێکراو> ]

ب. /پێکەن/ (پێکەنین N)

[ ١ < NP، کارا > ]

پ. /لێزان/ (لێزانین N)

[ ١ < NP، کارا > ، ٢ < PP ، باس > ]

ت. /پێد/ (پێدان N)

[ ١ < NP ، کارا > ، ( ٢ < NP ، بابەت > )، ٣ < PP، سوودوەرگر > ]

لەنموونەکانی (١٧)دا، ئارگومێنتی دەرەکیی، هێڵی بە ژێردا هێنراوە[٦٤]. "گرنگە ئەوە بزانرێت، تەنها کردارەکان، پریدیکات/ ئارگومێنت_داواکەر نین، بەڵکو (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دروستەی

---

[62] Aarts, B. (91-92)

هەروەها بڕوانە: تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١٤: ١١٢)، Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 147, 149)

[63] Aarts, B. (2001: 93)

[64] لەناو دروستەی ئارگومێنتدا، جگەلە ئارگومێنتی ناوەکیی، کە لە سنوری فرێزی کرداریی _بەشەکردار_دایە، ئارگومێنتی دەرەکیی (بکەر) یش دیاریدەکرێت، بەڵام وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، تەنها ئارگومێنتەکانی ناو بەشەکردار _ئارگومێنتی ناوەکیی _ دیاریدەکات. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو

کردارەبەندیی)یش، دەتوانن وەك ئارگومێنت_داواکەر گۆبکەن."[65](بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکان لە (١٨)دا).

١٨_ا. لێکۆڵینەوەکەی بڕیار لە ئەدەبی هاوچەرخدایە.

ب. منداڵی ژیرم خۆشدەوێت.

پ. کۆترەکە لە سەربان نیشتەوە.

ت. بڕیار لە بابەتی ئەدەبی هاوچەرخ دەکۆڵێتەوە.

ج. خانووەکە گەورەیە.

لە (١٨_ا)دا، فرێزی ناویی {بڕیار} پێویستی بە تەواوکەرێك هەیەو داوایدەکات، کە {لێکۆڵینەوە}یە، ڕستەی (١٨_ا) بە (١٨_ت) بەراوردبکە! لە (١٨_ج)یشدا، دروستە کرداربەندییەکەی /ە/و تەواوکەرەکەی_ئاوەڵناو_، وەك پریدیکات گۆدەکەن، چونکە "کرداری بەستێنەر لەگەڵ توخمی تری وەك فرێزی ئاوەڵناویی‌و فرێزی ناویی، ...دا بەشەکردارییە ئارگومێنت_داواکەرەکە predicate دروستدەکات. لەم ڕێیەوەیە، کە ئارگومێنتداواکەرەکە واتایەکی هەیە"[66]، بەوەش کرداری بەستێنەر وێڕای ئەوەی بەتەنها واتا نادات، توانای هەڵاوێرکردنیشی نییە، بەڵکو ئاوەڵناو لەناو دروستەی کرداربەندییەکەدا، وەك ئارگومێنت_داواکەر گۆدەکات.

## ٢/١_٥ دروستەی ئارگومێنت

دروستەی ئارگومێنتی کردار، یان توخمی فەرهەنگیی دیکە، کردەی ڕێکخستنی ئەو ئارگومێنتانەیە، کە دەشێت، یان پێویستە ئارگومێنت_داواکەرەکان وەریانبگرن، ئەمەش بەشێکی پەیوەستداری بنەڕەتییە بە بڕشتیی کردارەوە.[67]، بەوپێیەی یەکێك لە ڕێگا باو/ نەریتییەکانی پۆلکردنی کردار، ئاماژەدانە بە ژمارەی ئەو ئارگومێنتانەی، وەریاندەگرن[68] _بەبڕشتییەکەی_.

---

[65] Aarts, B. (2001: 93)

هاوکات بڕوانە: محەمەدی مەحویی‌و ئەوانی تر (٢٠١٠: ٨٣)

[66] محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢١٣_٢١٤)

[67] Matthews, P (2007: 26), ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦: ٨)

بەبڕشتیی Valency، زاراوەی (بارگەخستن)یشی بۆ بەکارهێنراوە، توانای هەر سەرێکە لە کێشکردنی ژمارەیەکی دیاریکراو لە تەواوکەرە خورتیی‌و سەرپشکییەکان. هەریەکە لە (کردار، ناو، ئاوەڵناو) لەو بەشە ئاخاوتنانەن، کە بارگەخستنیان هەیەو بۆ هەریەکێکیان لە فەرهەنگدا بارگەخستنەکەیان دیاریکراوە. دلێر صادق کانبی (٢٠١٥: ٥)

[68] CARNIE, A. (2011: 72)

لەتیۆری حوکمکردنو بەستنەوەدا، ئارگومێنت دەربڕی ڕۆڵی بابەتانەیەو ئەو جێکەوتەیەش، کە دەتوانرێت ڕۆڵەکەی تێدا ببەخشرێت، جێکەوتەی ئارگومێنتە[٦٩]. لەمەوە، ئارگومێنت پێویستیی سیمانتیکیی تێرکردنو پڕکردنەوەی جێکەوتە بۆشەکانی پریدیکاتە پەیوەست بە ڕۆڵی بابەتانەو گۆکردنی سینتاکسیی توخمە زمانییەکانەوە، کە هەبوونیان خورتییە، هەروەك توخمی سینتاکسیی داواکراون لەلایەن ئارگومێنت_داواکەرەکانەوە.

لەچوارچێوەی تیۆری دروستەی ئارگومێنتدا، کردار بە چەشنی جیاواز پەیوەندیی بە پێکهاتەکانی دیکەی ڕستەوە هەیە، پەیوەندییەکەش بە واتای کردارەوە بەندە، بە دەربڕینێکی تر، کردار پەیوەندیی سیمانتیکییانەی بەخشینی ڕۆڵە بابەتییەکان[٧٠] ئامادەو ڕێکدەخات، بۆ ئەمەش توخمێکی فەرهەنگیی ڕۆڵ_وەرگر لەلایەن کردارەوە، لەجێکەوتەی هەبوو و چەسپاوی خۆیدا جێگیردەکرێت، بەمەش "هەر NP یەك لەڕستەدا، ڕۆڵێکی واتایی دیاریکراو لە پەیوەندییدا بە کردارەوە دەنوێنێت"[٧١]. بۆ نموونە لە (١٩)دا، NPی {کوڕەکە} کارا_Agentی کردەی دۆزینەوەکەو NPی {قەڵەمەکە}ش، بابەت themeی کردەکەیە، ئەمەش دەریدەخات "ڕۆڵی سیماتیکیی (کارا، کارتێکراو)، دەتوانن لە ژمارەیەك جێکەوتەی سینتاکسیی وەك (بکەر، بەرکار)دا ڕوویدەن"[٧٢].

١٩. کوڕەکە قەڵەمەکەی دۆزییەوە.

وێڕای خستنەڕووی تیۆری دروستەی ئارگومێنت، ئەوەی گرنگە بگوترێت، بەپێی شیکردنەوەی نموونەکانی سەرەوە، بیرۆکەی پریدیکاتو پریدیکاتۆر پەیوەست بە هەولاوێرکردنی ئارگومێنتی ناوەکییو دەرەکییەوە، لەگەڵ بۆچوونەکانی دروستەی ئارگومێنتدا یەکناگرنەوەو پەیکاڵ نین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ا) لە دروستەی ئارگومێنتدا، پڕکردنەوەی هەردوو جێکەوتەی ئارگومێنتی ناوەکییو دەرەکیی لەلایەن کردارەوە جێبەجێدەکرێت، لەکاتێکدا نموونەکانی (٢٠)، کە لە لاپەڕە (٣١)ی لێکۆڵینەوەکەدا هێنراونەتەوە، ئەوە دەسەلمێنن، کە بەرکارەکە وەك ئارگومێنتی ناوەکیی، دەبێتە ئارگومێنت_داواکراوی پریدیکاتۆرو بکەریش وەك ئارگومێنتی دەرەکیی، ئارگومێنتە داواکراوەکەی پریدیکات پێکدەهێنێت. (ب) بەپشتبەستن بە خاڵی (ا)، بنەماکانی تیۆری دروستەی ئارگومێنت لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاریانپێناکرێت، بەڵکو بیرۆکەی پریدیکاتو پریدیکاتۆر دەکرێنە سەنگی

---

[69] Crystal, D. (2003: 32)

[70] زاراوەی ڕۆڵی بابەتانە، وەچەرژێمێکی ڕێزمانی جیهانییەو ئەوەی چەسپاندووە، کە هەر فرێزێکی ناویی لە شوێنی ئارگومێنتێکدا دەبێتو شوێنی هەر ئارگومێنتێکیش تەنها بە یەك فرێزی ناویی پڕدەکرێتەوە. محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ١٦٢)

[71] Parker, F. & Riley, K. (2005: 265)

[72] ibed

محەکو لە تاقیکردنەوەی نموونەکاندا جێبەجێدەکرێن، بۆ ئەوەش ئاستی نواندنی جیای کردارەکان، کە خۆی لە $V^0$، $V^-$، $T^-$ دا دەبینێتەوە، دیاریکراون. ئەویش لەو ڕوانگەیەوەیە، پریدیکاتۆر، کە نواندنی فەرهەنگیی (دەشێت سینتاکسییش بێت)و پریدیکاتیش، نواندنە سینتاکسییەکانی کردارەکانن، هەریەکەیان پەیوەست بە دەسەڵاتەکانیانەوە ئارگومێنتی جیاواز هەڵدەبژێرن، وەك لە هێڵکاریی (٣)دا نیشاندراوە.

هێڵکاریی (٣)




زۆرێك لە زمانەوانان، پێدانی ڕۆڵی بابەتانە وەها ڕاڤەدەکەن، کە ئارگومێنت_داواکەری کردار، زیاتر لە ئارگومێنتێك داوادەکات، بەوەش توانای پێدانی زیاتر لە ڕۆڵێکی دەبێت[٧٣]، بڕوانە ناوە کردارییەکانی /بردن، نووسین/، بەڵام دواتر زمانەوانانی وەك (Cook & Newson (2007 بە ڕەچاوکردنی مەرجو بنەماکانی تیۆری سیتا، هەندێك بۆچوونی نوێیان پەیوەست بە پریدیکاتو پریدیکاتۆرەوە بۆ پێدانی ڕۆڵی بابەتانە پێشنیازکرد، ئەویش ئەوە بوو، کە کردار لەسنوری VPدا تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە بە نزیکترین ئارگومێنت دەبەخشێت، واتە توانای پێدانی یەك ڕۆڵی هەیە، هەروەك لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپشتبەستن بە بۆچوونی دووەم، نموونەو داتاکان تاقیدەکرێنەوە.

---

[73] بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٠٠، ١٠١)، Haegeman, L. (1994: 51)

لەمەوەو بەپێی پێشنیازەکەی سەرەوە، ڕۆڵی کارتێکراو لەلایەن پریدیکاتۆرەوەو ڕۆڵی کاراش بەهۆی پریدیکات_کردارو تەواوکەرەکەی_یەوە دەدرێت. بەوەش لە ڕستەیەکی وەك >شنۆ کولیچەکەی برژاند.< دا، کرداره فەرهەنگییەکەی /برژان/ وەك پریدیکاتۆر بۆ هەڵاوێرکردنی تەواوکەری {کولیچەکە} گۆدەکاتو ڕۆڵی کارتێکراوی دەداتێ، دواتریش پریدیکاتی {کولیچەکە برژان}، پاش هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی بکەر، ڕۆڵی واتایی کارای پێدەدات. شایانی گوتنە، لێکۆڵینەوەکە لەسەر ئەم هەڵبژاردنە دەڕوات، کە پریدیکاتۆرەکان بە تەواوکەرەکانیانەوە هەڵبژاردنەکان ئەنجامدەدەن.

دروستەی سیماتیکیی پەیوەست بە توخمە فەرهەنگییەکانەوە، پێویستە لە سینتاکسدا بەو شێوەیەی پێوەری سیتا دیاریکردووە، تێربکرێن. بەپێی پێوەری سیتا Theta criterion، هەر ئارگومێنتێك یەکو تەنها یەك سیتا_ڕۆڵ وەردەگرێت، لەبەرامبەریشدا هەر سیتا_ڕۆڵێك بە یەکو تەنها یەك ئارگومێنت دەدرێت[٧٤]. لەسەر ئەم بنەمایە، پریدیکاتۆر لەتوانایدایە تەنها یەك ڕۆڵی بابەتانە بدات (بڕوانە (٢٠)). لەمەوەو بەپێی لێکدانەوەی ئەو پرنسیپانەی، حوکمی پێدانی ڕۆڵی واتایی دەکەن، "سیتا_ڕۆڵی ناوەکیی، ڕاستەوخۆ لەلایەن (سەر)ەوە بە تەواوکەرەکەی دەدرێت، لەکاتێکدا سیتا_ڕۆڵی دەرەکیی بەشێوەی پێکهاتەیی_داڕشتەیی_لەلایەن سەرو تەواوکەرەکەیەوە دەدرێت"[٧٥]، لێکەوتەی ئەمەش، $V^-$ ڕاستەوخۆ بەسەر یەکێك لە دوو ئارگومێنت/ پێکهێنەر constituent ەکەدا زاڵە، کە ئارگومێنتی ناوەکییە، هەرچیی ئارگومێنتی بکەرییشە، دەکەوێتە دەرەوەی فرێزی کردارییەوە، بۆیە پریدیکاتۆر بەتەنها توانای حوکمکردنیو ڕۆڵپێدانی نییە، بەڵکو $V^-$ وەك پریدیکات بۆ پێدانی ڕۆڵی واتایی بکەر گۆدەکات، ئەمەش وەها لێکدەدرێتەوە، کە جێکەوتەی ئارگومێنتی ناوەکیی، لەڕووی واتاییو دروستەییشەوە، لە کردارەوە نزیکترە بەبەراورد لەگەڵ مەودای نێوان جێکەوتەی ئارگومێنتی دەرەکییو کردار[٧٦]، ڕێسای دوو پەلکییش، پشتڕاستی پەیوەندیی دروستەیی نێوانیان دەکاتەوە (بڕوانە (هێڵکاریی (٤)).

---

[74] Haegeman, L. (1994: 73)
[75] Cook. V. & Newson, M. (2007: 85) &
P. (139) http://www.unibuc.ro/prof/avram_l/docs/2012/noi/25_00_27_16Avram_2006_Chapter_3.pdf
[76] Cook. V. & Newson, M. (2007: 83)

هێڵکاریی (٤)




٢٠_ /خوار/[٧٧]:

ا. خوار [هەنار]

ب. [هەنار خوارد [ من]]

پ. من هەنار خواردم

ت. من هەنارم خوارد.

له (٢٠)دا، كۆزانیارییمان دەربارەی ناوی کرداریی (خواردن) پێماندەڵێت، پێویستی بە دوو ئارگومێنت هەیە. بۆ ئەوەش، پریدیکاتۆری /خوار/ ئارگومێنت_داواکەرەو لەهەنگاوی یەکەمدا ئارگومێنت_داواکراوی ناوەکیی بەرکار {هەنار} هەڵدەبژێرێت (بڕوانە (٢٠_ا))و ڕۆڵی واتایی کارتێکراوی دەداتێ، چونکە لەڕووی دروستەو جێکەوتەوە بە خوشکی کردار دادەنرێت، مەرجی خوشکایەتییش،

[٧٧] هەنگاوەکانی دواتری لێکۆڵینەوەکە ئەو وردەکارییانە پەسندەکەن، کە لە چوارچێوەی پرۆژەسازداندا، بۆ بونیاتنانی دروستەی فرێزی کرداریی VP، دەگیرێنەبەر، بۆ ئەوەش ڕەگ بە سەری پرۆژەسازدەری فرێزی کرداریی دانراوە. بڕوانە: ٢/١_١_٥_٢، ل (١٠٣_١١٢)، کە تێیدا سەرلەبەری هەنگاوەکان دەرخراونو ڕاڤەکراون.

یەکێکە لە بنەماکانی تیۆری سیتا، لەبەرئەوەیە توخمی ڕۆڵپێدەر، ڕۆڵە سیماتیکییەکەی بە خوشکەکەی دەدات، سەرەڕای ئەوەی لەڕووی واتاییشەوە پەیوەست بە مەرجەکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییەوە لێوەی نزیکترە، بۆیە لە هەنگاوی دواترداو لە (٢٠_ب)دا، کردارو تەواوکەرەکەی، پێکەوە لە دیاریکردنی ڕۆڵی بابەتانەی بکەردا ڕۆڵدەبینن، بەمەش پریدیکاتی {هەنار خوارد} بە تافەوە، دەبێتەوە ئارگومێنت_داواکەرو ئارگومێنتی دەرەکیی {من} هەڵاوێردەکاتو ڕۆڵی کارای پێدەبەخشێت، لەم ڕوانگەیەشەوە، گەر پریدیکات ڕاستەوخۆ ڕۆڵی بابەتانە بۆ هەندێك وەچەپێکهاتە بگوێزێتەوە، ئەوا نیشانەکردنی واتایی ڕاستەوخۆ دەگرێتەوە، بەپێچەوانەشەوە گەر نیشانەکردنی واتایی ئارگومێنت بەشێوەی دارِشتەیی بوو، بە نیشانەکردنی واتایی ناڕاستەوخۆ indirect theta -marking ناودەبرێت[٧٨]. ئەنجامی ئەمەش، بەرجەستەی ئەوە دەکات، کە (ا) پریدیکاتۆرەکان سەنگی محەکو پێوەری هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتی ناوەکیین بۆ پێکهێنانی پریدیکات، بە دەربڕینێکی دیکە، بۆیە لەناو $V^-$ دا کرداری فەرهەنگیی دەسەڵاتی بەسەر ئارگومێنتی ناوەکییدا هەیە، چونکە تەنها $V^0$ مەودای سیتا_ڕۆڵ بۆ دەستخستنی بەرکار دیاریدەکات. (ب) پریدیکات _گشت وەچەپێکهاتەکانی ناو VP_، بۆ داواکردنی ئارگومێنتی دەرەکیی بکەر، وەك ئارگومێنت_داواکەر گۆدەکات.

پریدیکات، پەیوەندیی واتایی نێوان دوو ئارگومێنت دەردەبرێت[٧٩]، بۆ نموونە لە (٢٠_ت)دا پریدیکات پەیوەندیی واتایی نێوان ئارگومێنت_داواکەری {خوار}و ئارگومێنتی {هەنار} لەلایەك، {هەنارخوارد}و{من}یش لەلایەکی ترەوە نیشاندەدات، ئەمەش زانیارییمان لەسەر ژمارەی ئارگومێنتەکان دەداتێ، هەروەك ئەو کردارانەی، بە هەڵاوێرکردنی دوو ئارگومێنتی ناوەکیی لە قۆناغی سینتاکسیی جیادا، پێویستیی سیمانتیکییان بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی، تێردەکەن (بڕوانە (١٧_ت)).

بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوە بێت، کردار بەپێی ئەو ڕۆڵانەی هەیەتی، دەتوانێت لە ئاستی جیادا، هەڵاوێری سیمانتیکیی بۆ ئارگومێنتێك، یان زیاتر بکات، چونکە نۆدە گەورەکان ڕۆڵدەدەن، لەمەشدا ڕێککەوتنی فیچەری واتایی نێوان پریدیکاتۆرو پریدیکات لەگەڵ ئارگومێنتە هەڵاوێرکراوەکاندا، پێویستیو مەرجی دروستیی گۆکردنن، بۆیە بەزاندنی مەرجی ڕێککەوتنی نێوانیان، کردارەکە لەڕووی واتاوە تێرناکات، ئەگەرچیی گۆکردنێکی سینتاکسییانەی دروستیشی هەبێت (بڕوانە(٢١)).

---

[78] Haegeman, L. (1994: 72)
[79] Cook. V. & Newson, M. (1997: 160)

٢١. * ئەو ئاسنەکەی لێنا

نموونەی (٢١)، ڕستەیەکی ڕێزماندروستی واتا_ناڕاستە، چونکە پریدیکاتۆری /لێن/ بەگوێرەی ئەو ڕۆڵەبابەتانەیەی لەناواخنیدا هەیە، ئارگومێنتێکی ناوەکیی هەڵاوێردەکات، کە پێویستە خاوەنی فیچەرەکانی [+ لێنان، + کولاّن، + خواردن، ...تاد] بێت، بەلاّم بەپێچەوانەوە فیچەرەکانی /ئاسن/ [− لێنان، − کولاّن، − خواردن،...]ن، بۆیە نەگونجاویی فیچەرەکانی ئارگومێنتە ناوەکییەکە لەگەڵ ئەو ڕۆڵانەی پریدیکاتۆرەکە لە تۆڕی بابەتانەیدا هەیە، ڕێگرە لەوەی پریدیکاتۆرەکە هەڵاوێری سیمانتیکیی بۆ ئەو جۆرە ئارگومێنتە بکات.

هەر پەیوەست بە ئەم بابەتەوە، گرنگە ئەوەش بخرێتەڕوو، کە جۆری تەواوکەرە ناوەکییەکە وەك بەشێك لە پریدیکات، لەڕووی واتاوە ڕۆڵی لە دیاریکردنی ئارگومێنتی دەرەکییدا دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، پریدیکاتۆر تەنها ڕۆڵی واتایی بۆ ئارگومێنتی ناوەکیی پێیەو دەسەلاّتی بەسەریدا دەشکێتەوە، هاوکات پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤیش، جێبەجێبوونێکی سینتاکسیی دەبێت. "کرداری فەرهەنگیی، تایبەتمەندییە جیاوازەکانی تەواوکەرەکەی، کۆنترۆڵدەکات"[٨٠]، بۆ نموونە کرداری فەرهەنگیی /خوار/، تەواوکەرێك، کە هەڵگری فیچەری [+خواردن] بێت، بۆ خۆی دیاریدەکات، دواتریش پریدیکاتەکە بکەرێك دیاریدەکات، کە فیچەری [±مرۆڤ] ی هەبێت، کەچیی تەواوکەرەکانی لە چەشنی /کا، وێنجە، هەرزن/ لەگەڵ پریدیکاتۆرەکەدا، مەرجی هەبوونی بکەرێك دەسەپێنن، کە فیچەری [−مرۆڤ]ی هەبێت، بەوەش بەهۆیانەوە جۆری ئارگومێنتە دەرەکییەکە یەکلاییدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکو لەلایەك پشتڕاستی بۆچوونەکانی سەرەوە دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە دەسەلمێنێت، کە هەندیك لە کردارە فەرهەنگییە تێپەڕەکان[٨١] پەیوەست بە جۆری تەواوکەرەکانیانەوەو لەگەڵیاندا، ئارگومێنتە دەرەکییەکەیان دیارییو دەستنیشاندەکەن.

---

[80] Miller, J. (2002: 49)

[81] لەو کردارانەشدا، کە لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕن، هەڵاوێرکردنەکە بەهەمان شێوە جێبەجێدەبێت، بەلاّم جیاواز لە کرداری تێپەڕ، مەرجی دیاریکردنی جۆری بکەر، بە واتای خودی کردارەکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە ناوی کرداریی /هەڵپەڕین/، لەڕووی واتاوە بکەرێك داوادەکات، کە فیچەری [+مرۆڤ]ی هەبێت، بەپێچەوانەشەوە ناوە کردارییەکانی /تۆپین، مرداربوونەوە/، هەڵاوێرکردنی بکەر بە فیچەری [−مرۆڤ]ەوە پەسەنددەکەن.

## ٣/١ بنەمای پڕۆژەسازدان و تیۆری سیتا[82] The Projection principle and θ-Theory

### ٣/١_١ پڕۆژەسازدان

زانیاریی فەرهەنگیی، سینتاکسییانە دەنوێنرێت[83]، ئەو جۆرەی زانیارییش، کە بەشێوەیەکی سەرەکیی لەم بەشەدا ئاماژەی پێدرا، دروستەی سیماتیکیی پریدیکات بوو. لەم ڕووەوە "ئەو ئارگومێنتەی لەسەر ئاستی قووڵ ڕۆڵێکی بابەتانەی پێبەخشراوە، گۆکردنێکی ڕێزمانیی هەیە... ڕێسای پڕۆژەسازدان مسۆگەریدەکات، کە ئەو ڕۆڵە بابەتییانەی بەخشراون، لەسەر هەر ئاستێکی زمان هەبن"[84]، دروستەی ئارگومێنتو تۆڕی بابەتانەی پریدیکات، داڕشتەی composition بچووك/ نزم minimal ی ڕستە دیاریدەکەن. ئەم تایبەتمەندییەی نواندنی سینتاکسیی لە بنەمای پڕۆژەسازداندا چڕدەکرێتەوە[85]. هەر پەیوەست بە ئەم بابەتەوە، جگەلە دروستەی ئارگومێنتی پریدیکات، تایبەتمەندییەکی گشتیی ڕستەکان ئەوەیە، کە "بەپێی بنەمای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو، پێویستە هەموو ڕستەیەك بکەرێکی هەبێت"[86] (کە دواتر لێیدەدوێین).

ئەو زانیارییانەی لەسەرەتای ئەم بەشەدا پەیوەست بە نواندنی (فۆنۆلۆژییو مۆرفۆلۆژیی)یەوە خرانەڕوو[87]، پێشنیازی بەپێکهاتەبوونی فەرهەنگ پەسەنددەکەن، بوونی کەرەستەو ڕێسای دیاریکراوی فەرهەنگییش، بۆچوونەکە پشتڕاستدەکاتەوە. دەستنیشانکردنو خستنەڕووی کەرەستەو توخمی فەرهەنگیی پێویست بۆ بونیاتنانی دروستەی سینتاکسیی فرێز، بە بنەماکانی پڕۆژەسازدان هەژماردەکرێت، چونکە فەرهەنگ بەهۆی وشە بەدەسەڵاتەکانییەوە، کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی هەر پڕۆژەیەکی سینتاکسیی دەستدەخات، بەمەش هەموو نواندنێکی سینتاکسیی، بنەماکەی لە فەرهەنگدایە، بەمپێیە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی بێکەموکوڕیی، چەند پێکهاتەیەکی سینتاکسیی یەکلەدواییەك لەئارادان، کە پەیوەست بە گۆکردنە ڕێزمانییەکانەوە، بە چەند قۆناغێك جێبەجێدەکرێن (بڕوانە هێڵکاریی (٥))، کە ئەوە نیشاندەدات، کەرەستەکان ڕاستەوخۆ لەفەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بنەمای پڕۆژەسازدانیش وەك نەخشەڕێگای بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی (پێش_فرێزو فرێز)ەکان ئاڕاستەیاندەکات، بەوپێیەی پڕۆژەسازدان; پێواژۆی یەکگرتنی یەکلەدواییەکی زنجیرە دووپەلکییەکانە، تێیدا مەرجی یەکگرتنی جووتە توخمە پێکهێنەرەکان بۆ بونیاتنانی دروستەی

---

[82] Haegeman, L. (1994: 73)
[83] ibed, 55
[84] محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ٣٠)
[85] Haegeman, (1994: 68)
[86] Crystal, A. (2003: 375)
[87] بڕوانە: وەچەپارەکانی (١/١_٢_١، ١/١_٢_٢، ١/١_٢_٣)، ل (١١_٢١)

گەورەتر، لە دوو هەنگاودا جێبەجێدەکرێت: (١) دروستکردنی پرۆژەی ناوەندیی $X^-$ لە سنوری VP دا، (٢) ئاراستەکردنی پرۆژە ناوەندییەکە وەك بنەمای بونیاتنانی پرۆژەی مەزن XP.

هێڵکاریی (٥)



گرنگە بگوترێت، خاڵی هەنگاونان بەرەو بەرهەمهێنانی کەتیگۆریی سینتاکسیی، لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، بەجۆرێك پێکهاتەی فەرهەنگ وەك کۆگا کەرەستە خاوەکان $X^0$ی تێداخراوە، ئەم کەرەستانە پەیوەست بە ڕێسای پرۆژەسازدانەوە دەبنە تێکردەی پرۆسە سینتاکسییە یەکلەدواییەکەکان، بنەڕەتی ئەم کردەیەش، بە دوو ڕێسای سەرەکییەوە بەندە[88]:

یەکەم: ڕێسای هەبوونی سەر Headedness principle

دووەم: ڕێسای دووپەلکیی Binary principle

بەپێی ڕێسای یەکەم، هەر سەرێکی ڕێزمانیی $X^0$، خواستی هەبوونی تەواوکەر بۆ بونیاتنانی پرۆژەی فرێز پێشکەشدەکات، لەمەشدا سەری ڕێزمانیی _فەرهەنگیی، تەواوکەرێکی فەرهەنگیی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فرێزی فەرهەنگییو سەری ڕێزمانیی_ئەرکییش، تەواوکەرێکی سینتاکسیی بۆ بونیاتنانی فرێزی ئەرکیی، داوادەکات. ئەم کردە سینتاکسییە بەدوایەکداهاتووانەش، بەهۆی یەکگرتنی دووپەلکییانەی سەرو تەواوکەرەوە جێبەجێدەکرێن. دواتریش پێواژۆی فراوانکردنی پرۆژە سینتاکسییەکان، پشت بە هەمان ئەو ڕێسایانەی سەرەوە دەبەستێت، بۆیە هەردوو ڕێسای (سەر، دووپەلکیی)، وەك دوو پاڵێوەری چێککردنەوەی پرۆژەی ناوەندیی $X^-$ و پرۆژەی مەزن XP گۆدەکەن.

بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکان لە قۆناغی پاش_فەرهەنگییەوە جێبەجێدەکرێت، لەم ڕوانگەیەوە وەرگرتنی کەرەستەکان پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییەوە ڕوودەدات، بەوپێیەی "وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، بەفۆرمکردنی ئەو زانیارییانەن، کە توخمێکی فەرهەنگیی لەخۆیدا هەڵیگرتوون"[89]، هەروەك داواکاریی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکان پەیوەست بە پۆلەڕەگەزێکی دیاریکراوەوە، وێڕای بەدوایەکداهاتنو سەرەوپێزبوونی فەرهەنگییان، بەهۆی ئەم وەچەتیۆرەوە دەردەخرێت، لە (٧)دا فۆرمداڕشتنی فەرهەنگیی توخمەکان لە چەند یاسایەکی فەرهەنگییدا شێوازبەنددەکرێن، هەروەك لەسەرەتاشدا ئاماژەی پێدرا، نواندنی مۆرفۆلۆژیی دانە فەرهەنگییەکان، پێچەوانەی ئەو سەرەوپێزبوونەیە، کە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییان دیاریدەکات، ئەمەش بۆ ئەو گواستنەوانە دەگەڕێتەوە، کە پێدەچێت بۆ پاراستنی ڕێسای سەرکۆتایی، لەجێکەوتەی تەواوکەردا (جگەلە پێشناوەکان) لە ئاڕاستەی چەپەوە بەرەو لای ڕاست ڕوودەن، بەمەش گواستنەوەکان دەستەبەری نواندنی ڕووکەشیانەی فۆرمی دەرکردەکان دەکەن. پێکهاتەی سینتاکسیی (١)، بە ناوەند/ ڕایەڵەی بەستنەوەو بەیەکگەیاندنی نێوان فەرهەنگو سینتاکس دادەنرێت، چونکە بە خستنەگەڕی یاسا سینتاکسییەکان، یەکەم هەنگاوی بەرهەمهێنانی پرۆژە ناوەندییە پێش_فرێزییەکانی

---

[88] Radford, A. (2004: 61)

[89] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٧٠)

تێدا دەنرێت، بەوەش لەم قۆناغەدا، گواستنەوەی توخمە فەرهەنگییەکان لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەی سینتاکس ڕوودەدات.

٧) ا. $[N] + A^0$

ب. $[N] + D^0$

پ. $[Y^-, Y, \dots\ ] + V^0$ (بڕوانە وردەکاریی یاسای کردارەکان لە (١٦، ١٧، ١٨)دا)

ت. $[N] + P^0$

ج. $[N] + N^0$

وەك لە هێڵکاریی (٥)دا دیارە، ڕێسای پرۆژەسازدان پێشبینییدەکات، توخمە فەرهەنگییەکان دوو پرۆژەی سینتاکسیی (ا) پێش_فرێز (دەستەواژیلە)، (ب) فرێز (دەستەواژە)[٩٠] بەرهەمبێنن. سەرە فەرهەنگییەکانی ($V^0$, $P^0$, $A^0$, $N^0$) پرۆژەسازدەرن‌و دەشێت لەپێکهاتەی سینتاکسیی (١)دا دروستەی پێش_فرێز (دەستەواژیلە) بەرهەمبێنن، بەوەش پێش_فرێزەکان بەرهەمی پێکهاتەی (١)ن[٩١]. لەم پێکهاتەیەدا، پەسنکردن‌و خستنەڕووی ئەو پێکهاتیلانە هەن، کە بەهۆی نا_ئازادیی ڕوودانی سینتاکسیی‌و واتاییانەوە، سنوری بەکاربردنیان لەگەڵ وشەو فرێزدا جیادەکرێتەوە (بڕوانە (٢٢))، بە دەربڕینێکی دیکە، دروستەکانی ئەم پێکهاتەیە، بەتەنها گۆکردنی فرێز، یاخود وشەیان نییە، بەڵکو "دەستەواژیلە فۆڕمێکە، کە لە وشە گەورەترەو لە فرێزیش بچوکترە"[٩٢]، لەبەرئەوە بۆ گۆکردنی سینتاکسیی پێش_فرێزەکان، یاخود ڕێگاپێدانی مۆرفۆلۆژییان، دوو مەرج لەئارادایە: (ا) شکاندنەوەیان لەناو پرۆژەی تردا، کە بەهۆیەوە دروستەی فرێز بونیاتدەنرێت. (ب) یاخود دەبێت ببن بە وشەو لێکسیمی فەرهەنگیی، ئەوکات ڕێگادانی مۆرفۆلۆژییان بۆ دەستەبەردەکرێت، هەموو ئەمانەش لە پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)دا جێبەجێدەکرێن، لەمەوە بەرهەمی پێکهاتەی (١)، کە دروستەی پێش_فرێزەکانن، وەك تەواوکەر گۆدەکەن‌و دەبنە تێکردەی پێکهاتەی (٢) بۆ بەرهەمهێنانی فرێز.

لە پێکهاتەی (٢)دا، لەلایەکەوە سەرە ڕێزمانییەکانی ($N^0$, $A^0$, $D^0$, $P^0$, $V^0$) پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییانەوە وەك لە (٧)دا ئاماژەی پێدرا، پرۆژەی فرێز بونیاتدەنێن[٩٣] (بڕوانە (٢٣)). بنەڕەت‌و بنەمای ئەنجامدانی پرۆسەکەش، ڕاستەوخۆ بە تێکردەی کەرەستە

---

[90] لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زاراوەکانی /دەستەواژە، دەستەواژیلە/ لەیەکجیاکراونەتەوە، کە لەڕووی دروستەو ئازادیی ڕوودانی سینتاکسییەوە لەیەکجیاوازن، لەکاتێکدا محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٩٤)، فۆڕمی /دەستەواژە/ی بەرامبەر زاراوەی /دەستەواژیلە/ بەکارهێناوە.

[91] بەبۆچوونی هەندێك زمانەوان، فرێز پێکهێنێکی ناوەندییەو دەکەوێتە نێوان دروستەی وشەو ڕستەوە. بڕوانە:
Fattah, M. (1997:182)، ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠: ٢٩، ٣٣)

[92] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٠: ٢٥)

[93] Cook. V. & Newson, M. (1997: 136_147),
http://newstar.rinet.ru/~goga/biblio/johannessen/johannessen37.pdf

(٢٣)). بنەڕەتو بنەمای ئەنجامدانی پرۆسەکەش، ڕاستەوخۆ بە تێکردەی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە بەندە، بۆیە تەواوکەرەکانیان لەچەشنی تەواوکەری فەرهەنگیی دەبن (جگە لەو تەواوکەرانەی، دروستەی دەستەواژیلەیان هەن)و دەرکردەکانی پرۆسەکەش، کە (PP, VP, AP, NP/DP)ن، بە فرێزی فەرهەنگیی، ناوزەددەکرێن (بڕوانە (٢٤_ب)). لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەست بە دیارخەرەکانەوە پرۆسەی بەفرێزکردنی دەستەواژیلە ڕوودەدات، تێیدا دەستەواژیلەکان وەك تەواوکەری سینتاکسیی سەرە ڕێزمانییەکەیان _دیارخەر_ گۆدەکەن (بڕوانە (٢٤_ا)).

٢٢_ا. کوڕە زیرەك

ب. پیاوکوژ

٢٣_ا. کچەکە

ب. لەشار

پ. دەستی من

ت. نامەنار

ج. کوڕی ئازا

٢٤_ا. [[کوڕە زیرەك]$^{PREP}$ [ەکە]$^{P}$ ← {کوڕەزیرەکەکە}$^{DP}$

پ.١ پ.٢

ت. سینتاکسیی س. ڕێزمانیی

ب. [[کوڕ] $^{Y}$ [ەکە]$^{P}$ ← {کوڕەکە} $^{DP}$

پ.٢ پ.٢

ت. فەرهەنگیی س. ڕێزمانیی ف. فەرهەنگیی

پ. [پیاوکوژ] $^{PREP}$ ← /پیاوکوژ/ $^{X}$

ت. [پیاوکوژ] $^{PREP}$ ← {پیاوکوژ} $^{VP}$

(٢٤_پ) دروستەی دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆژییەو بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە گۆکردنی لێکسیمێکی فەرهەنگیی دەبێت، واتە بەهۆی کردەی بەلێکسیمبوونیانەوە واتاو ناوەڕۆکیان پێدەدرێت، بۆیە بەهەمان فۆڕمیشەوە دەرکەوتنی سینتاکسیی دەبێت (بڕوانە (٢٥_ا))، یاخود پێویستە

لەناو پڕۆژەی فرێزێکی کردارییدا بشکێتەوە تا گۆکردن و ڕێگاپێدانی سینتاکسیی هەبێت (بڕوانە (٢٥_ب))، بەمەش پێشبینییدەکرێت لەناو پێکهاتەی (٢)دا، ڕەگی کردار $V^0$ وەك سەری ڕێزمانیی بۆ دروستکردنی پڕۆژەی فرێزی کرداریی گۆبکات.

٢٥_ا. کوڕەکەی نەسرین پیاوکوژە.

ب. ئەو پیاو دەکوژێت.

ف. کرداریی

فۆڕمی /دارەسووتاو/، دروستەی دەستەواژیلەی ئاوەڵناویی هەیە، بۆیە ئازادانە گۆکردنی نییەو بەهەمان شێوەی دەستەواژیلەکانی پێشوو، پێویستی بە فەراهەمکردن و دەستەبەرکردنی دەوروبەری سینتاکسیی، یان مۆرفۆلۆژیی هەیە. ئەوکات جارێك نواندنی سینتاکسیی وەك فرێزو جارێکیش نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی لێکسیمی دەبێت، بڕوانە (٢٦_ا،ب)و نواندنی دروستە ناوەکییەکەی لە هێڵکاریی (٦)دا.

نموونەی (٢٢_ا)، دروستەی دەستەواژیلەیەکی ئاوەڵناویی مۆرفۆلۆژییە[94]، کە بە تەنها گۆکردنی سینتاکسیی نییە، چونکە سیمانتیکییانە واتاکەی ناڕوونە، لەبەرئەوە بەخورتیی دەئاخنرێتەناو پێکهاتەی (٢)ەوە تا بە وەرگرتنی دیارخەرەکان، لەناو دروستەی فرێزی دیارخەرییدا بشکێتەوە، لەمەوە مەرجی گۆکردنی سینتاکسیی دەرکردەی پێکهاتەی(١) بۆ تێرکردنی دروستەی فـرێز، وابەستەی پێکهاتەی (٢) دەبێت (بڕوانە (٢٤_ا)). ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن، ئەگەرچیی پێکهاتەکانی(١، ٢) دوو پێکهاتەی سینتاکسین، بەڵام لەڕووی دروستەو گۆکردنەوە، پەیکاڵی یەك نین.

٢٦.[دارەسووتاو]:

ا. [دارەسووتاو] $^{PREP}$ ⟵ {دارەسووتاوەکە} $^{P}$

ب. [دارەسووتاو] $^{PREP}$ ⟵ {دارەسووتاوەکە} $^{P}$ ⟵ /دارەسووتاوەکە/ $^{X0}$

پ. [داری سووتاو} $^{P}$

---

[94] لەبارەی جۆرو دروستەکانی دەستەواژیلەوە، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٠: ٢٦_٢٧)، هەروەها بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر (٢٠١١)

(٢٦_ا) ئەوە دەردەخات، کە دەستەواژیلەی [دارەسووتاو] لەناو پێکهاتەی (٢)دا بەهۆی یەکگرتنی لەگەڵ سەرە ڕێزمانییەکەیدا، ڕاستەوخۆ کراوەتە فرێز، هەروەك هێڵکاریی (٦) لە یەکگرتنی دووپەلکییانەی دروستە ناوەکییەکەیدا نیشانیدەدات، بەڵام لە (٢٦_ب)دا پاش ئەوەی دەستەواژیلەکە بەهەمان قۆناغی پێکهاتەی سینتاکسییدا تێپەڕیوە، ئەوکات دروستەکە بەهەمان فۆرمە سینتاکسییەکەیەوە چووەتەوە ناو فەرهەنگو بووەتە لێکسیم/ دانەیەکی فەرهەنگیی، واتە $DP \leftarrow X^0$، کەواتە "لەبەرئەوەی دروستە سینتاکسییەکان ئاستی نواندنی ($X^-$) یان هەیە، بۆیە گشت دروستە بەلێکسیمبووەکانیش بەو ئاستی نواندنەوە دەردەکەونەوە"[95]، هەر لەبەرئەوەشە هەردوو دروستەکە خاوەنی هەمان هێڵکاریی نواندنی ناوەکیین. بڕوانە نواندنی دەرکردەکانی (٢٦_ا،ب) لە هێڵکاریی (٦)دا.

هێڵکاریی (٦)




لە (٢٦_پ)یشدا، لەناو پێکهاتەی (٢)دا دروستەی فرێزی خستنەپاڵیی {داری سووتاو} بەرهەمدەهێنرێت، بەمەش جیاوازیی جۆری فرێزەکان، نواندنی سینتاکسیی جیاوازیان دەبێت (بڕوانە هێڵکاریی (٧)).

95 عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٤: ٩٢)

هێڵکاریی (٧)




فرێزەکان لە پێکهاتەکانی (١، ٢)دا وەك پرۆژەیەکی ناوەندیی، لەسەر بنەمای ڕێساکانی پرۆژەسازدان بەرهەمدەهێنرێن، دواتر لە پێکهاتەی واتایی/ پێش_ڕستەیی (٣)دا، جێکەوتەکانی دروستەی قووڵ پڕدەکەنەوەو ڕۆڵە واتاییەکانیان پێدەدرێت، لێرەوە قۆناغی پرۆژەسازدانی فراوانکراو بۆ پێکهێنانی ڕستە دەستپێدەکات، بەوپێیەی "ڕۆنانی ژێرەوە بەداڕێژەری بنەماکانی ڕستە دادەنرێ دوای ئەوەی یەکە فەرهەنگییەکان (Lexical items) لەخۆدەگرێ، کە لەڕێگەی یاساکانی پێکهێنی بنجەوە بەرهەم دێ"[٩٦].

جێی ئاماژە بۆ کردنە، هەمان توخمو کەرەستە فەرهەنگییەکان، لە داڕشتنی سینتاکسییو بەرهەمهێنانی پرۆژەی ناوەندیی $X^{-}$_پرۆژەسازدانی ئاستی بار_و پرۆژەی مەزنXP دا بەشداریدەکەن، بەمەش بونیاتنانی پرۆژەی سینتاکسیی، لە $X^{0}$ەوە بەرەو $X^{-}$ دەستپێدەکاتو دواتریش بەرەو XP هەنگاودەنێت.

چۆمسکیی لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە GB دا ئەوەی خستووەتەڕوو "نواندنەکان لە هەر ئاستێکی سینتاکسیی (دروستەی قووڵ، دروستەی ڕووکەش، فۆرمی لۆژیکیی LF)دا بن، بەهۆی فەرهەنگەوە نەخشەدەکێشرێن _پرۆژەی فەرهەنگن_، بەچەشنێك نواندنەکان پابەندی ئەدگارەکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان دەبن"[٩٧]، بەمەش زانیاریی توخمە فەرهەنگییەکان،

---

[96] سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ١٠٢)

[97] Cook. V. & Newson, M. (2007:135- 138), http://norbert.abelcorver.com/wp-content/uploads/2010/10/CorverLexicalCategoriesAndExtendedProjection.pdf

ڕووکارێکی گرنگی دروستەکان دیاریدەکەن، وابەستەکردنی ئەم دروستانەش بە سیمانتیکەوە، لەپێناو بەدەستهێنانو ڕاڤەکردنی واتادایە. لێکۆڵینەوەکەش کار لەسەر شکانەوەی سینتاکسییانەی توخمە فەرهەنگییەکان $X^0$ دەکاتو گریمانەی ئەوە دەکات، کە توخمە فەرهەنگییەکان نواندنی سینتاکسیی جیاوازیان هەبێت (بڕوانە بەشی دووەمو سێیەم).

پرۆژەسازدان ئەدگاری پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان ڕەچاودەکات، بۆ نموونە لەدەروازەی فەرهەنگیی ناوی کرداریی /خوێندنەوە/دا، تایبەتێتیی هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی C-selection دیاریکراوە، کە کردارەکە تەواوکەرێك لەچەشنی DP/NP وەردەگرێت، بڕوانە >ڕەند ڕۆمانەکەی خوێندەوە.<، بنەمای پرۆژەسازدانەکەی چۆمسکیی ئەوە دەردەبڕێت، کە هەر نواندنێکی سینتاکسیی (دروستەی قووڵ، دروستەی ڕووکەش، فۆڕمی لۆژیکیی) پەیوەست بە دەربڕینی زمانیی ڕستەکەوە، پێویستە ئەو زانیارییە فەرهەنگییە بنوێنێت، کە کردارەکە، DP یەك وەك تەواوکەر وەردەگرێت.

ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن، ڕێسای پرۆژەسازدان بە بنەمایەکی گرنگی تیۆری GB دادەنرێت، بەوەی تایبەتێتییەکانی تۆمارە فەرهەنگییەکان بۆ دروستەی سینتاکسیی دەستدەخات، بۆیە پێویستە مەرجو داواکارییەکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان لە هەموو ئاستەکانی نواندندا تێربکرێن[98]، بڕوانە (٢٧)و هێڵکاریی (٨)، دەستەبەرکردنی ئەو تایبەتێتییانەش لەناو دروستە سینتاکسییەکاندا، بۆ هەڵهێنجانی واتای فرێزو ڕستەیە، ئەویش بەپشتبەستن بە بنەماکانی پرۆژەسازدانی سیمانتیکیی هەریەك لە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی ڕستە لە مۆدێلێکدا، کە ئاڕاستەی پەیڕەوکردنەکەی لەفەرهەنگەوە بەرەو سینتاکس هەڵدەکشێت، هەر لەم ڕووەوە "وەها دەردەکەوێت، کە ڕێساکانی پرۆژەسازدان وەك ئەو کردە ئاوەزییانە بن، کە لەلای قسەکەرو گوێگر بۆ درکپێکردنی واتای گشتیی ڕستەیەك دەخرێنەکار"[99]، چونکە کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بەهۆی ڕێساکانی پرۆژەسازدانەوە، ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانە دەستدەخەن، کە بۆ بەرهەمهێنانی پێکهاتەکانی ڕستە بە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی، گرنگو پێویستن.

٢٧. [ کێڵ [ باخ]] ← [باخ کێڵ ]$_{V^-}$ (پرۆژەسازدان)

باخ ↓ N ، کێڵ ↓ $V^0$

[98] Crystal, A. (2003: 375)

[99] شیلان عومەر حسەین (٢٠١٢: ١١٤)

هێڵکاریی (٨)




لەدروستەی قووڵدا، بنەماکانی تیۆری X-bar نەخشەی/ قاڵبی کەتیگۆریی دروستەکان دادەڕێژێت، دروستەکانیش بەهۆی دانانی کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە لەناو ئەم قاڵبانەدا نەخشەدەکێشرێن[100]، بەمەش کەتیگۆریی فەرهەنگیی سەر، کەتیگۆریی سینتاکسیی فرێزەکە دیاریدەکات، هەروەها تایبەتێتیی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سەر، تایبەتێتیی چەشنی تەواوکەرەکان دیاریدەکات، بەوەش زانیاریی پۆلەڕەگەزدیاریکردن لە دەروازەی فەرهەنگییدا دەدرێت، بۆ نموونە ئەگەر کردارێك لە دەروازە فەرهەنگییەکەیدا تەواوکەر هەبوو، ئەوا جێکەوتەی تەواوکەرێك لەپڕۆژەی VPیەکەیدا دەردەکەوێت، بڕوانە فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی ناوی کرداریی /لێخوڕین/، کە $[DP] + V^0$ یەو نواندنە سینتاکسییەکەشی لە هێڵکاریی (٩)دا دەرخراوە.

هێڵکاریی (٩)




[100] Cook. V. & Newson, M. (2007:135)

ڕوونکردنەوەکان دەستەبەری ئەوە دەکەن، کە توخمە فەرهەنگییەکان لەناو دروستەی قووڵدا وەك بەشێکی بنەڕەتیی دروستکردنی پڕۆژەی سینتاکسیی بەگوێرەی بنەماکانی تیۆری X-bar گۆدەکەن، هەروەك پێشتریش بەهۆی ڕێسای پڕۆژەسازدانەوە، لە زمانی کوردییدا ئاماژە بە هەردوو پڕۆژەی (پێش_فرێز، فرێز)ەکان درا، لەو ڕووەشەوە "بنەماکانی X-bar بەتەواوی بۆ هەموو کەتیگۆرییەکانە، نەك تەنها کردارەکان"[101]، بۆ نموونە سەری $X^0$، پڕۆژەی ناوەندیی $X^-$ و ئەمیش پڕۆژەی مەزنی $X^=$/ XP بونیاتدەنێت. لێرەشدا گەر ئەو کەتیگۆرییەی، کە دانراوە، کردارێکی فەرهەنگیی بێت، ئەوا بەهۆی تێکڕای زانیارییە فەرهەنگییەکانی ڕەگی کردارەکەوە $V^0$، پڕۆژەی VP سازدەکرێت. لەمەوە: (ا) کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان $X^0$ لە بونیاتی فرێز/ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکاندا بەناچاریی ڕوودەدەن، زانیارییە فەرهەنگییەکانیشیان بەپێی بنەماکانی تیۆری X-bar، نەخشەی دروستە سینتاکسییەکان دەکێشن. (ب) بۆ بەرهەمهێنانی هەر دروستەیەکی سینتاکسیی، ملکەچبوون بە ڕێسای هەبوونی سەرەوە headedness دەکرێتە بنەماو مەرج، بەوپێیەی "هەموو دروستەیەکی سینتاکسیی، پڕۆژەی سەرێکە"[102]، هەروەك لە هێڵکاریی (١٠)دا هەنگاوەکانی ئەو پەیوەندییە دروستەییانە نیشاندەدرێن[103]. (پ) خاڵەکانی (ا،ب) ئەوە دەسەلمێنن، کە ڕێساکانی پڕۆژەسازدان هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی کەتیگۆریی سینتاکسیی _فرێز_یان تێدا دەنرێتو جێبەجێدەکرێن.

هێڵکاریی (١٠)




---

[101] Cook. V. & Newson, M. (1997: 163-164)
[102] Radford, A. (2004: 61)
[103] Cook. V. & Newson, M. (2007: 69)

### ٣/١_٢ پرۆژەسازدانی فراوانكراو

زاراوەی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانكراو EPP، بۆ یەكەمجار لەلایەن چۆمسكی ١٩٨٢ەوە پێشنیازكراوە، كە لە سەرەتای كارەكانیدا بانگەشەی بۆ ئەوە دەكرد، داواكاریی تاف بۆ بوونی بكەر، بنەمایەكە لە ڕێزمانی گشتیی UG دا، كە بە ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانكراو EPP ناسراوە[١٠٤]، ئەمیش وەك زاراوەیەك هەم بۆ گرتنەوەی ڕێسای پرۆژەسازدان PP، هەم پەیڕەوكردنی ئەو مەرجەی، كە پێویستە ڕستەكان بكەریان هەبێت.

فۆڕمی تاف هەڵگری فیچەرێكیEPP یەو داوادەكات پرۆژەسازدانی فراوانكراو بۆ TP، بكەری تێدابێت[١٠٥]، چونكە TP یەكان ڕستیلە Clause ن، بۆیە وەك پرۆژەیەكی سینتاكسیی، بەهۆی نەبوونی ڕێككەوتنەوە نەبوونەتە پرۆژەیەكی تێرو بێكەموكوڕیی، بەڵكو دەبێت TPیەكە لەناو AGRP یەكدا بشكێتەوەو ڕستەیەكی سادە بەرهەمبێت[١٠٦]، بەمەش لە ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانكراودا، پرۆژەی مەزن XPی مەرجدار بە بوونی بكەر، بۆ بونیاتنانی پرۆژەی ڕستە فراواندەكرێت، لەمەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، بەپێی ڕێساكە پێویستیی بوونی بكەر، كە "تایبەتمەندییەكی گشتیی گراماتیكیی هەموو ڕستەیەكە"[١٠٧]، مەرجێكی بنەمایی یەكلاكەرەوەی گۆكردنی ڕستەیە، ئەم مەرجە دروستەییەی ڕستەش، خستنەسەری بنەمای پرۆژەسازدانە[١٠٨]. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن، كە: (ا) بەهۆی پڕكردنەوەی جێكەوتەی بكەرو هەبوونی ڕێككەوتنەوە، گەورەترین پرۆژەی ڕستە بەرهەمدێت، بەپێچەوانەوە پرۆژەیەكی تەواو و پڕاوپڕ نییە. (ب) پرۆژەی ڕستە لەچوارچێوەی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانكراودا، پەیوەست بە فرێزی تاڤ بونیاتنراوی نێو ڕێسای پرۆژەسازدان، بەرهەمدەهێنرێت (بڕوانە (٢٨)و هێڵكاریی (١١)).

٢٨. [(باخەكە كێڵ) ا]$^{T-}$ من (پرۆژەسازدانی فراوانكراو)

↓ ↓

تەواوكەر

$T^0$ $V^-$

---

[104] Oku, S. (1994: 129)

[105] Radford, A. (2004: 64), Haegeman, L. (1994: 68)

[106] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٨٠)

[107] Haegeman, L. (1994: 68)

[108] محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی (٢٠٠١: ١٦١)، لەمبارەیەوە دەڵێت: "هەڵبژاردنو دیاریكردنی دروستەیەكی پڕاوپڕو تەواو گونجاو لەلایەن كردارەكەوە دەكرێت. كردار لەڕستەدا شوێنەكان دەكاتەوە، كە دەبێت پڕبكرێنەوە"، بەڵام نموونەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەزموونبەندانە ئەوە دەسەلمێنن، كە كردارەكان نواندنی جیای سینتاكسییان هەن، هەربۆیە لەو نواندنانەدا هەڵاوێری سیمانتیكیی دەكەنو نۆدە گەورەكانیش ڕۆڵو دۆخ دەدەن.

هێڵکاریی (١١)




هەر لەمبارەیەوە، ڕۆستێن Rothstein[109] هەولێدا ڕێسای EPP بەهۆی هەندێك بیرۆکەی بنچینەیی گشتییەوە دەربارەی مەرجی بکەر دابڕێژێت، تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پرۆژەسازدانی مەزن Maximal Projection تێرناکرێت، ئەگەر بکەرێکی بۆ دانەنرێت، دواتریش پێشنیازی یاسای بەستنەوەی پریدیکاتی کردو مەرجەکەشی بەهۆی XP یەکەوە دیاریکرد، کە ڕەنگە ببێتە پریدیکاتی ئارگومێنتێکی دیاریکراو. بەپێی یاسای بەستنەوەی پریدیکاتیش:

١. هەر XP یەکی نیشانە_نەکراوی واتایی non- theta marked _ڕۆڵی بابەتانەی دیارینەکرابێت_، پێویستە لەسەر ئاستی دروستەی ڕووکەش بە ئارگومێنتێکەوە ببەسترێتەوە، بەمەرجێك ئەم ڕاستەوخۆ وەچەئاڕاستەی ئەو و ئەویش وەچەئاڕاستەی ئەم بکات. هەروەك لە بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزی پێشناوییدا ڕوودەدات، بڕوانە: ا. *<ئەو دەست جلەکانی شت<، ب. <ئەو بە دەست جلەکانی شت.<. ڕستەی (ا) بۆیە نادروستو ڕێگەپێنەدراوە، چونکە {دەست} وەچەئاڕاستە نەکراوە، بەڵام لە (ب)دا فرێزەکە بەهۆی پێشناوی /بە_/وە وەچەئاڕاستەکراوە، بەوەش

[109] Oku, S. (1994: 129)

ڕێگەیدەدرێت لە ڕستەکەدا گۆبکات.

٢. چۆنیەتیی بەستنەوەکە، دەبێت لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ بێت، واتە بەشی بکەر لەپێش پریدیکات _بەشەکردار_ەوە بێت.

### ٤/١ پۆلەڕەگەزدیاریکردن و بنەما

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە سینتاکس مۆتیڤی بەرجەستەکردن‌و نیشاندانی زانیاریی ئەبستراکتی هەلگیراوی نێو توخمە فەرهەنگییەکانە، واتە سەرلەبەری ئەو زانیارییە سیمانتیکیی‌و سینتاکسییانەی بەشێوەیەکی نادیار لەناواخن/ نێوەندی هەر توخمێکی فەرهەنگییدا هەن، سینتاکسییانە دەخرێنەڕوو. بۆ نواندن‌و دەستخستنی ئەو زانیارییە سینتاکسییانەش، پشت بە وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن دەبەسترێت، وەچەتیۆرەکەش "ئەو پۆلەڕەگەزانە دیاریدەکات، کە پێویستە لە نواندنە سینتاکسییەکەدا هەبن"[١١٠]، واتە پەیوەستە بە خستنەڕووی خواستی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکانەوە[١١١] بۆ بونیاتنانی دروستەی سینتاکسیی پرۆژەی فرێز، پێش لێدانی پارامێتەر. سەرە ڕێزمانییەکان لەیەکجیاوازن، بەپێی ئەمە بێت ئەو داواکارییە فەرهەنگییەی سەرێك هەیەتی، لە داواکاریی سەرێکی دیکە جیاوازە، هەربۆیە پۆلەڕەگەزدیاریکردن[١١٢] بۆ دەرهێنانی ئەو زانیارییانە کاردەکات، کە سەرێك، کام جۆر پۆلەڕەگەز داوادەکات (بڕوانە هێڵکاریی (١٢)).

هێڵکاریی (١٢)




---

[110] Aarts, B. (2001: 123)

[111] پەیوەندیی بەهێزی نێوان سەرو تەواوکەر بەجۆرێکە، سەرە جیاوازەکان بۆ تەواوکەرە جیاوازەکان پۆلدەکرێن، ئەمەش بەچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن ناودەبرێت، تا بەڕوونیی دەستنیشانی ئەوە بکات، کە سەرەکان کام تەواوکەرانە هەڵدەبژێرن. سەرچاوەی پێشوو، ١٢١

[112] چێوە/ فیچەرەکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان بریتیین لە کۆزانیاریی فەرهەنگیی، زانیارییەکانیش لەبارەی توخمەکانەوە، لە فەرهەنگیی ئاوەزییەوە وەردەگرین. بەمەش هەر توخمێکی فەرهەنگیی، بەو فیچەرەوە بەستراوە، کە دروستەی بچوکترین فرێزێك دیاریدەکات، کە توخمەکەی تێدایە. ئەم فیچەرانەش پێیاندەوترێت (فیچەرەکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردن). گشت زانیارییەکانیش لەبارەی ئەم فیچەرانەوە، لە فەرهەنگدا هەن‌و هەلگیراون. بڕوانە:

http://www.spiruharet.ro/facultati/limbi-straine/masterate/83aa73f65576971e9c182d09a39fa558.pdf

لەبەرئەوەی لە پرۆژە ناوەندییەکاندا لەڕێگای سەرە ڕێزمانییەکانو پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە، جۆرو دروستەی ناوەکیی فرێزەکان دیاریدەکەین، بۆیە پەیوەست بە هەموو سەرە ڕێزمانییەکانەوە، دەکرێت پۆلەڕەگەزدیاریکردنێکی ئەبستراکتمان هەبێت، کە بەکۆنکرێتکردنو نواندنی ئەو ویستە ئەبستراکتە ناوەکییەی گشت توخمە فەرهەنگییەکان، لە نواندنێکی فەرهەنگییدا لەخۆبگرێت، لەمەوە یاسای (٨) هەڵدەهێنجرێت، ئەمەش دروستەکە دەکاتە بنەما/ پرنسیپو بنەڕەتی بەرهەمهێنانی پرۆژەکە. لەم ڕووەوە "فەرهەنگ_لێکسیکۆن_ ئەدگارە تایبەتییەکانی ئەو توخمانە لیستدەکات، کە یەکەی ئەتۆمیی سینتاکس پێکدەهێنن، ئەم تایبەتێتییانەش ئەوە دەستدەخەن، کە توخمەکە وەچەپۆلی چ ئارگومێنتێك دەکات"[١١٣].

**$[ Y ] + X^0$ (٨**

شیکردنەوەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە تیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، جۆری ئەو کەتیگۆرییانە دیاریو دەستنیشاندەکات، کە لە بونیاتنانو دروستکردنی پرۆژەی فرێزدا هەبوونیان خورتییو ناچارییە، بەمەش ئەم وەچەتیۆرە، سکێچی بونیاتی ژێرەوەی زانیاریی سینتاکسیی_فەرهەنگیی دروستەیەکی سینتاکسیی دەکێشێت، دواتر "دیوی دەرەوەی ئەو زانیارییە سینتاکسییە فەرهەنگییەش بەهۆی تیۆری X-bar ەوە دەنوێنرێت"[١١٤]. هێڵکاریی (١٣)، پێشنیازی هێڵکاریی گشتیی_بەرایی هەنگاوەکانی تێرکردنی فرێز، بەهۆی توخمە فەرهەنگییەکانەوە دەکات.

[113] Black, CH. (1998: 2)

[114] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٦٦)

هێڵکاریی (١٣)




## ٥/١ تیۆری دۆخی ڕێزمانیی و نواندنی سینتاکسیی

دۆخی ڕێزمانیی، پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان سەرو تەواوکەرە، واتە پەیوەندیی نێوان (X, Y)، کە تێیدا "پێویستە دۆخ_پێدەر _X_ سەرە ئاڕاستەی دۆخ_وەرگر _Y_ بکات"[115] (بڕوانە هێڵکاریی (١٤)). پەیوەندییەکەش بریتییە لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر سەرەناوێکدا substantive دێن، بەهۆی گۆکردنیەوە لەدەقی سینتاکسییدا، بۆیە واتاکەی تاڕادەیەکی زۆر (حاڵەت)ەکەی دەبەخشێت.[116]

هێڵکاریی (١٤)




115 Musabhien, M. (2008: 87)

116 محەمەدی مەحویی و ئەوانی تر (٣٩:٢٠١٠)، محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣: ٦٢)

تیۆری دۆخ وەك بەشێکی بنچینەیی تیۆری GB "مۆدولێکی چڕو ئاڵۆزی ڕێزمانە، لە دابەشبوونی NP یەکان دەکۆڵێتەوە"[117]. میکانیزمی پێدانی دۆخ لەنێوان زمانەکاندا پەیوەست بە دەرکەوتنی نیشانەی دۆخەوە جیاوازە، هەروەك لە هەندێك زماندا بەشێوەی ئەبستراکتو لە هەندێکی دیکەشدا مۆرفۆلۆژییانە نیشانەدەکرێت[118]. لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا لە شێوەزاری سلێمانیی_کرمانجیی ناوەڕاستدا، نیشانەی دۆخ مۆرفۆلۆژییانە لەسەر فرێزە ناوییە دۆخ_وەرگرەکان دەردەکەوێت؟ یاخود پێدانی دۆخ ئەبستراکتو نادیارە؟ دۆخی ئەبستراکت[119]، تایبەتمەندییەکە لەلایەن ئیلیمێنتی (ناویی)یەوە لەئەنجامی جێگیربوونی لە جێکەوتەیەکی دیاریکراودا هەڵدەگیرێت، کە دۆخی دروستەیی دەگرێتەوە، هەرچیی دۆخی مۆرفۆلۆژییانەشە، یان بەهۆی مۆرفیمەوە دەرکەوتنی سینتاکسیی ڕاستەوخۆی دەبێت، یاخود بەهۆی شکانەوەی دروستەی ناوەکیی فرێزە دۆخ_وەرگرەکانو گۆڕینی فۆڕمەکانیانەوە بەرجەستەدەبێت. بەمپێیە "زاراوەی دۆخ، بەشێوەیەکی نەریتیی، ئاماژە بۆ ئەو فۆڕمانە دەکات، کە ناوێك _فرێزێکی ناویی_ بەپشتبەستن بە گۆکردنەکەی لە ڕستەدا وەریدەگرێت"[120]. لەمەوە مارکەلێدانی تەواوکەر بەهۆی سەرە ڕێزمانییەکانەوە پەیوەست بە کردەی پێدانی دۆخ، بە نیشانەکردنی دۆخ Case-Marking ناودەبرێت، لەو ڕووەشەوە "مارکەی دۆخی ڕێزمانیی پەیوەست بە زمانەوە گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە لە هەندێك زماندا مۆرفۆلۆژیانەیە، واتە مۆرفیمی دۆخ بوونی هەیەو فۆرمەکەی بۆ جۆری دۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت"[121]. بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بێت، دۆخ ئاماژە بۆ فرەچەشنیی ئەو فۆڕمانە دەکات، کە ڕەنگە DP یەکی دۆخ_وەرگر بەپشتبەستن بە گۆکردنەکەی لە ڕستەدا، وەریانبگرێت، هەروەك دەشێت فۆڕم_نەگۆڕ/ هاوفۆڕمیش بن، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا "بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی بەزۆرو خورتەکییە"[122]. لەزمانی هەنگارییدا، فرێزی بکەریی لەفۆڕمی نۆمینەتیڤدا مارکەلێنەدراوە، کەچیی فرێزی بەرکاریی لەفۆڕمی ئەکوزەتیڤدا بەهۆی لاگری /-t/یەوە مارکەیلێدەدرێت.[123] (بڕوانە (٢٩)).

[117] Haegeman, L. (1994: 193)

[118] بەبۆچوونی عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ١١٣)، دۆخ لەزمانی کوردیی ناوەڕاستدا بوونی نییە، بەوپێیەی ناوەکان هیچ ئاماژەیەکی دۆخیان پێوە نییە، بەڵکو شوێن گۆکردنە ڕێزمانییەکانی ناو دیاریدەکات.

[119] بڕوا ڕەسول ئەحمەد (٢٠١١: ٣٣) پێیوایە، چەمکی دۆخ لە زمانەوانیی نوێدا زیاتر پابەندی دەنگو واتایە، بەجۆرێك: (ا) هەر فرێزێکی ناویی دەرکەوتوو، مەرجە دۆخێك لەخۆبگرێت. (ب) پێویستە لە ناوەڕۆکی فرێزە ناوییەکەوە جۆرەکەی دەستنیشانبکرێت، بەمەش دۆخ چەمکێکی واتایی دەبێت، نەك ڕێزمانیی.

[120] Cook. V. & Newson, M. (2007: 146)

[121] ئاوات سالح قادر (٢٠١٥: ١٨)

[122] محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ٤٣)

[123] Cook. V. & Newson, M. (2007: 146)

29. a. **Janos** elment.
b. Latom **Janost**.

نموونەکانی (٢٩) دەریدەخەن، زمانی هەنگاریی، فۆڕمەکانی Janos ی بۆ جێکەوتەی بکەرو Janost ی بۆ جێکەوتەی بەرکار بە وەرگرتنی پاشگری /-t/ هەیە، لەکاتێکدا زمانی ئینگلیزیی بۆ ناوی تایبەتیی کەس، جیاکاریی دۆخ مارکەناکات، بەڵکو بۆ هەردوو گۆکردنەکە، ناوەکە بەهەمان فۆڕمەوە دەردەکەوێت، تەنها لە جێناوە سەربەخۆکاندا نەبێت، کە جیاوازییەکی شێوازبەندانە پەیوەست بە جێکەوتەکانەوە ڕوودەدات.

پەیوەست بە تیۆری دۆخەوە، پاڵێوەری دۆخ مەرج لەسەر ڕێپێدانی DP یەکان دادەنێتو وەك بنەمایەکی تیۆرەکە ئەوە مسۆگەردەکات/ دەپارێزێت، کە هەموو فرێزێکی دیارخەریی ئاشکرا ئەو جێکەوتانە دەگرن، کە دۆخیان تێدا دەدرێت، واتە بەپێی مەرجی پاڵێوەرەکە، هەر فرێزێکی دیارخەریی لەناو ڕستەدا دەرکەوتنی هەبێت، دەبێت دۆخێکی ڕێزمانیی پێبدرێت، لە جێبەجێبوونی ئەم مەرجەشدا، پێویستە بۆ هەر سەرێکی ڕێزمانیی، دۆخ_وەرگرێك بوونی هەبێت[١٢٤]. هەروەك چۆمسکییش بۆچوونەکە پشتڕاستدەکاتەوە بەوەی، هەر DP یەك فۆنەتیکییانە بەرجەستەکرا، پێویستە دۆخێکی پێبدرێت.[١٢٥] (بڕوانە (٣٠_ا)). لێرەدا تێبینییدەکرێت، چۆمسکیی فۆڕمی DP، وەك فرێزێکی دۆخ_وەرگر بژاردەدەکات، ئەمەش وەها ڕاڤەدەکرێت، کە دەشێت DP فۆڕمێکی گشتگیری جۆرەکانی فرێزە دۆخ_وەرگرەکان بێت، نەك بەتەنها فرێزی ناویی، چونکە ئەو کاتە ڕێدەدرێت دروستەیەك گۆکردنی ڕێزمانیی وەك فرێزی هەبێت، کە لە نیشانەی [+گشتی] بخرێت[١٢٦]، ئەم مەرجەش وادەکات، فرێزەکان هەمان هەڵسوکەوتی فرێزی دیارخەرییان هەبێت، لەو ڕوانگەیەوە "دەکرێت دواتر پەیوەست بە گۆڕینی تێڕوانینی دروستەیی بۆ جۆری فرێزەکان ئەوەی گۆڕیبێت، چونکە لە پاشاندا سەرە ڕێزمانییەکان بوونە هەڵگری ناوی فرێزەکان"[١٢٧].

٣٠_ا. شیرین چاکەی خواردەوە.
ب. *شیرین خواردەوە

---

[124] مەرجی پێدانی دۆخ لەلایەن سەری ڕێزمانییو بوونی تەواوکەرێکی دۆخ_وەرگرەوە، لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا بەهای خۆی هەیە، کە دواتر لێیدەدوێین.

[125] Chomsky (1986a : 74),
https://en.wikibooks.org/wiki/Government_and_Binding_Theory/Case_Filter

[126] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ١٤– ٣١)

[127] ئاوات سالح قادر (٢٠١٥: ١٦)

(٣٠_ا) ڕستەیەکی ڕێزمانییە، بەوپێیەی کردارە فەرهەنگییەکەی لە جۆری تێپەڕەو پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی $V^0+[ Y]$ دەکات، بەوەش لەناواخنەکەیدا تەواوکەرێك هەڵگیراوەو کردارە فەرهەنگییەکە حوکمیدەکات، ئەم ڕاستییەش، بوونی فۆنەتیکییانەی تەواوکەرێکی خورتیی لەجێکەوتەی بەرکاردا دەسەپێنێت، بەمەش پاڵێوەری دۆخ، پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤ لەلایەن ڕەگی کردارەکەوە[١٢٨] دەکاتە مەرجی ڕێزماندروستیی ڕستەکە، بەپێچەوانەوە (٣٠_ب) ڕستەیەکی ناڕێزمانییە، چونکە پێشێلکردنی یاسا فەرهەنگییەکەی سەرەوە بە نەبوونی ئارگومێنتی ناوەکیی، بەربەست بۆ بەخشینی دۆخی ڕێزمانیی کردارەکە دروستدەکات، لەبەرامبەریشدا، ڕێسای دووپەلکیی لەبەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکەدا بریناردەکات.

هەر پەیوەست بەمەوە، "کۆتو مەرجەکانی تەرخانکردن/ پێدانی دۆخ، دروستەیین"[١٢٩] و وابەستەی مەرجەکانی حوکمکردنن، واتە "بەشێوەیەکی ئاسایی دۆخ لەلایەن ئەو کاتیگۆرییەوە بۆ NP یێك دیاریدەکرێت کە حوکمی دەکات"[١٣٠]، بەمەش بنەمای حوکمکردن دەکرێتە مەرجی پێدانی دۆخ، بۆ نموونە کردار ناتوانێت دۆخی ئەکوزەتیڤ بە DP یەکی دەرەوەی VP بدات، لەگەڵئەوەشدا ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە هەموو کەرەستەیەکی حوکمکەر، دۆخدەر بێت، کەچیی پێچەوانەکەی دروستە. بۆ نموونە لەدروستەی فرێزی خستنەپاڵییدا، لەگەڵئەوەشدا، کە مۆرفیمی بەستنەوە سەرێکی ڕێزمانییە، کەچیی کەرەستەیەکی دۆخدەر نییە، بەڵکو تەنها حوکمی سەری واتایی فرێزەکە دەکات. لەزمانی کوردییدا هەر سەرێکی ڕێزمانیی، یەك جۆر پرۆژەی سینتاکسیی دروستدەکات، بەوەش هەر سەرێکی ڕێزمانیی تەنها یەك دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات، هەربۆیە دۆخ پەیوەست بە نواندنی سینتاکسیی جیاوازەوە، لە ($V^0$، $V^-$، $T^-$، $P^0$، $A^0/N^0$)دا خۆیدەبینێتەوە. لەبەرامبەریشدا، هەر تەواوکەرێك تەنها یەك دۆخ وەردەگرێت.

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە، سەرە ڕێزمانییەکان جۆری جیاوازیان هەن، بۆیە دۆخی ڕێزمانیی جیاوازیشیان تێدایە، واتە سەری ڕێزمانیی هەیە حوکمکەرە، سەری ڕێزمانییش هەیە دۆخدەرە. بۆ نموونە دۆخە ڕێزمانییەکان (نۆمینەتیڤیی، ئەکوزەتیڤیی، داتیڤیی، جێنەتیڤیی)ن، بەڵام هەریەك لەمانە لەلایەن سەری ڕێزمانیی جیاوازەوە دەدرێن (کە دواتر لێیاندەدوێین)، هەربۆیە هەموو $X^0$ یێك لە ئاستێکی نواندندا، خاوەنی دۆخی جیاوازو پۆلەڕەگەزی جیاوازە، وەك لە هێڵکاریی (١٥) دا نیشاندراوە.

---

[128] دواتر لە بەشی دووەمدا پەیوەست بە ئاستی نواندنی کردارەوە، لە دۆخو دروستەی کردارەکان دەدوێین.

[129] Haegeman, L. (1994: 160)

[130] حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٨٩)

هێڵکاریی (١٥)




بەپێی هێڵکاریی (١٥)، هەریەك لە سەرە ڕێزمانییەکان $X^0$، سەرەڕای زانیاریی سینتاکسیی جیاواز، کە خۆی لە وەرگرتنی جۆری تەواوکەرو چۆنیەتیی سەرەوڕیزبووندا دەبینێتەوە، دۆخە ڕێزمانییەکانیشیان جیاوازن، چونکە $X^0$ ێکی لەجۆری $A^0$, $N^0$، دۆخی خستنەپاڵ بە یەکێك لە فرێزەکانی (AP, DP, NP) دەدەن، کەچیی $V^0$ دۆخی ئەکوزەتیڤیی دەدات.

پەیوەست بە کردارەوە بەتایبەت لە زمانی کوردییدا، دۆخەکان بەپێی ئاستی نواندنی کردار دەگۆڕێن، بەمەش نواندنی جیاواز، هەبوونی دۆخی جیاواز دەسەلمێنێت، بۆ نموونە دۆخی ئەکوزەتیڤیی لەلایەن ڕەگی کردارو کرداری سینتاکسیی، دۆخی نۆمینەتیڤییش لەلایەن کرداری تافدارەوە دەدرێت، ئەمەش دەریدەخات، لە کوردییدا کردار دوو جۆر دۆخی تێدایە، یەکێکیان لە $V^0$ و $V^{-}$ داو ئەوی دیکەشیان لە $T^{-}$ دا، واتە لە شکانەوەی کردارەکەدا دەبەخشێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، لە شکانەوەکاندا جۆری دیکەی دۆخ دێتەئاراوە، بەڵام $A^0$ دۆخەکەی ناگۆڕێت، بەڵکو تەنها کەتیگۆریی تەواوکەرەکەی دەگۆڕێت، هەروەك کەتیگۆریی تەواوکەری (٣١_ا) لەجۆری DP یە، کەچیی لە (٣١_ب)دا بەهۆی وەرگرتنی مۆرفیمی /_تر/ەوە، جۆری کەتیگۆریی تەواوکەرەکە بۆ PP گۆڕاوە.

٣١_ا. کچی جوان

ب. لە ئەو جوانتر

هەر لەم ڕووەوە، پەیوەست بەو دۆخە ڕێزمانییانەی کردارەکان دەیدەن، دەبێت ئاستی نواندنەکانی کردار لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاکس دیارییبکرێن، چونکە وەك دواتر لە وەچەپاری (٢/١_١_٥_٢)دا باسدەکرێت، کرداری $V^0$ هەم لە دۆخی ڕێزمانییو هەم لە جۆری پۆلەڕەگەزە داواکراوەکەیدا گۆڕانی بەسەردا دێت، سەرباری ئەوەی، کرداری سینتاکسیی $V^{-}$ دواتریش بە تافەوە $T^{-}$، هەم پۆلەڕەگەزو هەم دۆخە ڕێزمانییەکەشی، پێشبینیی گۆڕانیان لێدەکرێت، ئەویش بەوپێیەی $T^{-}$، کە کردارێکی تافدارە، دۆخی نۆمینەتیڤ بەتەواوکەرەکەی دەدات، بە دەربڕینێکی دیکە، دۆخی نۆمینەتیڤ

لەلایەن $T^{-}$ ەوە بە بکەر دەدرێت، کرداریش تەرزی ئەگریمێنت $AGR^{0}$ وەك هۆو هۆکاری گواستنەوەی دۆخەکە نیشانەدەکات[131]. ئەوکات زمانی کوردیی بە هەردوو جۆری پۆلەڕەگەزی T/V کاردەکات.

لێرەدا پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین، کە ئاڕاستەی پێدانی دۆخ لە زمانی کوردییدا، جگەلە پێشناوەکان، لە چەپەوە بۆ ڕاستە، هەموو دۆخپێدانەکانیش لەسەر بنەمای پەیوەندیی دووپەلکیی‌و هەڕەمیی جیبەجێدەبن، تەنانەت دۆخی نۆمینەتیڤیش، ئەگەرچیی (ا) لەچێوەی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕوودەدات، (ب) هەر ئەوەشە بووەتەهۆی ئەوەی، کە تەنها نیشانەی ئەو دۆخە ڕێزمانییەمان هەبێت. واتە ئەگریمێنت‌و شکانەوەی ئەگریمێنتەکان لەزمانی کوردییدا پەیوەستن بەوەی، کە بکەر لە دەرەوەی پرۆژەسازداندایە، ئەویش دوای پێکهاتەی (٣)هەم ڕوودەدات‌و لە ئەنجامی بەسینتاکسبوون، یان گواستنەوەی بکەرەوەیە بۆ وەرگرتنی دۆخی ڕێزمانیی لای ڕاستی ڕستە. لەلایەکی دیکەوە، ئەمە بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە هەر سەرێکی ڕێزمانیی، یەك دۆخی ڕێزمانیی بۆ تەواوکەرەکەی پێیە، لەبەرامبەریشدا هەر تەواوکەرێك، تەنها یەك دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرێت، چونکە پەیوەندییەکان دووپەلکیین‌و لەسەر بنەمای خوشکایەتیی جێبەجێدەبن.

هەروەك لە بنەماکانی پرۆژەسازداندا ئاماژەی پێدرا، پرۆسەکانی یەکگرتنی توخمە فەرهەنگییەکان پەیوەست بە ڕێسای دووپەلکییەوە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی بەپێی تیۆری X-bar ڕوودەدات. بۆ ئەمەش، چۆنیەتیی بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکان، جۆری ڕیزبەندیی دروستەی ڕستەی کوردیی دیاری‌و دەستنیشاندەکەن. سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکانیش لە دروستەی ڕووکەشدا، وابەستەی جۆری ئەلفبێی زمانەکەیە، کە پەیوەست بەدروستەی زانیارییەوە لەپەیوەندیی تەکنشینییاندا، ئاڕاستەی بەدوایەکداهاتنەکەیان بەپێچەوانەی دروستەی ئارگومێنتەوە، لە ڕاستەوە بەرەو لای چەپ دەبێت، لەم ڕووەشەوە زمانی کوردیی سەرکۆتاییەو دروستەی ڕستەکانیشی، پەیڕەوی یاسای S.O.V دەکەن، ئەمەش پاش ئەو گواستنەوانەی لەدروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش، واتە لە پێکهاتەی سینتاکسیی‌و سیمانتیکییەوە بۆ نواندنی سینتاکسیی ڕوودەدات، کەچیی گەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی پرۆژەسازدان، هەنگاوەکانی بونیاتنانی ڕستە لە ئارگومێنت_داواکەری کردارەوە پەیوەست بە وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە دەستپێدەکات، کە پاش هەڵبژاردنی ئارگومێنتی ناوەکیی، پریدیکات لە پرۆژەسازدانی فراوانکراودا بە هەڵبژاردنی ئارگومێنتی دەرەکیی، جێکەوتەی بکەر بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە پڕدەکاتەوە.

---

131 دۆخی نۆمینەتیف بەو NP یە دەدرێت، کە لەلایەن AGR ەوە حوکمدەکرێت. Chomsky (1982 :259)

لەم ڕوانگەیەشەوە، لە هەر قۆناغێکی بەرهەمهێناندا، ڕێسای دوو پەلکیی بە یەکگرتنی سەرو تەواوکەر، بەشێوەی زنجیرەیی یەکلەدواییەك جێبەجێدەکرێت، تاوەکو کەرەستەی حوکمکەر لەچێوەی کۆتومەرجەکانی حوکمکردندا دۆخ بە تەواوکەرەکەی بدات، لەمەوە پێدانی دۆخی ڕێزمانیی بە دروستەوە پەیوەستە[١٣٢]، چونکە لێکەوتەی هەر گۆڕانێکی دروستەیی، گۆڕانێکی جێکەوتەیی دەبێت، هەروەك ئەو گۆڕانەی لەدروستەی گشتیی ڕستەی باسمەندا[١٣٣] بەهۆی جێگۆڕکێپێکردنی پێکهێنەرەکانییەوە لەسەر ئاستی دروستەی ڕووکەش ڕوودەدات، گۆڕانی جێکەوتەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەم گۆڕانەش، ئەگەری دەرکەوتن، یان جێگرتنەوەی نیشانەی دۆخی ڕێزمانیی هەیە، لەو ڕوانگەیەشەوە، کە "تیۆری دۆخ ڕۆڵێکی گرنگ لەڕاڤەکردنو شیکردنەوەی گواستنەوە سەرەکییەکاندا دەبینێت[١٣٤]، سەرلەبەری گۆڕانو گواستنەوەکان، کاریگەریی لەسەر نواندنەکان پەیوەست بە هێڵکارییو نۆدەکانەوە دروستدەکەن، چونکە میکانیزمی پێدانی دۆخ، دروستەییانە بەپێی یەکێك لەم دوو ڕێگایە دەبێت:

١. بنەمای هاوسێیەتیی.

٢. بنەمای ڕێککەوتن.

نیشانەکانی دۆخ هەروەك لەسەرەتادا خرانەڕوو، بەگشتییو لەهەموو زمانەکاندا لەشێوەی: (ا) نیشانە، (ب) شکاندنەوەی ناوەکیی فرێز، (پ) مۆرفۆلۆژیی، (ت) جێکەوتەدا بەرجەستەدەبن. هەروەك (٣٢) دەریدەخات، نیشانەکانی سەر، بۆر، ژێر / فتحة ( َ)، ضمة ( ُ)، کسرة ( ِ) لە سینتاکسیی زمانی عەرەبییدا[١٣٥] پەیوەست بە جێکەوتەی فرێزە دۆخ_وەرگرەکانەوە، گۆکردنی مۆرفیمی دۆخیان دەبێت، ئەمەش وادەکات کەتیگۆرییە سینتاکسییە دۆخ_وەرگرەکان بەپێی جیاوازیی وەرگرتنی ئەم نیشانانە، گۆکردنی ڕێزمانیی جیاوازیان هەبێت.

٣٢. قابل الطلابُ المعلمَ في المدرسةِ

dat. Acc. Nom.

سەبارەت بە شکانەوەی ناوەکیی فرێز، زمانی ئینگلیزیی، بەم میکانیزمە شکانەوەی جێناوە سەربەخۆکان تێیدا بۆ پێدانی دۆخ ڕوودەدات، کەچیی لە زمانی کوردییدا، کردەی شکانەوەکە بۆ هەمان مەبەست لە نێو جێناوە لکاوەکان (مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن)دا ڕوودەدات، ئەمەش بەڕوونیی لە شکانەوەی

---

[132] سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩: ٩٦)

[133] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕستەی باسمەندی زمانی کوردییەوە، بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

[134] Cook. V. & Newson, M. (2007: 146)

[135] بۆ دەستخستنی زانیاریی لەبارەی نیشانەکانی دۆخ لە زمانی ستانداردی عەرەبیی مۆدێرن MSA دا، بڕوانە: Musabhien, M. (2008: 33-34)، هەروەها بۆ نیشانە مۆرفۆلۆژییەکانی دۆخ پەیوەست بە جیاوازیی ژمارەو ڕەگەز gender ەوە، بڕوانە: AHMED, A. (2016) ،٣٧، سەرچاوەی پێشوو،

دەستەی (م_مان، م_ین)دا دەردەکەوێت، هەربۆیە ئەوانە بە جۆرێك لە نیشانە هەبوو و دەرکەوتووەکانی بەرجەستەکردنی دۆخ لە کوردییدا هەژماردەکرێن، بە بەڵگەی ئەوەی "فۆڕمە جیاوازەکانی دۆخی ڕێزمانیی بەگشتیی نیشانە تایبەتییەکانی فرێزە ناوییەکانن. لەبەرئەوەی جێناوە سەربەخۆکانیش دەتوانن فرێزی ناویی بن، دەیشتوانن فۆڕمە جیاوازەکانی دۆخی ڕێزمانیی بن"[١٣٦]، لەبەرامبەردا جگە لەم مۆرفێمانە، پێشبینییناکرێت شکانەوەی ناوەکیی دروستەی فرێزە دۆخ_وەرگرەکان لەناو ڕستەدا ڕووبدات.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە دروستەی ڕستەکانی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانیی، بۆ نیشانەکردنی دۆخ، ڕێگاکانی (شکانەوە، مۆرفۆلۆژیی)[١٣٧] بژاردەدەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە "بۆ هەموو زمانەکان جێکەوتەی سینتاکسیی گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەتی زمانی کوردیی، جێکەوتەی چەسپاوی فرێزەکان بووەتە جێگرەوەو دەربڕی دۆخی ڕێزمانیی"[١٣٨]، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی "جێکەوتەی چەسپاو لە ڕێسا دوو پەلکییەکەدا مەرجی هاوسێیەتی دەکاتە بنەما"[١٣٩]، بەڵام پاش ئەو گواستنەوانەی لەنێوان هەردوو دروستەی قووڵو ڕووکەشدا ڕوودەدەن، ئەوکات دۆخەکان لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دەدرێن، کە گۆڕانی دروستەیی پەیوەست بە گواستنەوەکانەوە دەخولقێنێت، نیشاندانو بەرجەستەکردنی ئەو گۆڕانانەش، لە دەرخستنو نواندنی فۆڕمەکانی دروستەی ڕووکەشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. ئەم ڕاستیینانە، ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە، کە پێیوایە "فرێزە ناوییەکانی ئەم زارە بەپێی شوێنە چەسپاوەکانیان لەڕستەدا دۆخی ڕێزمانییان پێدەدرێت"[١٤٠]. لەتەکئەمەشدا، شیکردنەوەکان ئەوە دەردەبڕن، کە هەردوو بنەمای (هاوسێیەتیی، ڕێککەوتن) لەپەیوەندییەکی تەواوکەرانەدان، بەوەی نیشانەکانی ڕێککەوتن، زادەی پچڕانی پەیوەندیی هاوسێیەتین لەنێوان دوو جێکەوتەدا، لەبەرامبەردا بوونی پەیوەندیی هاوسێیەتیش، نیشانەکانی ڕێککەوتن کۆتدەکەن، چونکە ڕوودانی دوو بنەما بۆ جێبەجێکردنی هەمان کردەی سینتاکسیی، کەمبەهاو ڕێپێنەدراوە.

## ٦/١ گریمانەی DP

توخمێکی ئەرکیی دیکە، کە لە چوارچێوەی تیۆری X-bar دا شیدەکرێتەوە، دیارخەرەکانن. بۆ ئەمەش گریمانەی ستاندارد لە چوارچێوەی تیۆری دروستەی فرێزدا بەو جۆرە بووە، کە هەمیشە

---

136 محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ١٥٥)

137 لەبارەی نیشانەکردنی دۆخ بەشێوەی مۆرفۆلۆژییانە، بڕوانە: پێدانی دۆخی تۆمینەتیف لەلایەن T ەوە، ل (٥٣_٥٤).

138 ئاوات سالح قادر (٢٠١٥: ١٨)

139 سەرچاوەی پێشوو، ٢٦

140 محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ١٥٦)

دیارخەرەکانی وەك /_ەکە، _ێك/ لەناو دیاریکاری NP یەکەدان[١٤١]. بڕوانە نواندنی (٣٣) لە هێڵکاریی (١٦) دا.

٣٣. {گوڵەکە}

هێڵکاریی (١٦)




لەم ڕوانگەیەوە، پێشترو لە قۆناغەکانی سەرەتای تیۆری X-bar دا، ئەو پڕۆژە ناوەندییانەی بەهۆی دیارخەرەکانەوە بەرهەمدەهێنران، بە فرێزی ناویی NP دادەنران، هۆو پاساوی ئەمەش، بە پۆلەڕەگەزی (ناو)ەوە بەند بوو، کە پێیانوابوو سەری دروستەی فرێزەکە پێکدەهێنێت، واتە وەك سەر هەژماردەکرا، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری گەشەی تیۆرەکەدا، تێڕوانینەکان گۆڕانیان بەسەرداهات، بەجۆرێك پەیوەست بە واتاو جێکەوتەوە، لێکدانەوەیەکی دروستەیی نوێ بۆ ئەمجۆرە فرێزانە سەریهەڵدا. لەم ڕووەوە، Abney ١٩٨٧و Stowell ١٩٨٩[142] پێشنیازی دروستەیەکی جیاوازیان لەسەر بنەمای لێکچوونەکان لە دابەشکردنو واتای نێوان ڕستەو فرێزی ناوییدا کرد، هەروەها ئەو ڕاستییەی، کە دیارخەرو خاوەندارییەکان لە زۆرینەی زمانەکاندا پێکەوە ڕوودەدەن. پێشنیازەکە، کە بە گریمانەی DP ناسراوە، بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە دیارخەر D بریتییە لە سەری فرێزی ناوییو NPیەك وەك تەواوکەر وەردەگرێت، واتە "دیارخەر سەری فرێزی ناوییە، نەك ناوەکە"[١٤٣]. بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، ناوەکە لەناو دروستەی فرێزەکەدا، وەك تەواوکەری دیارخەرەکە ڕەفتار/ گۆدەکات[١٤٤]. بە

---

[141] Cook, V. & Newson, M. (2007: 105), Carnie, A. (2013: 9)/ https://acasearch.files.wordpress.com/2015/03/extendingx-bartheorytofunctionalcategorieskks2016.pdf

[142] Black, Ch. (1998: 59)

[143] Cook, V. & Newson, M. (2007: 105)

[144] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروفو کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤٠٣_٤٠٧)

دەربڕینێکی دیکە، لەناو DPدا دیارخەر، کە سەرێکی فەرهەنگییە، بەپێی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن فرێزێکی ناویی وەك تەواوکەری فەرهەنگیی بۆ دروستکردنی پڕۆژەکە لەچوارچێوەی ڕێساکانی پڕۆژەسازداندا بژاردەدەکات. بڕوانە هێڵکاریی (١٧) تایبەت بە نواندنی دروستەی (٣٤).

٣٤. {مامۆستایەك}

هێڵکاریی (١٧)




ت. فەرهەنگیی

لە ڕوانگەی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە سەبارەت بەوەی، کە "دیارخەرەکان پرۆژەسازدەرن و فرێزە ناوییەکانیش، وەك تەواوکەرەکانیان ڕوودەدەن"[١٤٥]، پێشبینییدەکرێت دەرکردە بەهەمهاتووەکان لە جۆری فرێزی دیارخەریی بن، نەك فرێزی ناویی، واتە NP یەکان وەك DP بەرجەستەبکرێن، گەر ئەم بۆچوونە دروست بێت، ئەوا پێدەچێت NP یەکان تەنها بە شکانەوەیان لەناو DP دا ڕێگەیانپێبدرێت. بڕوانە هێڵکاریی (١٨)ی نواندنی دروستەی (٣٥).

---

145 Dalarna, H. (2006: 11), http://www.bu.edu/linguistics/UG/course/lx522-f01/handouts/lx522-3-xbar.pdf

٣٥. {چاوی ڕەنوو}

هێڵکاریی (١٨)




### ١_٦/١ گریمانەی بوونی NP

سەبارەت بە دروستەی فرێزی ناویی NP، ئەگەر هاوشێوەی تێڕوانینە نەریتییەکە[١٤٦] گریمانەی ئەوەمان کرد، کە لەم دروستانەدا، $N^0$ سەری فرێزەکە پێکدەهێنێت، ئەوا یەکێك لە بۆچوونەکان ئەوە دەبێت، کە "جێناوەکان جێگەی ناوەکە دەگرنەوە لەکاتی بەجێناوکردنی NP یەکەدا"[١٤٧] (بڕوانە(٣٦_ا))، لەمبارەشدا وا چاوەڕواندەکرێت، کە جێناوەکان هاوشێوەی ناوەکانی دیکە، بتوانن لەگەڵ دیارخەردا ڕووبدەن، ئەمەش ڕێپێدراو نییە، چونکە جێناوو دیارخەرەکان خاوەنی هەمان فیچەری [+ناسراویی]ن، بۆیە لەهیچ دەوروبەرێکدا پێکەوە ڕوونادەن (بڕوانە (٣٦_ب))، ئەگەرچیی دەشێت دیارخەرەکان لە هەندێك هەلومەرجی دیاریکراودا لەگەڵ ناوی تایبەتیی کەسدا بێن (بڕوانە (٣٦_پ)).

٣٦_ا. پیاوەکان/ ئەوان هاتن.

ب. * ئەوانەکان هاتن

پ. ئەوە شێرزادەکە نییە، کە ویستم بیناسم؟!

٣٧_ ا. کوڕەکە لەبازاڕ گەڕایەوە.

---

[146] (أ) Gibson, T. (2005: 28_36)

(ب) حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٥٥) فرێزە ناوییەکانی زمانی کوردیی هەر بە فرێزی ناویی لێکدەداتەوە، چونکە پێیوایە فرێزی دیارخەریی DP، هێشتا بەتەواویی لە هەموو زمانەکاندا جێگیرنەبووە.

[147] Cook, V. & Newson, M. (2007: 107)

ب. نەوزاد لەبازاڕ گەڕایەوە.

پ. ئەو لەبازاڕ گەڕایەوە.

کەرستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی(٣٧_ب،پ) دەریدەخەن، (ناوی تایبەتیی کەس، جێناو)[148] لەڕووی سیمانتیکەوە پەیکاڵی دروستەی فرێزی دیارخەریی (٣٧_ا)نو هەمان هەڵسوکەوتیشیان دەبێت، بەو بەڵگەیەی، دەتوانن بێ داواکردنی تەواوکەر[149] لە پەیوەندیی پارادیگمادا ببنە ئەڵتەرناتیڤیDP، ئەمەش گریمانەی بوون بە DP ی ئەو یەکە فەرهەنگییانە دەسەلمێنێت (بڕوانە هێڵکاریی (١٩_ب))، بەوپێیەی لەگەڵ DPی {کوڕەکە}دا هاونیشانەن، کە تێیدا دیارخەرێکی ئاشکرا حوکمی تەواوکەرەکەی دەکات، بۆیە لە هەمان جێکەوتەدا هەمان گۆکردنی سینتاکسیی DP یان دەبێت[150]، ئەمەش هۆکار دەبێت بۆئەوەی پێکەوە لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدا بن، لەهێڵکاریی (١٩_ا،ب) دا زیاتر ڕوونکراوەتەوە.

---

[148] لە زمانی ئینگلیزییدا، هەر فرێزێکی ناویی سادە _ناوی (تایبەتیی کەس، گشتیی، کۆ)_، دەتوانن لە جێکەوتەی DP دا بێن، ئەو فرێزە ناوییانەش، دەتوانرێت بە جێناو جێگەیان بگیرێتەوە، بەوەش جێناوەکان دەتوانن لە هەمان جێکەوتەی DP دا بێن، بەڵام دیارخەری ئاشکرایان نییە، بەڵکو لەمبارەدا پێویستە دیارخەرەکە گۆنەکراو/ دەرنەبڕراو بێت. بۆ نموونە لە (١_a)دا، He بووەتە ئەلتەرناتیڤی فرێزی دیارخەریی {The man} و it یش لەبری {The movie} هاتووە، لە (١_b)دا it هەمان گۆکردنی فرێزی دیارخەریی {The cheese} ی هەیە، کە ناوێکی گشتییە، لە (١_c) شدا، He لەبری ناوی تایبەتیی {John}و جێناوی Them یش لەجێی {movies} هاتووە، کە سەری فرێزەکە، ناوێکی کۆیە. بڕوانە: Munn, A. (2007: 1)

1.a. <u>The man</u> liked <u>the movie</u>. <u>He</u> liked <u>it</u>.
b. <u>The man</u> liked <u>the cheese</u>. <u>He</u> liked <u>it</u>.
c. <u>John</u> likes <u>movies</u>. <u>He</u> likes <u>them</u>.

پەیوەست بەو نموونانەوە، کە خرانەڕوو، لە زمانی کوردییدا جگەلە ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ نابێتە ئەلتەرناتیڤی ناوی گشتیی (بڕوانە (٢)).

٢_ ا. ڕەند حەزی لە پەنیرە.

ب. *ڕەند حەزی لە (ئەو)ە

[149] ئەگەر وایدابنێین، ناوی تایبەتیی کەس‌و جێناوی سەربەخۆ بۆ پاراستنی بنەماکانی تیۆری X-bar، لەناواخنی فەرهەنگییاندا ویستی هەڵاوێرکردنی تەواوکەر مەرجی ڕوودانیان بێت وەک فرێز، ئەوکات وا چاوەڕواندەکرێت ببنە سەری فرێزە بەرهەمهاتووەکەو ئەوەش بیانکاتە هەڵگری ناوی فرێزەکە، بەڵام ڕوودان‌و گۆکردنی سینتاکسییان بەتەنها، ئەو ئەگەرە ڕەتدەکاتەوە، بەمەش پێشبینیی بەسەربوونیان لێناکرێت. هەمبەر بەم بۆچوونە، ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠: ٤٤) پێیوایە، جێناوەکان وەک دانەیەکی فەرهەنگیی، دەبنە سەرەی فرێزی جێناویی، بەوەش سادەترین دروستەی فرێزی جێناویی، لە جێناوێك پێکدێت.

[150] لە زمانی ئینگلیزییشدا، جێناوە سەربەخۆکان وەک فرێزی دیارخەریی DP گۆدەکەن. بڕوانە:

http://www.bu.edu/linguistics/UG/course/lx522-f01/handouts/lx522-3-xbar.pdf

هێڵکاری (١٩_ا) هێڵکاری (١٩_ب)







هەر پەیوەست بەم بابەتەوە، گەر کار بە گریمانەی بوونی NP بکەین، واتە N بە سەری ڕێزمانیی دروستەکە دابنێین، ئەوکات پەیوەست بە زانیارییەکانی ناو سەرە ڕێزمانییەکەوە، دەبێت فرێزێکی لە چەشنی NP بونیاتبنرێت، بەڵام بەپێی تیۆری X-bar، یەکێك لە بنەماکانی بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێز لەزمانی مرۆڤدا، بوونی سەرو تەواوکەرە، واتە مەرجی بەرهەمهێنانی دروستەکە، بە جۆرو چۆنیەتیی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سەرە ڕێزمانییەکەوە بەندە، کە بۆ هەر سەرێك، ویستێکی فەرهەنگیی لەئارادایە، بەڵام بەپێی نموونەکانی (٣٧_ب، پ)، پەسەندکردنی گریمانەکەی سەرەوە _گریمانەی بوونی NP_، پێشێلی ئەم بنەمایەی تیۆرەکە دەکات، چونکە هەریەك لەو توخمانە (ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ) بەتەنها_بێ تەواوکەر_ ڕوودەدەن، بۆیە گەر گریمانەی بەسەربوونیان بۆ بکرێت، ئەوکات مەرجی هەڵاوێرکردنی تەواوکەر بۆ تێرکردنی دروستەکانیان سەنگی محەك دەبێت، هەربۆیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایەی تیۆرەکەو لانەدان لێی، "وەها دادەنرێت، کە ناوە تایبەتییەکان DP ن‌و پرۆژەی دیارخەری دەرنەبڕاو Null D ن"[١٥١]، لەمەوە ڕاڤەکردنی سەری دەرنەبڕاو، پێویستیی خورتیی پرۆژەکە پەیوەست بە بنەمای تیۆرەکەوە ڕازی‌و جێبەجێدەکات، وەك لە هێڵکاریی (٢٠)دا نیشاندراوە. ئەم بۆچوون‌و شیکردنەوانەی سەرەوە، گریمانەی بوونی NP هەڵدەوەشێننەوە، بە دەستخستنی ئەو ئەنجامەی، کە ئەم توخمانە نابنە سەری فرێز، هەربۆیە ناشبنە هەڵگری ناوی فرێزەکە _NP_، بەڵکو بەو زانیارییانەی لەناواخنیاندا هەڵگیراون، وەك DP مۆڵەتی دەرکەوتن‌و گۆکردنی

---

151 (أ) . Carnie, A. (2013: 25)

(ب). ئەگەرچیی هەندێك زمانی وەك گریك، ناوی تایبەتییان هەن، کە دەتوانن دیارخەری ئاشکرایان هەبێت. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.

سینتاکسییان پێدەدرێت.

هێڵکاریی (٢٠)




### ١/٦_٢ شکانەوەی DP لەناو DP دا

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە دیارخەرەکان سەری پرۆژەسازدەرن‌و NP یەکانیش وەك تەواوکەرەکانیان ڕوودەدەن، ئەوەش سەلمێنرا، کە ناوی تایبەتیی‌و جێناوە سەربەخۆکان، وەك DP گۆدەکەن، نەك NP. بەمپێیەو پەیوەست بە ئەم ڕاستییەوە، لەناو ئەو پرۆژانەدا، کە دروستەکانیان خستنەپاڵین، DPیەك سەری پرۆژەکان پێکدەهێنێت. لەمەوە ئەگەر بوونی زانیاریی واتایی_فەرهەنگیی لەسەر NPی تەواوکەر، مەرجی پێشوەختی واتا_ڕاستیی‌و گۆکردنی فرێزێکی خستنەپاڵ بێت لای ئاخێوەر، ئەوکات پێشبینییدەکرێت NP ی تەواوکەریش، هەمان گۆکردن‌و هەڵسوکەوتی سینتاکسییانەی DP ی هەبێت، ئەم بۆچوونەش لە (٣٨) دا تاقیدەکرێتەوە.

٣٨_ ا. باوکی بەناز

ب. چاوی تۆ

نموونەکانی (٣٨_ا،ب) نیشانیدەدەن، زانیاریی زانراو پەیوەست بە تەواوکەری ئەم فرێزانەوە، کە وادەکات دروستەکان پەیکاڵی دروستەیەکی ناسراو بن لای ئاخێوەری زمان، هۆکارە بۆئەوەی

تەواوکەرەکان وەك DP یەکی شکاوە لەناو DP یەکی گەورەتردا[١٥٢] لە چوارچێوەی فرێزی خستنەپاڵدا بناسرێنەوەو ڕێیانپێبدرێت، ئەمەش پێشبینییەکەی سەرەوە سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سینتاکسییانەی تەواوکەرەکان وەك DP پشتڕاستدەکاتەوە، چونکە دروستەکە لەڕووی سیمانتیکەوە زانیارییەکانی ڕوونو ئاشکرانو ڕوودانیشی، پێویستی بە وەرگرتنی دیارخەر نەبووە. ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی، ئەو ناوانەی بەتەنها وەك تەواوکەر گۆدەکەن، لەخۆیاندا ناسراو و دیاریکراون، بۆیە ڕوودانی وەك DP یان دەبێت، بەڵگەنەویستیشە ئەو ناوانەی بەهۆی دیارخەرەوە مۆڵەتی ڕێگادانی سینتاکسیی‌و واتاییان پێدەرێت، بەهەمان شێوە پرۆژە بەرهەمهێنراوەکەیان لە جۆری DP دەبێت، ئەنجامی ئەمەش، سەرهەڵدانی تێڕوانینێکی نوێیە بۆ NP، کە وێڕای گۆڕینی گریمانەکە لە NP یەوە بۆ DP، پێشنیازدەکرێت، کە جێکەوتەی تەواوکەر _دەرخراو_یش لەناو دروستە خستنەپاڵییەکاندا، دروستەیەکی لە جۆری DP ی بێت، بەمەش دروستە خستنەپاڵییەکە شکانەوەی DP یەك لەناو DP یەکی دیکەدا پەسندەکات (بڕوانە هێڵکاریی (٢١)).

٣٩_ا. دەستی ئەو

ب. *دەستەکەی ئەو

لەمبارەیەوە، ئەگەر لە (٣٩_ا)دا /_ی_/ی خستنەپاڵ دیارخەر بێت‌و کاریش بە گریمانەی DP بکەین، ئەوا دەتوانین بەو هۆیەوە جێکەوتەی /_ی_/ لەناو دروستەکەدا ڕوونبکەینەوە، بەجۆرێك /_ی_/ جێکەوتەی سەر دەگرێت‌و خاوەندارێتییەکەش لەدیاریکارەکەیدا دەردەکەوێت[١٥٣]، ئەم بۆچوونەش، بوون بە DP ی فرێزی {دەستی} دەسەلمێنێت. لەمەوە /_ی_/ ی خستنەپاڵ لەگەڵ دیارخەرەکاندا، لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدا دەبن (بڕوانە (٣٩_ب)).

---

[152] Abney پێشنیازی ئەوە دەکات، کە فرێزە ناوییەکانی زمانی ئینگلیزیی، سەرێکی ڕێککەوتن AGR head یان تێدایە، کە دۆخی جێنەتیڤ دەدات. بۆ نموونە لە فرێزی the teacher's book دا، سەری D لە DP یەکەدا بەهۆی دیارخەرەوە بەرجەستەنەکراوە. D دەسەلاتی بەسەر ئەگریمێنتێکی ناویی ئەبستراکتدا هەیە، کە دۆخی جێنەتیڤ بە the teacher دەدات. Haegeman, L (1994: 609-610)

[153] بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە 's ی خاوەنێتیی لەزمانی ئینگلیزییدا، بڕوانە: Carnie (2013: 20)

هێڵکاریی (٢١)




لە تاقیکردنەوەکانو هێنانەوەی بەڵگەکانەوە ئەو ڕاستییە هەڵدەهێنجرێت، کە (ا) دیارخەر وەك کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەر گۆدەکات، بۆیە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە پێکدەهێنێت، بەوەش لە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردندا، ویستەکەی دیاریدەکرێت. (ب) ئەو ناوانەی، کە بەبێ دیارخەر گۆکردنی فرێزیان هەن، وەك (ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ)، بوونی فیچەری [+ناسراویی] وەك فیچەرێکی چەسپیوو لەناواخنیاندا، یاخود قورساییخستنەسەریان، پاساون بۆئەوەی، کە گۆکردنی فرێزیان بەهەمان ئەو نیشانانەوە هەبێت، کە دیارخەر بە فرێزێکی دەبەخشێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە "پرۆژەکانی D یەکی (ئاشکرا، یان دەرنەبڕاو)، شیمانەیەکن تاڕادەیەکی زۆر ئاماژە بە گریمانەی DP دەکەن"[١٥٤]. کۆی ئەم بەڵگانەش، لەڕوانگەی بۆچوونێکی دروستەییەوە، چۆنیەتیی ناونانی دروستەکە بۆ کەتیگۆریی دیارخەر دیارییو جێگیردەکەن، بە دەربڕینێکی دیکە، تاقیکردنەوەی نموونەکان جۆرو چییەتیی ناسینەوەی دروستەکە لە N ەوە ڕادەستی D دەکەنو بەوەش پاش هەموارکردنەوەی بۆچوونەکان، گۆڕینی جۆری دروستەکە لە NP یەوە بۆ DP [١٥٥]پەسەنددەکەن.

## ٧/١ تیۆری X-bar

تیۆری X-bar، کە پێڕەوی ڕێزمانیی دروستەی فرێزە، لەلایەن چۆمسکییو جاکندۆفەوە لە ١٩٧٠دا[١٥٦]و Bresnan ەوە لە ١٩٧٣دا[١٥٧] خراوەتەڕوو، دواتر بەدرێژایی قۆناغەکانی GB گەشەیسەندووە. تیۆرەکە لە دروستەی فرێزەکانەوە دەستپێدەکات، کە بەهۆی توخمە فەرهەنگییەکانی ($N^0$, $V^0$, $A^0$, $P^0$، ....) ەوە بەرهەمدەهێنرێن. گرنگترین پەرەسەندن لەم ڕووەوە، فراوانکردنی

---

[154] Radford, A. (2004: 143)

[155] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی گریمانەی DP یەوە، بڕوانە: Johnson, K. (2004: 151_155)

[156] MATTHEWS, P. H. (2007: 439)

[157] AARONS, D. (1994: 36)

تیۆری X-barە بۆ گرتنەوەی توخم/ ئیلیمێنتە ئەرکییەکانی وەك (واژەگۆکەرەکان، شکانەوەکان، دیارخەرەکان). یەکێکی دیکە لە گەشەسەندنەکان، لەچێوەی دروستەی VP دایە، بەتایبەت گریمانەی بکەری ناوەکیی VP و گریمانەی توێکڵی کردار، کە هەردووکیان پێکەوە هاوبەشیی لە نیشاندانی VP دا دەکەن وەك دروستەیەکی هەرەمیی[١٥٨].

X-bar وەك مۆدێلێکی ڕێزمان بۆ دروستەی فرێز، لە ڕێگای دروستە سینتاکسییەکانەوە زانیاریی سینتاکسیی فۆرمێکی فەرهەنگیی دەخاتەڕوو، بەوەش دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیی توخمێك نیشاندەدات، چونکە وەك لە تیۆرەکەدا هاتووە، $X^0$ ەکان، کە (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، دیارخەر) دەگرێتەوە، دروستکەری پرۆژەی سینتاکسین، واتە سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرن[١٥٩]، بەوەش "هەر فرێزێك پرۆژەی سەرێکە"[١٦٠]، کەواتە بەگوێرەی تیۆرەکە، $X^0$ وشەی بەدەسەڵاتە، بۆیە پێکهێنەری خورتیی پرۆژەی فرێزە، لەبەرامبەریشدا هەر XP/ فرێزێك پرۆژەی سەرەکەیەتی $X^0$[١٦١]، کە پەیکاڵی کەتیگۆریی توخمێکی فەرهەنگییە. بەمپێیە کاتێك $X^0$ توخمی بنەڕەتیی پێکهێنانی هەر جۆرێکی فرێز بێت، ئەوا هێڵکاریی (٢٢)، هێڵکاریی هەرەمیی ناوکۆییو هاوبەشە بۆ نواندنی دروستەی ناوەکیی گشت جۆرەکانی فرێز لە زمانی مرۆڤدا.

هێڵکاریی (٢٢)




[158] Cook, V. J. & Newson, M. (2007: 119)

[159] تارا موحسین قادر (٢٠١١: ٥٩_٦٠) بۆچوونی وایە، سەری فرێز بە جۆری فرێزەکەوە بەستراوە، بۆ نموونە فرێزی کرداریی، سەرێکی کردارو فرێزی ئاوەڵناویی، سەری ئاوەڵناوو فرێزی پریپۆزشنیش، سەری پریپۆزشنی تێدایە، واتە بە بۆچوونی ناوبراو، جۆری فرێزەکە دیاریکەری سەرە ڕێزمانییەکە دەبێت، بەڵام دروستتر وایە بگوترێت، سەری ڕێزمانیی، سەنگی محەکەو دەبێتە هەڵگری ناوی فرێزەکە، واتە پۆلەڕەگەزی سەری ڕێزمانیی، هەر جۆرێك بێت، دروستەی فرێزەکەش لە هەمان جۆر دەبێت.

[160] AARONS, D. (1994: 36)

[161] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: /MATTHEWS, P. H. (2007: 439), Ott, D. (2015: 3) Haegeman, L. (1994: 104-105) , http://artsites.uottawa.ca/dennis-ott/doc/Week-3.pdf

تیۆرەکە دوو ئاستی بەرهەمهێنان جیادەکاتەوە[162]: (١) فرێزە تەواوکەرەکان، کە خوشکی سەر $X^0$ ن و لەگەڵیدا بۆ پێکهێنانی پرۆژەکانی $X^-$ یەکدەگرن، adjuncts لەگەڵ $X^-$ دا پرۆژەکانی $X^-$ بونیاتدەنێن. (٢) دیاریکار Spec لەگەڵ بەرزترین $X^-$ دا بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی مەزنی XP یەکدەگرێت. بەمپێیە فرێزێکی X-bar یاساکانی (٩) پەسەنددەکات، کە تێیدا یاسای دیاریکارو یاسای تەواوکەر، خورتیین.

**٩) ا. $XP \rightarrow X^-$ Spec.**

**ب. $X^- \rightarrow$ X YP (comp.)[163]**

یاسای (٩) دەریدەخات، کە پرۆژەکانی XP و $X^-$، کەتیگۆریی پێویست لە $X^0$ ەوە دەستدەخەن، بەمەش هەروەك پێشتریش باسکرا، $X^0$ ەکان سەری ڕێزمانییین و ئاستی باڕو پرۆژە ناوەندییەکان لەنێوان پێکهاتە سینتاکسییەکاندا دروستدەکەن، ئەوەش بە پرۆژەسازدانەوە بەستراوەتەوە. واتە پەیوەست بە زمانەکانی ترو زمانی کوردییشەوە، لەبنچینەدا تیۆرەکە بە ڕێسای پرۆژەسازدانەوە پەیوەستە، کە لە هەنگاوەکانی دواتردا پرۆژەسازدانی فراوانکراو و دروستەی سینتاکسیی گەورەتریشی گرتەوە، بەجۆرێك بەپێی تیۆرەکە، سەرە فەرهەنگییەکان فرێزی فەرهەنگیی و سەرە ئەرکییەکانیش، فرێزی ئەرکیی دروستدەکەن، ئەمەش دەریدەخات، ئەو دروستانە پەیوەست بە پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە لە شوێنی جیاوازدا بەرهەمدەهێنرێن.

لەو ڕوانگەیەوە، کە تیۆری X-bar زانیارییە سینتاکسییەکانی فۆڕمێکی فەرهەنگیی دەخاتەڕوو، بۆیە دەبێت پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە قۆناغێکی پێش_سینتاکسیی بۆ زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان دیارییبکرێت، چونکە زانیاریی سینتاکسیی لە سەرێکەوە پەیوەستە بە ویستی پۆلەڕەگەزیانەی سەرێکی فەرهەنگییەوەو لەسەرێکیشەوە بە جێکەوتەی سینتاکسییەوە، بۆیە کاتێك $X^0 \leftarrow X^-$، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی هەیە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕیزبوونەکەی سینتاکسیی نییە، بەڵکو بەهۆی نواندنی تەختەوەو لە چێوەی فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگییدا دەخرێتەڕوو، کە لە زمانی کوردییدا ڕیزبوونەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ بە (سەر) دەستپێدەکاتو دواتر ویستە فەرهەنگییەکەی، کە پەیوەست بە جیاوازیی (سەر)ەوە لە پۆلەڕەگەزی جیاواز دەبێت، دەنوێنرێت، لەمەوە وەك پێشتر خرایەڕوو، بۆ هەر سەرێك، یاسای پۆلەڕەگەزدیاریکردنی توخمەکان، کە

[162] Haegeman, L. (1994: 105) & Ott, D. (2015: 1), Gibson, T. (2005: 20)

[163] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی یاساکانی تیۆری X-bar ەوە، بڕوانە: & Carnie, A. (2001: 135_136)
Sun, W. (2015: 7)/ http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf

ڕیزبوون/ نواندنێکی فەرهەنگیی پێش_سینتاکسیی هەیە، لە (٧)دا دەستخرا. پێویستە ئەوەش بزانین، کە لەناو $X^-$ دا پەیوەست بە سەرەوڕیزبوونو پارامیتەرەوە، زانیاریی سینتاکسیی دەخرێتەڕوو. لەناو $X^0$ یشدا پۆلەڕەگەزو پارامیتەرێکی ئازاد Free Parameter هەن، کە لە سینتاکسدا پارامیتەرەکە دەچەسپێتو پۆلەڕەگەزەکەش دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسییانە، بۆیە لێرەدا پێویستمان بەوەیە، کە زانیارییە پۆلەڕەگەزییەکانی سەرێکی ڕێزمانیی $X^0$ دەربهێنین، پێش ئەوەی ببێت بە سینتاکس، کە ئەوەش بەپێی بنەما _پرنسیپی زمانی مرۆڤ_ کاردەکات، تێیدا ڕەنگە بنەمای تایبەت بە زمانی کوردییمان لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی فرێزەکاندا دەستبکەوێت.

بۆ جێبەجێکردنی پارامیتەرەکەو گەیشتن بە $X^-$، پێویستە پەیوەست بە زمانی مرۆڤ و زمانی کوردییشەوە، لەبەرجەستەکردنی داتا سینتاکسییەکانەوە جێکەوتەی سەرو تەواوکەر دیارییبکەین، کە لە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوەدا دیاریکردنی پارامیتەری سەر، تیشکیخراوەتەسەرو گرنگییپێدراوە، هەروەك لە بەشی دووەمدا جێبەجێیدەکەین، کە تەواوکەرەکان $Y$ لە ڕیزبوونی سینتاکسییاندا دەکەونە لای ڕاستەوە، بەوەش پێدانی دۆخی ڕێزمانیی، جگەلە پێشناوەکان، لە چەپەوە بۆ ڕاست دەبێت.

یاسای (٨)، کە یاسایەکی ئەبستراکتەو بۆ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی گشت توخمەکان داڕێژرا، وەك گوترا لەم نواندنە پێش_سینتاکسییەدا، تەواوکەر جێکەوتەی لای چەپ دەگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی زمانی کوردیی زمانێکی سەرکۆتاییە، بۆیە دەبێت بۆ پاراستنی ڕێسای سەرکۆتایی، لە سینتاکسدا گواستنەوە ڕوودەدات، لەو ڕووەشەوە، کە جێکەوتەی (سەر) جێکەوتەیەکی چەسپاوە، بۆیە پێشبینییدەکرێت ئەوەی دەگوێزرێتەوە تەواوکەر بێت، نەك سەر، بەجۆرێك گواستنەوەکە بەرەو لای ڕاست بۆ جێکەوتەیەکی دۆخدار ڕوودەدات، تاوەکو لەلایەن سەرە ڕێزمانییەکەوە حوکمبکرێت، ئەویش جێکەوتەی Spec ە، بەپێی ئەمە بێت، Spec جێکەوتەی کەرەستەیەکی دۆخدارە، هاوکات لە ئەنجامی گواستنەوەی تەواوکەرەوە، ڕیزبوونە فەرهەنگییەکەی توخمەکان بۆ ڕیزبوونێکی سینتاکسیی دەگۆڕێت.

## ١/٢ پرۆژە ناوەندییەکان

پاش خستنەڕووی تیۆری پێویست لەچوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوەی چۆمسکییدا، پەیوەست بە دروستە سینتاکسییەکانەوە، هەوڵدەدرێت ئەو هەنگاوانە ئەزموونبەندبکرێن، کە بە جێبەجێکردنیان، دروستەی پرۆژە ناوەندییەکان بونیاتدەنرێن، پرۆژە ناوەندییەکانیش، گشت جۆرەکانی فرێزن، کە لە سنوری ڕێسای پرۆژەسازاندا بەرهەمدەهێنرێن. ئەو جۆرانەش بەپێی گۆکردنو ئەدگارەکانی سەرە ڕێزمانییە حوکمکەرەکەیان، فرێزی (فەرهەنگیی، ئەرکیی، هەڵواسراو) دەگرنەوە، کە بنەماکەیان لەبنەڕەتدا، کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان $X^0$ ن. پرۆژەکان ئەوانەن، کە ئاستی نواندنی $X^-$ و $X^=$ / XP یان هەن، ئەویش بەوپێیەی هەر یەکێك لەوانە، نواندنی سینتاکسییانەی $X^0$ ەکانن‌و مەرجی ئەوەش لەئارادایە، کە هەر $X^0$ ێك، بەو زانیارییە دروستەییانەوە لە سینتاکسدا دەنوێنرێت، کە لە فەرهەنگدا تێیدا هەڵگیراوە.

## ١/٢_١ پرۆژەی فرێزی فەرهەنگیی

هەروەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا، ئەنجامی هێنانی کەرەستەکانی سەرو تەواوکەر لە فەرهەنگەوە بۆ ناو پێکهاتە سینتاکسییەکانی (١، ٢)، دەرکردەکەی لەجۆری (فرێزی فەرهەنگیی) دەبێت، ئەم پرۆسەیەش، کە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانە، پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی توخمەکانەوەو لە قۆناغی پێش_سینتاکسییدا[١٦٤] دەستپێدەکات.

پرۆسەکە، بە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی ($A^0$, $P^0$, $V^0$, $N^0/D^0$)ەوە بەندە، هەریەك لەم کەتیگۆرییانەش سەری فەرهەنگیین، بۆیە وەك وشەی بەدەسەڵات بۆ بونیاتنانی فرێزی فەرهەنگیی گۆدەکەن، بەوەش پێدەچێت ئەمجۆرە فرێزە، پەیوەست بە دروستەی سەرو تەواوکەرەوە لە فرێزی ئەرکیی، جیاواز بێت[١٦٥]. لەبەرئەوەی بەپێی تیۆری X-bar پەیوەندییەکان دروستەیین، بۆیە دەکرێت هەر بەهۆی دروستەکانەوە پەیوەندیی تەواوکەر بە سەرە ڕێزمانییەکەیەوە دیارییبکرێت. لەمەوە ئەو دروستانەی ڕاستەوخۆ لە پێکهاتەی (٢)دا بەرهەمدەهێنرێن، هەم سەرە ڕێزمانییەکەیانو هەم تەواوکەرەکەشیان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بۆیە سەرەکە بە سەرێکی فەرهەنگییو تەواوکەرەکەشی بە تەواوکەری فەرهەنگیی دادەنرێت، هەر ئەمانەش دەبنە پاساو بۆئەوەی دروستە بەرهەمهاتووەکە بە فرێزی فەرهەنگیی لەقەڵەمبدرێت (بڕوانە (١)).

---

[164] قۆناغی پێش_سینتاکسیی، دەکرێت بە قۆناغی پاش_فەرهەنگییش ناوببرێت، چونکە لەدوای قۆناغی فەرهەنگییەوە کردەی پۆلەڕەگەزدیاریکردن بۆ توخمە فەرهەنگییە بەدەسەڵاتەکان دەستپێدەکات.

[165] بڕوانە: Cook, V. & Newson, M. (1997: 148_150)

١ـ ا. چاوی ڕەند

ب. ساوەرکوت (پرۆژەی $V^-$، لە پێکهاتەی (١)دا بەرهەمدەهێنرێت)

پ. لە سلێمانی

ت. منالّی جوان

ج. کچەکە

زۆرینەی زمانەوانان، توخمەکانی (ناو، کردار، ئاوەڵناو، پێشناو)یان بە سەری ڕێزمانیی بەرهەمهێنەری فرێز داناوە، بەڵام نموونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە جگە لەو توخمانە، لەبەرئەوەی دیارخەرەکانیش پرۆژەسازدەرن‌و ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە بۆ بونیاتنانی جۆرێکی جیاوازی فرێز دەهێنرێنەناو پێکهاتەی (٢)ەوە، بۆیە دەتوانرێت هاوشێوەی توخمەکانی سەرەوە، بە سەری ڕێزمانیی دابنرێن‌و بەوەش پرۆژەی فرێزی فەرهەنگیی لەجۆری DP سازبکەن (بڕوانە (١ـج)).

پاش ئەوەی بەهۆی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە دەکرێت ناواخن‌و ویستی فەرهەنگیی توخمەکان بزانرێت، هەر بەهۆی ئەو وەچەتیۆرەشەوە دەتوانرێت توخمەکانی (D, A, P, V, N) وەك سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەر لە کوردییدا دیارییبکرێن، لێرەوە دەتوانرێت هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فرێزی فەرهەنگیی لەچێوەی ڕێساکانی پرۆژەسازداندا، بۆ گشت سەرە پرۆژەسازدەرەکان لە هێڵکاریی (١)دا پێشنیازبکرێت.

هێڵکاریی (١)



### ١/٢_١_١ پرۆژە سینتاکسییەکانی ناو $N^0$

بەپێی تیۆری X-bar، کە بۆ نواندنە سینتاکسییەکانی توخمە فەرهەنگییەکانە، دەبێت پەیوەست بە پۆلەڕەگەزە جیاوازەکانەوە، ئەو $X^0$ انە دیاریو دەستنیشانبکرێن، کە دەتوانن لەسینتاکسدا بشکێنەوەو پرۆژە جیاوازەکانی $X^-$ دروستبکەن. لەمەوە پەیوەست بە پۆلەڕەگەزی (ناو)ەوە، گرنگە ئەو $N^0$ انە بدۆزرێنەوە، کە وەك توخمی بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی پرۆژەکانی ناو، خورتییو پێویستن. واتە ئەو پرۆژانە دەگرێتەوە، کە بەشێکن لە شکانەوەی سینتاکسییانەی ناوەکان، کە پێشبینییدەکرێت بۆ زمانی کوردیی، پێش ئەوەی بگاتە دروستەی فرێز، نواندنێکی تر هەبێتو بە شکانەوەی لە دروستەی فرێزدا بەرجەستەبکرێت، نەك خۆی ئازادانە بەکاربهێنرێت. ئەوەش پەیوەست بە ناو $N^0$ەوە، چەند پرۆژەیەکی جۆراوجۆر دەگرێتەوە، کە لەخوارەوە دەخرێنەڕوو.

### ١/٢_١_١_١ پرۆژە پێش_فرێزییەکان

هەروەك خرایەڕوو، لەزمانی کوردییدا بۆ بەدەستهێنانو گەیشتن بە پرۆژەی فرێز، چەند هەنگاوێك لە چوارچێوەی پێکهاتە سینتاکسییەکاندا لەئارادان، کە مەرجی بنەڕەتیینو پێویستە هەر توخمێکی فەرهەنگیی $X^0$ بۆ بەرهەمهێانی پرۆژە ناوەندییەکان، کە پرۆژەی پێش_فرێزیین، بیانگرێتەبەر.

پێش_فرێزییەکان، ئەو جۆرە پرۆژانەن، کە لەڕووی سینتاکسییەوە ئازاد نیین، بەڵکو بەرهەمی پێکهاتەی سینتاکسیی (١)ن. کەرەستەکانی بونیاتنانی پرۆژەکە، کەتیگۆریی فەرهەنگیینو پێش ئەوەی بئاخنرێنەناو پێکهاتەی (١)ەوە، بەهۆی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە نواندنی فەرهەنگییان دەردەخرێت، بەمەش لە قۆناغی نێوان فەرهەنگو پێکهاتە سینتاکسییەکەدا، زانیارییەکان بۆ هەریەك لە سەرو داواکارییە فەرهەنگییەکەی، لە فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگییاندا دەنوێنرێن (بڕوانە (٢_ا))، ئەمەش وادەکات ڕیزبوونێکی فەرهەنگییان هەبێت، نەك سینتاکسیی. دواتر لەناو پێکهاتەی (١)دا گواستنەوەی خورتیی تەواوکەر ڕوودەدات، ئەوەش بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکان بۆ ڕیزبوونێکی سینتاکسیی دەگۆڕێتو ئەوەی بەرهەمدێت، پرۆژەیەکی ناوەندیی پێش_فرێز/ دەستەواژیلە دەبێت، بڕوانە (٢_ب)و چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی لە هێڵکاریی (٢)دا.

٢. پەرستار:

ا. پەرستار+ [کچ]

ب. کچە پەرستار

پ. کچە پەرستارەکە

هێڵکاریی (٢)




## ٢/١_١_١_٢ پرۆژە فرێزییەکان

بەپێی (٢_ب) پرۆژە پێش_فرێزییەکان، کە دەرکردەی پێکهاتەی (١)ن، بەتەنها گۆکردنی سینتاکسییو واتاییان نییە، بەڵکو پێکهاتەکە بە لێدانی پارامیتەر، ئامادەکاریی بۆ ڕوودانی پرۆژەیەکی سینتاکسیی دەکات، کە پرۆژەی پێش_فرێزیینو مەرجی ڕوودانیشیان ئەوەیە، لەناو پێکهاتەی (٢)دا ببنە تەواوکەری سینتاکسییو بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی تەواو و بێکەموکوڕیی، بشکێنەوە، تاوەکو دیارخەرەکان وەك سەری ڕێزمانیی، پرۆژەی فرێزەکە تەواوبکەن، ئەوکات ئازادیی ڕوودانی سینتاکسییان بۆ دەستەبەردەبێت. گرنگە ئەوەش بگوترێت، لەبەرئەوەی دیارخەرەکان لە پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)دا، پاش لێدانی پارامێتەر لە دروستەکەی پێکهاتەی (١)، ڕوودەدەن، کەواتە لە ڕیزبوونە سینتاکسییەکەیاندا، جێکەوتەی کۆتایی پرۆژە پێش_فرێزییەکە دەگرنو بەوەش دروستە بەرهەمهاتووەکە جارێکی دیکە بۆ قۆناغی پاش_فەرهەنگیی ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووەو دەستەواژیلەکەش بەهەمان ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی پێکهاتەی (١)ەوە وەك تەواوکەری پێکهاتەی (٢) گۆدەکات، بڕوانە (٢_ب، پ)و هێڵکاریی (٣).

هێڵکاریی (٣)



لەلایەکی دیکەشەوە، بەڵگەو شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی دیارخەرەکاندا، دوو جۆر ویست لەئارادان: (١) ویستی فەرهەنگیی، کە ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن (بڕوانە (١_ج)). (ب) ویستی سینتاکسیی، کە پرۆژەی پێش_فرێزەکانی پێکهاتەی (١)ن، بەوەش دەبنە تەواوکەری سینتاکسیی بۆ تێرکردنی پرۆژەی فرێزی دیارخەریی (بڕوانە (٢_پ)).

## ٢/١_١_١_٢_١ ناوی گشتیی

بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکان بەپێی تیۆری X-bar هەنگاو بەهەنگاو لە $X^0$ەوە بەرەو پرۆژەی گەورەتر جێبەجێدەکرێن، لەو ڕوانگەیەوە پرسیاری گرنگ ئەوەیە، چۆن دەتوانرێت ناوە گشتییەکان لە فەرهەنگەوە بهێنرێنەناو پێکهاتەی سێهەمەوە؟ کە پێکهاتەیەکی واتاییە، تا دەرکەوتنو ڕێگەپێدانی سینتاکسییان هەبێت، چونکە ڕوونو ئاشکرایە، ناوی گشتیی، کە پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگییە، ناتوانێت بەتەنها گۆکردنی سینتاکسیی فرێزی هەبێت، لەکاتێکدا ئەوەی لەم پێکهاتەیەدا ڕێگە بە گۆکردنی دەدرێت، تەنها فرێزەکانن، هەربۆیە پێویستە $X^0$ەکان، کە ناوی گشتیینو لەفەرهەنگەوە دەهێنرێن (جگە لەو ناوانەی، لە جێکەوتەکانیاندا دەربڕی ڕاستیین)، وابەستەی چەند کۆتو مەرجێك بن. بڕوانە تاقیکردنەوەی نموونەکان لە (٣)دا.

٣_ ا. منداڵ خەوت.

ب. کۆتر باڵندەیەکیماڵییە.

پ. *کۆتر فڕی

ت. کۆترەکە فڕی.

ج. ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت.

چ. * ڕۆژەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت

لە (٣_ا)دا، /منداڵ/ توخمێکە لە جۆری ناوی گشتیی $N^0$ و لە پێکهاتەی فەرهەنگەوە وەردەگیرێت، بۆیە ناتوانێت بەتەنها وەك فرێز ڕووبدات، مەگەر بەم مەرجانە نەبێت:

ا. بەهۆی هێز/ قورساییخستنەسەرەوە، بەوپێیەی هێز جێگرەوەی فۆنۆلۆژییانەی دیارخەرە، بەواتا "دەکرێت سترێس جێگرەوەی (det./ determiner)ێکی دەرنەبڕاو بێت، ئەو دەمە دروستەکە دەبێتە فرێزێکی سەر_دەرنەبڕاو (Null Head)"[١٦٦].

ب. یاخود دەچێتە جێکەوتەی سینتاکسیی فرێزەوە، چونکە هەر کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی بچێتە سینتاکسەوە، دەبێتە کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی/ فرێز.

لەسەر بنەماو بەهۆی پابەندبوون بە مەرجەکانی (ا،ب)، توخمەکە دەتوانێت وەك فرێز ڕووبدات، ئەوکات بەپێی پالێوەری دۆخ، پێویستە دۆخی دروستەیی پێبدرێت، چونکە پەیوەست بە جێکەوتەوە، دۆخ بە فرێزی دیارخەریی ئاشکرا دەدرێت. بەمپێیە بۆ ڕوودانی ناوە گشتییەکان وەك فرێز، هەردوو مەرجی فۆنۆلۆژیی‌و دروستەیی لەئارادان، هەربۆیە بەزاندنیان ڕێگە لە توخمەکان دەگرێت ئازادانە دەرکەوتنی سینتاکسییان هەبێت.

لە (٣_ب)دا، {کۆتر} لەناو جۆرە جیاوازەکانی باڵندەدا، جۆرەکەی زانراوو ناسراوە، بۆیە پەیوەست بە زانیارییەکانی ئاخێوەرەوە، فیچەری [+دیاریکراو، +جیاکراوە]ی هەیە، بوونی ئەم فیچەرانەش وادەکەن، لەو جێکەوتەیەدا تەنها بەهۆی هێزەوە _بێ بوونی دیارخەر_، ڕێپێدانی سینتاکسیی فرێز بۆ ناوەکە دەستەبەربێت، هەروەك لە (٣_ج)یشدا، فرێزی {ڕۆژ} هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرێت. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە قورساییخستنەسەر وەك ئەلتەرناتیڤی دیارخەر گۆدەکات، هەربۆیە پێکەوەو بە هەمان گۆکردنەوە نایەن، واتە دەوروبەری ڕوودانیان جیاوازە. کەواتە گەر ڕوودانی فرێزەکان وابەستەی (دیارخەر، هێز، جێکەوتە) بن، هێزیش ئەلتەرناتیڤی دیارخەر بێت، ئەوا ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجرێت، کە گۆکردنی سینتاکسیی $X^{-}$ ی هەر توخمێك، پەیکاڵی پرۆژەی فرێزی دیارخەریی دەبێت.

هەر لەم ڕووەوە، ناوە گشتییەکان بۆئەوەی بتوانن لە پێکهاتەی سێهەمدا ڕووبدەن، پێویستە پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییان، بە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا تێپەڕبن، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا بەهۆی ڕێساکانی پرۆژەسازدانەوە، پرۆژە ناوەندییەکان، کە لەجۆری فرێزی فەرهەنگیین، بەرهەمدەهێنرێن.

---

166 عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٧١)

له (٣_ت) دا، {کۆترەکە} پرۆژەیەکی ناوەندیی $X^-$ە له جۆری فرێزی فەرهەنگیی، چونکە ڕاستەوخۆ توخمەکە لەفەرهەنگەوە وەرگیراوە، بەڵام بۆئەوەی /کۆتر/ بتوانێت لەسینتاکسدا ڕووبدات، مەرجە بچێتەناو پێکهاتەی (٢)ەوە، تاوەکو دیارخەرەکان وەك سەری ڕێزمانیی[١٦٧]، به پێدانی فیچەری [+ناسراویی، +تاك] به تەواوکەر، گۆکردنی DP به دروستەکە بدەن، گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە پێویستیی بوونی دیارخەر، بۆ زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەرو گوێگر دەگەڕێتەوە، واتە پەیکاڵبوونی زانیارییەکانیان لەڕێی /_ەکە/وە نیشاندەدرێت، ئەوکات دروستەکە دەتوانێت لەناو پێکهاتەی سێهەمدا جێکەوتەی فرێز پڕبکاتەوە، بەمەش دۆخی ڕێزمانیی وەردەگرێت، کەچیی له (٣_چ)دا هاتنی دیارخەری /_ەکە/ بۆ پێدانی فیچەری [+ ناسراویی] به تەواوکەرەکەی، نەك هەر زیادو کەمبەهایە، بگرە لەنگیی واتاییش دروستدەکات.

شیکردنەوەی نموونەکانی (٣) ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە فرێزە دیارخەرییەکان له دوو بنەڕەتی جیاوازەوە بەرهەمدەهێنرێن: (١) جۆرێکیان له ناوە گشتییەکان دەکەونەوە، ئەو ناوانەی له فەرهەنگدانو به ناوە ڕووتەکان bare nouns دادەنرێن، کە ڕوودانیان مەرجدارەو وابەستەی پاندبوونە بەو کۆتوبەندانەی بۆ گۆکردنیان له جێکەوتەی فرێزدا لەئارادان، (٢) جۆرەکەی دیکەشیان، بەرهەمی سەری پرۆژەسازدەری $D^0$ نو لەو دەکەونەوە[١٦٨]. بەوەش دەبێت گریمانەی ئەوە بکرێت، ناوە گشتییەکان تەنها له فەرهەنگدا گشتێتیی دەردەبڕن، بەپێچەوانەوە له سینتاکسدا ناسراو/ تایبەتین، بۆ نموونە له (٣_پ)دا /کۆتر/: له فەرهەنگدا گشتییەو ئاستی نواندنی $N^0$ ی هەیە، بەڵام له سینتاکسدا دەبێت له جێکەوتە سینتاکسییەکەدا ئەرکی سینتاکسیی/ دۆخی هەبێت، بەوەش دەبێتە $D^-$، واتە دوو دیوی نواندنی ناوە گشتییەکان هەن، کە ئەوانیش فەرهەنگییو سینتاکسیین (بڕوانە هێڵکاریی (٦)). دەبێت ئەوەش بگوترێت، هیچ دانەیەکی پرۆژەسازدەری فەرهەنگیی، کە دێتە سینتاکسەوە، هەمان نواندنی دانە فەرهەنگییەکەی نابێت، ئەوەش هەمان ئەو گریمانەیەیە، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەری دەڕوات.

---

[167] حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١١٥)، له دروستەی فرێزی {نامەکە}دا، /نامە/ بەسەری فرێزەکە دادەنێت، نەك دیارخەرەکە.

[168] بڕوانە: (٦/١)، ل (٥٦_٥٩)، کە تایبەتە به گریمانەی DPو لێکدانەوە جیاوازەکانی پەیوەست به ناوی گشتییەوە.

### ٢_١_١_٢_١/٢ جێناو

جێناوی سەربەخۆ توخمێکی فەرهەنگیی لەجۆری $N^0$ ە، بۆیە دەبێت وەك هەر $X^0$ یێکی فەرهەنگیی دیکە، بە قۆناغی ناوی گشتییدا تاقیبکرێتەوەو دواتر پێکهاتە سینتاکسییەکان وەك پالێوەری ڕێگادان، هەلومەرجی گۆکردن/ شکانەوەی سینتاکسیی بۆ بڕەخسێنن، ئەمەش لە هێڵکاریی (٤) دا ئەزموونکراوە.

هێڵکاریی (٤)




جێناوەکە لەبنەڕەتدا لەفەرهەنگەوە وەك $X^0$ یێك دەهێنرێتەناو پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە، ئەمەش دەریدەخات جێناوەکان دوو جۆرن: (١) جۆرێکیان فەرهەنگیین، (٢) جۆرەکەی دیکەشیان سینتاکسیین. جێناوە فەرهەنگییەکان هەلگری زانیاریی گشتیین، واتە نەناسران، هەربۆیە سینتاکسییانە پێویستیان بە ناسراوکردن هەیە. بۆ جێبەجێبوونی ئەمەش بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان، دەبێت پێش ئەوەی توخمەکان لە قۆناغی پێش_ڕستەیی Pre-sentential دا جێکەوتەکانی پێکهاتەی (٣) پڕبکەنەوە، قۆناغە سینتاکسییەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی فرێز ببڕن. پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، کە جێناوەکان بەوپێیەی بە پرۆژەی سەری دەرنەبڕاو هەژمارکران، کەواتە جۆرە سینتاکسییەکانیان گۆکردنی DP یان هەن، بۆیە ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە دێنەناو پێکهاتەی (٢)ەوەو لەمیشەوە ڕێیاندەدرێت بەتەنها لەناو پێکهاتەی واتایی (٣)دا جێکەوتەی فرێز بگرن، بەوەش دۆخیان پێدەدرێت. بەمپێیە جێناوە سینتاکسییەکان، ئەوانەی دەرکەوتنی سینتاکسییان دەبێت، ناسراونو بەوەش فیچەری

[±ناسراویی]، دەبێتە پنتی جیاوازیی‌و سنوری نێوان جێناوە فەرهەنگیی‌و سینتاکسییەکان دیاریدەکات (بڕوانە هێڵکاریی (٥)).

هێڵکاریی (٥)

ئەو XP سینتاکس

|

ئەو $X^0$ فەرهەنگ

هێڵکاریی (٦)

کوڕ DP سینتاکس

|

کوڕ $N^0$ فەرهەنگ

ئەو ناوانەی گشتین‌و لە فەرهەنگدان، پێویستە لە سینتاکسدا بەهۆی پێواژۆی بەرەو ناسراوکردنەوە هەنگاو بەهەنگاو مارکەبکرێن، بەمەش دەتوانرێت ڕادەی ناسراویی ناوەکان پەیوەست بە جیاوازیی زانیاریی ناواخنی فۆڕمەکانەوە لەسینتاکسدا نیشانبدرێت. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە هاوشێوەی جێناوەکان، ناوە گشتییەکانیش بۆ دوو جۆر پۆلێندەکرێن: (١) ناوە گشتییەکان، کە بە فیچەری [+گشتیی/ +نەناسراویی] یەوە لەفەرهەنگدا هەڵگیراون، (٢) ئەو ناوانەی لەسینتاکسدا فیچەری [+ناسراویی] یان دەدرێتێ، بەوەش لەناوی گشتییەوە بۆ ناوێکی ناسراو دەگۆڕێن (بڕوانە هێڵکاریی (٦)).

### ٢/١_١_١_٢_٣ ناوی تایبەتیی کەس

لەتەك شیکردنەوەکانی سەرەوەدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، ناوی تایبەتیی کەسیش پەیوەست بە گۆکردنە سینتاکسییەکەیانەوە، هەمان ئەو جیاکاریی‌و لێکدانەوانە هەڵدەگرن، کە بۆ ناوی گشتیی کران، لەوەشەوە ناوی تایبەتیی کەس، بۆ دوو جۆر پۆلێندەکرێن: (١) ئەوانەی لەفەرهەنگدا

پەیکاڵی ناوی گشتیی، بە زانیارییەکانیانەوە، کە ئەدگاری گشتێتییەو بە فیچەری [+نەناسراویی]یەوە هەڵگیراون، بۆیە بە ناوی تایبەتیی گشتیی_کەس دادەنرێن. ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەم ناوانە دیارینەکراوو مارکەلێنەدراون، هەربۆیە پێویستیی ناسراوکردنیان، یەکێك دەبێت لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێدانی زانیاریی سیمانتیکیی لەبارەیانەوە. (٢) جۆری دووەمیان گۆکردنیانە لەسینتاکسدا، کە بە پێدانی فیچەری [+ناسراویی]، لەناوی تایبەتیی گشتیی_کەسەوە، بۆ ناوی تایبەتیی ناسراوی_کەس دەگۆڕێن، بەوەش ڕێگادانی سینتاکسیی گۆکردنی DP یان پێدەدرێتو زانیارییەکانیان ڕوونو ئاشکرا دەناسرێنەوەو دەردەخرێن. کەواتە بۆ ئەو ناوە تایبەتییانەی وەك هەر ناوێکی گشتیی لە فەرهەنگەوە دەهێنرێن، DPی ناوەکە لەسینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت، هەربۆیە سینتاکس مارکەلێدەری ناوەکە دەبێتو لەوەشەوە تەواوی ئەو ئەگەرانە یەکلاییدەکاتەوە، کە دەشێت لە ناواخنی ناوە فەرهەنگییەکاندا هەبنو بەهۆشیانەوە، فرەچەشنیی زانیارییەکان بۆ ئاخێوەر پێش قۆناغی بەفرێزکردن/ ناسراوکردنیان، لەنێوان ئەو بژاردە جیاوازانەدا بەلێڵییو کراوەیی، دەمێننەوە (بڕوانە (٤)).

٤_ا. عەلی ڕۆیشتەوە ماڵەوە.

ب. پەروین هەر زوو لەبازاڕ گەڕایەوە.

پ. خوشکەکەی ڕۆژانـم لە زانکۆ بینی.

ت. براکەی ڕۆژگار/ ئاوات/ ئاراس دەناسم.

ج. کاك ڕۆژگار خاڵۆزامە.

ح. خاتوو ڕۆژگار لە شانۆگەرییەکە بوو. ~ ڕۆژگارخان لە شانۆگەرییەکە بوو.

(٤_ا،ب) پەیوەست بە بوونی زانیاریی پێشینەی نێوان قسەکەرو گوێگرەوە ڕاڤەدەکرێت، بەجۆرێك سینتاکس فیچەری [+ناسراویی] بۆ ناوەکان دەستەبەردەکات، خودی ناوەکانیش بە هەبوونی زانیاریی ڕەگەزیی دیاریکراوەوە لەفەرهەنگدا هەڵگیراون، شیکردنەوەکە بۆ گشت ناوە تایبەتییەکانی کەس گونجاوو لەبارە، کەچیی لەو ڕووەوە، کە ڕەگەزی هەندێك ناو لە فەرهەنگدا دیارییکراوو مارکەلێدراو نییە، سینتاکس بەکاربردنی دەرخەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە میکانیزمی پەسنکردنی ڕەگەزییان، هەروەك بۆ هەندێك ناو لە فەرهەنگی کوردییدا، هاوشێوەی جێناوەکان هەبوونی هەردوو فیچەری [±نێر] دەشێنو بە نادیاریکراویی بۆ گوێگر شیمانەدەکرێن (بڕوانە (٤_ت))، فیچەرەکانیش وەك بەشێك لەزانیارییەکانی ناواخنی ناوە فەرهەنگییەکە بە هەڵپەسێرراویی دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی، سینتاکس دیاریکردنی فیچەرێکیان بژاردەدەکاتو بەوەش دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان پێدەدات. بۆ نموونە لە

(٤_ج،ح)دا، دەرخەرەکانی /کاك، خاتوو، خان/، یەکێك لە گۆکردنەکانیان سینتاکسییانە بەرجەستەکردنی ئەو زانیارییەیە، کە بۆ هەر ناوێکی تایبەتیی پەیوەست بە زانیاریی ڕەگەزیی [+نێر]، یان [+مێ]وە لەئارادان، هەروەك فۆڕمی /کاك/ دەبێتە دەرخەری کۆمەڵایەتیی بۆ فیچەری [+نێر]و هەمبەر بەمەش، فۆڕمی /خاتوو/ وەك دەرخەری پێشەوەو /خان/یش وەك دەرخەری دواوە، فیچەری [+مێ] بۆ ناوەکە مارکەدەکات، ئەمە جگەلە دەرخەرەکانی /مام، خاڵ، مێرد، پور، ئامۆژن،...هتد/[169]، کە لە تەك گۆکردنە گشتییەکەیاندا وەك دەرخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەزی ناوە ئاماژەبۆکراوەکەش نیشاندەدەن.

بەپێی ڕستەکانی (٤_ا،ب)، بۆ ناوی تایبەتیی، دوو ئەگەر/ گریمانە لەئارادان: (١) لەلایەك بەهەمان ئەو لێکدانەوەیەی لەسەرەوە بۆ جێناو کرا، دروستەی فرێز پەیوەست بە ناوی تایبەتییەوە، بەرهەمی سەرێکی دەرنەبڕاوە (بڕوانە هێڵکاریی (٧)). (٢) لەلایەکی ترەوە، بەگوێرەی دروستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٤_پ)یش بێت، خودی ناوە تایبەتییەکە توخمێکی پرۆژەسازدەرە، ئەمەش لە هێڵکاریی (٨)دا نیشاندراوە، هەروەك لە لێکۆڵینەوەکەشدا کار بەم بۆچوونە دەکرێت.

هێڵکاریی (٧)




[169] بەپێچەوانەوە فۆڕمەکانی /کچەزا، کوڕەزا، برازا، خوشکەزا، پورزا، خاڵۆزا، ئامۆزا/ لەو فۆڕمانەن، کە [– دیاریکراویی ڕەگەز] ن، هەربۆیە سینتاکس بە یەکێك لەو میکانیزمانەی ئاماژەیان پێدرا، جیاکاریی ڕەگەزییان بۆ دەکات. بڕوانە: >برازاکەم چووەتە قوتابخانە.<، بەراوردیبکە بە > ڕەندی برازام/ ڕەنووی برازام چووەتە قوتابخانە.<

هێڵکاریی (٨)




پ.٢

کەواتە ئەو ناوە تایبەتییەی لە سینتاکسدا گۆکردنی دەبێت، فیچەری [+ناسراوی]ی هەیە (بڕوانە (٥))، کە تێیدا {ڕەند} گۆکردنی DPی هەیە، هەروەکچۆن ناوی گشتیی /کوڕ/، مەرجی گۆکردنی وەك فرێز، هەبوونی فیچەری [+ناسراویی]یەتیو بەوەش گۆکردنی DPی {کوڕەکە} لەسینتاکسدا دروستو ڕێپێدراو دەبێت، لەمەوە بۆ ناوی تایبەتیی کەسیش، فیچەری [+ناسراویی]، بواری گۆکردنەکەی بۆ دەستەبەردەکات، چونکە وەك پێشتر خرایەڕوو، ناوی تایبەتیی لە فەرهەنگدا وەك هەر ناوێکی گشتیی دیکە، هەڵگری فیچەری [+نەناسراویی]یە، بۆیە بەهەمان فیچەرەوە لە سینتاکسدا دەرفەتی گۆکردنی نابێت(بڕوانە هێڵکاریی (٩))، کە ئەوە دەردەخات، ناوە تایبەتییەکەی /ڕەند/ توخمێکی پڕۆژەسازدەری فەرهەنگییەو هەمان حوکمی $X^0/N^0$ ی هەیە، بەلاّم دواتر لە سینتاکسدا بۆ DPی ناسراوی {ڕەند} دەگۆڕێت.

٥. ڕەند بە یەکەم دەرچوو.

هێڵکاریی (٩)



### ١/٢_١_١_٢_٤ ناوی تایبەتیی شوێن

پێشبینیدەکرێت ناوی تایبەتیی شوێنیش، دوو جۆر دەرکەوتنی سینتاکسیی هەبێت. (ا) جۆرێکیان بەتەنهاو بێ وەرگرتنی دیارخەرەکان، گۆکردنی فرێزی دەبێت، بۆ ئەمەش هەبوونی فیچەری [+ناسراویی] بۆ توخمەکە، دەبێتە پاساوو ڕێگادانی سینتاکسی گۆکردنی DP ی بۆ دەستەبەردەکات، لەبەرئەوە توخمەکە ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە دەهێنرێتەناو پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)ەوەو هەر بەهەمان فۆرمیشەوە لەناو پێکهاتەی (٣)دا جێکەوتەی فرێز دەگرێتو بەوەش دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت (بڕوانە (٦_ا)). (ب) جۆری دووەمیان، ئەو ناوانەن، کە وەك توخمێکی فەرهەنگیی $X^0$، گۆکردنی سەری ڕێزمانییان هەنو بەوەش پرۆژەی ناوەندیی فرێزی فەرهەنگیی ڕۆدەنێن، بۆیە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیاندا تەواوکەرێك لە چەشنی DP هەڵدەبژێرن، دەرکردەی پێواژۆی یەکگرتنی سەرو تەواوکەریش، کە بەپێی ڕێساکانی پرۆژەسازدان ڕوودەدات، دروستەی فرێزی خستەپاڵیی دەبێت، بۆیە کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە ڕاستەوخۆ دەچنەناو پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)ەوەو لەوێدا بەرهەمدێن، بڕوانە (٦_ب)و هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی لە هێڵکاریی (١٠)دا. بەوەش فرێزە فەرهەنگییەکە، بەهەمان دروستەو واتاوە، دەبێتە تێکردەی پێکهاتەی (٣). وەك گوترا دەرکردەی پێکهاتە سینتاکسییەکەی (٢)، دروستەی فرێزی خستنەپاڵی دیارخەریی دەبێت، کە بەهۆی /ی/ی خستنەپاڵەوە، DP یەك لەناو DP یەکی گەورەتردا شکاوەتەوە، بۆ ئەمەش، مۆرفێمی /ی/ حوکمی {شار}دەکاتو سەرە ڕێزمانییەکەی {سلێمانی}یش، دۆخی خستنەپاڵ بە DP ی {شاری} دەدات. بڕوانە نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١١)دا. دەکرێت نواندنە دروستەییەکانی ئەمجۆرە، بە زانیارییەکانی قسەکەرو گوێگرەوە پەیوەست بێت، واتە هەبوونی زانیارییەکە، کاریگەریی لەسەر جۆری نواندنە سینتاکسییەکە دەبێت، چونکە لە زۆر باردا زانیاریی (شار، گوند، دێ، ....)، دەچێتە ناواخنی ناوی تایبەتیی شوێنەوە، ئەوەش دەبێتە ڕێخۆشکەری دەرنەبڕینی تەواوکەرەکەی‌و یەکێك لەو پێشبینییانە ساغدەکاتەوە، کە خرانەڕوو، بەوەش ئەمجۆرە فرێزە، هەمیشە دروستەی هێڵکاریی (١١)ی دەبێت. لەکاتێکدا ئەو زانیارییە نەبێت، ئەوا مەرجی دەربڕینی تەواوکەرەکە دێتەکایەوە، بڕوانە (٦_ پ)و لەگەڵ (٦_ت) بەراوردیبکە !

٦_ا. سلێمانی، شارێکی خۆش‌و دڵگیرە.

ب. شاری سلێمانی

پ. ؟ فریزەڵە، فریز

ت. گوندی فرێزەڵە، فریز

هێڵکاریی (١٠)




پ.٢٠

هێڵکاریی (١١)[١٧٠]




ناوی تایبەتیی شوێن پەیوەست بە گۆکردنە سینتاکسییەکەیانەوە، دوو جۆریان هەن: (١) ئەوانەی لەفەرهەنگدا وەك هەر ناوێکی گشتیی دیکە بە زانیاریی گشتییەوە تۆمارکراون، بۆیە بە ناوی تایبەتیی گشتیی_شوێن دادەنرێن، ئەمجۆرەیان بەهەمان فیچەری [+نەناسراویی]یەوە گۆکردنی فرێزیان نابێت. (٢) جۆری دووەمیان بە پێدانی فیچەری [+ناسراویی]، لەناوی تایبەتیی گشتیی_شوێنەوە بۆ ناوی تایبەتیی ناسراوی_شوێن دەگۆڕێن، بەوەش ڕێگادانی سینتاکسیی گۆکردنی DP یان دەبێت (بڕوانە

170 بۆ ئەو فرێزانەی، کە دەتوانرێت تەواوکەرەکەیان دەرنەبڕرێت، هێمای (Ø) دانراوە.

هێڵکاریی (١٢))، کە ئەو ڕاستییە دەردەبڕێت، ناوە تایبەتییەکەی /سلێمانیی/، توخمێکی فەرهەنگیی $N^0$ەو لە سینتاکسدا گۆکردنی DPی {سلێمانیی}ی دەبێت.

هێڵکاریی (١٢)

سینتاکس DP سلێمانیی

|

فەرهەنگ $N^0$ سلێمانیی

## ٢/١_١_٢ پرۆژە سینتاکسییەکانی دیارخەر $D^0$

دیارخەرەکان$D^0$، مۆرفیمەکانی ناسراوییو نەناسراوییو وشەی نیشانە دەگرنەوە[171]. هەر بەو جۆرەی لە پێشتردا خرایەڕوو، لەقۆناغەکانی سەرەتای تیۆری X-bar دا، دیارخەرەکان بە سەری پرۆژەسازدەر دانەدەنران، بەڵکو (ناو) بە سەری فرێزەکە هەژماردەکرا، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری تیۆرەکەدا، فرێزەکان ڕاڤەکردنێکی دروستەیی نوێیان بۆ کرا، بەجۆرێك دیارخەر $D^0$ بە سەری فرێزی ناویی دادەنرا، بۆیە NPیەك وەك تەواوکەر وەردەگرێت[172].

بەڵگەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە هێنرانەوە، ئەو بۆچوونەیان یەکلاییکردەوە، کە دیارخەرەکان توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەر $X^0$ن، پەیکاڵی ئەمەش "ڕێسای سەرکۆتایی ئەوە دەچەسپێنێت، کە دیارییخەر سەری ڕێزمانییە grammatical head و لە کۆتایی دروستەی سینتاکسیدا دێت"[173]، لەو ڕووەشەوە، کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، وەك سەری فەرهەنگیی هەژماردەکرێنو بەوەش پرۆژەی ناوەندیی فرێزی فەرهەنگیی ڕۆدەنێن. دیارخەر $D^0$ لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، تەواوکەرێکی فەرهەنگیی لەجۆری DP بۆ بەرهەمهێنانی دروستەکە هەڵدەبژێرێت، کە بەپێی ڕێساکانی

---

[171] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ١٦_٢٠)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

[172] بڕوانە: وەچەپارەکانی (٦/١، ٦/١_١)، ل (٥٦_٦٢).

[173] محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٩٣). بشڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٧: ٣٠)، کە بۆچوونی وایە "لە زمانی کوردی دا (_ەکە)ی ناساندن دوای فرەیزی ناوی دێتو دەبێتە دەرخەر"

پرۆژەسازدان، سەرو تەواوکەر لەسەر بنەمای هەبوونی سەرو ڕێسای دووپەلکییانە، پرۆژە ناوەندییەکەی فرێز بونیاتدەنێن.

٧_ ا. * کوڕ بەفردەماڵێت

ب. کوڕەکە بەفردەماڵێت.

پ. ئەو بەفردەماڵێت.

ت. شێرزاد بەفردەماڵێت.

لە (٧_ا)دا /کوڕ/ ناوی گشتییە[١٧٤]، بۆیە گۆکردنی فرێزی نابێت[١٧٥]، بەڵکو لەگەڵ دیارخەردا لەناو پێکهاتەی (٢)دا ئەو گۆکردنەی دەدرێتێ، بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٧_ب)و هێڵکاریی (١٣)، ئەگەرچیی وەك پێشتر خرایەڕوو، ناوە گشتییەکان لە دیوە سینتاکسییەکاندا ناسراونو لە فەرهەنگەوە بەرەو سینتاکس براون. بەوەش DP ی {کوڕەکە} بەهۆی وەرگرتنی دیارخەرەوە لە گشتێتیی دەخرێت، بۆیە زانیارییەکەی لە ناوی گشتیی /کوڕ/ ناسراوترە، چونکە لە مۆرفێمە ناسراوییەکەدا نیشانەکانی ژمارەو دیارییکردنو ناسراویی خەزنکراون[١٧٦]، بۆیە فرێزی دیارخەریی {کوڕەکە}، پرۆژەی دیارخەرەکانەو بەو زانیارییانەوە ئاخێوەری زمان لێکیدەداتەوە.

گرنگە بگوترێت، فرێزی دیارخەرییو جێناو لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، بۆیە هەرگیز پێکەوە ڕوونادەن، بەڵکو لە (٧_پ)دا جێناوەکە دەبێتە ئەلتەرناتیڤی {کوڕەکە}. ئەگەر وایدابنێین /ئەو/ لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە، ئەوا پێویستە لە دەروازەی زانیارییەکەیدا فیچەری [± نێر] تۆمارکرابێت، بەمەش ڕەگەزی توخمەکە لەنێوان ئەو دوو بژاردەیەدا گریمانەدەکرێت، کەچیی کە دەهێنرێتە سینتاکسەوە، جێناوەکە پەیوەست بە ڕەگەزی (ناو)ە ئاماژە بۆکراوەکەیەوە، بەدیاریکراویی یەکێك لە فیچەرەکانی [+نێر]، یان [+مێ] مارکەدەکات، کەواتە سینتاکس جیاکاریی ڕەگەزیی بۆ دیاریکردنی بەهای ڕاستەقینەی کەتیگۆرییەکان دەکاتو ئەگەری لێڵییو ئەدگاری گشتێتییان بەرەو تایبەتکردنو ناسراویی دەبات. بەمەش لەبریدانانی جێناوەکەی سەرەوە لە (٧_پ)دا، مەودای واتایی فرێزی {کوڕەکە}

---

174 بەپێی هەندێك توێژینەوە، ئەو ناوانەی لە فەرهەنگدان بە ناوی ڕووت bare nominals ناوزەددەکرێن، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوەیە، کە دەربڕینە ناوییەکان دیارخەری ئاشکرا، یان ڕادەیان تێدا نییە، بەڵکو پرۆژەی دیارخەری دەرنەبڕاو، یان ڕادەی دەرنەبڕاون. ئەو گریمانەیەش، کە ناوە ڕووتەکان دیارخەر/ ڕادەی دەرنەبڕاویان تێدایە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، بۆ نموونە Chomsky (1965, P. 108) پێشنیازیکردووە، پێشنیازەکەش لە کارەکانی دواتردا لەلایەن Abney 1987، Longobardi 1994, 1996, 2001، هەروەها Bernstein 2001ەوە فراوانکراوەو گەشەپێدراوە. بڕوانە: Radford, A. (2004: 113)

175 بەفرێزبوونی /کوڕ/ لەو ڕستەیەدا مەرجدارە. بڕوانە: مەرجەکانی بەفرێزبوون، ل (٧٢_٧٣)

176 دەربارەی نیشانەکانی ئەو مۆرفێمانە، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ١٤)

ناسراوتر دەکات، چونکە بەکاربردنی جێناوەکە لە سینتاکسدا، لێکەوتەی ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ناسراویی ڕەگەزی توخمەکە پەیوەست بە زانیاریی هاوبەشی نێوان قسەکەرو گوێگرەوە، هەر ئەمەش وەها دەکات، {ئەو} سیمانتیکییانە بڕی زانیارییەکەی لە {کوڕەکە} زیاتر بێت. (بڕوانە هێڵکاریی (١٤)).

هێڵکاریی (١٣)




هێڵکاریی (١٤)




هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر وایدابنێین لە نموونەکانی (٧_پ،ت)دا، جێناوی سەربەخۆی {ئەو}و ناوی تایبەتیی {شێرزاد}، بەهەمان واتا و گۆکردنەوە دەبنە ئەلتەرناتیڤی DPی {کوڕەکە} لە (٧_ب)دا، ئەوکات هەردووکیان بەفیچەری [+ناسراویی]ی دیارخەرەکەوە دێنە سینتاکسەوە، هەربۆیە

ناسراون‌و هەمان گۆکردنی DP یان دەبێت، سەرباری ئەوەی لە (٧_ت)دا ناوە تایبەتییەکە پەیوەست بە ناسراویی‌و دیاریکراوییەوە، زانیاریی ڕەها بەدەستەوەدەدات، بەوەش دەتوانرێت بەچەند قۆناغێکی یەکلەدواییەکی سینتاکسیی، بڕی زانیاریی یەکەکان لە گشتێتییەوە بەرەو تایبەتێتیی‌و ناسراوکردن ببرێن (بڕوانە هێڵکاریی (١٥)).

هێڵکاریی (١٥)




٨. /من/:

ا. من + [چاو]

ب. چاوی من

لە (٨_ا)دا، توخمی /من/ وشەی بەدەسەڵاتەو سەری ڕێزمانیی پڕۆژەسازدەرە[177]، بۆیە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، تەواوکەری فەرهەنگیی /چاو/ی هەڵاوێرکردووە، بەوەش فرێزە فەرهەنگییەکەی (٨_ب)، پڕۆژەی ناو $N^0$ەو ڕاستەوخۆ لەپێکهاتەی سینتاکسیی (٢)دا بونیاتنراوە (بڕوانە هێڵکاریی (١٦))، بۆیە بەهەمان دروستەو واتاوە، دەبێتە تێکردەی پێکهاتە واتاییەکە. لەتەکئەمەشدا، دەرکردەی پێکهاتە سینتاکسییەکە، دروستەی فرێزی دیارخەرییە، تێیدا بەهۆی مۆرفێمی /ی/ی خستنەپاڵەوە، DP یەك لەناو DP یەکی گەورەتردا شکاوەتەوە، بۆ ئەمەش مۆرفێمی /ی/، حوکمی {چاو}دەکات‌و سەرە ڕێزمانییەکەش _جێناو_، دۆخی خستنەپاڵ بە DP ی {چاوی}

[177] گریمانەی سەری دەرنەبڕاو Null head وەك سەری پڕۆژەسازدەر لەگەڵ ناوی تایبەتیی کەس‌و جێناودا، لە ڕوانگەی یەکلاییکردنەوەی چۆنیەتیی ناونانی فرێزەکان بوو وەك فرێزی دیارخەریی DP، نەك فرێزی ناویی NP، هاوکات بۆ پابەندبوون بە ئەو مەرجەوە پێشنیازکراوە، کە تیۆری X-bar بۆ گۆکردنی فرێز دایناوەو خستویەتییەڕوو، بەجۆرێك پێویستیی خورتیی‌و ڕەها بۆ تێرکردنی هەر فرێزێك، لە سەرو تەواوکەر پێکدێت، بۆ ئەوەش ناوی تایبەتیی‌و جێناو وەك تەواوکەر گۆدەکەن، لەگەڵئەوەشدا وێڕای هەبوونی ئەم پێشنیازە، گۆکردنی ناوی تایبەتیی‌و جێناو لە فرێزەکانی {کوڕی نەوزاد}، {دەستی من} دا دەیسەلمێنن، کە ئەم توخمانە کەرەستەی بەدەسەڵاتن، هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەك سەری ڕێزمانیی ئارگومێنت_داواکەر هەژماردەکرێن. خودی ڕوونکردنەوەکەش بۆ ئەوەیە، کە ئەگەری بوونی دژیەکیی لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا برەوێنێتەوە.

ی تەواوکەرەکەی دەدات. بڕوانە نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٧)دا، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە دروستەکانی {چاوی من، دەستی تۆ، ..}دا، سەرو تەواوکەر پێکەوە فرێزێکن‌و وەك یەکەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی دروستەیی‌و واتایی‌و سینتاکسیی دەکەن.[١٧٨]

هێڵکاریی (١٦)




پ.٢٠

هێڵکاریی (١٧)




[178] یەکێك لە بنەماکانی بەفرێزبوون ئەوەیە، کە فرێزەکە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتبکات، تاوەکو وەك یەکەیەك بگوێزرێتەوەو دۆخی ڕێزمانیی وەربگرێت، لەسەر ئەو بنەمایە، دروستەی {چاوی من} بە فرێزێك دەستنیشانکراوە. بڕوانە: >چاوی من دێشێت.<، >تۆ چاوی منت لا جوانە.<، >تۆ بە چاوی من تەماشابکە.<.

### ۲/۱_۱_۳ پرۆژە سینتاکسییەکانی ئاوەڵناو $A^0$

ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکە، بە تواناو زانیارییە ئەبستراکتەکانییەوە لەفەرهەنگدا هەڵگیراوە، بەمەش پێویستە لە سینتاکسدا ئەو زانیارییە ناوەکییانە هەڵبهێنجین، کە لەڕووی واتاوە، زگماکییانە سروشتو کەسێتیی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناویان پەیوەست بە پەسنکردنی ئەدگارەکانی (ناو)ەوە، پێدەناسرێتەوە. دەرهێنانی زانیارییەکانیش، بەهۆی ناوێك/ تەواوکەرێکەوە بەرجەستەدەکرێت، کە جێکەوتەی دەرخراو پڕدەکاتەوە. لەو ڕووەوە، لەبەرئەوەی ئاوەڵناو پرۆژەسازدەرە[۱۷۹]و وەك سەری ڕێزمانیی فرێزی ئاوەڵناویی گۆدەکات[۱۸۰]، بۆیە پێویستە تەواوکەرێکی هەبێت، بەوەش لەو $X^0$ انەیە، کە Y یەك هەڵاوێردەکات، هەربۆیە دەتوانێت لە سینتاکسدا بشکێتەوەو پرۆژەی جیاواز لەجۆری $A^-$ دروستبکات. بەپێی ئەمە بێت، ئاوەڵناو بەتەنها ناچێتەناو پێکهاتەی (۳)وە، بەڵکو دوای خستنەڕووی ویستە فەرهەنگییەکانی لە قۆناغی پاش_فەرهەنگییدا، ئەوکات لە پێکهاتەی (۱)و (۲)، یان تەنها لەپێکهاتەی (۲)دا، کە نواندنی ئارگومێنتیین، پێویستییەکانی جێبەجێدەبن، بەوەش بە پێویستییە واتاییو سینتاکسییەکانییەوە جێکەوتەکانی ئەو پێکهاتەیە، کە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی واتاییە، پڕدەکاتەوە.

### ۲/۱_۱_۳_۱ پرۆژە پێش_فرێزیی و فرێزییەکانی ئاوەڵناو

لەو ڕوانگەیەوە، کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییەکاندا، بەو پێکهاتانەوە بەستراوە، کە لە قۆناغی پێش_ڕستەییدا بەهۆیانەوە پرۆژە ناوەندییەکانی هەر پۆلەڕەگەزێك دەستدەخرێن، ئاوەڵناوی فەرهەنگییش$A^0$ بەپێی پۆلەڕەگەزەکەی، لەبەرئەوەی پریدیکاتە، هەرگیز بەتەنها دەرکەوتنی سینتاکسیی لە جێکەوتەی فرێزدا نابێت، بەڵکو وەك گوترا، هەمیشە بە ناواحنەکەیەوە پرۆژەکانی $A^-$ تێردەکەن. ئەو پرۆژانەش، کە بەرهەمی توخمی فەرهەنگیی $A^0$ ن، لە هەر هەنگاوێکدا بەهۆی تیۆری X-barەوە دەنوێنرێن.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت، ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردییدا، فۆڕمێکی فەرهەنگییو فۆڕمێکی شکاوە/ سینتاکسییان هەن. فۆڕمە فەرهەنگییەکە، خودی ئاوەڵناوە فەرهەنگییەکە دەگرێتەوە، کە لە هەردوو پێکهاتەی (۱،۲)دا پرۆژەی جیاواز دروستدەکات، بەوەش پەیوەست بە نواندنە تەختەکەیەوە، یاسای فۆڕمداڕشتنە فەرهەنگییەکەی لە (۱۰)دا، دوو شکانەوەی سینتاکسیی

---

[179] حاتەم ولیا محەمەد (۲۰۰۹: ۱۱٤_۱۱۵)، لەگەڵ ئەوەی، A بەسەری پرۆژەی AP دادەنێت، کەچیی کەتیگۆرییەکانی /کوڕ، پیاو، چیرۆك/ وەك سەری فرێزەکانی {کوڕێکی زیرەك، پیاوە بەجەرگەکە، چیرۆکێکی بەسوود} تەماشادەکات، ئەم بۆچوونەش، لەگەڵ بەڵگەو نموونە شیکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پێچەوانە دەوەستێتەوە، بەڵام دواتر ناوبراو دروستەکانی {کچێکی جوان، کچێکی زۆر جوان،...} بە نموونەی فرێزی ئاوەڵناویی دەهێنێتەوە! بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ۱٤٦

[180] شنە جەبار فەتاح (۲۰۰٦: ٦٥)، طە ڕەحیم ڕەشید (۲۰۱۵: ٥٥)

دەبێت، کە ڕیزبوونی سەری فەرهەنگییو تەواوکەرەکەیەتی، بۆئەوەی دەستەواژیلە، یان دەستەواژە بەرهەمبێنن. هەرچیی ئاوەڵناوی سینتاکسییشە، لە ئەنجامی گۆڕانی زانیاریی سینتاکسیی پەیوەست بە گۆڕانی واتای ڕێزمانییەوە بەرهەمدێن، بڕوانە ئاوەڵناوە سینتاکسییەکان لە پلەی بەراوردو بالأدا.

١٠) $[Y] + A^0$ ← دەستەواژیلە / دەستەواژە

یاسای (١٠) لە هەردوو پێکهاتەی (١)و (٢)دا ڕوودەدات، تێیدا Y، ویستی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکەیە، دواتر ڕوودانی گواستنەوە لە یەکەم پێکهاتەی سینتاکسییدا، ویستە فەرهەنگییەکە لە تەواوکەرێکی فەرهەنگییەوە دەکات بە تەواوکەرێکی سینتاکسیی، چونکە بەپێی تیۆری GB، ئەوەی حوکمدەکرێتو دواتریش دۆخی ڕێزمانیی پێدەدرێت، مەرجە فرێز بێت، نەك وشە. بەوەش پاش گواستنەوەی تەواوکەر، یاسای شکانەوەی ئاوەڵناو بۆ بەرهەمهێنانی $A^-$ لە سینتاکسدا، ئەو ڕیزبوونەی دەبێت، کە لە (١١)دا شێوازبەنددەکرێت.

**١١) $A^0 + YP$**

٩. کوڕە زیرەکەکە

هێڵکاریی (١٨) بەرهەمهێنانی دەستەواژە لە دەستەواژیلە



هێڵکاریی (١٨) تایبەت بە هەنگاوەکانی بونیاتنانی پرۆژەی (٩)، دەریدەخات، کە تێکردەی پێکهاتەی (١)، تەنها کەرەستەو دانە فەرهەنگییەکانن، چونکە یەکەم قۆناغی سینتاکسییە، کە لە دوای قۆناغی پاش_فەرهەنگییەوە، پێواژۆ سینتاکسییەکانی وەك گواستنەوەی تەواوکەری تێدا ڕوودەدات، گواستنەوەی تەواوکەریش، مەرجی خورتیی پاراستنی ڕێسای سەرکۆتاییە، چونکە بەپێی ڕێساکە "سەری ڕێزمانیی سەری حوکمکەری دۆخی ڕێزمانییەو لەگەڵ سەری واتاییدا لە دوای تەواوکەرەکانیان دێنو دەکەونە کۆتایی دروستەکانەوە"[181]. لەبەرامبەر ئەمەدا، پێکهاتەی (٢)، کەرەستەی پێویست لە دوو شوێن_پێکهاتە_ەوە وەردەگرێت: (ا) لە فەرهەنگەوە: کەرەستەکان پاش فۆرمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیان، ڕاستەوخۆ دێنەناو پێکهاتەکەوە. (ب) لە پێکهاتەی سینتاکسیی (١)ەوە: کە دروستەی دەستەواژیلەکانو دەبنە تەواوکەری سینتاکسیی پێکهاتەی (٢) بۆ بەرهەمهێنانی فرێز. بەوەش، کەرەستەکانی پێکهاتەی (٢) دەشێت یان کەرەستەی فەرهەنگیی، یان کەتیگۆریی سینتاکسیی لەجۆری دەستەواژیلە بن، ئەمەش لە هێڵکاریی (١٨، ١٩)دا نیشاندراوە.

هێڵکاریی (١٩) بۆ بەرهەمهێنانی دەستەواژە




لە هێڵکاریی (١٩)دا، کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە وەرگیراونو پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییان، بوونەتە تێکردەی پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)، دەرکردەی پێکهاتەکەش {کوڕی زیرەك}، دروستەی بەرهەمهێنراوی $A^-$ ە، کە ڕیزبوونێکی لە جۆری $^{A-}[A^0+[[d]+ DP]]$ ی هەیەو بە هەمان

[181] محەمەد مەحویی‌و نەرمین عومەر ئەحمەد (٢٠٠٤: ٣٨)

دروستەوە لە پێکهاتەی (٣)دا گۆدەکات، تێیدا "ئاوەڵناو وەك سەرێکی ڕێزمانییو کەتەگۆرییەکی حوکمکەر، لەڕێی مۆرفیمی خستنەپاڵەوە، حوکمی ناوەکەی پێش خۆی دەکاتو دۆخی ڕیزمانیی خستنەپاڵی پێدەبەخشێت"[182].

١٠. شکاو: $A^0$

ا. قۆرییەشکاو PreP.X

ب. قۆرییەشکاو $X^0$

پ. قۆرییە شکاوەکە $P^-$

١١_ا. پیاوە ئازا

ب. پیاوە ئازاکە

١٢. سێو خوار PreP.V

١٣_ا. تەختەڕەش

ب. تەختە ڕەشەکە

لە (١٠)دا، ئاوەڵناوەکە سەرێکی فەرهەنگییەو پرۆژەی جیاوازی بەرهەمهێناوە. بۆ نموونە (١٠_ا) دەستەواژیلەیەکە، بۆئەوەی ڕێگەی پێبدرێت، دەبێت بە لایەنی کەمەوە یەکێك لە مەرجەکانی (ا) بوون بە لێکسیم، یان (ب) بوون بە فرێز قبوڵبکات، بەپێچەوانەوە، نە وەك توخمێکی فەرهەنگیی، نە وەك کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی، ئازادیی ڕوودانی نابێت (بڕوانە خشتەی (١)). لەگەڵئەوەشدا دەشێت بۆ هەندێك دەستەواژیلە، لەهەمانکاتدا هەردوو ئەگەرەکە ڕوودبدات، واتە جارێك دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژیی توخمێکی فەرهەنگییو جارێکیش گۆکردنی فرێزی هەبێت، هەروەك (١٠_ب،پ) نیشانیدەدات، هەمبەر بەمە (١١_ا) ئەوە دەردەخات، کە مەرج نییە دەستەواژیلەکان هەمیشەو بە ڕەهایی هەردوو ئەگەرەکە جێبەجێبکەن، بەڵکو پێدەچێت هەندێکجار پەیڕەوکردنی یەکێك لە ئەگەرەکان، ئەو خواستە سینتاکسییە دەستەبەربکات، کە هەبوونیان مەرجێکی حەتمییو بنەڕەتییە تا وەك تێکردەی پێکهاتەی (٣) قبوڵبکرێن، ئەوەش بەهۆی پێکهاتەی (٢)ەوە دێتەدی، هەربۆیە ئەوەی لەم بارەدا دەستدەخرێت، پێکهاتەیەکی سینتاکسیی دەبێت، نەك مۆرفۆلۆژیی (بڕوانە (١١_ب)).

---

[182] شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦: ٦٥)

خشتەی (١)




لێکەوتەی شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە سەرلەبەری دەستەواژیلەکان لە زمانی کوردییدا، هەڵگری هەمان مەرجی ڕوودان نین، بە دەربڕینێکی دیکە، مەرج نییە بۆ هەموو دەستەواژیلەیەك، هەردوو ئەگەری ڕێپێدانی مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسیی، مسۆگەرو لەئارادابن، بەڵکو دەشێت تەنها شکانەوەی دەستەواژیلەکە ڕووبدات، بەوەش شکانەوەی، دەبێتە مەرجی خورتیی ڕێپێدانی لە سینتاکسدا، بۆیە گەر لە ئێستای زمانی کوردییدا هەلومەرجی بەلێکسیمبوون بۆ دەستەواژیلەیەك لەئارادانەبێت، ئەوا پێویستە بژاردەی بەدەستەواژەبوون بەناچاریی ڕووبدات، هەربۆیە ڕوودانی دەستەواژیلە، وابەستەی بوون، یان نەبوونی ئەگەری بەلێکسیمبوون نییە، بەڵکو لەهەردوو بارەکەدا مەرجی بەدەستەواژەبوون پێویست‌و خورتییە، چونکە دەستەواژە _فرێز_، وەك بەرهەمی پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)، پێویستیی جێکەوتەکانی دروستەی قووڵ لە پێکهاتە واتاییەکەدا بۆ بونیاتنانی ڕستە تێردەکات. لەلایەکی دیکەوە، وەك لە خشتەی (١)دا نیشاندراوە، پێش_فرێزەکان دوو جۆری سەرەکییان هەن: (ا) پێش_فرێزی فەرهەنگیی، (ب) پێش_فرێزی سینتاکسیی. پێش_فرێزە فەرهەنگییەکان، دەستەواژیلەی ناویی‌و ئاوەڵناویی دەگرنەوە، پێش_فرێزە سینتاکسییەکانیش، پرۆژەی ڕەگن. هەندێك لە پێش_فرێزە فەرهەنگییەکان، دەتوانن بە هەمان فۆڕمەوەو بەهۆی قورساییخستنەسەرەوە ببنە لێکسیم، بەڵام بۆئەوەی ببن بە فرێز، پێویستە بەهۆی دیارخەرەکانەوە بشکێنەوە (بڕوانە (١٣_ا،ب)). هەندێکی تریشیان، بەهەمان فۆڕمەوە نابن بە لێکسیم، بەڵکو تەنها وەك تەواوکەری سینتاکسیی بۆ بەرهەمهێنانی فرێز دەشکێنەوە (بڕوانە (١١_ا،ب)). هەرچیی پێش_فرێزە سینتاکسییەکانیشە، مەرج نییە ببنە توخمێکی فەرهەنگیی، کەچیی گۆکردنیان وەك فرێز، بەڕەهایی دەبێتە مەرجی ڕوودانیان (بڕوانە (١٢)).

خستنەڕووی ئەو هەنگاوانەی سەرەوە، بەپێچەوانەی شیکردنەوە نەریتییەکانەوە ئەوە دەسەلمێنێت، کە توخمەکان ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە ناچنەناو دروستەی قوڵی پێکهاتە واتاییەکەوە، بەڵکو لەنێوان فەرهەنگو پێکهاتە واتاییەکەدا، پەیوەست بە توخمەکانەوە بۆ پێکهێنانی دروستەی فرێز_فرێزی فەرهەنگیی_ بەپێی ڕێساکانی پرۆژەسازدان، چەند قۆناغێکی شاراوەو نادیار هەن، کە پاش بڕینیان، فرێزە بەرهەمهاتووەکان دەبنە تێکردەی پێکهاتە واتاییەکە، لێرەوە قۆناغی بەرهەمهێنانی ڕستە بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو، دەستپێدەکات.

هاوکات هەر توخمێکی فەرهەنگیی$X^0$، دەشێت لە ڕوانگەی زانیاریی واتاییەوە، دوو جۆر واتای تێدا هەڵگیرابێت، واتایەکی پێکهاتەیی‌و واتایەکی ناپێکهاتەیی. لەم ڕووەشەوە، بۆ هەر توخمێکی پرۆژەسازدەر، گرنگە فیچەرە واتاییەکان لە هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکەیدا دیاریبکات. زانیاریی سینتاکسیی توخمەکانیش، پەیوەست بە شکانەوە جۆراوجۆرەکانیانەوە دەنوێنرێن (بڕوانە هێڵکاریی (١٨، ١٩)).

## ١/٢_١_٤ پرۆژە سینتاکسییەکانی مۆرفێمی تەکخستن $Conj^0$

پێکەوەبەستن Conjoin; پێواژۆی پێکەوەبەستن/ لینککردنی دوو پێکهاتە، یان زیاترە، کە بەهۆی کۆنجەکشنی تەکخستن Coordinating Conjunctionەوە ڕوودەدات، بە مەرجێك هەردوو پێکهاتە خراوەتەکیەکەکە، هاوجۆر بن[١٨٣].

مۆرفێمی تەکخستن، کەتیگۆرییەکە هاوشێوەی پۆلەڕەگەزەکانی دیکە، سەری فەرهەنگیین، لەو ڕووەوە، کە "وشەیەکە بۆ پێکەوەبەستن‌و خستنەتەکیەکی دوو دەربڕاو، یان زیاتر بەکاردێن"[١٨٤]. ئەم کەتیگۆرییانە، کە لە زمانی کوردییدا بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان پرۆژە ناوەندییەکانی لە چەشنی دەستەواژیلەو دەستەواژە/ فرێز بەرهەمدەهێنن، دەکرێت پەیوەست بە گۆکردنیانەوە بۆ دوو جۆر پۆلێنبکرێن: (ا) مۆرفێمی تەکخستنی فەرهەنگیی $Conj^0$: توخمی فەرهەنگیی /_و_/ دەگرێتەوە، ئەم توخمە لەناواخنیدا زانیاریی فەرهەنگیی هەڵگیراوە، بۆیە وەك سەری پرۆژەسازدەر گۆدەکات‌و لە قۆناغی پاش_فەرهەنگییدا، ئارگومێنتەکەی دیاریدەکرێت، کە لەجۆری تەواوکەری فەرهەنگیی دەبێت، دەرکردەی پرۆسەکەش، $Conj^-$ دەبێت، بەوپێیەی (سەر)ەکە بە تەنها نواندنی نییەو هەمیشە لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا دێت. (ب) تەکخستنی سینتاکسیی $Conj^-$: لە سەرو تەواوکەری فەرهەنگیی پێکدێت،

---

183 بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: FALK, J. S. (1978: 217-219)، هەروەها بشڕوانە: Radford, A. (2004: 443)

184 Radford, A. (2004: 443), RADFORD, A. (2012: 379)

بۆیە ویستەکەی لەجۆری تەواوکەری سینتاکسیی دەبێت، چونکە لە پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)دا هەڵاوێریدەکات، کەواتە هەردوو جۆرەکەی Conj، توانای داواکردنی تەواوکەریان هەن، بەرهەمو دەرکردەی ئەم خستنەتەکیەکەش، لەجۆری فرێزی تەکخراو/ تەکخستن دەبێت.

پرۆژەی فرێزی تەکخراو، "خستنەتەکیەکی گشت ئەو فرێزانەیە، کە لە هەمان کەتیگۆرییەوە هەڵگوێزراون"[١٨٥]، پرۆژەکە بەپێی بنەماکانی تیۆری X-bar پێویستی بە هەبوونی سەرێکی ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرە، کە مۆرفێمی تەکخستن، دەبێتە سەری ڕێزمانیی بۆ بونیاتنانی دروستەی ئەمجۆرە فرێزە (بڕوانە هێڵکاریی (٢٠)). لێرەدا /_و_/ مۆرفێمێکی تەکخستنی فەرهەنگییە، کە دەتوانێت لە هەردوو پێکهاتەی (٢،١)دا بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان، پرۆژەی جیاواز دروستبکات، بەوەش پەیوەست بە یاسای فۆرمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیەوە لە (١٢)دا، دوو شکانەوەی سینتاکسیی لەجۆری دروستەی دەستەواژیلەو دەستەواژەی دەبێت.

١٢) $[Y] + Conj^0$

دەکرێت یاسای (١٢)، تایبەت بە نواندنی فەرهەنگیی مۆرفێمی تەکخستن، بۆ یاسای ژمارە (٧) زیادبکرێت، یاساکەش لە هەردوو پێکهاتەی (١)و (٢)دا بەتەواوی ڕوودەدات، تێیدا Y، ویستی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکەیە، دواتر گواستنەوەی تەواوکەر لە پێکهاتەی سینتاکسیی (١)دا ڕوودەدات، بەوەش ئەوەی بەرهەمدێت، دروستەی دەستەواژیلەی دەبێت، بۆیە پێویستە لەناو پێکهاتەی (٢)دا ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ دەستەبەربکرێت.

شیکردنەوەی داتاکانی سەرەوە ڕوونیدەکەنەوە، کە مۆرفێمی تەکخستن بەوپێیەی سەرێکی پرۆژەسازدەرە، دەبێتە پریدیکاتۆری هەڵاوێرکردنی تەواوکەر بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ناوەندیی دەستەواژیلەو فرێز. بۆ ئەوەش وەك وشەی دەسەڵاتدار، لای چەپی هێڵکارییەکە دەگرێت. ئەو کەرەستانەی بەهۆی مۆرفێمەکەوە لێکدەدرێن، دروستەی فرێزیان هەن، بەڵام بەهۆی مۆرفێمەکەوە، تەواوکەری یەکەم، کە لەژێر ڕکێفیدایە، بۆ دەستەواژیلە دەگۆڕێت، چونکە دەبێتە دروستەیەکی نائازادی سینتاکسیی، پاشان پریدیکات تەواوکەری سینتاکسیی دووەم هەڵاوێردەکات. لەمەوە دەتوانرێت یاسای (١٣) شێوازبەندبکرێت.

---

[185] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٦٧)

١٣) $[Y+[X^0+Y]]$

هێڵکاریی (٢٠)




بەپێی هێڵکاریی (٢٠)، دەتوانرێت بۆ $Conj^0$ وەك $X^0$ ێکی فەرهەنگیی، پەیوەست بە نواندنە فەرهەنگییەکەیەوە، زانیارییە سینتاکسییو واتاییەکانی بنوێنرێن. بڕوانە نموونەی (١٤)و هەنگاوەکانی جێبەجێبوونی ویستی سەرە ڕێزمانییەکەی مۆرفێمی تەکخستن بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان لە هێڵکاریی (٢١)دا.

١٤. /ـوـ/: $Conj^0$

ا. [/ـوـ/+ [ڕەند]] $^{Conj-}$

ب. [$Conj^-$ + [ڕەنوو ]] $^{Conj=}$

هێڵکاریی (٢١)




هێڵکاریی (٢٢)




بەپێی هێڵکاریی (٢٢)، مۆرفێمی تەکخستن $Conj^0$، خوشکی تەواوکەری لای ڕاستەو حوکمیدەکات، هاوکات "دەبێتە سەری ڕێزمانیی فرێزەکە"[١٨٦]و سەرە ئاڕاستە C-commandی تەواوکەرەکەی دەکات، بەوەش ناوی پڕۆژەکە هەڵدەگرێت. لەمەوە مۆرفێمەکە، حوکمی پریدیکاتۆری

[186] P. (354) http://people.bu.edu/bfraser/EDM%20Papers/Carston%20-%20Introduction%20to%20Coordination.pdf

هەیەو سەرەتا تەواوکەری لای ڕاست بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی پریدیکات داوادەکات، پاشان پریدیکاتەکە _$Conj^-$_، کە لە خستنەتەکیەکی سەرو تەواوکەر پێکهاتووە، جارێکی دیکە دەبێتەوە پریدیکاتۆرو تەواوکەری لای چەپ، کە تەواوکەرێکی سینتاکسییە، هەڵاوێردەکات، لێکەوتەی ئەمەش: (١) لەلایەك مۆرفێمەکە کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییەو وەك پریدیکاتۆر گۆدەکات، لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ تەواوکەرەکەیداو وەك بەشێك لە پریدیکات، پێکەوە دەبنە ئارگومێنت_داواکەری تەواوکەری دووەم. (٢) بەهۆی سەری فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەری $Conj^0$ ەوە، دروستە بەرهەمهاتووە سینتاکسییەکە _پڕۆژە گەورەکە_ لەجۆری $Conj^=$ دەبێت، بەوەش $Conj^=$ حوکمی کۆی پڕۆژەکە دەکات/ وەچەئاڕاستەی هەردوو تەواوکەرەکە دەکات. لەمەوە یاسای بەرهەمهێنانی فرێزی تەکخراو بە پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی یاسای (١٣) لە (١٤)دا دادەڕێژرێت. (بڕوانە (١٥)و هێڵکاریی (٢٣))، کە نواندنی پڕۆژەی فرێزێکی تەکخراوە بەپێی تیۆری X-bar بۆ دوو فرێزی دیارخەریی لەناو یەکدا شکاوە. فرێزەکەش بەهەمان سەرەوڕیزبوونەوە، دەچێتەناو پێکهاتەی واتایی (٣)وە.

(١٤ $^{Conj=}[[\,DP\,] +^{Conj-}[\,Conj^0 + DP\,]]$

١٥. ڕەندو ڕەنوو

هێڵکاریی (٢٣)




ئاڕاستەی داواکردنی ئەم توخمە وەك لە هێڵکاریی (٢٣)دا دیارە، سەرەتا بەرەو لای ڕاستو پاشان بە ئاڕاستەی چەپ پێشکەشدەکرێت، بەوەش جیاواز لە گشت سەرە ڕێزمانییەکانی دیکە گۆدەکات، چونکە سەرە ڕێزمانییەکان، ئەوانەی سەرکۆتایین[١٨٧]، ئاڕاستەی داواکردنیان بەرەو لای

[187] تەنانەت ئەو کردارانەش، کە پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی $[V^0+ [Y]\,] + [Y]$ دەکەن، هەرچەندە جارێك کردارە فەرهەنگییەکە $V^0$و جارێکی دیکەش کردارە سینتاکسییەکە $V^-$ تەواوکەر داوادەکەن، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا، ئاڕاستەی داواکردنەکە بەرەو لای ڕاست پێشکەشدەکرێت.

ڕاستو ئەوانەش، کە سەرسەرەتان، ئاڕاستەی هەڵاوێرکردنیان بەرەو لای چەپ دەبێت. لێرەدا گرنگە بگوترێت، هەبوونی دوو ئاڕاستەی جیاوازی هەڵاوێرکردن بەهۆی ئەم توخمەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەرکردەی پێواژۆی خستنەتەکیەك، دیوێکی فەرهەنگیو دیوێکی سینتاکسییشی هەیە، لەبەرئەوەی پرۆژەکە لەلایەکەوە بەهۆی سەرێکی فەرهەنگییەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی تەکخستنی سینتاکسییەوە بەرهەمدێت، بۆیە هەردوو ئاڕاستەکە بوونیان دەبێت. لەلایەکی ترەوە، بنەمای جێبەجێبوونی ئەم دوو ئاڕاستەییە، پەیوەندیی بە واتاو پلەبەندیی بەهای کەرەستەکانەوە هەیە.

شایانی گوتنە لەبەرهەمهێنانی فرێزی تەکخراودا، تەنها گواستنەوەی تەواوکەری فەرهەنگیی بەرەو لای ڕاست لەناو پێکهاتەی (١)دا ڕوودەدات، بەمەش جێکەوتەی ڕاستی (سەر) پڕدەبێتەوەو تەنها جێکەوتەی چەپ بە بەتاڵیی، ئامادەی وەرگرتنی تەواوکەر دەبێت، بۆیە سەرو تەواوکەرەکەی، وەك کەرەستەیەکی ئامادەکراو بە هەمان ڕیزبوونەوە دەچنەناو پێکهاتەی (٢)ەوە بۆ هەڵاوێرکردنی تەواوکەرە سینتاکسییەکەو ڕاستەوخۆ دانانی لە جێکەوتەی چەپدا، ئەمەش وادەکات گواستنەوەی تەواوکەر لە جێکەوتەی لای چەپی سەرەکەدا ڕوونەدات، بەڵام لەتەکئەمەدا، دەکرێت لەبنەڕەتدا ڕیزبوونی کەرەستەکان لە جێکەوتەی ڕاستو چەپدا بەپێچەوانەوە ڕووبدات، چونکە لە فرێزی تەکخراودا، ئازادیی لە هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکاندا هەیە، بەوپێیەی کاریگەریی لەسەر گۆڕینی واتا دروستناکەن، بەڵکو بۆ گوێگر هەمان واتا بەدەستەوەدەدەن. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (١٦). تەنها ئەوەی گرنگە بگوترێت "مەرجی سەرەکی بۆ چوونە تەکیەکی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان لەیەکچوون بوو، بەڵام پێویستە لەنێوانیاندا ڕێکەوتنی واتایی هەبێت"[١٨٨]. وێڕای ئەوەش، هەندێکجار دەبێت ڕێککەوتن لەنێوان فرێزە تەکخراوەکەو کردارەکەدا هەبێت، فرێزە تەکخراوەکە کەتیگۆرییەکی سینتاکسییەو کۆی دروستەکە گۆکردنی دەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە وەك پێشتر خرایەڕوو، کردار بەپێی ئەو ڕۆڵەبابەتانەی لە ناواخنیدا هەڵگیراوە، ئارگومێنتی پێویست هەڵاوێردەکات، بۆیە مەرجە ڕێککەوتن لەنێوان فیچەرەکانی ئارگومێنت_داواکراوەکەو کردارەکەدا هەبێت، تاوەکو هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی بۆ ئەو جۆرە ئارگومێنتە ڕووبدات (بڕوانە (١٧)).

١٦_ا. تریفەو نەوزاد پێکەوە گەڕانەوە. ~ نەوزادو تریفە پێکەوە گەڕانەوە.

ب. سەرو شانم دەیەشێت. ~ شانو سەرم دەیەشێت.

پ. چاو سەمونم خوارد. ~ سەمونو چام خوارد.

---

188 عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٨٤)

ت. دایكو كوڕەكە ئاشتبوونەوە. ~ كوڕو دایكەكە ئاشتبوونەوە.

١٧. * شاخو دەشتەكە ڕایانكرد

### ٢/١_١_٥ پرۆژە سینتاكسییەكانی كردار

كرداریش وەك هەر سەرێكی ڕێزمانیی دیكە، ناواخنی فەرهەنگیی هەیەو هەر بەو ناواخنەشەوە لە فەرهەنگدا تۆماركراوە، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت، كردار جیاواز لە سەرە فەرهەنگییەكانی دیكە، دەشێت لە پۆلەڕەگەزدیاریكردنە فەرهەنگییەكەیدا زیاتر لە نواندنێكی هەبێت، بەوەش لەناو پرۆژەی كردارەكاندا بەپێی ڕێساكانی پرۆژەسازدانو پرۆژەسازدانی فراوانكراو، سەرە دۆخدەرەكان پەیوەست بە جۆری تەواوكەرەكانیانەوە دەگۆڕێن، ئەمەش وادەكات زیاتر لە نواندنێكی سینتاكسییان هەبێت.

بەرلەوەی لە پرۆژەكانی كردار بدوێین، دەبێت ئەوە ڕوونبكەینەوە، كام بەشەی كردار وەك سەری ڕێزمانیی حوكمكەر توانای هەڵاوێركردنی تەواوكەری هەیە. بۆ ئەمەش، گەر بۆچوونمان وەها بێت، كە ناوە كردارییەكان پێشتر كەتیگۆریی سینتاكسیی بوونو مۆرۆفۆلۆژییانە بەهۆی پاشگری /_ن/ی لەكردارخستنەوە بوونەتە دانەیەكی هەڵگوێزراوی فەرهەنگیی، ئەوكات ئەم لێكدانەوەیە پاساوێك دەبێت بۆئەوەی، كرداری فەرهەنگیی بە سەری ڕێزمانیی فرێزی كرداریی دابنێین[١٨٩]، نەك ناوی كرداریی، لەبەرئەوەی: (ا) ناوی كرداریی، كە زاراوەیەكە بۆ فۆڕمە نەریتییەكەی چاوگ، فۆڕمی ناویی كردارەكان دەگرێتەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بە (سەر) هەژمارناكرێت، تاوەكو لە توخم/ سەری فەرهەنگیی ناو $N^0$ جیابكرێتەوە. (ب) لەلایەكی دیكەشەوە، فرێزی تاف بەرهەمی سەری ئەركیی تافە، نەك پرۆژەی كرداری فەرهەنگیی _ڕەگ_[١٩٠]، ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەكی ئەزموونبەند، كە ئەگەرو گریمانەی بەسەربوونی ناوی كرداریی ڕەتدەكاتەوە، چونكە ناتوانێت بە هەمان فۆڕمی فەرهەنگییەوە ببێتە تێكردەی دوو پێكهاتەی جیاوازو فرێزە كردارییەكە بەرهەمبهێنێت، بەڵكو لە قۆناغی یەكەمدا، تەنها كرداری فەرهەنگیی وەك توخمێكی بەدەسەڵات بنەمای بونیاتنانی پرۆژەی (كردار)ە، بەوەش جارێك كردارە فەرهەنگییەكەی $V^0$ دۆخدەرە[١٩١]و جارێكیش كردارە سینتاكسییەكەی $V^-$.

خودی ڕوونكردنەوەكان پرسیارێك بەدوای خۆیاندا دەهێنن، ئەویش ئەوەیە، گەر بڕیار لە بەسەربوونی ناوی كرداریی بدرێت، ئایا لەمبارەدا (سەر) توانای پێدانی چەند دۆخی ڕێزمانیی دەبێت؟

---

[189] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروفو كاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤١٩)، كە بەهەمان شێوە فرێزی كرداریی، بە پرۆژەی ڕەگی كردار دادەنێن.

[190] كردارە فەرهەنگییەكان لێكسیمن، بەڵام ئازادانە بەكارهێنانیان نییە، بەڵكو فۆڕمە ناوییەكەی كردار _ناوی كرداریی_، بە لێكسیمی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ هەژماردەكرێت.

[191] حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٦٦) بۆچوونی وایە، كە ڕەگی كردار ناتوانێت لە ڕۆنانی سەرەوەدا دۆخ بە تەواوكەرەكانی ببەخشێت.

لەکاتێکدا بەپێی تیۆری دۆخ، هەر سەرێکی دۆخدەر، تەنها یەك دۆخی ڕێزمانیی بۆ تەواوکەرەکەی پێیە! هەمبەر بەم بۆچوونەی خرایەڕوو، (حاتەم ولیا محەمەد) لەتێزی دکتۆراکەیدا لەگەڵ ئەوەدایە، کە چاوگ بە سەری فەرهەنگیی فرێزی کرداریی دابنرێت، بۆ ئەمەش وای بۆدەچێت، کە هەر چاوگ فۆڕمی فەرهەنگیی کردارەو لەڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا دەتوانێت ڕۆڵە واتاییەکان بە ئارگومێنتەکان ببەخشێتو کاتێك، کە ڕستەکەش دێتە ڕۆنانی سەرەوە، چاوگەکە فۆڕمێکی گەردانکراوی دەبێتو ئەو فۆڕمە گەردانکراوەش، دۆخە ڕێزمانییەکان بە ڕۆڵە واتاییەکان دەبەخشێت[١٩٢]. بەمپێیە پەیوەست بە سەرە ڕێزمانییەکەی ڕەگەوە، هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی بۆ گشت جۆرەکانی کردار (جگە لەو کردارانەی، دوو تەواوکەر لە نواندنە فەرهەنگییەکەیاندا دیارییدەکرێت) لە سنوری ڕێساکانی پرۆژەسازداندا بەو جۆرە دەبێت، کە لە هێڵکاریی (٢٤_ا)دا نیشاندەدرێت.

هێڵکاریی (٢٤_ا)




پ.٣

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، ئەو کردارانەی پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی $[Y]+[[Y] +V^0]$ دەکەن، بەپێی زانیارییەکانی ناواخنی کردارەکە، ویستی تێرکردنی فرێزە کردارییەکەیان لە کردارەکانی سەرەوە جیاواز دەبێت[١٩٣]، بەجۆرێك وەك یاساکە دەریدەخات، لە فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگییاندا دوو تەواوکەر لەئارادان، تەواوکەری یەکەم، سنور/ مەودای داواکردنەکەی، پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییو لەلایەن $V^0$ ەوە دەبێت، تەواوکەری دووەمیش، لە چوارچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی

192 حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٢٢)

193 بڕوانە: شیکردنەوەو نموونەکانی پەیوەست بە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کردارەوە، ل (١٠٨_١١٠)

سینتاكسییداو لەلایەن $V^-$ ەوە دەبێت. بەوەش وێڕای هێڵكاریی (٢٤_ا)، دەكرێت بۆ هەنگاوەكانی بونیاتنانی فرێزی كرداریی ئەمجۆرە كردارانە، هێڵكارییەكی جیاوازی وەك هێڵكاریی (٢٤_ب) بكێشرێت، كە دەركردەی فرێزە كردارییەكەشی لە جۆری $V^=$ دەبێت.

هێڵكاریی (٢٤_ب)




## ١/٢_١_٥_١ كرداری فەرهەنگیی $V^0$

ڕەگ سەری فەرهەنگیی فرێزی كردارییە[194]، واتە بە زانیارییە سینتاكسیی‌و واتاییەكانییەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە. بەوەش پەیكاڵی كرداری فەرهەنگییە، چونكە هێشتا ویست/ تەواوكەرەكەی هەڵاوێرنەكردووە، لەبەرئەوەیە وەك كەتیگۆرییەكی سینتاكسیی گۆناكات، بەڵام پاش دیاریكردنی تەواوكەرەكەی‌و وەرگرتنی لە سینتاكسدا، ئەوەی بەپێی ڕێسای دووپەلكیی بەرهەمدێت، كرداری سینتاكسیی$V^-$ دەبێت‌و لەوێدا دەسەڵاتی $V^0$ كۆتایی دێت. لەم ڕوانگەیەوە، لەبەرئەوەی لە لێكۆڵینەوەكەدا قۆناغی پاش_فەرهەنگیی (پێش_سینتاكسیی)مان هەیە، بۆیە فرێزی كرداریی وەك فرێزێكی فەرهەنگیی، بە ناواخنەكەیەوە دەچێتەناو پێكهاتەی (٣)یەمەوە، بەمەش دەبێت ویستەكەی، لەلایەك پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریكردنی فەرهەنگیی‌و لەلایەكی دیكەشەوە پەیوەست بە

[194] بڕوانە: ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦: ٨١)

سینتاکسەوە جێبەجێبووبێت.

١٨_ا. تەماتە فرۆش

ب. $[\, V^0 + D^- ]^{V-}$

١٩_ا. یاریکر

ب. $[\ \ldots\ ] + V^0$

لەمەوە بەپێی شیکردنەوەکان، لە ڕێسا دووپەلکییەکەدا $V^0$ بە سەری پڕۆژەسازدەر دادەنێین (بڕوانە هێڵکاریی (٢٥))، بەوەش سەرە فەرهەنگییەکان لەگەڵ تەواوکەرەکەیاندا، کە پڕۆژەیەکی ناوەندیین، جێکەوتەی فرێزی کرداریی $V^-$ لە پێکهاتەی (٣)دا پڕدەکەنەوە. هەروەك نموونەی (١٨_ا) نیشانیدەدات.

هێڵکاریی (٢٥)




لە (١٨_ا)دا ڕەگو تەواوکەرەکەی، نەبوونەتە لێکسیمێکی فەرهەنگیی، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی {تەماتە فرۆش}، تەنها ڕەگەکە، کە /فرۆش/[١٩٥]ە لە فەرهەنگەوە وەرگیراوە، هەرچیی DP ی {تەماتە}شە، ئارگومێنتێکە بۆ ویستی فەرهەنگیی سەرەکەو لە سینتاکسدا داواکراوە، بەوەش لە ڕێسا دوو پەلکییەکەدا تەواوکەرەکە جێکەوتەی Y ی دەگرێت، هەربۆیە {تەماتە فرۆش} پڕۆژەیەکی

[195] وریا عومەر ئەمین (٢٠١٦: ١٣)، بۆچوونی وایە، ڕەگی ڕابردوو بەلابردنی (ن)ی چاووگ دەستدەکەوێت، بۆ ئەوەش نموونەکانی (پرسی، هێنا، چاند، بوو، خەوت)ی بە بەڵگە هێناوەتەوە، بەڵام لە هەنگاوەکانی دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە سەلمێنراوە، کە هەریەك لەو دروستانە، بەرهەمی مۆرفیمی تافن‌و بەوەش وەك فرێزی تاف گۆدەکەن.

سینتاکسیی لەجۆری $V^-$ سازدەکات[١٩٦] (بڕوانە(١٨_ب))، نەك توخمێکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەر $X^0$، کەچیی لەبەرامبەردا لە دروستەی فرێزە کردارییەکەی (١٩_ا)دا، ڕەگو تەواوکەرەکەی، پێکەوە بوونەتە لێکسیمێکی فەرهەنگیی (تێنەپەڕ)، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە /یاریی/ وەك پێکهاتەیەکی نائارگومێنتیی _نابەڵگەیی_ جیانەبووەوە لەکردارەکە دەرکەوتنی دەبێت، واتە ئارگومێنت_داواکراو نییە، بەوپێیەی ئەو **جۆرە** کردارە بەلێکسیمبووانە هاوشێوەی کردارە تێنەپەڕەکان، تەواوکەر داواناکەن، بەڵکو کۆی دروستەی /یاریکر/ وەك توخمێکی پرۆژەسازدەری $V^0$، لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێتو لەسینتاکسیشدا وەك پریدیکاتو پریدیکاتۆری ڕستە گۆدەکات، هەربۆیە ناواخنی کردارەکە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییدا، پەیڕەوی یاسای (١٦) دەکات، وەك لە (١٩_ب)دا دەرخراوە، لەوەشەوە نواندنێکی سینتاکسیی وەك هێڵکاریی (٢٦) ی دەبێت.

هێڵکاریی (٢٦)

VP
|
$V^-$
|
$V^0$
یاریکر

شیکردنەوەی نموونەکان ئەوە دەردەبڕن، کە پێواژۆی بەلێکسیمبوونی کەرەستەکان لە قۆناغی پێش_ڕستەییدا، کاریگەرییان لەسەر پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی کردارەکان دەبێت، بۆ نموونە لە (١٨_ب)دا جێکەوتەی تەواوکەر {تەماتە}، کە کەرەستەیەکی بەڵگەیی سەرە فەرهەنگییەکەیە، واتە ئارگومێنت_داواکراوەو بەخورتیی لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی کردارەکەدا دیاریدەکرێت، بەوپێیەی کردارەکە پەیوەست بە زانیارییەکانی ناویەوە، پەیڕەوی یاسای فۆرمداڕشتنی فەرهەنگیی (١٧_ا) دەکات، بەوەش کردارەکە تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵاوێردەکات، کەچیی لە نموونەی (١٩_ا)دا، لەبەرئەوەی توخمە پرۆژەسازدەرەکە، کە کرداری فەرهەنگیی /یاریکر/ە، پێکهاتەیەکی بەلێکسیمبووە، بۆیە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیدا هیچ تەواوکەرێك داواناکات، بەڵکو پەیوەست بە زانیارییە واتاییەکانی

[196] لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا، کۆی فرێزە خورتییو سەرپشکییەکانی ناو فرێزی کرداریی، بە هۆکاری فراوانکردنی دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداریی دانراون. بڕوانە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٧)، طە ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ٧٣_٧٧)

ناواخنی کردارەکەوە، دەتوانێت بەتەنها دروستەی فرێزی کرداریی پێکبهێنێت، بەوەش وەك کردارێکی تێنەپەڕ گۆدەکات.

### ٢/١_١_٥_٢ گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کردار

ناوە کردارییەکان جگەلە فۆڕمی بنەڕەتییان، کە فۆڕمێکی سادەن، بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پیێ_، تیێ_، لیێ_/وە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییان تێدا ڕوودەداتو بەوەش فۆڕمی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو بە واتاو سینتاکسی نوێوە دەستدەخەن، وەك /پێزانین، تێگەیشتن، لێدان/. ئەم پێشناوانە لەسینتاکسدا بۆ فۆڕمی پێشناوی سینتاکسیی دەشکێنەوەو لەگەڵ تەواوکەرەکەیاندا، پرۆژەی فرێزی پێشناویی PP بەرهەمدێنن.

لە پرۆژە سینتاکسییەکانی کرداردا، پرنسیپە گشتییەکە بەو جۆرەیە، کە لە (١٥)دا شێوازبەنددەکرێت.

١٥) $[Y] + V^0$

هەروەك لە یاسای (١٥)دا هاتووە، دەتوانرێت زانیاریی ناواخنی هەر ڕەگێك بەهۆی فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگییەوە بنوێنرێت[١٩٧]، کە ڕیزبوونێکی فەرهەنگیی بەرجەستەدەکەن، بۆ ئەمەش یاساکانی نواندن پەیوەست بە جۆری کردارەکانەوە، لە چێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا بۆ چەند جۆرێك پۆلێندەکرێن، کە لە (١٦_١٨)دا دادەڕێژرێن.

١٦) $[\ldots] + V^0$ (بڕوانە نموونەی (٢٠)ی ئەم بەشە)

١٧) $[Y] + V^0$:

ا. $[Y] + V^0$ (بڕوانە نموونەی (٢١)ی ئەم بەشە)

ب. $[Y] + V^0$ (بڕوانە نموونەی (٢٢)ی ئەم بەشە)

١٨) ا. $[Y] + [\,[Y] + V^0]$ (بڕوانە نموونەی (٢٣)ی ئەم بەشە)

کردارەکانی لەجۆری $V^0+[\ldots]$، بەپێی زانیارییە ناوەکییەکەیان، هیچ تەواوکەرێك داواناکەن، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم کردارانە لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕن، بەوەش دۆخدەر نین، هەربۆیە ڕەگ بەتەنها بەرهەمهێنەری فرێزی کرداریی دەبێتو دروستەکە تێردەکات. کردارەکانی /چوون، هاتن، ڕۆیشتن، خەوتن/ لەم چەشنەن، کەواتە دەرکردەی پێکهاتەی (١)، بێ بوونی تەواوکەر

---

[197] بۆ پۆلەڕەگەزدیاریکردنی هەندێك کرداری دیکە، بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٨٢_٨٤)، ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٩٥_٩٨)، محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٣٧٤_٣٧٦)

ڕێگەپێدراوە، بەوەش دروستەی فرێزە کردارییەکە، $^{V-}[V^0]$ دەبێت. بڕوانە(٢٠)و هەنگاوەکانی بونیاتنانی لە هێڵکاریی (٢٧)دا.

٢٠_ا. /چوون/:

ب. چ+ [...]

هێڵکاریی (٢٧)




پ.٣

ئەو کردارانەی پەیڕەوی یاسای (١٧_ا،ب) دەکەن، ئەگەرچیی نواندنی فەرهەنگییان لە فۆڕمدا وەکیەکن، کە $V^0$+ [Y] یە، بەڵام ناواخنی کردارە فەرهەنگییەکان لەیەکجیاوازن، بۆیە Y، گۆڕاوێکە بۆ گرتنەوەی ئەو تەواوکەرە جیاوازانە، بەجۆرێك پەیوەست بە جیاوازیی زانیاریی پۆلەڕەگەزییانەوە بەکاردەبرێت، کە دواتر لە سینتاکسدا بەپێی جۆری ئارگومێنتە داواکراوەکە، ناودەنرێن. لەم ڕووەوە یاسای (١٧)، فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگیی دوو کرداری فەرهەنگیی جیاواز لەخۆدەگرێت:

ا. ئەو کردارانەی پەیڕەوی یاسای (١٧_ا) دەکەن، ئەوانەن، کە تێپەڕن‌و ویستێکی فەرهەنگیی لە ناواخنیاندا هەڵگیراوە، بەوەش دۆخ بە تەواوکەرەکەیان دەدەن. وەك ناوە کردارییەکانی /خواردن، بردن، کوڵاندن، شتن، برژاندن، پاککردنەوە، زانین/، کە لە سینتاکسدا دروستەی بەرهەمهێنراوی $V^-$ بەهۆیانەوە، ڕیزبوونێکی سینتاکسیی لە جۆری $^{V-}[V^0+DP]$ ی دەبێت.

بەوپێیە ئەمجۆرە کردارانە، تەواوکەرێك لە جۆری فرێزی دیارخەریی هەڵاوێردەکەن، هەربۆیە گۆڕاوی (Y)ی ناواخنە فەرهەنگییەکەیان لەسینتاکسدا، بە AP/DP ناودەنرێت، بەوەش دۆخی ئەکوزەتیڤ

بە تەواوکەرەکەیان دەدەن‌و هەروەك بە تەواوکەرەکەشیانەوە گۆکردنی فرێزی کردارییان دەبێت، دواتریش هەر بە هەمان دروستەوە ڕێیاندەدرێت ببنە تێکردەی پێکهاتە واتاییەکە. بڕوانە (٢١)و تاقیکردنەوەی هەنگاوەکانی بونیاتنانی ئەمجۆرە فرێزە لە هێڵکاریی (٢٨_ا،ب)دا.

٢١_ا. /برژاندن/:

ب. برژان + [ماسی]

هێڵکاریی (٢٨_ا)




پ.٣٠

هێڵکاریی (٢٨_ب)




پ.٣٠

نواندنی سینتاکسیی فرێزە بەرهەمهاتووەکەی {ماسی برژان}، لە هێڵکاریی (٢٩)دا نیشاندەدرێت.

هێڵکاریی (٢٩)




ب. ناوە کردارییەکانی /پێزانین، تێگەیشتن، پێگەیشتن، لێزانین، تێڕامان/ پەیڕەوی یاسای (١٧_ب) دەکەن، کە وەك ناوە کردارییەکانی جۆری (ا)، فۆڕمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیان $V^0$+ [Y] یە، کەچیی جیاواز لەوان، تەواوکەرەکەیان لە جۆری فرێزی پێشناویی دەبێت، چونکە ئەمجۆرە کردارانە بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ، تێ، لێ/وە هەلگوێزراون، بۆیە فۆڕمی پێشناوەکەیان لە سینتاکسدا بۆ فرێزی پێشناویی دەشکێتەوە، بەوەش گۆڕاوی Yی پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیان، لەسینتاکسدا بە PP ناودەنرێت، هەربۆیە کردارە فەرهەنگییەکانی لەم جۆرە، دۆخ بە دروستەی PP یەکە دەدەن. لێکەوتەی ئەمەش، دەرکردەی پێکهاتە سینتاکسییەکە بۆ $V^-$، دروستەیەکی لەجۆری $[V^0$+PP$]^{V-}$ پەسەنددەکات. بڕوانە (٢٢)و هەنگاوەکانی دروستکردنی فرێزە کردارییەکەی بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان لە هێڵکاریی (٣٠_ا،ب)دا.

٢٢_ا. /لێزانین/:[١٩٨]

ب. زان + [PP] ⟵ لێزان

[198] لەو جۆرە کردارانەدا، کە لە سینتاکسدا شکانەوەی پێشناوی فەرهەنگیی بۆ PP ڕوودەدات، بۆ دیاریکردنی ڕەگی کردارەکە، پێشناوە فەرهەنگییەکە لە ڕەگی کردارەکە جیادەکرێتەوە، چونکە تەنها ڕەگ وەك سەری فەرهەنگیی، توانای هەڵاوێرکردنی تەواوکەری هەیە، لەبەرئەوەی پێشناوە فەرهەنگییەکە دۆخی پێ نییە، بۆیە ئارگومێنت_داواکەر نییە، بەڵکو تەنها وەك فۆڕمێکی ئارگومێنت_داواکراو لەشێوەی pp دا جێکەوتەی تەواوکەر دەگرێت. بەمپێیە فۆڕمی /زان/ لە سینتاکسدا وەك ڕەگی کرداری /لێزانین/ هەژماردەکرێت، نەك فۆڕمی/لێزان/ !

هێڵکاریی (٣٠_ا)




پ.٣

هێڵکاریی (٣٠_ب)




پ.٣

نواندنی سینتاکسیی فرێزە بەرهەمهاتووەکەی {لە کۆمپیوتەر زان}، لە هێڵکاریی (٣١)دا نیشاندەدرێت.

هێڵکاریی (٣١)




پەیوەست بەو کردارانەشەوە، کە ناواخنەکەیان پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی (١٨_ا) دەکەن، وەك /پێکردن، پێدان، لێکردنەوە، لێبردنەوە، تێگوشین، تێخستن، لێبردن/[199]، لەبەرئەوەی بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەلگوێزراون، هەمان دروستەی ئەو ناوە کرداریيانەیان دەبێت، کە یاسای (١٧_ب) پەیڕەودەکەن، بەلام بەپێی زانیارییەکانی ناواخنی کردارەکە، ویستی تێرکردنی فرێزە کردارییەکەیان جیاواز دەبێت، بەجۆرێك لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا دوو تەواوکەر/ ویستی فەرهەنگیی دیاریدەکرێن، کە پاش ڕوودانیان لە سینتاکسدا، یەکێکیان دروستەی PP و ئەوی دیکەشیان دروستەی DP ی دەبێت، بەوەش دروستەی فرێزە کردارییەکە لەجۆری $[[[V^0 + Y]^{V^-} + Y]^{V^-}]^{V^=}$ دەبێت. لەڕووی جێکەوتەو ڕیزبەندیی هاتنی تەواوکەرەکانیشەوە، ڕێسا دووپەلکییەکە پێماندەڵێت، کردارە فەرهەنگییەکە، کە گۆکردنی پریدیکاتۆری هەیە، سەرەتا فرێزە پێشناوییەکە وەك تەواوکەری فەرهەنگیی داوادەکاتو دۆخی ئەکوزەتیڤیشی دەداتێ، بەمە کرداری سینتاکسیی $V^-$ بەرهەمدێت، کە لەم قۆناغەدا لە دەرکردەی یاسای (١٧_ب) دەچێت، بەوپێیەی هەمان دروستەی هەیە، چونکە لە ناواخنیدا تەنها PP یەك هەلگیراوە، بەلام دواتر کردارە سینتاکسییەکە $V^-$، دەبێتەوە بە پریدیکاتۆری سینتاکسیی، بەواتا سەرو تەواوکەر پێکەوە تەواوکەری دووەم، کە دروستەی DP ی هەیە، بۆ پێکهێنانی بەشەکردار/ پریدیکات هەلاوێردەکات، بەوەش تەواوکەری دووەم لەچوارچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسییدا داوادەکرێت، کە $V^-$ ەکە حوکمیدەکاتو دۆخی ئەکوزەتیڤیشی پێدەدات، بڕوانە نواندنی سینتاکسیی هێڵکاریی (٣٢_پ)، بەمەش $V^-$ ێکی دیکە لەچوارچێوەی بەشەکرداردا بەرهەمدێت، هەربۆیە ئەو پرۆژە بەرهەمهاتووەی دەچێتەناو پێکهاتەی واتایی (٣)وە، پرۆژەی $V^=$ دەبێت، لەمەوە دروستەی بەرهەمهێنراوی $V^=$، ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی

[199] محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٦٧)، ئەمجۆرە کردارانە، بە (کرداری تێپەڕی پێشناوییی) ناودەبات.

لــه جۆری $^{V=}[[[V^0 + PP]^{V-} + DP]^{V-}]$ دەبێت، ئەمەش دەریدەخات، بۆ تێرکردنی دروستەی فرێزە کردارییەکە، دوو $V^-$ لە چوارچێوەی هەمان فرێزی کردارییدا دەشکێنەوەو پڕۆژەکە تێردەکەن. بڕوانە (٢٣)و هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فرێزە کردارییەکەی بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان لە هێڵکاریی (٣٢_ا،ب)دا.

شایانی گوتنە، کەرەستەکانی سەرو تەواوکەر لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا بە ڕیزبوونێکی فەرهەنگیی دەنوێنرێنو ئەوەش دەبێتە ڕێسا کوردییەکە پێش کاراکردنی پارامێتەری زمانەکە، چونکە سەرە ڕێزمانییەکە وەك وشەی بەدەسەلأت، حوکمی تەواوکەر دەکاتو هەلأوێریدەکات، بەلأم وەك پێشتر خرایەڕوو، کەرەستەکانی سەرو تەواوکەر لە پێکهاتەی سینتاکسیی (١)دا بەهۆی گواستنەوەی تەواوکەرەوە، ڕیزبوونێکی سینتاکسیی وەردەگرن، ئەمەش وەها دەکات، کردارە سینتاکسییەکە لەچێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسییدا، هەمان ڕیزبوونە سینتاکسییەکەی بۆ هەلأوێرکردنی تەواوکەری دووەم، کە تەواوکەرێکی سینتاکسییە، بپارێزرێت (بڕوانە هێڵکاریی (٢٤_ا،ب))، هەربۆیە جێکەوتەی سەرە ڕێزمانییەکە، کە بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی، کۆتایی کردارە سینتاکسییەکە دەبێت، لە فرێزە کردارییەکەشدا چەسپاوو نەگۆڕ دەبێت. ئەم ڕوونکردنەوانە ئەوە دەسەلمێنن، کە کردار لەلایەك پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییو لەلایەکی دیکەش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی هەیەو هەریەکەشیان خاوەنی زانیاریی واتاییو سینتاکسیی تایبەت بە خۆیانن.

٢٣_ا. /لێکردنەوە/:

ب. $^{V=}$[$^{V-}$ [[DP] +$^{V-}$ [ [PP] +کر_ەوە]]]

هێڵکاریی (٣٢_ا)



هێڵکاریی (٣٢_ب)




هێڵکاریی (٣٢_پ)




وێڕای هەبوونی یاسای (١٨_ا)، کە لەسەرەوە خرایەڕوو، بۆ ناوی کرداریی /فێرکردن/، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا ویستێکی جیاواز لەئارادایە، بەجۆرێك کردارەکە دوو ئارگومێنت لەجۆری DP ی داوادەکات. لەهەنگاوی یەکەمدا، DP یەکیان لەگەڵ کردارە فەرهەنگییەکەدا، $V^-$

بونیاتدەنێت، پاشان $V^{-}$ ئارگومێنتی دووەم هەڵوێردەکاتو بەوەش ئەوەی بەرهەمدێت، دروستەی $V^{=}/ VP$ی دەبێت، کەواتە لەم جۆرە کردارەدا، هاوشێوەی ئەو کردارانەی پەیڕەوی یاسای (١٨_ا) دەکەن، شکانەوەی کردارێکی سینتاکسیی لەناو فرێزی کردارییدا ڕوودەدات، بەوەش چاوەڕێدەکرێت فرێزە کردارییە بەرهەمهاتووەکە دروستەیەکی لە جۆری $[_{V=/VP}[[[V^{0} + DP]_{V-} + DP]_{V-}]$ پەسەندبکات. لەمەوە سەرباری یاسای (١٨_ا)، نواندنی فەرهەنگیی کرداری (٢٤) لە یاسای (١٨_ب)دا پێشنیازدەکرێت.

٢٤_ /فێرکردن/

**١٨) ب. $[Y] + [ [Y] + V^{0}]$**

بڕوانە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فرێزە کردارییەکەی {تۆ فێری دروومان کر} بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان لە هێڵکاریی (٣٣_ا،ب) دا.

هێڵکاریی (٣٣_ا)




پ.٣

هێڵکاریی (٣٣_ب)




پ.٣

نواندنی سینتاکسیی فرێزە بەرهەمهاتووەکەی {تۆ فێری دروومان کر}، لە هێڵکاریی (٣٣_پ)دا نیشاندەدرێت.

هێڵکاریی (٣٣_پ)



### ٣_٥_١_١/٢ کرداری سینتاکسیی $\bar{V}$

پاش ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزی کرداریی لە چوارچێوەی ڕێساکانی پرۆژەسازداندا، پەیوەست بە بنەماکانی تیۆری X_bar ەوە هەردوو بنەمای هەبوونی سەرو ڕێسای دووپەلکییانە جێبەجێدەبن، دەرکردەی پێواژۆی یەکگرتنی سەری کرداری فەرهەنگیی $V^0$و تەواوکەرەکەی لە سینتاکسدا، دروستەی کرداری سینتاکسیی $\bar{V}$ دەبێت، کە تێیدا ئەو ویستە فەرهەنگییەی سەر بەپێی تیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنو پەیوەست بە زانیارییەکانی ناواخنی کردارەکەوە هەڵاوێریدەکات، لە سینتاکسدا جێبەجێدەبێت، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە کرداری فەرهەنگیی $V^0$، تەنها زانیارییە سینتاکسییو واتاییەکانی تێدا هەڵگیراوە، کە بەهۆی قۆناغی پێش_سینتاکسییەوە لە ڕیزبوونێکی فەرهەنگییدا دەنوێنرێن، هەمبەر بەمە لەناو دروستەی کرداری سینتاکسییدا، پێویستییەکانی سەر بۆ پێکهێنانی فرێز، لەناو پێکهاتە سینتاکسییەکاندا تێرکراوە، جگە لەوەی، لەم قۆناغەدا بەهۆی لێدانی پارامێتەرەوە، سەرو تەواوکەر لەناو دروستەی $\bar{V}$ دا ڕیزبوونێکی سینتاکسییان هەن. لەمەوە "فرێزی کرداریی لە زمانی کوردییدا پرۆژەی ڕەگی کردارەکانن"[٢٠٠]، کە وەك دروستەیەکی بێکەموکوڕیی (هەندێك جۆریان پاش پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسیی، ئەوانەی پەیڕەوی یاسای (١٨) دەکەن)، دەبنە تێکردەی پێکهاتە واتاییەکە.

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، کە لە زمانی کوردییدا ڕێژەی کردارە سینتاکسییە بەرهەمهاتووەکان $\bar{V}$ بە بەراورد لەگەڵ کرداری فەرهەنگیی $V^0$ دا، زۆرترو فراوانترن، بەپێچەوانەی کردارە فەرهەنگییەکانەوە، کە کەمو سنوردارن، بەوپێیەی ویستو داواکاریی کرداری فەرهەنگیی وەك سەرێکی پرۆژەسازدەر، لەڕووی واتاوەو پەیوەست بە جۆری زانیارییەکانەوە دەگۆڕێن، ئەمەش ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ تەواوکەرەکانیاندا نەبوونەتە دانە/ توخمێکی فەرهەنگیی، بەڵکو پەیڕەوی یاسای (١٧) دەکەن، لێکەوتەی ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەبڕێت، کە: (ا) تەواوکەری ئەمجۆرە کردارانە دیاریکراوو نیشانەکراو نین، بەڵکو لە سینتاکسدا مارکەیانلێدەدرێت. (ب) پرۆژە ناوەندییە بەرهەمهاتووەکان بەهۆی $V^0$ ەوە، پرۆژەی جۆراوجۆری $\bar{V}$ دەبن. بۆ نموونە لە (٢٥)دا پێدەچێت جێکەوتەی تەواوکەر، بە یەکێك لە DP یەکانی {کتێب، شیعر، ڕۆمان، چیرۆك، ڕۆژنامە، گۆڤار، وتار، پەخشان...تاد} پڕبکرێتەوە، کە $V^0$ ەکە لەسینتاکسدا وەریدەگرێت، بەوەش کردارە فەرهەنگییەکەی /خوێن_ەوە/، چەندین پرۆژەی جیاوازی کرداری سینتاکسیی، پەیوەست بە جیاوازیی تەواوکەرەوە بونیاتدەنێت (بڕوانە هێڵکاریی (٣٤)).

[200] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٨)

٢٥. خوێن_ەوە+ [Y]

هێڵکاریی (٣٤)




سەرباری ئەوەی، ئەو کرداره فەرهەنگییانەی پەیڕەوی یاسای (١٧_ا)دەکەن، لەو ڕووەوە، کە وشەی بەدەسەلاتن، بەهۆی داواکردنی تەواوکەرەوە پێدەچێت چەندین پرۆژەی سینتاکسیی جیاوازی $V^-$ بەرهەمبهێنن، کەچیی سیمانتیکییانە لە هەلاوێرکردنی تەواوکەردا ئازاد نین، بەڵکو ڕێککەوتنی واتایی نێوان سەرو تەواوکەر، بەربەست لەبەردەم فراوانکردنی دروستەکەدا دادەنێن، چونکە پێوەری هەلاوێرکردنی ویستی فەرهەنگیی لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا، بە کۆتو مەرجە واتاییەکانی هەلاوێرکردنی سیمانتیکیی کردارەوە بەندە، بەوەش کۆتوبەندە واتاییەکان ڕێگەنادەن ئاخێوەر سەرپشکییانە دروستەی کردارە سینتاکسییەکان بەرهەمبهێنێت، وەك لە نموونەکانی (٢٦)دا پاسادانکراوە.

٢٦. /خواردنەوە/:

ا. ئاو خواردنەوە

ب. * بەرد خواردنەوە

(٢٦_ا) دروستو ڕێگەپێدراوە، چونکە پەیوەست بە زانیارییە واتاییەکانی سەرە ڕێزمانییەکەی کردارەوە، کە کەرەستەی بەدەسەلاتە، ڕێککەوتنی واتایی لەنێوان ئەو فیچەرانەی سەرو تەواوکەردا هەن، کە سەرە فەرهەنگییەکە دەیکاتە مەرجی دەستنیشانکردنی ویستەکەی، وەك هەبوونی فیچەرەکانی [+شلیی، +شیاویی خواردنەوە] تێیدا، بەپێچەوانەوە نادروستیی (٢٦_ب)، بۆ پێشێلکردنی مەرجی واتایی کردارە فەرهەنگییەکە لە هەلاوێرکردنی تەواوکەرداو ڕێکنەکەوتنی فیچەری واتایی نێوانیان دەگەڕێتەوە، بۆیە ڕێگەنادرێت دروستەکە ڕووبدات.

## ٢/١_١_٦ پرۆژە سینتاکسییەکانی پێشناو[٢٠١] $P^0$

پێشناوەکان لە زمانی کوردییدا هاوشێوەی پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ەکان، سەری فەرهەنگیین‌و بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان‌و لەسەر بنەمای ڕێسای دووپەلکیی، پرۆژە ناوەندییەکانی لە چەشنی فرێز بەرهەمدێنن. پەیوەست بە فۆڕم‌و گۆکردنەوە، پێشناوەکان دوو فۆڕمی جیایان هەن: (ا) فۆڕمی پێشناوە فەرهەنگییەکان $P^0$، فۆڕمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ن، کە بۆ هەڵگواستنی ناوی کرداریی نوێ کاردەکەن[٢٠٢]، بەوەش دەروازەی زانیاریی کردارە بنەڕەتییەکە، بۆ دەروازەیەکی نوێ دەگۆڕن[٢٠٣]. (ب) پێشناوە سینتاکسییەکانی /لە، بە، بۆ/، ئەمجۆرە لە سینتاکسدا گۆدەکەن‌و بە توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەر هەژماردەکرێن، بەوەش هاوشێوەی سەرە فەرهەنگییەکانی دیکە، لە قۆناغی پێش_سینتاکسییاندا ویستە فەرهەنگییەکەیان دیاریدەکرێت، بەڵام بەپێچەوانەی سەرە فەرهەنگییەکانی دیکەوە، ڕیزبوونی فەرهەنگییان لە قۆناغی پاش_فەرهەنگییدا، پەیکاڵی ڕیزبوونە سینتاکسییەکەیان دەبێت لەناو پێکهاتەی (٢)دا، ئەمەش وادەکات لە بەرهەمهێنانی فرێزی پێشناوییدا، گواستنەوەی تەواوکەر ڕوونەدات، وەك لە یاسای (١٩)دا نیشاندراوە، بەڵکو بەهەمان ڕیزبوونەوە جێکەوتەی پێکهاتە واتاییەکە پڕدەکەنەوە، هەر لەبەرئەوەشە (ا) بەپێی ڕێسای جیهانیی کاردەکەن، واتە ڕێسای تایبەتیی پەیکاڵی ڕێسا جیهانییەکەیە، ئەویش بەوپێیەی پێشناو لە هەموو زمانەکاندا سەر_سەرەتایەو ئاڕاستەی پێدانی دۆخی ڕێزمانییان لە ڕاستەوە بەرەو لای چەپ دەبێت، (ب) پێشناوەکان وەك هەموو سەرە ڕێزمانییەکانی تر، لە سینتاکسدا نواندنی سینتاکسییان دەبێت‌و ئاستی نواندنەکەیان دەبێتە PP، بڕوانە هێڵکاریی (٣٥).

**١٩) P+ [Y]**

هێڵکاریی (٣٥)




ڕوونکردنەوەکان پێماندەڵێن، کە بۆیە پێشناوە سینتاکسییەکان بە سەری فەرهەنگیی دادەنرێن، چونکە ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن‌و دەبنە تێکردەی پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)، واتە پاش

---

[201] بەپێی هەندێك سەرچاوە، پێشناوەکان لە تەك (دیارخەر، واژەگۆکەر، تاف)دا، بە کەتیگۆریی ئەرکیی دادەنرێن. CARNIE, A. (2011: 337)

[202] بۆ زانیاریی، بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٧٣)

[203] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠٠١: ١٧٢_١٧٣)

ئەوەی لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا تەواوکەرێك داوادەکەن[٢٠٤]، ئەوکات $P^0$ و Y پێکەوە لەناو پێکهاتە سینتاکسییەکەی (٢)دا ڕوودەدەن، دەرکردەی پڕۆسەکەش، فرێزێکی فەرهەنگیی لەجۆری فرێزی پێشناویی PP دەبێت، بڕوانە (٢٧)و هێڵکاریی (٣٦).

٢٧. لە+ [Y]

هێڵکاریی (٣٦)




پ.٣

پەیوەست بە پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە، وەك ئاماژەی پێدرا، ناوە کردارییەکانی لە جۆری /پێزانین، تێگەیشتن، لێبوردن، لێخۆشبوون/[٢٠٥] هەڵدەگوێزن، کە لە قۆناغی پێش_سینتاکسییاندا پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی (١٧_ب) دەکەن، بەوەش ئەم پێشناوە فەرهەنگییانە لە سینتاکسدا فۆڕمەکەیان بۆ فۆڕمی پێشناوی سینتاکسیی دەشکێتەوەو وەك سەری ڕێزمانیی حوکمکەر گۆدەکەن، بەجۆرێك فۆڕمی /پێ_/ بۆ {بە + Y }، فۆڕمی /تێ_/ بۆ {لە+ Y }، پێشناوی /لێ_/ش بۆ {لە+ Y } دەشکێنەوە، بەوەش دروستەی PP ی بەرهەمدێنن (بڕوانە (٢٨))، ئەوکات پێشناوە سینتاکسییەکە حوکمی تەواوکەرەکەی دەکاتو دۆخی ڕێزمانییشی پێدەدات. لەمەوە دروستەی سینتاکسیی فرێزە کردارییەکە بۆ کردارە فەرهەنگییەکانی سەرەوە، دروستەیەکی لە جۆری

[204] Haegeman, L. (1994: 103)

[205] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ناوی کرداریی هەڵگوێزراو پەیوەست بە پێشگرە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە، بڕوانە: ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦: ١٢٧_ ١٣٢)

$^{V-}[V^0 + pp]$ یان دەبێت.

٢٨_ا. من لە ئەو دەبورێم. /لێبوردن/

ب. ئەو لە مەبەستی من دەگات. /تێگەیشتن/

پ. من بە دڵسۆزیی ئەو دەزانم. /پێزانین/

ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن، (ا) پێشناوە فەرهەنگییەکان، زانیاریی واتایی گشتییان تێدایە، کە لە سینتاکسدا ڕووندەبنەوە. (ب) پاش شکانەوەیان لە سینتاکسداو بەرهەمهێنانی فرێزی پێشناوییPP، دۆخی ڕێزمانیی بە تەواوکەرەکانیان دەدەن، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە ئەو پێشناوانە، بەفۆڕمە فەرهەنگییەکەیانەوە توانای پێدانی دۆخیان نییە، واتە دۆخدەر نین[٢٠٦]. گرنگە ئەوەش بگوترێت، فرێزە پێشناوییەکانی (٢٨)، ئارگومێنت_داواکراوی ناوەکیی کردارەکەن، بۆیە هەبوونیان لەناو دروستەی فرێزە کردارییەکەدا خورتییە، چونکە "بەشێك لە ڕستەی کوردی بەهۆی فرێزی پێشناوییەوە وەك پێکهێنێکی چەسپاو تەواودەکرێت، واتە دەبێتە بەشێکی بنجی لە فرێزە کرداریەکە"[٢٠٧]، بەپێچەوانەی ئەو فرێزە پێشناوییانەی، کە گۆکردنیان ئاوەڵکردارییانەیەو لەناو دروستەی فرێزە کردارییەکەدا سەرپشکین[٢٠٨].

جێی سەرنجە، جگە لەو ناوە کردارییانەی (٢٨)، کە فۆڕمی هەڵگوێزراویان هەن، ئەو کردارە لێکدراوانەش[٢٠٩]، کە پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ بوونەتە بەشێك لە دروستەی مۆرفۆلۆژییان، ئەوانەیان، کە پەیڕەوی یاسای (١٧_ب) دەکەن، فرێزە پێشناوییەکانیان، کە لە ئەنجامی شکانەوەی پێشناوەکانەوە لە سینتاکسدا بەرهەمدێن، وەك ئارگومێنت گۆدەکەن (بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێردا هاتووەکانی (٢٩))، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بە هەمان شێوەی ناوە کردارییەکانی /پێزانین، تێگەیشتن، لێبوردن/، PP یەکان لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی کردارەکاندا وەك ئارگومێنت_داواکراوی ناوەکیی، دیاریدەکرێن، هەربۆیە وەك تەواوکەر گۆدەکەن‌و لەلایەن کردارە فەرهەنگییەکەوە دۆخیان پێدەدرێت، لێکەوتەی ئەمەش، فرێزە کردارییەکە دروستەیەکی لەجۆری $^{V-}[V^0+PP]$ پەسەنددەکات. بەمەش لابردنی ئەو تەواوکەرانە، کەلێنی سینتاکسیی‌و واتایی دروستدەکەن‌و ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمدێنن (بڕوانە (٢٩_ت)).

٢٩_ا. من ڕوو لە ئەو دەنێم. /ڕوولێنان/

---

[206] بڕوانە: ٣/٣_٥، ل (١٩٨_ ٢٠٢)

[207] تالیب حسێن عەلی (١٩٩٨: ٢٢)

[208] بڕوانە: ٢/١_١_٧، ل (١١٨_١٤٤)

[209] بڕوانە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١: ٨٨_٨٩)

ب. دەشنێ چاوی لە من کرد. /چاولێکردن/

پ. زانا دەستی بە کارەکە کرد. /دەستپێکردن/

ت. * من ڕوو دەنێم

ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە پرۆژە سینتاکسییەکانی پێشناو، بەپێی جۆرو ویستی فەرهەنگیی کردارەکە، دوو نواندنی سینتاکسیی جیایان هەن: (١) لەگەڵ دروستەی کردارە فۆڕمگۆڕاوەکانی (٢٨)و (٢٩)دا، ئەوانەی پەیڕەوی یاسای (١٧_ب) دەکەن، نواندنی تەواوکەریان دەبێت، واتە وەك ئارگومێنت پێویستیی ناواخنی کردارەکە تێردەکەن. (٢) هەمان دروستەی فرێزە پێشناوییەکان، بەگشتیی لەگەڵ ئەو کردارانەدا، کە پەیڕەوی یاسای $V^0$+ [...]دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی پێشناوی /پێ_، تێ_، لێ_/ لە دروستەکانیاندا نین، پەیوەست بە پێدانی زانیاریی زیاترو پەسنکردنی ڕوودانی کردارەوە، نواندنی AdvP یان دەبێت، بۆیە تەواوکەر نین، بەڵکو کەرەستەی سەرپشکین، وەك دواتر لە فرێزی ئاوەڵکردارییدا دەخرێنەڕوو.

## ٢/١_١_٧ فرێزی ئاوەڵکرداریی

ئاوەڵکردارەکان وەك پێکهاتەیەکی سەربار[٢١٠]، فرەجۆرن‌و پەیوەست بە ئەدگاری سیمانتیکیی نواندنەکانی کردارەوە، ئەو زانیارییانە پەسندەکەن، کە لەناو دروستەی کرداردا بە مۆرفێم دەرناخرێن، لەم ڕووەشەوە "لەبەرئەوەی ئاوەڵکردار ناشکێتەوە، وەك وەچەگروپێکی Subgroup واژەگۆکەرەکان پۆلێنکراوە"[٢١١]. ئاوەڵکردارەکان لەڕووی دروستەوە دوو جۆرن: (ا) ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی $Adv^0$; ئەوانەن، کە بە زانیارییە سینتاکسیی‌و واتاییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون‌و بەگشتیی لە زمانەکانی جیهاندا ژمارەیان کەمە. لە کوردییدا وشەکانی /زوو، درەنگ/[٢١٢] لە جۆری ئاوەڵکرداری کاتیی فەرهەنگین، کە خاوەنی فۆڕمێکی بنەڕەتین. (ب) ئاوەڵکرداری سینتاکسیی $Adv^-$; ئەو جۆرانە دەگرنەوە، کە لە سینتاکسدا بەهۆی جێکەوتەو هەبوونی واتای ئاوەڵکردارییەوە بەرهەمدەهێنرێن،

---

[210] سەربار لەڕووی سینتاکسەوە لادەبرێت، چونکە لابردنی، نابێتە هۆی ناڕێزمانی بوون. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٢٧). هەروەك لەم لێکۆڵینەوەیەشدا، /سەربار/ بە واتای /سەرپشکیی/ بەکارهێنراوە، کەچیی بە بۆچوونی هەندێك توێژەر، سەربار ئەو سەگمێنتە وابەستانەی کرداری لێکدراون (یان داڕێژراون)، کە لەناو ڕستەدا لە بناغە کردارییەکانیان جیادەبنەوەو جێکەوتەی ئارگومێنتێك ناگرن. ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦: ١٠٦).

[211] محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢١٧)

[212] ا. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٣٩)، فۆڕمەکانی /زوو، درەنگ/ بە ئاوەڵناو دادەنێت.

ب. جگەلە فۆڕمەکانی /زوو، درەنگ/، ئەدڤێربەکانی /هێشتا، دیسان، خۆزگە، ڕەنگە، کاشکی، هەڵبەت، هەرگیز،...هتد/و پێشگرە سینتاکسییەکانی /ڕۆ_، هەڵ_، دا_/ش، بەهۆی بەخشینی واتای ئاڕاستەکردنی شوێنەوە، وەك ئەدڤێربڵ گۆدەکەن. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٢٧

بەمەش پێشبینیی ئەوە دەکرێت، مۆرفۆلۆژییو سینتاکس بەهۆی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژییو بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسییەوە، ئەو کەلێنە واتاییانە پڕبکەنەوە، کە پێدەچێت لە فەرهەنگی زمانەکەدا هەبن. بەوپێیەی "ئەو چەمکو ناوەڕۆکانەی هەنو سیمای فرێزەشکاوەکانی ناو بەشە کردار (Predicate) نیشاندەدەن، لە مۆرفۆلۆژییو سینتاکسدا فۆڕمیان بۆ دادەڕێژرێتو بەجەستەدەکرێن"[٢١٣].

## ٢/١_١_٧_١ فرێزی ئاوەڵکرداریی و مەوداکانیان

بەپشتبەستن بە ئەو بنەمایەی، لەناو هەر توخمێکی فەرهەنگییدا بەلایەنی کەمەوە چوار زانیاریی هەن: (١) زانیاریی فۆنۆلۆژیی، (٢) زانیاریی مۆرفۆلۆژیی، (٣) زانیاریی سینتاکسیی، (٤) زانیاریی سیمانتیکیی، لەناو ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکانیشدا دوو لەو زانیارییانە بۆ پێواژۆی پێدانی واتای ئاوەڵکرداریی بە دانەی تر، گرنگو پێویستن، ئەوانیش: (١) زانیاریی سینتاکسیی، کە بە دروستە، پۆلەڕەگەزو جێکەوتەی بەکارهێنان_ئەرکی سینتاکسیی_ەوە پەیوەستە. (٢) زانیاریی واتایی، بە کاتو شوێنو چۆنیەتیی ڕوودانی کردارەوە بەندە. بەوەش زانیارییەکانی (کات، شوێن، چۆنیەتیی)، فیچەری ئاوەڵکرداریینو بەهۆی فۆڕم/ دروستەی ئاوەڵکردارییەوە لە فەرهەنگدا پەسنکراون.

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، ئەگەرچیی فرێزی ئاوەڵکرداریی، پرۆژەی سەری ڕێزمانیی ئاوەڵکردارە[٢١٤]، واتە ئاوەڵکردارەکان وەك سەری AdvP گۆدەکەن[٢١٥]، کەچیی ئاوەڵکردارەکان لە جۆری فرێزی هەڵواسراون، بەوپێیەی "ئەو پێکهاتانە لەلایەن پریدیکاتەوە داواناکرێن"[٢١٦]، بۆیە لە دەرەوەی پرۆژەسازداندان، چونکە ئارگومێنت_داواکراو نینو بەهۆی وشەی بەدەسەڵات/ پرۆژەسازدەرەکانەوە بەرهەمناهێنرێن، بەڵکو سەرپشکییانە لە سینتاکسدا بونیاتدەنرێن. لەلایەکی دیکەوە، ئاوەڵکرداری کاتیی لەو ڕووەوە، کە پەیوەستن بە پێدانی زانیاریی لەبارەی کاتەوە، لەناو بەشەکرداراو لە سنوری فرێزی تافدا ڕوودەدەن، نەك فرێزی کرداریی، چونکە "فرێزی کرداریی لە زمانی کوردییدا پرۆژەی ڕەگی کردارەکانن. لەبەرئەوەی ڕەگەکان تافیان تێدا نییە، بۆیە ئاوەڵکرداری کات ناچنە (Specifier/Spec.) ی فرێزە کردارییەکانەوە"[٢١٧]. بەپێچەوانەوە ئاوەڵکرداری شوێنو چۆنیەتیی، جیاواز لە ئاوەڵکرداری کاتیی، بە فرێزی کردارییەوە هەڵدەواسرێنو نۆدی VP

---

[213] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٤)

[214] MATTHEWS, P. (2007: 10)
[215] WEKKER, H. & HAEGEMAN, L. (1996: 61)
[216] Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 146)

[217] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٨-٢٦٩)

حوکمیاندەکات، چونکە لەلایەك سیمانتیکییانە بە خستنەڕووی زانیاریی لەبارەی شوێنو چۆنیەتیی ڕوودانی کردارەوە پەیوەستن، لەلایەکی دیکەشەوە، جگەلە هەبوونی مۆرفێمی تاف، لەناو کرداردا هیچ مۆرفێمو نیشانەیەکی دیکە، ئاماژەپێدەری چۆنیەتییو شوێنی ڕوودان نیین.

## ٢/١_١_٧_٢ ئاوەڵکرداری کاتیی

وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، خودی ئەو زانیارییە واتاییو سینتاکسییانەی لە ناواخنی ئاوەڵکرداری فەرهەنگییدان، دەبن بە پێوەرو بنەما بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵکرداری سینتاکسیی. هەربۆیە کاتێك دەرفەت بە پۆلەڕەگەزەکانی دیکە دەدرێت دەرکەوتنی ئاوەڵکردارییان هەبێت، کە سیمانتیکییانە پەیکاڵی نیشانەکانی ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکان بن، چونکە "هەبوونی ئاوەڵکرداری کات لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا، بەواتا هەبوونی جێکەوتەی سینتاکسییو نیشانەی ئاوەڵکردارییە"[٢١٨]، واتە بوونی ئەو ($Adv^0$) یانە لە فەرهەنگدا، بەڵگەیە بۆ هەبوونی زانیاریی سینتاکسییو واتایی، بۆ ئەمەش دەبێت ئەو فیچەرانە هەڵبهێنجین، کە زانیاریی ئەبستراکتی ناواخنی ئاوەڵکردارەکانن، تا ببنە پرنسیپی بەکاربردنی ئاوەڵکردارییانەی پۆلەڕەگەزەکانی دیکە. بۆ نموونە تەنها ئەو ناوانە ڕێیاندەدرێت لەسینتاکسدا جێکەوتەی ئاوەڵکردارەکانی /زوو، درەنگ/ بگرن، کە لەڕووی واتاوە بەهەمان شێوەی ئەو ئاوەڵکردارانە، فیچەری کاتیان تێدا بێت، کەواتە بۆ ئەو توخمانەی، خۆیان واتای ئاوەڵکردارییان تێدایە، خشتەی (٢) نەخشەدەکێشرێت.

خشتەی (٢)




---

[218] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٤)

فۆڕمەکانی /پاییز، هاوین/، بۆیە دەتوانن لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکاندا بێن، چونکە هەردووکیان لە زانیاریی دەربڕینی واتای کاتو نیشانەکردنیدا هاوبەشن، بە دەربڕینێکی دیکە، هەمان فیچەری [+کات] هەردوو پۆلەڕەگەزەکە کۆدەکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی /پاییز، هاوین/ سەر بە پۆلەڕەگەزی ناو $N^0$ ن، ئەو فرێزانەی بەهۆی ئەم ناوانەوە بەرهەمدەهێنرێن، تەنها فرێزی دیارخەریی دەبن (بڕوانە (٣٠_ا))، بۆیە توانای بوون بە ئاوەڵکرداریان نییە، مەگەر بە هەمان زانیاریی [+کات]ەوە لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداردا بەکاربهێنرێن، ئەوکات لەجۆری فرێزی ئاوەڵکرداریی‌ئاسای سینتاکسیی دەبن.

٣٠_ا. هاوین زوو گەڕایەوە.
ب. پاییز سەیرانێکمان ڕێکخست.
پ. سەیرانێکمان ڕێکخست.
ت. مانگی یانزە/ ڕۆژی ٧ ی مانگی یانزە سەیرانێکمان کرد.

فرێزە هەڵواسراوەکان لە سینتاکسدان، بەوەش ئاوەڵکردارەکان جگەلە /زوو، درەنگ/، نواندنی فەرهەنگیی $X^0$ یان نییە، هەربۆیە هاوشێوەی ئارگومێنتی دەرەکیی، ڕاستەوخۆ دەچنەناو پێکهاتەی (٣)وەو دەکرێن بە فرێز. بۆ نموونە پەیوەست بە گۆکردنی بکەرییەوە، لە (٣٠_ا)دا {هاوین} دەتوانێت گۆکردنی DP ی هەبێت، بەوەش گۆکردنە فرێزییەکەی ڕێیدەدات ڕاستەوخۆ لەناو دروستەی قووڵ/ پێکهاتەی (٣)دا دابنرێت، بێ ئەوەی پێویستی بە بڕینی پێکهاتە سینتاکسییەکانی پێش قۆناغی واتایی هەبێت (بڕوانە هێڵکاریی (٣٧)). ناوەکە دەبێتە DP یەکی دۆخدار، چونکە (ا) وادادەنرێت هەموو بکەرێك نواندنی فەرهەنگیی $D^0$+ [Y] ی هەیە، واتە بەهۆی سەرێکی دەرنەبڕاوەوە دروستەکە بەرهەمدێت، بەوەش {هاوین} وەك بەشەبکەر جێکەوتەی Spec دەگرێت، Spec [٢١٩]یش جێکەوتەی کەرەستەیەکی دۆخدارە. (ب) خاڵی (ا) پاساوی سینتاکسیی بۆ ئەوە دەهێنێتەوە، کە DP ی {هاوین} لە ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕاستەوخۆ دەچێتەناو پێکهاتە واتاییەکەوە، هەروەك هەمان لێکدانەوەش بۆ AdvPی {هاوین}، دەستدەدات (بڕوانە هێڵکاریی (٣٨)).

---

[219] بشڕوانە: عرفان مستەفا حمە ڕحیم (٢٠٠٣: ٣٦)

هێڵکاریی (٣٧)




هێڵکاریی (٣٨)




له (٣٠_ب)دا لەبەرئەوەی {پاییز} جێکەوتەی ئاوەڵکرداری گرتووە، کەواتە هیچ دۆخێکی نابێت، چونکە ئاوەڵکردار لەو کەرەستە زمانییانەیە، کە نە دۆخ دەداتو نە دۆخیش وەردەگرێت. هەروەك بۆ دۆزینەوەی جێکەوتەی ناوەکە /پاییز/، پشت بە زانیارییە سینتاکسیی‌و واتاییەکانی /زوو، درەنگ/ بەستراوە، بەوەش ئەو کەرەستە/ ناوانەی لەڕووی واتاوە پەیکاڵی ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکانی /زوو، درەنگ/ بن، دەتوانن لە جێکەوتەی ئەواندا ئاوەڵکردارئاسا ڕووبدەن (بڕوانە هێڵکاریی (٣٩))، کە دەریدەخات، /پاییز/ وەك توخمێکی فەرهەنگیی $N^0$، ڕاستەوخۆ جێکەوتەیەك لە پێکهاتەی (٣)دا دەگرێت، کە گۆکردنی فرێزی لەجۆری $Adv^-$ ی دەبێت، دواتریش جێکەوتە هەڵواسراوەکەی هێڵکاریی (٤٠)، بۆچوونەکە پشتڕاستدەکاتەوە، بەوپێیەی بە ناوێك پڕکراوەتەوە، کە جێکەوتە سینتاکسییەکەی، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای پێبەخشیوە، بەوەش $N^0$ ی /پاییز/، نابێتە تێکردەی هیچ کام لە پێکهاتە سینتاکسییەکانی (١، ٢)، بەڵکو لەبەرئەوەی پەیوەست بە جێکەوتەکەیەوە کەرەستەیەکی

سەرپشكییە، بۆیە گۆكردنە فرێزییەكەی، ملكەچی جێبەجێكردنی ئەو مەرجە سینتاكسییانە نابێت، كە بۆ گۆكردنی هەر فرێزێك لەئارادان.

هێڵكاریی (٣٩)




هێڵكاریی (٤٠)




لە (٣٠_پ)دا، لەبەرئەوەی تاڤ كردارەكە تافێكی ئەبستراكتی ڕابردووە، بۆیە زانیاریی ڕەهای لەسەر دیاریكردن‌و نیشانەكردنی كات تێدا نییە، بەڵكو تەنها زانیاریی لەبارەی ڕوودانی كردارەكە لەڕابردوودا دەستدەخات، لەبەرئەوە زانیارییەكان كراوەو نادیاریكراو دەبن، هەربۆیە "تاف وەك

کەتیگۆرییەکی گراماتیکیی، پێویستی بە نیشانەکردن هەیە بەهۆی کەتیگۆرییەکی دیکەوە"[٢٢٠]، بۆ نموونە ئەو زانیارییەی لە (٣٠_پ)دا پەیوەست بە کاتی ڕوودانەوە بە گوێگر دەگات، لێڵو ناڕوونە، بەوەش هەڵگری کۆمەڵێك وێناو ئەگەری جیاواز دەبێت، بەو واتایەی، گۆڕاوەو پێدەچێت چەند تەسەورێك لای گوێگر بەجێبهێڵێت، هەروەك دەشێت کاتی ڕوودانەکە بۆ گوێگر /هاوین، پاییز، زستان، بەهار، دوێنێ، پێرێ.....تاد/ بێت، بەڵام لە (٣٠_ب)دا دەرکەوتنی سینتاکیسییانەی /پاییز/ لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، تافەکە مارکەدەکات. بەوەش فرێزی ئاوەڵکردایی‌و ئاوەڵکردارییئاسا، دەبنە کۆنکرێتکەری تاف ڕوودان، چونکە لەڕووی واتاوە زانیاریی زیاترو زۆرتر لەبارەی کاتی ڕوودانەوە دەدەن، لەوەش زیاتر، هەندێك ناوی دیکەی ئاوەڵکردارئاسا هەن، بڕی زانیاریی زیاتریان تێداهەڵگیراوە، بۆیە ڕوونترو دیاریکراوتر زانیاریی کاتی ڕوودان ئاشکراو جێگیردەکەن، نموونەی (٣٠_ب) بە (٣٠_ت) بەراوردبکە! بەوەش ئاوەڵکردارەکانی کات: (ا) جڵەوی مارکەکردنی فرێزی تاف TP یان گرتووە. (ب) دەکەونە ژێر ڕکێفی نۆدی TP یەوەو لەلایەن ئەویشەوە حوکمدەکرێن. هاوکات لەبەرئەوەی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان دۆخیان نییە، جێگۆڕکێ پێکردنیان لە ڕستەدا ئازادو ڕێپێدراوە (بڕوانە (٣١)).

٣١_ا. دوێنێ ئێوەم لەبازاڕ بینی.

ب. ئێوەم لەبازاڕ بینی دوێنێ.

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بێت، Adverb زاراوەیەکە بۆ ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی، کە دەبنە پێوەرو بنەما بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسا Adverbial لە سینتاکسدا، ئەمانیش "جومگەی ڕستەن، کە ئاکارو ئەدگاری ڕووداوێك‌و کردەیەك، پەیوەست بە کات، شوێن، جۆرو شێوەو...هتد دەوە ڕێکدەخەن"[٢٢١]، لەم ڕوانگەیەوە بۆئەوەی ئەم ئاوەڵکردارانە ڕووبدەن، دوو مەرج لەئارادان:

١. هەبوونی واتای ئاوەڵکرداریی (کات، شوێن، چۆنیەتیی) لە توخم/ پۆلەڕەگەزەکەدا.

٢. بەکارهێنانی جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکردار.

بەمپێیە Adverbial پۆلەڕەگەزی دیکەن‌و بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو مەرج‌و بنەمایانەی سەرەوە، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسایان دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو فرێزێك لە قۆناغی پێش_سینتاکسییدا، نواندنێکی فەرهەنگیی دەبێت، کە بنەچەو بنەڕەتێکی فەرهەنگییەو

---

[220] Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 214)

[221] محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢١٩)

بنەمای بەرهەمهێنانە سینتاکسییەکەی مسۆگەردەکات. بۆ نموونە /باش/ لە فەرهەنگدا لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوە، کەچیی لە سینتاکسدا بەهۆی بەکارهێنانی لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداردا پەیوەست بە چۆنیەتیی ڕوودانی کردارەکەوە، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداریی-Adv دەبێت (بڕوانە (٣٢_ا))، بەوەش لەناو فرێزە کردارییەکەدا ڕوودەدات. لە (٣٢_ب،پ) یشدا، فرێزەکانی {بەخێرایی، لەهەولێر} لەڕووی دروستەوە فرێزی پێشناویین، کەچیی لەڕووی ئەرکەوە جێکەوتەی ئاوەڵکردار لە سینتاکسدا پڕدەکەنەوە، ئەویش بەهۆی بوونی واتای ئاوەڵکردارییەوە تێیاندا.

٣٢_ا.منداڵەکە باش خەوت.

ب. ئەو بەخێرایی کارەکەی ڕاپەڕاند.

پ. ئەوان لە هەولێر گەڕانەوە.

کەواتە پێویستە زانیارییە فەرهەنگییەکان لە توخمێك_ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی_دا هەبن[٢٢٢]، تا بکرێنە پێوەرو بەهۆیانەوە کەرەستەی زمانیی دیکە، بەهەمان واتاوە لە سینتاکسدا گۆبکەن (بڕوانە (٣٣))، هەروەك "باشترین ڕێگا، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کەرەستانەی، ئەم چەشنە فرێزە دادەڕێژن، سینتاکسە"[٢٢٣].

٣٣. /زوو، درەنگ/
- + بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵکرداریی
- – دۆخپێدەر
- – دۆخ_وەرگر
- + ئەرکی سینتاکسیی دەرخەری تاف

بە پشتبەستن بە (٣٣)، بۆ گۆگردنی ئاوەڵکردارییانەی توخمێك لە پۆلەڕەگەزی جیاواز، پێویستە ئەو زانیاریی‌و فیچەرانە بکرێنە مەرج، وەك لە خشتەی (٣)دا زیاتر ڕوونکراوەتەوە:

[222] بەبۆچوونی ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٢٩)، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی فرێزە ئەدڤێربڵییەکان ئەوەیە، کە وشە ئەدڤێربەکان لە زمانی کوردیدا نیشانەی تایبەتیی مۆرفۆلۆژییان نییە.

[223] ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٢٩)

خشتەی (٣) پێدانی زانیاریی $Adv^0$ی بە پۆلەڕەگەزە جیاوازەکان




هەر توخمێکی فەرهەنگیی، پەیوەست بە جۆری پۆلەڕەگەزەکەیەوە، زانیاریی زمانیی جیاوازی تێدا هەڵگیراوە، بەوەش جیاوازیی زانیارییەکانی ناواخنی هەر توخمێك، گۆکردنی جیاوازیان لە سینتاکسدا پێدەدات. بۆ نموونە وشەی /هاوین/، زانیاریی واتاییو سینتاکسیی وەك ئارگومێنت/ پۆلەڕەگەزی (ناو) تێدایە، نەك وەك ئاوەڵکردار (بڕوانە (٣٤))، هەمبەر بەمە وشەکانی /زوو، درەنگ/ بەوپێیەی ئاوەڵکردارن، زانیاریی ئاوەڵکردارییان تێدایە، وەك لە (٣٣)دا نیشاندران، بەوەش ئەو زانیارییانەی لە /زوو، درەنگ/دا هەن، لەوانە جیاوازن، کە لە ناوی ئاوەڵکردارییی /هاوین/دا هەن. لە /هاوین/دا واتا فەرهەنگییەکەی، هەلومەرجی گۆڕانی زانیارییەکانی بە ئاوەڵکردار بۆ دەڕەخسێنێت، چونکە مەرجی بوون بە ئاوەڵکردار بۆ هەر توخمێك، لەسەر ئەو زانیارییانە وەستاوە، کە ناوەڕۆکو واتای توخمەکە لە بنەڕەتدا دەریاندەبڕێت (بڕوانە (٣٣، ٣٤))، هەربۆیە بەهۆی هەبوونی فیچەرە واتاییەکەی [+کات]ەوە لە /هاوین/دا، کەرەستەکە دەبێتە هەڵگری واتای ئاوەڵکرداری کاتیی، ئەمەش بەسە بۆئەوەی ڕێپێبدرێت لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەرکەوتنی سینتاکسیی هەبێت.

٣٤. هاوین/ ناو
+ بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی
+ دۆخ_وەرگر
+ ئەرکی سینتاکسیی

بەمپێیە، بۆئەوەی /هاوین/ ببێت بە فرێزی ئاوەڵکردارییئاسا، دەبێت لەناوبخرێت، واتە ئەو زانیارییە فەرهەنگییانە لەدەستبدات، کە توخمەکە لەبنەڕەتدا هەیەتی، چونکە بەهەمان پۆلەڕەگەزی (ناو)ەوە، ناتوانێت گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییی هەبێت، بەڵکو وەك لە (٣٤) دا نیشاندراوە، توخمەکە

له بنەڕەتدا سینتاکسییانە فرێزی دیارخەریی DP ی بەرهەمدەهێنێت، ئەوەش دەیکاتە کەرەستەیەکی دۆخدەرو هەم دۆخ_وەرگر، جگە لەوەی گۆکردنی سینتاکسیی جیاواز لە ئاوەڵکرداری دەبێت، کە هیچ زانیارییەك لەبارەی کردارەوە نادات. لەبەرامبەردا، مەرجی ئاوەڵکردار لە فەرهەنگدا چەسپاوە، هەربۆیە ئەو مەرجانە دەکرێنە پێوەر بۆئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە لە ناو Nەوە بۆ ئاوەڵکردار Adv، پەیوەست بە واتاو جێکەوتەوە لەچوارچێوەی سینتاکسدا ڕوودات.

لەڕووی جێکەوتەوە، ئاوەڵکردار دەچێتەناو فرێزە هەڵواسراوەکانەوە، چونکە:

١. کەرەستەیەکی دۆخدەر نییەو هاوکات دۆخیش وەرناگرێت.

٢. لەسەرەورپیزبوونو بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکانی ڕستەدا، جێکەوتەیەکی چەسپاوی نییە، بەڵکو لە جوڵانو جێگۆڕکێپێکردندا ئازادە.

٣. لەڕووی سینتاکسییەوە دەتوانرێت دەرنەبڕدرێت_لاببرێت_، چونکە وەچەپێکهاتەیەکی خورتییو بنەڕەتیی ڕستە نییە، بەڵکو "سەربارەکان سەرپشکینو زانیاریی زیادە دەردەبڕن"[٢٢٤]، بەواتا "سەربارەکان گراماتیکییانە داواناکرێن، بۆیە ئازادن"[٢٢٥] و هەر لەبەرئەوەشە بە ئارگومێنت دانانرێن.

## ٢/١_١_٧_٣ ئاوەڵکرداری شوێنیی[٢٢٦]

هەر لەڕوانگەی چەمکە ئاوەڵکردارییەکانەوە، جگەلە ئاوەڵکرداره فەرهەنگییەکانی /زوو، درەنگ/، ئاوەڵکرداری شوێنییمان نییە، کە بە زانیارییەکانییەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیرابێت، بۆیە دەبێت بەپێی ئەو پێوەرانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، ئەمجۆرە ئاوەڵکرداره لە سینتاکسدا بەرهەمبهێنرێت. بۆ نموونە ناوەکانی/سلێمانی، شار/، کە لە بنەڕەتدا ئارگومێنتو زانیارییین، واتای ئاوەڵکرداری شوێنیان تێدایە، چونکە ناوی شوێنو جێگەن، بۆیە هەبوونی واتای ئاوەڵکرداریی، ڕێیاندەدات لە سینتاکسدا جێکەوتەی ئاوەڵکردار بگرنو بەوەش، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداری شوێنییان هەبێت.

٣٥. من بۆ سلێمانی/ شار دەچم.

لە (٣٥)دا، پێشناوی سینتاکسیی /بۆ_/، ناتوانێت (ناو) لە ئاماژەپێکەرێکی گشتییەوە بۆ ناوی شوێن بگۆڕێت، بەڵکو دەبێت زانیاریی شوێن لە خودی ئەو (ناو)ەدا هەبێت، کە ئاخێوەر مەبەستیەتی

---

[224] Aarts, B. (2001: 21)

[225] Bussmann, H. (2006: 21)

[226] بەپێی هەندێك بۆچوون، فرێزە ئەدڤێربڵییەکانی (کات، شوێن، چۆنیەتیی) لەو جۆرانەن، کە لە گۆکردنی سەربارییاندا، فرێزی کرداریی فراواندەکەنو دەرکەوتنیان پشت بە واتاو جۆری کردار، لەگەڵ ڕۆڵو واتای بکەر دەبەستێت. بڕوانە: ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٣٥)

جێکەوتەی ئاوەڵکرداری شوێنیی پێپڕبکاتەوە. کەواتە /شار/[227] لەبنەڕەتدا واتای شوێنی تێداهەڵگیراوە، بۆیە دەتوانێت گۆکردنی ئاوەڵکرداری هەبێت، پێشناوی /بۆ_/ش، تەنها ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ ناوەکە دەستەبەردەکات، بەوەش پێشناوە سینتاکسییەکە، دۆخی داتیڤ بە تەواوکەرەکەی دەدات، بەڵام فرێزە پێشناوییەکە، کە فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێنییە، جگەلە حوکمکردنی، هیچ دۆخێکی لەلایەن کردارەکەوە پێنادرێت، چونکە کردارەکە تێنەپەڕە، بەوەش لەناواخنیدا هیچ ویستێکی فەرهەنگیی نییە، سەرباری ئەوەی، ئاوەڵکردار کەرەستەیەکی بێ دۆخە، لەبەرئەوە دەربڕینی PP یەکە سەرپشکییو ئارەزوومەندانە دەبێت.

ناوەکانی /سەر، ژێر، بەرامبەر، تەنیشت، پێش، پاش،...هتد/ ئەگەرچیی واتای ئاوەڵکردارییان هەن، بەڵام ناتوانن لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەرکەوتنیان هەبێت، چونکە بە تەنها گۆکردنیان نییە، بەڵکو ئەو واتا ئاوەڵکرداریییانەی لە ناواخنیاندا هەڵگیراون، بەهۆی ناوێکەوە بەرجەستەیاندەکەن، بەوەش هەردووکیان پێکەوە، جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێن دەگرن (بڕوانە (٣٦_پ)).

٣٦_ا. * گوڵدانەکەم سەر/ مێز دانا

ب. * گوڵدانەکەم سەرمێزەکە دانا

پ. گوڵدانەکەم لە سەرمێزەکە دانا.

نموونەی (٣٦_ا) نادروستە، چونکە ناوی ئاوەڵکردارییی /سەر/، پێویستی بە ناوێکە، کە واتای شوێنی تێدابێت، بۆئەوەی واتا ئاوەڵکردارییەکەی خۆی بۆ بگوێزێتەوە، چونکە بەهۆی ناوەکەوە، واتای ئاوەڵکردارەکە بەدیاریکراویی ڕووندەبێتەوە، هەروەك /مێز/یش، لەبەرئەوەی فیچەری [+شت] ی هەیە، بەهەمان شێوە ناتوانێت ئەو گۆکردنەی هەبێت، بەڵکو دەبێت بەهۆی ناوی ئاوەڵکردارییەوە بۆ [+ ناوی شوێن] بگۆڕێت، بەوەش لە ناوی (شت) دەخرێتو هەم دۆخیشی نابێت. لە (٣٦_ب)یشدا، ئەگەرچیی ناوی /مێز/، پێویستیی ناوە ئاوەڵکردارییەکەی بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵکردارییی تێرکردووە، کەچیی ڕێگەپێنەدراوە، چونکە ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ دەستەبەرنەکراوە، بەڵکو تەنها بەهۆی ناوی ئاوەڵکردارییی /سەر/ەوە لەناوی شتەوە بۆ ناوێك گۆڕاوە، کە فیچەری [+شوێن]ی هەیە، کەواتە بۆئەوەی پرۆژەکە تەواو و بێ کەموکوڕیی بێت، دەبێت پێشناوەکان دۆخیان بدەنێ، چونکە پێدانی دۆخو حوکمکردنیان، مەرجی ڕوودانیانە لە جێکەوتەی فرێزدا، بۆیە لە (٣٦_پ)دا پێشناوەکە[228] مۆڵەتی

---

[227] ناوی گشتیی جێگا (name of place 1) وەك (شار، لادێ،..)، ناوی تایبەتیی جێگاش (name of place 2) وەك (سلێمانی، هەولێر، کۆیە،...) ئەمانە لەو ناوانەن، کە دەتوانن ببنە یەکێك لە ئارگومێنتە داواکراوەکانی کردار. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خاوەنی دۆخی ڕێزمانیی بکەرییو بەرکارییین. بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٨٠)

[228] بە بۆچوونی هەندێك توێژەر، فۆڕمی /لە سەر/ بە پرپۆزیشنی لێکدراو لەقەڵەمدەدرێت. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٤٣)

گۆکردنی سینتاکسیی بە دروستەی فرێزی {سەرمێز} دەبەخشێتو دۆخی داتیڤی پێدەدات، بەڵام فرێزە پێشناوییەکەی {لە سەرمێزەکە} لەلایەن کردارەکەوە هیچ دۆخێکی پێنادرێت، چونکە وەك پێشتر خرایەڕوو، ئاوەڵکردارەکان دۆخی ڕێزمانیی وەرناگرن.

٣٧_ا. ژێرمێزەکەی گسکدا.

ب. ژوورەکەی گسکدا.

پ. جانتاکە ژێرئاوکەوت.

ت. * کەشتییەکە ژێر نەوت کەوت

ج. ملوانکەکەم لەژێر ئاوەکەدا دەرهێنایەوە.

ح. بازنەکەم کەوتە ژێرئاوەکەوە.

خ. جانتاکە کەوتەناو ئاوەکەوە.

د. تەرمەکە سەرئاوکەوت.

لە (٣٧_ا)دا، کردارەکە تێپەڕە، بۆیە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا پەیڕەوی یاسای $[DP]+V^0$ دەکات، واتە بۆ تێرکردنی فرێزە کردارییەکە، لە ویستە فەرهەنگییەکەیدا تەواوکەرێك داوادەکات، کە دەشێت یەکێك لە فیچەرەکانی [+شوێن] بێت، ڕستەکە بە(٣٧_ب) بەراوردبکە! لەمەوە، هەرچەندە فرێزی {ژێرمێز} بەهۆی ناوی شوێنیی /ژێر/ەوە، واتاو زانیاریی ئاوەڵکرداری شوێنیی دەدات، کەچیی فرێزەکە ئارگومێنتەو لەلایەن کردارەکەوە هەڵاوێردەکرێت، بەوەش فرێزە دیارخەرییەکە وەك تەواوکەری کردار، گۆکردنی بەرکاریی دەبێت، نەك ئاوەڵکرداریی، بۆیە لەلایەن کردارەوە دۆخی ئەکوزەتیڤیی پێدەدەرێت، ناوە ئاوەڵکردارییەکەی /ژێر/یش، دەبێتە دەرخەری پێشەوەی $D^-$ ەکەو بە $DP$ یەکەدا هەڵدەواسرێت (بڕوانە هێڵکاریی (٤١)).

هێڵکاریی (٤١)



نموونەو داتاکانی (٣٧_ا،پ)، تەواو لەیەکجیاوازن، چونکە لە (٣٧_ا)دا وەك گوترا، {ژێرمێز} دروستەیەکی سینتاکسییەو بەهۆی ناوی ئاوەڵکرداری شوێنیی /ژێر/ەوە بەرهەمهێنراوە، کە ئارگومێنتێکی خورتییو داواکراوی کردارەکەیە، بەڵام لە (٣٧_پ)دا، فۆرمی {ژێرئاوکەوت}، کردارێکی بەلێکسیمبووی فەرهەنگییە، هەربۆیە وەچەپێکهاتەی بەشەکردار_ پریدیکات_ی ڕستەکە پێکدەهێنێت، بەوەش سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرەو لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، پەیڕەوی یاسای $V^0$ + [...] دەکات، بەوپێیەی لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕەو هیچ ویستو ئارگومێنتێك لەناواخنیندا هەڵنەگیراوە. بەلێکسیمبوویی ئەم فۆرمە، هۆکارە بۆئەوەی نەتوانرێت کردارە فەرهەنگییەکە بۆ کەرت/ یەکە پێکهێنەرەکانی شیتەڵبکرێت، بەمەرجێك بەهەمان واتاو زانیارییەوە بێت، لەتەکئەمەشدا، ڕێگە بە کردەی ئاڵوگۆڕ، یاخود لەبریدانانی هیچ کام لە یەکەکانی نادات (بڕوانە (٣٧_ت))، چونکە لە فەرهەنگی کوردییدا */ژێر نەوت کەوتن/، توخمو دانەی فەرهەنگیی نییە، ئەمانەش ئەوە دەردەبڕن، کە لە (٣٧_پ)دا فۆرمی /ژێرئاو/ بەشێکە لە کردارە فەرهەنگییەکەو مۆرفۆلۆژییانە خراونەتەکیەك، بەپێچەوانەی (٣٧_ج)ەوە، کە تێیدا دروستەی {ژێر ئاوەکە} بەهۆی ناوی ئاوەڵکرداری شوێنیی /ژێر/ەوە لە سینتاکسدا بەرهەمهێنراوە، کە پەیوەست بە دەربڕینی زانیاریی شوێنەوە، PP ی {لەژێرئاوەکەدا} فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێنە، بۆیە فرێزێکی سەرپشکییەو لەلایەن کردارەکەوە تەنها حوکمدەکرێت، گرنگە ئەوەش بگوترێت، کە (٣٧_پ) سیمانتیکییانە لە (٣٧_خ) جیاوازەو پەیکاڵی یەك نین، چونکە (٣٧_پ) واتای /نقومبوون/ دەدات، بەڵام لە (٣٧_خ)دا مەرج نییە کەرستەکە نقومبووبێت، ئەمەش پەیوەندیی بە جیاوازیی واتای کردارەکانی هەردوو ڕستەکەوە هەیە. نموونەی (٣٧_ح)، کردارە تافدارەکەی {کەوت}ەو فرێزە پێشناوییەکەی {ە ژێرئاوەکەوە}ش، هەمان حوکمی PP ی (٣٧_ج) ی هەیە، کە فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێنییە، (٣٧_ح) بە ڕستەی >ئەو کەوتە چاڵەکەوە.< بەراوردبکە!

شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە ناتوانرێت لەڕێی فۆرمی دروستەکانەوە، پێشبینیی ناسینەوەو دیاریکردنی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان بکرێت، بەڵکو واتاو زانیارییەکانی خودی کردارە فەرهەنگییەکە، پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنو پێویستییەکانییەوە بۆ تێرکردنی فرێزە کردارییەکە، بڕیار لە چییەتیی ناوەڕۆكو گۆکردنە جیاوازەکانی دروستەکان دەدەن، هەربۆیە مەرج نییە دروستەیەکی وەك /سەرئاو/، یاخود /ژێرئاو/، بەبەردەوامیی گۆکردنی ئاوەڵکردارییان هەبێت (بڕوانە (٣٧_پ،د))، کە فرێزی {سەرئاوکەوت} لە (٣٧_د)دا، هەمان لێکدانەوەی کردارە بەلێکسیمبووەکەی (٣٧_پ) هەڵدەگرێت.

جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پێدانی فیچەرە واتاییەکانی ئاوەڵکردار بە پۆلەڕەگەزی جیاواز بۆ گۆکردنیان لە جێکەوتەی AdvPی شوێنییدا، بەپێی پێواژۆی سینتاکسییانە، یاخود مۆرفۆلۆژییانە دەبێت، کە لەخوارەوە، هەر یەکێکیان بە هێنانەوەو ڕاڤەکردنی داتای پێویست، تاقیدەکرێنەوە.

**٢/١_١_٧_٣_١ پێواژۆی سینتاکسییانە**

بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوە بێت، هەبوونی مەرجی واتایی بۆ گۆکردنی ئاوەڵکردارییانەی توخمێك، بنەمایەکی گرنگو پێویستە، هەربۆیە ئەو پۆلەڕەگەزانەی مەرجی واتاییان تێدایە، تەنها مەرجی سینتاکسیی، پێویستیی ئەو توخمانە بۆ گۆکردنیان لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا پڕدەکاتەوە، بەپێچەوانەوە، ئەو پۆلەڕەگەزانەی [− فیچەری ئاوەڵکرداریی]ن، دەبێت هەردوو مەرجەکەیان قبوڵبێت، بەجۆرێك لە هەنگاوی یەکەمدا فیچەرە واتاییەکانیان پێبدرێتو دواتریش سینتاکسییانە بواری ڕوودانیان لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا بۆ بڕەخسێنرێت، بەوپێیەش "لە دروستەی ڕستەدا ئەو وشەو فرێزو ڕستانەی لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون، دەبنە فرێزی ئاوەڵکردارئاسا، چونکە ڕۆڵی ئاوەڵکردار دەبینن"[٢٢٩].

٣٨_ا. *من ئێستا لە تەلەفریك دانیشتوم

ب. من ئێستا لە تەلەفریکدا دانیشتووم.

پ. دوێنێ ئەم کاتە لە هەولێر دەگەڕاینەوە.

ت. * دوێنێ ئەم کاتە لە هەولێردا دەگەڕاینەوە

ج. لە پارکی ئازادییەوە بەپێ هاتینەوە.

ح. * لە پارکی ئازادیی بەپێ هاتینەوە

پاشگرە سینتاکسییەکانیش، دەتوانن بەهەمان شێوەی ناوە ئاوەڵکردارییەکانی سەرەوە، واتای شوێن بەو وشانە بدەن، کە لەبنەڕەتدا ئەو واتایەیان تێدا نییە. بۆ نموونە لە ڕستەی (٣٨_ا)دا، بۆیە /تەلەفریك/ ناتوانێت لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ڕووبدات، لەبەرئەوەی ناوێکە، فیچەرەکانی [+شت، −شوێن] ی هەیە، بەوەش هاتنی لەو جێکەوتەیەدا ڕستەیەکی نادروست بەرهەمدەهێنێت، هەربۆیە پێویستە فیچەری [+شوێن] بە ناوەکە بدرێت، ئەوەش بەهۆی پاشگری سینتاکسیی /_دا/[٢٣٠]وە

---

229 ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠: ٥٧)

230 ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٦٢)، ئەو ئاوەڵکردارانەی دروستەی PP یان هەن، بە (ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی) دادەنێت، پێشیوایە، ئەمجۆرە ئاوەڵکردارانە، بەیاریدەی پێشبەندو پاشبەند سازدەبن، لەم ڕووەشەوە پەیوەست بە پاشگری سینتاکسیی /_دا/وە، {لەماڵدا، لەکتێبدا، لەگێرفاندا}ی بە نموونە هێناوەتەوە.

ڕوودەدات، کە بە وەرگرتنی، ناوەکە دەبێتە [−شت، +شوێن]، ئەمەش وادەکات فرێزە پێشناوییەکەی {لە تەلەفریك} واتای شوێن دەربپڕێتو جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێن لە ڕستەکەدا بگرێت. لەمەوە، بۆیە سەرەتا فرێزە پێشناوییەکە بەرهەمدێت، چونکە پێشناوەکە پرۆژەسازدەرەو بەوەش تەواوکەرێك، کە DP یە داوادەکاتو دۆخی داتیڤیشی پێدەدات، دواتر پاشگری سینتاکسیی /_دا/، بۆ بەرهەمهێنانی فرێزە ئاوەڵکردارییئاساکە، دەچێتەسەر PP یەکەو فیچەرەکانی ناوی شوێنی پێدەدات[231]، ئەوکات پاشگرەکە (ا) لەلایەك گۆکردنە سینتاکسییەکانی، ئاوەڵکرداریین[232]، (ب) لەلایەکی دیکەشەوە، دۆخی خستنەپاڵ/ جێنەتیڤ بە PP یەکە دەدات. فرێزە ئاوەڵکردارییەکەش، نواندنی هێڵکاریی (٤٢)ی دەبێت.

هێڵکاریی (٤٢)




لە (٣٨_پ)دا، لەبەرئەوەی /هەولێر/ ناوی شوێنە، کەواتە لەبنەڕەتدا مەرجی یەکەمی تێدایە، بۆیە ڕاستەوخۆ دەتوانێت بەهۆی پێشناوەکەوە، گۆکردنی سینتاکسییانەی ئاوەڵکرداری هەبێت، کەچیی لە (٣٨_ت)دا، هاتنی پاشگری سینتاکسیی/_دا/ کەمبەهایەو ڕستەکەی کردووەتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی، چونکە /هەولێر/ خۆی، ناوێکە [+ شوێن]ەو ناتوانرێت جارێکی دیکە بەهۆی /_دا/وە هەمان فیچەری واتایی پێببەخشرێتەوە، بۆیە بەو دروستەیەوە ڕێگەپێنادرێت. هەروەك لەڕستەی (٣٨_ج)دا پاشگری سینتاکسیی /_ەوە/ لەو ڕووەوە، کە "شوێنی دەرچوونو سەرەتای دەستپێکردنی جووڵەیەك یان ڕووداوێك نیشاندەدات"[233]، کەواتە بەپێدانی فیچەری [+شوێن] بە PP ی {لەپارکی ئازادیی}، هەمان

[231] "/_دا/ لەگەڵ فرێزی پێشناویی سەرپشکییدا، بۆ دیارییکردنی کاتو شوێنو بۆ هاوڕێیەتییکردن لەگەڵ پێشناوی /لەگەڵ، لەتەك/دا، دێن". محەمەدی مەحویی‌و ئەوانی تر (٢٠١٠: ٦٥)

[232] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٤٦)

[233] سەرچاوەی پێشوو

ئەرکی پاشگری/_دا/ی بینیوە، هەر لەبەرئەوەشە هۆی ڕێگەنەدانی (٣٨_ح)، بە پاساوی نەبوونی پاشگری /_ەوە/ ڕووندەکرێتەوە.

٣٩_ا. *وێنەکانم لە کۆمپیوتەر هەڵگرتووە

ب. وێنەکانم لە کۆمپیوتەردا هەڵگرتووە.

(٣٩_ا) بەهەمان هۆکاری (٣٨_ا) ڕستەکی نادروستە، بەڵکو دەبێت بەپێی ئەو میکانیزمانەی لە خشتەی (٣)دا خرانەڕوو، هەلومەرجی بوون بە ئاوەڵکردار بۆ ناوەکە /کۆمپیوتەر/ بڕەخسێنرێت، چونکە لەبنەڕەتدا خاوەنی فیچەرەکانی (٤٠)ە، لەبەرئەوە پاشگری سینتاکسیی /_دا/ لەسەر بنەمای زانیارییەکانی $Adv^0$، بەپێدانی زانیاریی شوێن، ئەو گۆڕانە واتاییە لە بناغەکەدا دروستدەکات، بەوپێیەی ئەم پاشگرە"شوێنی کارو چالاکییو ڕوودان دەردەخات"[٢٣٤]، بەوەش دروستەی PP یەکە دەبێتە خاوەنی فیچەرەکانی (٤١)و لە جێکەوتەی $Adv^-$ دا دەرکەوتنی دەبێت.

٤٠. /کۆمپیوتەر/
+ ناوی ئامێر
+ دۆخدەر
+ دۆخ_وەرگر
+ Dp

٤١. {لە کۆمپیوتەردا}
+ $Adv^-$
– دۆخدەر
– دۆخ_وەرگر
+ ئەرکی سینتاکسیی دەرخەری شوێن
+ تێداهەڵگرتن

**٢/١_١_٧_٣_٢ پێواژۆی دیسپلینکردنی مۆرفۆلۆژییانە**

وێڕای ڕێگای سینتاکسیی، دەکرێت ڕێگای مۆرفۆلۆژییش بۆ هەڵگواستنی ئەو وشانە تاقیبکرێتەوە، کە بەهۆی لکاندنی مۆرفۆلۆژییانەی پاشگرەوە، واتای شوێن دادەڕێژن، چونکە پاشگرەکان وشەی

[234] محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٤٦)

بەدەسەڵاتن‌و بەپێی ئەو زانیارییانەی لەناواخنیاندا هەن، تەواوکەری فەرهەنگیی هەڵوێردەکەن، بەجۆرێك لەڕێی فیچەرەکانیانەوە، واتاو زانیارییە ئاوەڵکردارییەکان دەئاخنرێنە ناو ئەو فۆڕمانەوە، کە سەر بە پۆلەڕەگەزی جیاوازن (بڕوانە خشتەی (٣))، بەوەش دەرکردەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکە، فۆڕمێکی دیسپلینکراو دەبێت بە فیچەری [+ ناوی شوێنیی] یەوە، کە فۆڕمدارشتنێکی نویٚ بە واتای ئاوەڵکردارییەوە بە دروستەکان بەخشراوە (بڕوانە (٤٣_ب)). ئەمەش بەهۆی پاشگرەکانی /_ستان، _گە/_گا، _دان، _زار، _جاڕ، _ەڵان/ەوە ڕوودەدات (بڕوانە (٤٢_ا)). هۆی نەشکانەوەی {لەدارەکە} لە (٤٢_ب)دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە /دار/ فیچەری [+شت]ی هەیە، بەوەش مەرجی یەکەمی پێشێلکردووە، کە هەبوونی واتای ئاوەڵکردارییە، بۆیە نەتوانراوە بەهۆی پێشناوی /لە_/وە ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ دەستەبەربکرێت، کەواتە بەبیٚ پابەندبوون بە مەرجە واتاییەکەوە، مەرجە سینتاکسییەکە جێبەجێناکرێت، بە دەربڕینێکی دیکە، جێبەجێکردنی مەرجە سینتاکسییەکە، وابەستەی هەبوونی مەرجی واتایی دەبێت (بڕوانە فیچەرەکانی /دار/ لە (٤٣_ا)دا).

٤٢_ا. /_ستان/ + [دار] ⟵ دارستان

ب. *شالاٚو لە دارەکە پیاسەدەکات

پ. زرنگ لە دارستانەکە پیاسەدەکات.

ت. زرنگ پیاسەدەکات.

٤٣_ا. /دار/
+ ناوی شت
+ بەرهەمهێنانی DP
+ دۆخدەر
+ دۆخ_وەرگر
+ ئەرکی سینتاکسیی

ب. /_ستان/
+ پاشگر
+ واتای شوێن/ ڕووبەری فراوان
+ مۆرفێمی بەدەسەڵات

پاش ئەوەی بە ڕێگایەکی مۆرفۆلۆژییانە وشەی /دارستان/ هەڵگوێزرا، واتای دەرکردەکە جیاواز لە بناغەکەی، لە [+ ناوی شت] ەوە بۆ [+ ناوی شوێن] گۆڕاوە، بەوەش ئەو فیچەرانەی دەبێت، کە لە

(٤٤)دا نیشاندراون، ئەوکات بوونی مەرجی واتایی تێیدا، ڕێگا بۆ جێبەجێکردنی مەرجە سینتاکسییەکە خۆشدەکات، بەوەش /دارستان/ لە (٤٢_پ)دا بەهۆی پێشناوی /لە_/وە ڕێپێدەدرێت لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا وەك فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێن گۆبکات، کە تێیدا پێشناوەکە دۆخ بە فرێزە دیارخەرییەکەی {دارستانەکە} دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی PP ی {لە دارستانەکە} ویستێکی بەڵگەیی/ ئارگومێنتیی کردارەکە نییە، لەلایەن کردارەکەوە دۆخ وەرناگرێت، بەڵکو لابردن‌و دەرنەبڕینی لەڕستەکەدا، ڕێپێدراوە (بڕوانە (٤٢_ت)).

٤٤. دارستان ( + ناوی شوێن<br>+ بەرهەمهێنانی ئاوەڵکردار<br>+ ئەرکی سینتاکسیی تەواوکەر )

پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، کە ئاوەڵکرداری شوێنیی، لە مەودای فرێزی کرداریدا ڕوودەدات (بڕوانە هێڵکاریی (٤٣)).

هێڵکاریی (٤٣)




لە نموونەکانەوە ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجین، کە بۆ بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری سینتاکسیی شوێنیی لە پۆلەڕەگەزی ناو، پێوازۆی سینتاکسییانە، یاخود مۆرفۆلۆژییانە جێبەجێدەکرێن، بەجۆرێك: (١) بەهۆی سینتاکسەوە، گۆڕینی فیچەری واتایی تەواوکەر لە [+شت]ەوە بۆ فیچەری [+شوێن] ڕوودەدات، لەلایەك بە خستنەسەری ناوە ئاوەڵکردارییەکانی /ژێر، سەر، بەرامبەر، تەنیشت...هتد/و لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی پاشگرە سینتاکسییەکانی /_دا، _ەوە/وە. (٢) بەهۆی پێوازۆی

مۆرفۆلۆژییانەوە، پاشگرەکانی /_ستان، _گا/_گە، _دان، _زار، _جار، _ەڵان/، مۆرفۆلۆژییانە واتای شوێن بە دەرکردە هەڵگوێزراوەکە دەدەن. کەواتە ئەگەر سینتاکس کۆنکرێتکەری زانیاریی‌و واتا هەبووەکانی ناو فەرهەنگ بێت، ئەوا پشتڕاستی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، کە فەرهەنگ بنەماو مەرجەعی بنەڕەتیی زانیارییە نوێنراو و بەرجەستەکراوەکانە لە فۆڕمی سینتاکسییدا، هەربۆیە ئاوەڵکرداری سینتاکسیی $Adv^{-}$، وابەستەی هەبوونی زانیاریی ئاوەڵکرداره فەرهەنگییەکان دەبێت.

## ٢/١_١_٧_٤ ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی

ئاوەڵناو $A^0$ ەکان خاوەنی زانیاریی واتایی‌و سینتاکسیی خۆیانن، لەو ڕووەشەوە، کە سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرن، زانیارییەکانیان لە هەردوو پێکهاتەی (٢،١) داو بەهۆی ڕێسای پرۆژەسازدانەوە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی دەستەواژێلەو دەستەواژە_فرێز_ دەخرێنەگەڕو بەکاردەبرێن، چونکە وەك پێشتر خرایەڕوو، ئاوەڵناو لەو پۆلەڕەگەزانەیە، کە بە تەنها ناچێتەناو پێکهاتە واتاییەکەوە، بەڵکو بە تەواوکەرەکەیەوە، کە لە فۆڕمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیدا دەنوێنرێت، دروستەی فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت، کە تێیدا "ئەم دوو کەرتە _تەواوکەرو سەر_ بەیاریدەی /_ی/، کە مۆرفێمێکی خستنەپاڵی سینتاکسییە، پێکەوە دەبەسترێن"[٢٣٥] و دروستەکە بونیاتدەنێن. بەمەش ئەو دروستەیەی لە پێکهاتەی (٢) دەکەوێتەوە، پاش جێبەجێکردنی پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەی، هەمان زانیاریی سینتاکسیی توخمە فەرهەنگییەکەی ئاوەڵناوی نییە، کە بەهۆی فیچەرەکانییەوە لە (٤٥)دا نیشاندەدرێن.

٤٥. ئاوەڵناو
( + چۆنیەتیی
+ سەری ڕێزمانیی
+ دۆخ‌و حوکمکردن
+ پرۆژەسازدەر )

پەیوەست بەو زانیارییانەوە، کە لەبارەی ئاوەڵناوەوە خرانەڕوو، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، بۆچیی‌و چۆن دەتوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی، سوود لە ئاوەڵناوەکان وەربگیرێت؟

وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە فەرهەنگی کوردییدا هەروەك فیچەرەکان دیاریدەکەن، چەمکی چۆنیەتیی، بە فۆڕمی ئاوەڵناو داڕێژراوە، کە سیمانتیکییانە ئەدگارو تایبەتییەکانی پۆلەڕەگەزی (ناو) پەسندەکەن، بەوەش ئاوەڵناوەکە حوکمی $D^{-}$ /$N^{-}$ یەك دەکاتو

---
[٢٣٥] شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦: ٦٥)

دۆخیشی دەداتێ. هەمبەر بەمە، لەبەرئەوەی فۆڕمی ئەدڤێرب/ ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی فەرهەنگییمان نییە[236]، بۆیە دەکرێت بەهۆی هەبوونی واتای چۆنیەتییەوە تێیدا، ئاوەڵناو بکرێتە بنەما بۆ دەستخستنو بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی، بەوەش "ئاوەڵکردارە چۆنیەتییەکان (مۆدالییەکان) بە شێوەیەکی سەرەکیی ئاوەڵناوەکانن، کە ئاوەڵکردارئاسا سەربەخۆ یان لەشێوەی فرێزدا بەکاردەهێنرێن"[237]، کەواتە فیچەری [+چۆنیەتیی]ی ئاوەڵناوەکان، مەرجی واتایی لە دروستەکاندا دەستەبەردەکات، دواتریش جێکەوتەی سینتاکسیی، گۆکردنی ئاوەڵکردارییان پێدەدات. بۆئەوەی ئەمە ڕووبدات، پێویستە ئاوەڵناو بە گۆڕینی فیچەرەکانی، لەئاوەڵناویی بخرێت، بە دەربڕینێکی دیکە، بۆئەوەی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسا لە ئاوەڵناو بەرهەمبهێنین، دەبێت ئاوەڵناوەکە لەڕووی زانیاریی سینتاکسییەوە[238] کۆی ئەو فیچەرانە لەدەستبدات، کە لە (٤٥)دا بۆی دیاریکراون، بەوەش لەسەری ڕێزمانیی دەکەوێتو فیچەرەکانی لەجۆری (٤٦)ی دەبێت، کەواتە لەئاوەڵناویی خستنەکە بۆ ئەوەیە، کە زانیارییە سینتاکسییەکەی بۆ زانیاریی ئاوەڵکرداریی، گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەمەش وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەی سەرەوە پەیوەست بە چۆنیەتیی تاقیکردنەوەی ئاوەڵناو لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداری چۆنیەتییدا، دەستەبەردەکات.

٤٦. دروستەی لەئاوەڵناوخراو

+ چۆنیەتیی
− سەری ڕێزمانیی
− دۆخ
− حوکمکردن
− تەواوکەر

گۆڕینی سیمانتیکییانەی فیچەرەکانی پۆلەڕەگەزی جیاواز لە ئاوەڵکردار، تاوەکو گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی هەبێت، بە پەیڕەوکردنی یەکێك لەم پێواژۆیانە دەبێت، کە لەخوارەوە دەخرێنەڕوو:

---

[236] بۆ دەستخستنی زانیاریی لەمبارەیەوە، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٨٦).

[237] محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢٢٣)، هاوکات بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٣٨)، نەریمان خۆشناو (٢٠١٢: ١٤٦)

[238] وێڕای ئەوەی لەڕووی واتاوە، فیچەری [+چۆنیەتیی] بنەمای بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری سینتاکسییە، لەگەڵئەوەشدا بەڵگەنەویستە ئاوەڵکردار تایبەت بە پەسنکردنو خستنەڕووی ئەدگاری ڕوودانی کردارەکە گۆدەکات، بەوەش دەبێتە دەرخەری لایەنێکی کردارەکە، جیاواز لە ئاوەڵناو، کە وەك دەرخەری فرێزی ناویی/ دیارخەریی، گۆدەکات.

### ١/٢_١_٧_٤_١ پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانه

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوەو لەسەر ئەو بنەمایەی، هەردوو پێکهاتەی فەرهەنگو ڕێزمان پەیکاڵی یەك، پێڕەوی زمانەکە پێکدەهێنن، کەواتە دەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە چەمکیی‌و واتاییانەی لە فەرهەنگدا هەن، پشت بە ڕێزمان ببەسترێت، لەمەوە لەناو ڕێزماندا بەهۆی هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسییەوە، ئەو واتایانەی لە فەرهەنگدا فۆڕمیان بۆ دانەڕێژراوە، هەڵدەگوێزرێن‌و بەرهەمدەهێنرێن، بەوەش پێکهاتەی ڕێزمان پەیوەست بە وەچەپێڕەوەکانییەوە، دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی فەرهەنگ بۆ بەکۆنکرێتکردنی ئەو چەمك‌و واتا هەبووانەی، لە زمانەکەدا بێ دروستەو فۆڕمی فەرهەنگیین/ فۆڕم بۆداڕێژراو نیین.

مۆرفۆلۆژیی، وەك وەچەپێڕەوێکی ڕێزمان، بەپێی یاسای (٢٠) بەشێك لەو فۆڕمانە هەڵدەگوێزێت، بەوەش زانیاریی نوێ بە بناغە _ناو_ەکە دەدات، تاوەکو دەرکردەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکە، واتای [+چۆنیەتیی]ی هەبێت، لەمەوە بۆ دەستخستنی دروستەی ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو لەناو، کار بە یاسای (٢٠) دەکرێت، بەوەش بەهۆی لکاندنی /_انە/[٢٣٩] وەو لەسەر بنەمای فیچەرەکانی، کە لە (٤٧)دا دیاریکراون، مەرجە واتاییەکە پەیڕەودەکرێت، پاشان دەرکردەکە بەهۆی هەبوونی فیچەری چۆنیەتییەوە، ڕێپێدەدرێت لەسینتاکسداو لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا تاقیبکرێتەوە (بڕوانە(٤٨)).

٢٠) $[\ +N\ /\text{_انە}/]\ \rightarrow\ A^0$

٢١) $[\ +A^0\ /\text{_انە}/]\ \rightarrow\ Adv^0$

٤٧. /_انە/
+ پاشگر
+ چۆنیەتیی
± ناودروستکەر[٢٤٠]
+ دروستکردنی $Adv^0$ / $A^0$

[239] ا. جگەلە پاشگری /_انە/، دەتوانرێت مۆرفیمەکانی /_ئاسا/، /وەك/ بۆ هەمان مەبەستی پێدانی نیشانەی ئاوەڵناویی بە ناوی گشتیی، بەکاربهێنرێن. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٧١).

ب. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٥٨) بۆچوونی وایە، پاشگری /_انە/ دەچێتە سەر ناوو ئاوەڵناوی سادەو دەیانکاتە ئاوەڵکرداری داڕێژراو. لەکاتێکدا شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو، پێواژۆی لکاندنی مۆرفیمی /_انە/ بە (ناو)ەوە، کە بەهۆی مۆرفۆلۆژیی وشە_دروستکردنەوە جێبەجێدەکرێت، دەرکردەکەی (ئاوەڵناو) دەبێت، نەك (ئاوەڵکردار).

[240] پاشگری /_انە/ هەندێکجار لەگەڵ پۆلەڕەگەزی جیاوازدا یەکدەگرێت‌و ناوی داڕێژراو هەڵدەگوێزێت، هەروەك وشەکانی /جەژنانە، پاکانە/ بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٢٤).

٤٨_ا. ئەو باش خەوت.

ب.* دابان شێر کارەکەی ڕاپەڕاند

پ. دابان شێرانە کارەکەی ڕاپەڕاند.

ت. * ئەو مەرد کێشەکەی چارەسەرکرد

ج. ئەو مەردانە کێشەکەی چارەسەرکرد.

٤٩_ا. مرۆڤی باش ب. ڕادیۆی باش پ. قسەی باش

٥٠. * مرۆڤی مەردانە

له (٤٨_ا)دا، /باش/ فیچەری [+چۆنیتیی] ڕێگەیداوە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا گۆکردنی هەبێت، چونکە یەکێکە لەو ئاوەڵناوانەی لەڕووی واتاوە، ئارگومێنت_داواکراوەکەی فیچەری [± مرۆڤ]ی هەیە (بڕوانە (٤٩))، بۆیە توانای هەیە بە هەمان فۆڕمەوە گۆکردنی جیاوازی هەبێت، بەوپێیەی ئاوەڵناوەکانی /جوان، چاك، پاك، پیس،.../ لەو توخمانەن، کە پەیوەست بە واتاو جێکەوتەوە، ڕێیاندەدرێت بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییشیان هەبێت، بەواتا لەلایەك دەبنە دەرخەری ناو، لەلایەکی تریشەوە لەدەوروبەرێکی سینتاکسییدا چەمکێکی ڕوودانی کردار پەسندەکەن، بەوەش هەردوو بەکارهێنانەکە، دابەشبوونێکی تەواوکەرانەیان دەبێت. هەمبەر بەمە لە (٤٨_ت)دا، ئەگەرچیی فۆڕمی /مەرد/ پۆلەڕەگەزەکەی ئاوەڵناوەو فیچەری [+چۆنیەتیی]یشی هەیە، کەچیی ناتوانێت جێکەوتەی ئاوەڵکردار بگرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕووبەر، یاخود مەودای بەکارهێنانە واتاییەکەی [+مرۆڤ]ە[٢٤١]، بۆیە دەبێت بەهۆی لاگری فەرهەنگیی /_انە/وەو بەپێی یاسای (٢١)، گۆڕینی فیچەری بۆ [−مرۆڤ، +کردار] تێدا ڕووبدات، ئەوکات بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییی دەبێت بڕوانە (٤٨_ج)، بەوەش پێشبینییدەکرێت بەرهەمی یاساکە، ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی هەڵگوێزراو[٢٤٢] بێت، نەك ئاوەڵناوی

---

[241] بەگشتیی، ئەو ئاوەڵناوانەی ئارگومێنت_داواکراوەکانیان فیچەری [+مرۆڤ]یان هەن، بۆئەوەی وەك ئاوەڵکردار ڕووبدەن، دەبێت مۆرفۆلۆژییانە بەهۆی لاگری /_انە/وە لەئاوەڵناوبخرێنو ئەو توانا سینتاکسییەیان پێبدرێت. بڕوانە: {دڵسۆزانە، ڕاستگۆیانە، شەرمنانە، بوێرانە، سەربەرزانە، ئازایانە،...تاد}، بەپێچەوانەوە ئەو ئاوەڵناوانەی، ئارگومێنت بە فیچەری [±مرۆڤ] وەوە داوادەکەن، تەنها هەبوونی فیچەری [+چۆنیەتیی] تێیاندا، بەسە بۆئەوەی هەردوو گۆکردنەکەیان هەبێت، بڕوانە /باش، چاك، پیس...تاد/.

[242] لە زمانی ئینگلیزییشدا، پاشگری /ly_/ مۆرفۆلۆژییانە توانای گۆڕینی پۆلەڕەگەزی بناغەی هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی، دەرکردەی پێواژۆی هەڵگواستنەکە، لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکردار دەبێت، بۆ نموونە فۆڕمەکانی /manly، daily/ واتای ئاوەڵناوییان هەن، کەچیی هەمان ئەم فۆڕمانە بەپێی جێکەوتەکانیان، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییان دەبێت. (BAKER, M. (2004: 231، هەروەك ئەوەش خراوەتەڕوو، کە ئاوەڵکردارەکان بە پاشگری /ly_/یەوە، بریتین لە ئاوەڵناوەکان. سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٢. هاوکات بڕوانە ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی /quickly/و بە {soon} بەراوردییکە (Crystal, D. (2003: 13

هەڵگوێزراو، بەو حوکمەی، ناتوانێت لە جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵناوییدا دەرکەوتنی هەبێت. (بڕوانە (٥٠)).

٥١_ا. * ئەو گەورە قسەدەکات
ب. ئەو گەورانە قسەدەکات.
پ. (مرۆڤ)ی گەورە قسەی وا ناکات. ~ ئەوە قسەی منالە.
ت. ئەو وەك مرۆڤی گەورە لەتەمەندا، قسەدەکات.

/گەورە/ سەرباری ئەوەی لەو ئاوەڵناوانەیە، کە ئارگومێنت بە فیچەری [±مرۆڤ]ەوە داوادەکات، کەچیی ناتوانێت لە (٥١_ا)دا هاوشێوەی (٤٨_ا) بەهەمان فۆڕمەوە گۆکردنی ئاوەڵکرداری هەبێت، مەگەر بەهۆی /_انە/وە ئەو تواناو لەبارییەی پێبدرێت، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە /گەورە/ لەگەڵ مرۆڤدا، بە کڕۆکەواتای [+قەبارە]وە بەکارناهێنرێت، بەڵکو مەودا واتاییەکەی بۆ توێکڵەواتاکانی [+تەمەن، +دەسەڵات] فراوانبووە، بۆیە دەبێت بەهۆی یاسای (٢١)ەوە بەپێدانی فیچەری [+ئاوەڵکرداریی]، لەئاوەڵناوبخرێت، بەوپێیەی /_انە/ ئەو فیچەرانە بەبناغەکە دەدات، کە لە (٤٧)دا بۆی دیاریکراون، بەوەش پاشگرەکە، فۆڕمە هەڵگوێزراوەکەی /گەورانە/ سیمانتیکییانە پەیکاڵی بەکارهێنانە ئاوەڵناوییەکەی بناغەکە دەکاتەوە (بڕوانە فرێزە هێڵ_ بەژێرداهاتووەکەی (٥١_پ))، کە بۆ ئەم دەوروبەرەو پەیوەست بە واتای کردارەکەوە، لەگەڵ مرۆڤدا فیچەری لاوەکیی [+تەمەن] بژاردەدەکات، بۆیە دەبێت فۆڕمەکە بە هەمان فیچەری لاوەکییەوە گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییشی هەبێت (بڕوانە (٥١_ب))، کە سیمانتیکییانە پەیکاڵی (٥١_ت)ە. هاوکات (٤٨_ا) بە (٤٩_ا) بەراوردبکە، کە لەیەکەمیاندا، {باش} ئاوەڵکردارئاساو لەدووەمیاندا هەر بە گۆکردنە ئاوەڵناوییەکەیەوە بەکارهاتووە، کەچیی لە هەردوو بەکارهێنانەکەیدا، فیچەری [+باشیی]ی پەیوەست بە دەرخراوی جیاوازەوە نیشانداوە. ئەمەش ئەو ئەنجامە دەدات، کە پنتی جیاکەرەوەی نێوان ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار، تەنها [+شت، +کردار]ە، ئەگەرنا دەبێت لە هەردوو بارەکەدا هەمان واتا پەسنبکەن، ئەم هاوتاکردنە واتاییەش لەگەڵ هەندێك فۆڕم/ بناغەدا، بەهۆی پێواژۆی پاشگرلکاندنەوە جێبەجێدەکرێت. دواتر، پاش تێئاخنینو جێگیرکردنی زانیاریی پێویست بە دیسپلینکردنی بناغەکەو پابەندبوون بە مەرجە واتاییەکەوە، دەرکەوتنی دروستە هەڵگوێزراوەکە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، پڕاوپڕ دەربڕی زانیاریی کردارەکە دەبێت، بێ ئەوەی تەمومژییو لەنگیی واتایی دروستبکات، بڕوانە (٥١_ب)و بە (٥١_ا) بەراوردیبکە، جگەلەوەی هیچ دۆخێکی ڕێزمانییشی پێنادرێت.

هۆی ڕێپێنەدانی (٤٨_ب) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە /شێر/ لە پۆلەڕەگەزی (ناو)ە، بەوەش ئەو فیچەرانەی دەبێت، کە لە (٥٢)دا بۆی دیاریکراون، کەواتە دروستەکە بەبێ دۆخ، وەك ئارگومێنت لەناو بەشەکرداردا گۆکردنی فرێزی نابێت، هەروەك مەرجی واتای چۆنیەتییشی تێدا نییە، بۆیە دەسەلاّتی پێدانی زانیاریی لەسەر کردار نییە، لەبەرئەوە دەبێت بەهۆی وەرگرتنی زانیاریی واتاییەوە بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، گۆڕینی فیچەرە واتاییەکەی بۆ [+چۆنیەتیی] تێدا ڕوودەدات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گۆڕینی تەواوی زانیارییە سینتاکسییەکانی دەبێت، تاوەکو بتوانێت جێکەوتەی ئاوەڵکردار بگرێت (بڕوانە (٤٨_پ)).

٥٢. ناوی گشتیی $N^0$
(
− چۆنیەتیی
+ دۆخ_وەرگر
+ $D^-/N^-$
)

٥٣_ا. کراسێکی کوڕانەم کڕی.
ب. ئەڤین کوڕانە بەڕێگادا دەڕۆیشت.

لە (٥٣_ا)دا، {کوڕانە} دروستەی ئاوەڵناوێکی هەلگوێزراوە، کە بەهۆی لاگری /_انە/وە پۆلەڕەگەزەکەی لە (ناو)ەوە بۆ (ئاوەڵناو) گۆڕاوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە سنوری فرێزی خستنەپاڵی ئاوەڵناوییدا شکاوەتەوەو بووەتە دەرخەری ناو، پاشان کۆی فرێزە خستنەپاڵییەکەی {کراسێکی کوڕانە}، جێکەوتەی بەرکاری ڕستەکەی گرتووە، نەك ئاوەڵکردار (بڕوانە هێڵکاریی (٤٤))، لەبەرئەوەی کردارەکە لەڕووی هێزەوە تێپەڕە، بۆیە بۆ تەواوکردنی فرێزە کردارییەکەی، پێویستی بە تەواوکەرێك هەیە، بەوەش بوونی بەرکار خورتییەو کردارە بێ تاف_ڕەگ_ەکەش، دۆخی ئەکوزەتیڤیی دەداتێ، کەچیی لە (٥٣_ب)دا[٢٤٣]، هەمان فۆڕمی /کوڕانە/، جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی گرتووە، هەربۆیە بە پێکهاتەیەکی سەرپشکیی هەژماردەکرێت (بڕوانە هێڵکاریی (٤٥)).

[243] فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٥٣_ب) سیمانتیکییانە پەیکاڵی فرێزی پێشناویی {وەك + تەواوکەر}ە، بڕوانە ڕستەی >ئەو وەك کوڕ بە ڕێگادا دەڕۆیشت<و بە (٥٣_ب) بەراوردیبکە، کە تێیاندا فرێزەکانی {کوڕانە، وەك کوڕ} وێڕای جیاوازیی دروستەییان، لەڕووی سینتاکسییەوە هەمان حوکمی ئاوەڵکرداریان هەن.

هێڵکاریی (٤٤)




هێڵکاریی (٤٥)




زانیارییەکانی (٥٣) ئەوە دەردەبڕن، کە بەهەمان شێوەی ئەو ئاوەڵناوە بنەڕەتییانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، فۆرمە هەڵگوێزراوەکان بەهۆی لاگری فەرهەنگیی /_انە/وە، بەپێی پێویستیی، جێکەوتەی بەکارهێنانیان دەگۆڕێت، چونکە لاگرەکە بەپێی ئەو فیچەرانەی لەسەرەوە بۆی دیاریکران، نەرمیی و لەباریی واتایی بۆ بناغەکە دەستەبەردەکات، بەوەش دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکە هەردوو

گۆکردنی ئاوەڵناویی‌و ئاوەڵکرداریی دەبێت[244]. هەروەك فرێزی {مەردانە} لە (٤٨_ج)دا و {کوڕانە} لە (٥٣_ب)دا دەریدەخەن، کە لاگرەکە لە یەکەمیاندا بە پۆلەڕەگەزی (ئاوەڵناو) و لە دووەمیشدا بە (ناو)ەوە لکاوە. لێکەوتەی ئەمەش، بەڵگەی ئەو ڕاستییەیە، کە ناتوانرێت لەڕێی فۆڕمی دروستە هەڵگوێزراوەکانەوە، پێشبینیی حوکمی سینتاکسییان بکرێت، بەڵکو جێکەوتەی ڕوودان، یەکلاییکەرەوەی جۆری گۆکردن‌و لەتەکیشیدا وابەستەیی سیمانتیکییان دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لاگری /_انە/ بە پۆلەڕەگەزی جیاوازەوە دەلکێت‌و لەوەشەوە بەرهەم‌و دەرکردەکانی جیاواز دەبن، هەر ئەمەشە هەندێکجار بواری ڕوودانی هەمان فۆڕم پەیوەست بە گۆکردنی جیاوازەوە لە ڕستەیەکدا دەڕەخسێنێت‌و بەو هۆیەوە نواندنی جیاوازیشیان دەبێت. بڕوانە (٥٤)و هێڵکاریی (٤٦).

٥٤. کچە جوانەکە جوان وەلاّمیدایەوە.

هێڵکاریی (٤٦)




[244] لەزمانی ئینگلیزییشدا، فۆڕمەکانی /early, fast, hard, kindly, late/ هەردوو گۆکردنی ئاوەڵناویی‌و ئاوەڵکردارییشیان هەن.
WEKKER, H. & HAEGEMAN, L. (1996: 61)

### ٢_٤_٧_١_١/٢ پێواژۆی سینتاکسییانه

جگەله پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانه، بۆ دەستەبەرکردنی فۆرمی نوێ بە واتای ئاوەڵکردارییەوە، پێواژۆی سینتاکسییش بۆ هەمان مەبەست، بە دوو شێوە پەیڕەودەکرێت:

١. دووبارەکردنەوە: لەم پرۆسەیەدا، سینتاکسییانەو لەڕێی دووبارەکردنەوە Reduplication ی هەمان فۆرمەوە، واتای ئاوەڵکرداریی بە دروستە بەرهەمهێنراوەکە دەبەخشرێت، کە پەیکاڵی دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی /پشتاوپشت، دەمبەدەم...هتد/، دووبارەکردنەوەکە بۆ پێدانی فیچەری چۆنیەتیی لە سینتاکسدا ڕوودەدات، بنەمای چۆنیەتیی دووبارەکردنەوەکەو لێکدانیشیان، بە دوو ڕێگا ئەنجامدەدرێت:

ا. بەبێ ئامرازی بەستنەوە Conjunction، تێیدا دووبارەکردنەوەی ڕاستەوخۆی فرێز $X^{-}$ ەکە لەسینتاکسدا، چەمکە ئاوەڵکردارییەکە دەگەیەنێت. لەمەوە یاسای (٢٢) شێوازبەنددەکرێت (بڕوانە (٥٥)).

ب. بەهۆی ئامرازەکانی بەستنەوەوە، دووبارەکردنەوەی $X^{-}$ ەکانو لێکدانیان لەسینتاکسدا ڕوودەدات، بەوەش یاسای (٢٣) دادەڕێژرێت (بڕوانە (٥٦)).

٢٢) $\mathbf{Adv^{-} \leftarrow X^{-} + X^{-}}$

٥٥. {یەك یەك، دەستە دەستە، خوێندکار خوێندکار، نم نم، پەیتا پەیتا،...هتد}.

٢٣) $\mathbf{Adv^{-} \leftarrow X^{-} + Conj + X^{-}}$

٥٦. {پشتاوپشت، ماڵەوماڵ، دووراو دوور، ماڵ بەماڵ، کۆڵان بەکۆڵان...هتد} [٢٤٥].

٢. بەهۆی فرێزی پێشناوییەوە: دروستەی PP، ڕێگایەکی سینتاکسیی دیکەیە بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی، بە دەربڕینێکی دیکە، هەندێك دروستەی فرێزی پێشناویی هەن، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییان دەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی، زۆر کات "فرێزی پێشناوییو ئاوەڵکرداریی لە جێکەوتەی یەکتردا دەردەکەونو لایەنێکی نادیاری کردار لە ڕۆنانی ڕستەدا ڕوندەکەنەوە"[٢٤٦] (بڕوانە فرێزە هێڵ بەژێردا_هاتووەکەی (٥٧)).

٥٧. شەونم بەباشی کارەکەی ئەنجامدا.

---

[245] ا. هەندێکجار تەرزی دووبارەکردنەوە بۆ هەمان فۆرم لە مۆرفۆلۆژییشدا ڕوودەدات، بەوەش دەرکردەکە پەیکاڵی لێکسیمێکی فەرهەنگیی دەبێت، بڕوانە:/دەستاودەست/: /ئاڵوگۆڕ/، /سەرانسەر/: /هەموو/، /پشتاوپشت/: /نەوەبەنەوە/، /لێوانلێو/: /پڕ/، /هەزاربەهەزار/: /سەخت/.

ب. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٦٠)، بۆ لێکدانی ئەم کەرتانە، چەند مۆرفیمێکی وەك /_او_، _ەو_، بە، .../ دیارییدەکاتو بە (ناوبەند)یان دادەنێت.

[246] طه ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ٦٩)

## ٢_١/٢ پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکان

هەنگاوەکانی پرۆژەسازدان بۆ بونیاتنانی دروستەی فرێزە ئەرکییەکان، پاش بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان جێبەجێدەبێت، واتە دەستپێکی هەنگاوەکان، پرۆژەی فرێزە فەرهەنگییەکان دەبێت، چونکە سەرەتا توخم/ کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان وەك بنەڕەتی تێرکردنی دروستەی فرێز ڕوودەدەن، هەمبەر بەمە، هەرچیی فرێزە ئەرکییەکانە، پرۆژەی سەرە ئەرکییەکانی (تاف، ڕێککەوتن، پارتیکڵ)ەکانن، کە لە سینتاکسدا بەرهەمدێن، هەربۆیە بە سەری ئەرکیی ناوزەدکراون.

### ١_٢_١/٢ فرێزی تاف

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە ڕێساکانی پرۆژەسازدان پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییەوە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییە جۆراوجۆرەکانی (دیارخەر، ئاوەڵناو، پێشناو، مۆرفێمی تەکخستن، کردار) ڕوودەدەن. لەم ڕووەوە، هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتی ناوەکیی لەلایەن $V^0$ ەوە لە چوارچێوەی فرێزی کردارییدا، بەرهەمەکەی پرۆژەی کرداری بێ تاف $V^-$ دەبێت (بڕوانە (٥٨)).

٥٨. {ترێ خوار}

لە (٥٨)دا، فرێزی {ترێ خوار} بەرهەمی پێکهاتەی (١)ە، بۆیە بە ئامادەکراویی‌و بەهەمان دروستەوە دەچێتەناو پێکهاتەی (٣)وە، بەوەش شکانەوەی کردار لەتەك تەواوکەرەکەیدا ڕوودەدات، کە فرێزە کردارییە بێ تافەکە non finite verb، واتە $V^-$، دەبێت بە تەواوکەری سینتاکسیی $T^0$، ئەمەش ئەوە دەردەخات فرێزی تاف لەناواخنیدا $V^-$ هەڵگیراوە، کە بۆ تەواوکردنی دروستەکەی، $T^0$ داوایدەکات. کەواتە فرێزی تاف پرۆژەی $T^0$ە، کە سەرێکی ڕێزمانیی ئەرکییە[٢٤٧]و تەنها دەتوانێت حوکمی $V^-$ بکات، بەڵام دۆخی ناداتێ، چونکە بەپێی بنەماکانی تیۆری X_bar وەك سەری دۆخدەر دیارییەنەکراوە، بەڵکو کردارە تافدارەکەی $T^-$ لەپرۆژەسازدانی فراوانکراودا داوای کەس دەکات، بەواتا بە بێ بوونی تاف، کەس داواناکرێت، ئەوکات $T^-$ لەڕێی ڕێککەوتن/ ئەگریمێنتەوە، دۆخی نۆمینەتیڤ بە تەواوکەرەکەی دەدات، کە بکەرەکەیە[٢٤٨]، بکەریش پاش گواستنەوەی، وەك کەرەستەیەکی دۆخدار

---

[247] فرێزە ئەرکییەکان، کەتیگۆریی فەرهەنگیی نین، بەڵکو مۆرفیمی بەندن لەشێوەی لاگر Affix داو ئەرکی ڕێزمانییان هەن، وەك نیشاندانی کات‌و ڕێککەوتن. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ١٠٩).

[248] لە زمانی ئینگلیزییدا، INFL حوکمی NP ی بکەر دەکات‌و دۆخی ڕێزمانیی دەداتێ. Chomsky, (1993: 132). بۆ زمانی کوردییش، محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ٨٥، ١٦٢) پێیوایە "فرێزێکی ناویی بە ئۆتۆماتیکیی دۆخی ڕێزمانیی بکەریی پێدەدریت، ئەگەر کردارێکی کات‌و کەسدار هەبێت". بۆ بەڵگەی ئەم بۆچوونەش، لە لێکدانەوەیدا بۆ فرێزی شکاندنەوەی کردار $V^-$ (IP)، وای بۆدەچێت، وەچەپێکهاتەی INFL هەمیشە کەرەستە سەرەتاییەکانی TENSE و AGR ی تێدایە، ئەمەش وادەکات، =

جێکەوتەی Spec ی ARGP دەگرێت، چونکە Spec بەڵگەییە، بەوەش تەنها دەبێتە جێکەوتە بۆ ئەو کەرەستانەی، دۆخدارن‌و پاش گواستنەوەیان لەناویدا جێگیردەکرێن، بۆیە Spec بە شوێن‌و جێکەوتەی کەرەستە دۆخدارە بۆ_گوازراوەکان دادەنرێت، بە دەربڕینێکی دیکە، بە جێکەوتەیەکی ئامادەکراو بۆ وەرگرتنی ئەو کەرەستە دۆخدارانە هەژماردەکرێت، کە ملکەچبوونیان بە مەرجە سینتاکسییەکان، ناچاری گواستنەوەیان دەکات. هەروەك گواستنەوەی بکەر بۆ Spec ی AGRP، بەمەبەستی پێدانی دۆخ‌و پاراستنی پارامێتەر ڕوودەدات.

بەوپێیەش مۆرفێمی تاف، پاش بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی بێ تاف $V^-$، ڕوودەدات. لە زمانی کوردییدا مۆرفێمەکانی تاف، فۆڕمەکانی /_ی، _ت، _وو، _د، _ا/[٢٤٩] دەگرنەوە، کە لەگەڵ ناوە کردارییەکاندا نواندن‌و بەرجەستەبوونێکی فەرهەنگییان هەن‌و لەسینتاکسیشدا لەسەر ئەو بنەمایەی کۆتایی کردار دەگرن، ڕێساو پارامێتەرەکەشی لەسەر بونیاتدەنرێت. ئەو مۆرفێمانە پڕۆژەسازدەرن‌و فرێزی تاف _کرداری تافدار_ بەرهەمدێنن، بەوەش وەك سەرێکی ئەرکیی، دەبنە بەرهەمهێنەری پڕۆژەی فرێزی ئەرکیی، چونکە ویستەکەیان، کە $V^-$ ە، لەجۆری تەواوکەری سینتاکسییە، نەك فەرهەنگیی، هەروەك یاسای پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەی لە (٢٤)دا دەریدەخات، بەمەش یاسای بەرهەمهێنانی فرێزی تاف لە (٢٥)دا شێوازبەنددەکرێت. جێکەوتەی تاڤ ڕابردوو لە زمانی کوردییدا پەیوەست بە پارامیتەرەوە، جێکەوتەیەکی دەستنیشانکراو و جێگیرە، بێ ئەوەی گواستنەوەیان تێدا ڕووبدات، بەڵکو مۆرفێمەکانی تاف، ڕاستەوخۆ جێکەوتە دیاریکراوەکەی خۆیان دەگرن، کە "لە کۆتایی (TP) کە دایەو پەیوەندیی هەڕەمیی لەگەڵ دەستەواژیلەی کردارییدا هەیە"[٢٥٠]. بڕوانە (٥٩)و هێڵکاریی (٤٧).

---

= کاتو کەسی زمانی کوردیی بە سەری فەرهەنگیی دابنێت، نەك سەری گۆکەر، بەوەش INFL ناتوانێت ببێتە پڕۆژەی نۆدێکی سەربەخۆ لە ڕستەدا، بۆیە دۆخی ڕێزمانیی بکەرییش لەلایەن شکاندنەوەیەکی کاتو کەسی زەنگینی کردارەوە ڕوودەدات. سەرچاوەی پێشوو، (٩٤_٩٥)، هەروەها بشڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٦٦)، کە هەمان ئەو بۆچوونە پێشنیازدەکات، کە سەری ڕستەی کوردیی، کاتو کەس بێت. لە ڕاستییدا ئەم بۆچوون‌و لێکدانەوانە، لەگەڵ بەڵگەو شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا یەکناگرنەوە، چونکە هەنگاوەکانی بونیاتنانی دروستەی فرێز، ئەزموونبەندانە ئەوەیان سەلماندووە، کە $T^0$ پڕۆژەی TPو $AGR^0$ یش پڕۆژەی AGRP وەك نۆدێکی سەربەخۆ دەخولقێنن، بەو واتایەی، هەریەك لە $T^0$ و $AGR^0$، گۆکردنی کەتیگۆری کۆتایی Terminal Category یان دەبێت، بەوەش TP دۆخی نۆمینەتیڤیی لەڕێی $AGR^0$ ەوە بە بکەری ڕستەکە دەدات، نەك کرداری کاتو کەسداری INFL.

[249] محمود فتح الله (٢٠١٧: ١٠٣) دەڵێت: "لە کوردیدا کۆتاییەکانی "_ا، _د، _ت، _ی، _و" تێنسی ڕابردوو نیشانەدەکەن، کە دواتر پێیاندەگوترێت نیشانەی تێنسی ڕابردوو." لەکاتێکدا بەپێی شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەریەك لە /_ا، _د، _ت، _ی، _وو/ بەمۆرفیمی تاف هەژمارکراون، نەك نیشانەی تاف، چونکە هەبوونیان، مەرجی بەرهەمهێنانی TP دەستەبەردەکاتو بەهۆشیانەوە بڕیار لە دیاریکردنی پارامیتەر دەدرێت، لەکاتێکدا نیشانەکانی تاف، لە پاش ڕوودانی مۆرفیمی تاف پەیوەست بە خستنەڕووی زانیاریی زۆرتر لە دەستخستنی ماوەی خایاندنی تافدا، گرنگو پێویستن.

[250] عەبدولجەبار مستەفا مەعروفو کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤٣١)

٢٤) $[VP] + T^{0}$

٢٥) $TP \leftarrow T^{0} + VP$

٥٩. {تریێ خوار} د

هێڵکاریی (٤٧)




لەناو دروستەی کرداری ڕانەبردوودا، مۆرفیمەکانی تاف بە /Ø_/ دەنوێنرێن، بەوپێیەی لەڕووی واتاوە لەگەڵ ڕەگی کردارەکەدا دەمێننەوە، بەڵام بەهۆی فۆرمێکی بەرجەستەوە دەرکەوتنی فۆنەتیکییان نابێت، هەربۆیە لە دیارنەمان/ دەرنەبڕینی مۆرفیمی تافدا، /دە_/ وەك نیشانەی تاف لەسەر ڕەگی کردار گۆکردنی دەبێت[٢٥١]، نەك وەك مۆرفیمی تاف، بە بەڵگەی ئەوەی، ناکرێت دوو مۆرفیمی تاف لە هەمانکاتداو لەناو هەمان دروستەدا ڕووبدەن، پارامێتەری تافیش لەسەر مۆرفیمە ڕابردووەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت (بڕوانە (٦٠_ا)).

٦٠_ا. چا دەخۆ Ø مەوە.

ب. * دە چا خۆم Ø ەوە

پ. چام خواردبووەوە.

ت. چام خواردووەتەوە.

---

251 بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف و کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤٣٢)، هەروەها بشڕوانە: عرفان مستەفا حمە ڕحیم (٢٠٠٣: ٤٣)

ج. چام دەخواردەوە، کە ئەو هات.

ح. چاکەم خواردەوە.

خ. *چام دەخواردبووەوە

د. *چام دەخواردووەتەوە

هۆی ڕێگەپێنەدانی (٦٠_ب) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە /دە_/ مۆرفیمێکە سینتاکسییانە پەیوەست بە نیشاندانو مارکەکردنی بەردەوامیی تاڤی ڕوودانەوە گۆدەکات، واتە تاف نیشانەدەکات، بۆیە ئەگەرچیی ">>تاف<< گرنگ نابێت بۆ واتای (ڕەگی) کردارەکە، چونکە سروشتی کردەو چالاکیەکە بەهیچ جۆرێك وابەستەی پەیوەندییە تافیەکانی temporal relation بەڕووداوی قسەکەوە نییە"[٢٥٢]، کەچیی بەپێی مۆرفۆلۆژیی کرداری فەرهەنگیی[٢٥٣]، دەرکەوتنو ڕوودانی، وابەستەی ڕەگی کردار دەبێت، چونکە بەشێکە لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی کردار.

لە (٦٠_پ،ت)دا، نەبوونی /دە_/ پشتڕاستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەکاتەوە، کە /دە_/ نیشانەی تافی کردارە، چونکە ئەگەر مۆرفیمی تاف بووایا، ئەوکات دەرکەوتنی لە جێکەوتەی چەسپاوی خۆیدا هەمیشەیی‌و خورتیی دەبوو، بەڵکو مۆرفیمی تافی/_د/ لەناو کردارە تافدارەکەدایەو ڕووکارەکانی /_بوو، _ووە/ش، هاوشێوەی /دە_/ وەك نیشانەی تاف گۆیانکردووە، بەوەش ئەگەرچیی نیشانەکانی /دە_، _بوو، _ووە/ دەربڕی ماوەی جیاوازن[٢٥٤]، بەڵام لەڕووی ئەرکەوە چوونیەکن، بەجۆرێك نیشانەن بۆ مارکەکردنی تاف[٢٥٥]، بۆیە ناتوانن پێکەوەو لە یەك کاتدا ڕووبدەن، بەڵکو لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدا دەبن. بڕوانە (٦٠_خ، د)و بە (٦٠_پ،ت،ج) بەراوردیانبکە.

هەر لەم ڕووەوە، لە دروستەی کرداری (٦٠_ج)دا، تاف لە جێکەوتەی چەسپاوی خۆیدا دەرکەوتووەو مۆرفیمی /دە_/ش، تاڤ ڕابردووی بەردەوامی مارکەکردووە، ئەمەش یەکێکی تر دەبێت

---

252 محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٨٠)

253 بەپێی مۆرفۆلۆژیی شکانەوەی کردار، فۆڕمی کرداری فەرهەنگیی، مۆرفیمی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەکچۆن مۆرفۆلۆژیی پۆلەڕەگەزی ناو بەهۆی دیارخەرەکانەوەو مۆرفۆلۆژیی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناویش، بەهۆی مۆرفیمەکانی پلەی بەراوردو باڵاوە ڕوودەدەن، بەهۆشیەوە ناو و ئاوەڵناوەکان سینتاکسییانە دەشکێنەوە، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك پەیوەست بە پارامیتەرو پۆلەڕەگەزەوە ڕووبدات. بڕوانە: /کوڕەکە، جوانتر/، */کوڕتر/، */ەکە کوڕ/.

254 کاتەگۆریی شکاندنەوەی ڕووکار جیاوازە: بەشەپێکهێنەری تافیی ناوەوەی ڕووداوێك دەردەبڕێتو ئەمەیش ڕاستەوخۆ لەگەڵ واتای (قەدی/ ڕەگی) کردارەکە_کە بناغەکەیە_ هاوکارییدەکات. محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٨١)

255 پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، کە ئاوەڵکرداری کات، فرێزی تاف $T^-$، مارکەدەکات.

لەو بەڵگانەی، کە هەبوونی /دە_/ وەك مۆرفێمی تاف ڕەتدەکاتەوە، چونکە (ا) دەرکەوتنی دوو مۆرفێم لە هەمان کاتداو بەهەمان واتاو ئەرکەکەوە، زیاد و کەمبەها دەبێت[256]. (ب) هۆکاری (ا) ئەو ڕاستییە دەردەبڕێت، بۆ ئەو دروستانەی، تەنها پێویستیی دەربڕینی تاف لەئارادان، ئەوا نیشانەکانی تاف گۆکردنیان نابێت، چونکە ئەو نیشانانە بەپێدانی زانیاریی زیاتر لەسەر دەستنیشانکردنی مەودا/ ماوەی ڕوودانی تاف، پێویستیی سیمانتیکیی دروستەکان پڕدەکەنەوە (بڕوانە (٦٠_ح))، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە مۆرفێمی تاف، مەرجی بنەڕەتیی کرداری تافدارە، بۆیە هەبوونی خورتییو نەگۆڕە، هەمبەر بەمە، نیشانەکانی تاف لە پاش دەرکەوتنی مۆرفێمی تاف ڕوودەدەن. (پ) مۆرفێمی تاف لەناو دروستەی $T$دا، ئاماژە بۆ کاتی ڕابردوو و ڕانەبردووی کردار دەکات، بۆیە گەر /دە_/ش مۆرفێمی تافی ڕانەبردوو بووایا، ئەوکات تەنها لەناو دروستەی کرداری ڕانەبردوودا ڕێپێدەدرا، بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی وەك ئەسپێکتی[257] بەردەوامیی، تایبەتە بە مارکەکردنی تاف، بۆیە لەگەڵ هەردوو جۆر دروستەکە _ڕابردوو و ڕانەبردوو_دا دێت.

بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە مۆرفێمی /دە_/ دوو ڕاڤەکردنی جیاواز هەڵدەگرێت:

(١) ئەگەر وایدابنێین مۆرفێمی /دە_/ ئەسپێکتی بەردەوامییە، ئەوا فرێزی تاف پەیوەست بە دروستەی ڕەگی کرداری ڕانەبردووەوە بۆ تاڤ بەردەوامیی هەندێك لە کردارە فەرهەنگییەکان، دەگۆڕێت، لە هەردوو بارەکەشدا، /دە_/ تافی بەردەوامیی مارکەدەکات، بۆئەوەی ئەمە ڕووبدات، داڕشتنی ڕێژەی هەواڵیی_فۆڕمی ڕانەبردووی هەندێك کردار، پێویستی بە شکانەوەی ڕەگی کردارەکە هەیە، لەمەوە بۆ ڕەگی ناوە کردارییەکانی وەك /ڕۆیشتن، خواردن، ڕشتن، کوشتن، بردن/، دوو فۆڕم لەئارادان[258]: (ا) فۆڕمی ڕەگی ڕابردوو، کە فۆڕمەکانی /ڕۆیش، خوار، ڕش، کوش، بر/ن. (ب) فۆڕمی ڕەگی ڕانەبردوو[259]، کە /ڕۆ، خۆ، ڕژ، کوژ، بە/ن، هەروەك فۆڕمەکانی (ب)، ئاماژە بۆ جۆرێك لە شکانەوەی ڕەگی کردار دەکەن، ئەگەر ئەمە دروست بێت، کەواتە /دە_/ تەنها نیشانە/ ئەسپێکتی بەردەوامییە، نەك مۆرفێمی تاف، بەڵکو ڕەگی کردارەکە بۆ کاتی ڕانەبردوو دەشکێتەوە، /دە_/ش بۆ ڕێژەی هەواڵیی کردارەکە،

---

[256] جێی سەرنجە، عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ١٢١)، چۆنیەتیی ڕۆنانی کرداری ڕابردووی بەردەوامی، لەم یاسایەی خوارەوەدا شێوازبەندکردووە: **مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە) + ڕەگی کردار + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو+ ڕاناوی لکاو.**

[257] وریا عومەر ئەمین (٢٠١٦: ٣٠)، ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٣)، /دە_/ بە یەکێك لە ئامرازەکانی ئەسپێکت هەژماردەکەن.

[258] کەوسەر عەزیز ئەحمەد (١٩٩٠: ١٠٠_١٠٣) هەردوو جۆرە ڕەگەکەی جیاکردووەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕەگی ڕانەبردوو پەیوەست بە جۆرەکانی ناوی کرداریی/ چاوگەوە، بڕوانە: سەرچاوەی ئاماژەبۆکراو. هەروەها بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠١٦: ١٣)

[259] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ٥٢_٥٣) بۆچوونی وایە، کردار تەنها یەك ڕەگی هەیە، بەڵام بەپێی مۆرفیمەکانی کات، تافەکەی دەگۆڕێت.

تافی بەردەوامیی مارکەدەکات، بڕوانە (٦١) و هێڵکاریی (٤٨)، بەپێی ڕوونکردنەوەکان، نواندنی کرداری تافدار لەسەر بنەمای تیۆری X-bar بەو جۆرە دەبێت، کە لە هێڵکاریی (٤٩)دا دەرخراوە.

٦١. نامە دەنێر

هێڵکاریی (٤٨)




هێڵکاریی (٤٩)



(٢) له ڕاڤەکردنی دووەمدا، دەشێت مۆرفێمی /دە_/ بە نیشانەی تاڤ ڕانەبردوو دابنرێت[٢٦٠]، لێرەشدا بۆ دروستکردنی کرداری ڕانەبردوو، بەوپێیەی دوو مۆرفێمی تاف پێکەوە ڕوونادەن، کەواتە مۆرفێمی تافی ڕابردوو، کە جێکەوتەی پاش مۆرفێمی ڕەگ دەگرێت، لادەچێت، ئەوکات نیشانەی تاڤ ڕانەبردوو لە جێکەوتەی پێش مۆرفێمی ڕەگدا دەردەکەوێت، بڕوانە (٦٢_ا،ب)و هێڵکاریی (٥٠) بۆ پاسادانی (٦٢_ب).

٦٢_ا. نامەکەم نوسي.

ب. نامەکە دەنوسم.

هێڵکاریی (٥٠)




پەیوەست بە /ن/ی لەکردارخستنەوە، کە پاشگرێکی فەرهەنگییەو بە کۆتایی مۆرفێمی تافەوە دەلکێت، لەم ڕووەوە، گەر بەلێکسیمبوون پێواژۆی گۆڕینی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی بۆ پێکهاتەیەکی مۆرفۆلۆژیی بێت، ئەوا لەلایەك کردارە فەرهەنگییەکان بە تەواوکەرەکانیانەوە دەبن بە لێکسیمو جارێکی تر دەچنەوە ناو فەرهەنگ، بەوپێیەی ناتوانرێت یەکە پێکهێنەرەکانی ناوە کردارییەکە بەهەمان واتاوە

[260] هەروەك محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٨١)، /دە_/ بە مۆرفیمی داهاتوو دادەنێتو بۆچوونی وایە، دەربڕینی ڕووکاری بەردەوامییو بەستنەوەی بە ئێستاوە_ بۆ تاڤ ڕابوردوو بە مۆرفێمی داهاتوو /دە_/ لەگەڵ مۆرفیمی تاڤ ڕابوردوو دەردەبڕدرێت.

لەیەکجیابکرێنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئەگەری بەلێکسیمبوونی هەریەك لە کردارە لێکدراوەکانی (٦٣)، لە سینتاکسدا ڕوودەدات، چونکە پاشگری /ـن/ی لەکردارخستن، بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەچێتە سەر کردارە تافدارەکە، بەوەش پێکهاتە، یان کەتیگۆرییە سینتاکسییەکە، دەبێتە تێکردەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکەو دەرکردەکەشی، دروستەیەکی فەرهەنگیی لەکردارهەڵگوێزراو دەبێت. بڕوانە (٦٤) و هێڵکاریی (٥١).

٦٣. /نانخواردن، ژنهێنان، یارییکردن، سەوزەفرۆشتن، ...هتد/

٦٤. {یارییکرد} + /ـن/ ⟵ /یارییکردن/

هێڵکاریی (٥١)



بەپێی یاساكانی (١٦_١٨)، كە پێشتر خرانەڕوو[٢٦١]، (٥) یاسای بەرهەمهێنانی فرێزی كرداریمان هەن، ئەم یاسایانە بەپێی ویستو ناواخنی كردارە فەرهەنگییەكان، (٥) جۆر فرێزی كرداریی جیاواز بەرهەمدەهێنن، كە هەموویان هەمان نواندنی سینتاكسییان هەنو یەك جۆر ڕستەی سادە بونیاتدەنێن. كەواتە بۆ ڕستەی سادەی كوردیی، یەك جۆر دروستە لەئارادایە، بەڵكو هەمەجۆرییەكەی، بە جیاوازیی فرێزی كردارییەوە بەندە. بۆ خستنەڕووی جیاوازیی نواندنی ناواخنەكانیشیان بەپێی یاسا ئاماژەپێدراوەكانی سەرەوە، جارێكی دیكە یاساكان لە (٢٦)دا پەیوەست بە دیاریكردنی جۆری پۆلەڕەگەزی تەواوكەرەكانەوە، بەپێی ڕیزبوونە سینتاكسییەكەیان دادەڕێژرێنەوە.

٢٦) ا. $\mathbf{VP/V^{-} \leftarrow V^{0}}$

ب. $\mathbf{VP/V^{-} \leftarrow V^{0} + A^{-} / D^{-}}$

پ. $\mathbf{VP/V^{-} \leftarrow V^{0} + PP}$

ت. $\mathbf{VP / V^{=} \leftarrow {}^{V=/VP}[[[V^{0} + PP]^{V-} + A^{-}/D^{-}]^{V-}]}$

ج. $\mathbf{VP / V^{=} \leftarrow {}^{V=/VP}[[[V^{0} + A^{-}/D^{-}]^{V-} + A^{-}/D^{-}]^{V-}]}$

---

261 بڕوانە: یاساكانی نواندنی فەرهەنگیی كردارەكان، ل (١٠٣)

### ١/٣ پرۆژە ڕستەیی‌و پاش_ ڕستەییەکان

پرۆژە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکان، دروستەی بێکەموکوڕیی_تێرکراو_ی سینتاکسیی‌و سیمانتیکیین، کە بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانی فراوانکراو دەستدەخرێن، لەمەوە پێشبینیی‌و گریمانەی ئەوە دەکرێت، لە هەریەك لەو پرۆژانەدا فرێزی ڕێککەوتن AGRP ببێتە مەرجی بنەڕەتیی بونیاتنانی پرۆژە سینتاکسییە_ڕستەییە جیاوازەکان، بەوپێیەی پرۆژەی ڕستە، بێ تێرکردنی فرێزی ڕێککەوتن تەواونابێت، لەلایەکی ترەوە پرۆژە پاش_ڕستەییەکانیش وەك بەرهەم‌و لێکەوتەی ئەم پرۆژانە ڕوودەدەن، بۆیە جارێکی دیکە هەبوونی AGRP لەناو دروستەی ئەو جۆرە پرۆژانەدا چاوەڕوانکراوە، هەروەك دواتر ڕووندەکرێتەوە.

### ١/٣_١ پێکهاتە واتایی‌و سینتاکسییەکان لە پرۆژە پاش_ڕستەییەکاندا

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، هەموو دروستەی فرێزێك پێکهاتەی سینتاکسیی‌و واتایی خۆی هەیە، بۆیە بۆ هەر فرێزێك، کە دەچێتەناو پێکهاتە واتاییەکەوە، مەرجە هەریەك لە پێداویستیی سەرو پارامێتەرو پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی بەتەواویی جێبەجێبووبێت، هەروەك کاتێك کرداری فەرهەنگیی، پرۆژەی فرێزی کرداریی دروستدەکات، کردارە سینتاکسییەکە بە تەواوکەرو تەواوی پێداویستییەکانییەوە جێکەوتەی فرێزی کرداریی لەناو پێکهاتەی (٣)دا پڕدەکاتەوە/ دەگرێت، بەوەش پێکهاتەکە لەڕووی سینتاکسەوە بنەمایەکی کەتیگۆرییانەی هەیەو لە فەرهەنگەوە زانیارییە سینتاکسییەکان وەردەگرێت، چونکە پەیوەست بە کەتیگۆرییەوە زانیاریی دەدات. هەروەك پێکهاتەیەکی واتاییشە، لەبەرئەوەی ئەو فرێزە بەرهەمهاتووەی دێتەناو پێکهاتەکەوە، تێیدا فیچەرە واتاییەکانی تەواوکەر پەیوەست بە سەرە ڕێزمانییەکەیەوە دیاریکراون، بۆیە لەسەر بنەمای واتایی ڕیزدەبن. پێکهاتەی واتایی (٣)، لەئەنجامی خستنەتەکیەکی فرێزە بەرهەمهاتووەکانی پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە دروستدەبێت، کە ڕیزبوونێکی واتایی هەیەو هەر نواندنێکی سینتاکسیی دوای ئەو، لەڕووی واتاوە لێی لانادات، بەڵکو تەنها لە فۆڕمدا گۆڕانیان بەسەردا دێت (بڕوانە (٤)).

### ١/٣_٢ فرێزی ڕێککەوتن Agreement Phrase

پێشتر لە پرۆژەسازدانی فراوانکراودا ئەوە خرایەڕوو، کرداری تافدار داوای کەس دەکات، چونکە $T^{-}$ دۆخی نۆمینەتیڤی بۆ بکەری ڕستە پێیە، هەروەك لە (١)دا دیارە، $T^{-}$ ($T^{0}$ و تەواوکەرەکەی ($V^{-}$))، پێکەوە ئارگومێنتی دەرەکیی هەڵاوێردەکەن، ئەمەش لەسەر دوو بنەما دەبێت: (ا) بنەمای سینتاکسیی پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە، (ب) بنەمای سیمانتیکیی پەیوەست بە فیچەرە واتاییەکانی ئارگومێنت_

داواکراوەکەوە. بۆ نموونە لە ئەدگاری هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزییدا، توانای ئارگومێنت_داواکەری کردار بۆ دیاریکردنی چەشنی پۆلەڕەگەزی ئارگومێنتی دەرەکیی، دیاریکراوە. لە تەکئەمەشدا، پریدیکات بەپێی تۆڕی بابەتانەی کردارەکە، هەڵاوێری سیمانتیکیی جۆرو تایبەتێتیی ئارگومێنتی دەرەکیی دەکات، بەجۆریك ڕێککەوتنی واتایی لەنێوان فیچەرە سیمانتیکییەکانی کردارەکەو ئارگومێنتی بکەردا هەبێت (بڕوانە (٢_ب)).

١. [جلەکان شت] $^{T-}$ ئەو

٢_ا. خەوت + [بکەر] $^{DP}$

ب. منداڵەکە خەوت Ø. ~ کۆترەکان خەوتوون.

پ. * دارەکە خەوت

(٢_ا) لەلایەك ئەوە دەردەخات، کە کردارە تافدارەکەی {خەوت} بۆ گەیشتن بە ئاستی ڕستە، بکەرێك لەجۆری DP داوادەکات، بە دەربڕینێکی تر، فرێزی تاف ئەوە پێشنیازدەکات، کە پرۆژەسازدانی فراوانکراو بە TP، کەسی تێدابێت، چونکە تێرکردنی پرۆژەی سینتاکسیی TP، وابەستەی شکانەوەیەتی لەناو AGRP یەکدا، تا بەهۆیەوە ڕێککەوتن لەنێوان کەس‌و ئارگومێنتی بکەرییدا ڕوودات. هەروەك ئەوەش زانراوە، کە هیچ ناوێکی گشتیی، ڕێگەی پێنادرێت بەتەنها جێکەوتەی بکەر بگرێت، مەگەر گۆکردنی فرێزی دیاخەریی هەبێت، لەبەرئەوەی کردارە تافدارەکە دۆخی نۆمینەتیڤ بە ئارگومێنتێك لە جێکەوتەی بکەردا دەدات‌و دۆخیش تەنها بەفرێز دەدرێت، بەوەش DPیەکانی {منداڵەکە، کۆترەکان}، پێویستیی TP بۆ بونیاتنانی ڕستەیەکی بێکەموکوڕیی تێردەکەن.

لەلایەکی دیکەشەوە، لە نەخشەی گرایدی کردارە سینتاکسییەکەدا تەنها یەك ئارگومێنت هەڵگیراوە، کە کارای ڕستەکەیە، بەجۆرێك مەرجە خاوەنی فیچەرەکانی [+زیندوو، +گیاندار، +خەوتن] بێت، بۆیە ڕستەکانی (٢_ب) ڕاست‌و دروستن، کەچیی (٢_پ) ڕستەیەکی ناڕاستە، چونکە فیچەرەکانی /دار/، [−زیندوو، −گیاندار، − خەوتن]ن، بەوەش پێشێلی مەرجە واتاییە بۆدانراوەکەی کردار دەکات، لەو ڕووەوە، کە هیچ ڕێککەوتنێك لەنێوان فیچەرەکانیاندا نییە، ڕستەکە ڕێگەپێنادرێت. بەشێکیش لە کۆزانیاریی فەرهەنگیی لای ئاخێوەر، بەپێی ناسینەوەی جۆری کردارەکان، پەیوەندیی بە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی ئەو توخمە فەرهەنگییانەوە هەیە، کە بۆ تێرکردنی ناواخنی کردارەکان‌و لەتەکیشیدا بەرهەمهێنانی فرێزەکانی ڕستە، داوادەکرێن. تۆڕە بابەتانەکانیش، لە دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکاندا

تۆماردەکرێن. هەروەك بۆ جێبەجێبوونی خواستە فەرهەنگییەکەی TPو ڕوودانی، ئارگومێنتی بکەر (کەس) بەپێی پێکهاتە سیمانتیکییەکەی، لەڕاستەوە بەرەو لای چەپ زیاددەکرێت (بڕوانە (٣))، بۆ ئەوەش ڕاستەوخۆ لەفەرهەنگەوە دەچێتەناو پێکهاتە واتاییەکەی(٣)وە، بێ ئەوەی بەپێکهاتە سینتاکسییەکاندا تێپەڕببێت، چونکە وەك گوترا لەچوارچێوەی پرۆژەسازدانی فراوانکراودایە، بەواتا پێشتر دروستەی بەشەکردار/ فرێزە کردارییەکە پێکهێنراوە، دواتر دروستەکە بەپێی ئەو تۆڕی بابەتانەیەی کردار هەیەتی، بکەر هەڵاوێردەکات.

٣. [سێوەکە خوارد] $^{T-}$ من

لە (٣)دا، پێویستیی واتاییو ئارگومێنتیی ڕستەکە بەپێی پرنسیپی گشتیی زمانە سروشتییەکان جێبەجێبووە، کەواتە ڕیزبوونەکەی جیهانییە، بۆیە پێویستە دروستەکە بەسینتاکس بکرێت، تاوەکو ڕیزبوونی کەرەستەکان پەیوەست بە زمانی کوردییەوە تاقیبکرێتەوەو جێبەجێبکرێت. لەم ڕووەشەوە ئاشکرایە ئاڕاستەی پێدانی دۆخ لە کوردییدا، بەپێچەوانەی ڕیزبوونی پێکهاتەی سیمانتیکییەوەیە، کە جگەلە پێشناوەکان، دۆخ لە چەپەوە بەرەو لای ڕاست دەدرێت، ئەمەش وادەکات بەهۆی ئەلفا بجوڵێنەوە، گواستنەوەی خورتیی بکەر بۆ لای ڕاست ڕوودەدات، تاوەکو کردەی بەسینتاکسبوون بەپێی زمانی کوردیی ڕوودەدات، هەربۆیە سەرەتا بکەر بۆ Specی TP یەکە دەگوێزرێتەوە (بڕوانە هێڵکاریی (١))، بەمە پێویستیی TP بۆ بوونی بکەر جێبەجێدەبێت (بڕوانە (٤_ا،ب))، کە بەهۆی نەبوونی ڕێککەوتنەوە، نەبووەتە ڕستەی زمانی کوردیی، چونکە لەمبارەدا TP توانای پێدانی دۆخی نییە، هەربۆیە پاش گواستنەوەی، لە Spec ی TP یەکەوە بۆ Spec ی AGRP بەرزدەکرێتەوە (بڕوانە هێڵکاریی (٢))، ئەوکات نیشانەی ڕێککەوتن لەجێی خۆی بەجێدەهێڵێت (بڕوانە (٤_پ))، تاوەکو لەڕێی نیشانەی ڕێککەوتنەوە، کردارە تافدارەکەی TP، دۆخی نۆمینەتیڤ بە بکەر بدات، بەوپێیەی نیشانەی ڕێککەوتن سەرێکی حوکمکەرەو لەڕێگای TP یەوە حوکمی DPی بکەر دەکات، بەمەش پەیوەندیی لەنێوان TPو AGRP دا دروستدەبێت، ئەمەش دەبێتە نواندنی خورتیی سینتاکسیی (٤). پاشان لە (٤_ت)دا، نیشانەی ڕێککەوتن بە یاسای "گواستنەوەی کەسی کردار بۆ سەر بەرکار لە ڕابردووی تێپەڕدا"[٢٦٢] دەچێتە سەر بەرکاری ڕستەکە، بەوەش نواندنی خورتیی سینتاکسیی (٥) ڕوودەدات.

[262] ئازاد ئەحمەد حسەین، یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا (٢٠١٢: ٤٤)، هاوکات بڕوانە: دیار عەلی کەمال کەریم (٢٠٠٢: ٥٥)، کە باس لە جوڵانی ڕاناوی لکاوی بکەر بۆ سەر بەرکاری ڕستە دەکات، لەکاتی دەرکەوتنی بەرکار بە وشەی سەربەخۆ.

٤_ا. [سێوەکە خوارد]$^{T-}$ من

ب. من سێوەکە خوارد

پ. من سێوەکە خواردم (نواندنی خورتیی سینتاکسیی (٤))

ت. من سێوەکەم خوارد. (نواندنی خورتیی سینتاکسیی (٥))

هێڵکاریی (١)



هێڵکاری (٢)




کەواتە گواستنەوەی بکەر بۆ لای ڕاست، سەرباری پابەندبوون بە ئاڕاستەی پێدانی دۆخەوە، بۆ پاراستنی پارامیتەریشە لە سەرەوڕیزبوونی وەچەپێکهێنەرەکانی ڕستەدا بەپێی ڕێسای سەرکۆتایی (بکەر_بەرکار_کردار) لە سینتاکسیی کوردییدا، هەربۆیە پارامێتەر کردەیەکی سینتاکسییە، نەك فەرهەنگیی، چونکە بۆ ئاخێوەری زمان، ڕیزبوونی کەرەستەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە لە سینتاکسدا ڕوودەدات، کەچیی پارامێتەری دروستەی وشەی لێکدراو لە فەرهەنگدایەو دروستەکە پارێزەری هەمان ئەو ڕیزبوونەشە لە سینتاکسدا.

وەك پێشتر باسکرا، بکەر لەپاش گواستنەوەی بەهۆی a بجوڵێنەوە، مۆرفیمێکی ڕێککەوتن لە جێی خۆی بەجێدەهێڵێت، کە دواتر بۆ سەر بەرکاری ڕستە دەگوێزرێتەوە، ئەوەش دەیکاتە دروستەی

ڕستەیەکی بەرهەمهێنراو بەپێی پێڕەوی سینتاکسی کوردیی، کە تێیدا ڕێککەوتن[٢٦٣] لەنێوان کەس‌و ئارگومێنتی بکەردا بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوویداوە، بەوپێیەی "ڕێککەوتن توخم/ ئەلەمێنتێکی ئەرکییەو بەرپرسە لە گواستنەوەی دۆخی نۆمینەتیڤ بۆ بکەر"[٢٦٤] (بڕوانە هێڵکاریی (٣)).

هێڵکاریی (٣)




[263] ا. "لە زمانی کوردییدا فرێزی ناویی ڕێککەوتنێکی دەوڵەمەندو ئاشکرای بۆ خەسڵەتەکانی کەس‌و ژمارە هەیە، واتە ناسینەوەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئاشکرا لە نێوان فرێزی ناویی بکەرو مۆرفیمە گەردانییەکەی کەس (ڕێککەوتن) لە کردارە کات‌و کەسدارەکاندا هەیە". حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٧٤).

ب. بۆ دەستخستنی زانیاریی زیاتر لەبارەی چۆنیەتیی‌و وردەکارییەکانی ڕوودانی ڕێککەوتنەوە، بڕوانە: ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١: ٤٣_٦٧)، وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٥٩_١٦٥)، ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥: ٤٢_٦٥)

[264] Cook. V. & Newson, M. (2007: 149)

گرنگه ئاماژه بۆ ئەوەش بکرێت، دەشێت لەم قۆناغەدا گواستنەوەی مۆرفیمی ڕێککەوتن بۆ سەر بەرکار، پەیوەندیی بە لایەنی واتاییەوە هەبێت، کە بۆ دەرخستن‌و نیشاندانی پەیوەندیی خاوەنێتیی لەنێوان بکەرو بەرکاری ڕستەدا، لەڕێی مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات، بڕوانە ڕستەکانی (٥)و بەیەك بەراوردیانبکە!

٥. من سێوەکەتم خوارد. ~ من سێوەکەی تۆم خوارد.

بەمپێیە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن، کەتیگۆریی شکانەوەی سینتاکسیی حوکمکەرن، بەجۆرێك حوکمی فرێزی تاف دەکەن‌و وەك نیشانەی دۆخیش[265]، لە دوو کاتداو بە دوو مەرج ڕێگە بە دەرکەوتنیان دەدرێت:

١. ئەگەر پەیوەندیی نێوان سەرو تەواوکەر، پەیوەندییەکی هاوسێیەتیی نەبێت.

٢. ئەگەر ئارگومێنت دەرنەبڕدرا بێت، یاخود بە هۆکارێك بۆ جێکەوتەیەکی دیکە گوێزرابێتەوە، ئەوکات پێویستە نوێنەرێك لەجێگەی خۆی بەجێبهێڵێت/ کۆپیبکات، کە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنن، بەمەش ئەمجۆرە مۆرفیمانە، دەبنە نیشانەی بەڵگەیی بۆ بوونی ئارگومێنتێکی دەرنەبڕراو، یاخود گوێزراوە، هەروەك گواستنەوە لە هەردوو جێکەوتەی بکەرو بەرکاردا، بەپێی پێویست ڕوودەدات.

ڕێککەوتن بەهۆی کلیتیکەکان/ مۆرفیمەکانی (م_مان)، (م_ین)ەوە ڕوودەدات، بەواتا "ڕێکەوتن لەڕێی ئەو نیشانانەوە بەجێدەهێنرێت، کە پەیکاڵو هاونیشانە/ هاوسیمان لەگەڵ جێناوە سەربەخۆکاندا"[266]، ئەم نیشانانەش، بۆ پێدانی دۆخ لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدا دەبن[267]، بەوپێیەی، گەر جۆرێکیان گۆکردنی بکەریی هەبوو، ئەوا جۆرەکەی دیکەیان گۆکردنی بەرکاریی دەبێت، بەپێچەوانەشەوە. ئەوکات جێکەوتەکان دەبنە سەنگی محەكو بۆ جیاکردنەوەو دیاریکردنی گۆکردنە سینتاکسییەکان، گرنگو بەهادار دەبن.

نیشانەکانی ڕێککەوتن $AGR^0$ وەك توخمێکی فەرهەنگیی، دەبنە سەری ڕێزمانیی فرێزی ڕێککەوتن، بۆیە دۆخدەرن‌و دەکرێت بەهۆی فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگییانەوە، ویستەکەیان دیاریبکرێت،

---

[265] کاتەگۆرییەکانی ڕێککەوتن‌و دۆخی ڕێزمانیی گرنگ نیین بۆ واتای بناغەکەیان، بەڵکو تەنها پەیوەندیی وشەکە لە پەیوەندیی سینتاکسییدا بە وشەکانی دییکەوە دەردەبڕێت. محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٨٠)

[266] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٧٦)

[267] بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٩٦)، هەروەها وەچەپاری ٣/٣_٥، ل (١٩٨_٢٠٢)

دواتریش ویستە ناوەکییە دیاریکراوەکەیان لەسینتاکسدا بنوێنرێت. بۆ ئەمەش، لەبەرئەوەی ڕێککەوتن بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراوو بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە[٢٦٨] لە قۆناغی پاش بەرهەمهێنانی فرێزی تافو گواستنەوەی بکەردا ڕوودەدات، کەواتە ناواخنی سەرە ڕێزمانییەکەی $AGR^0$، لەجۆری فرێزی تاف دەبێت، کە وەك تەواوکەری سینتاکسیی بۆ تێرکردنی پڕۆژەی فرێزی ڕێککەوتن گۆدەکات، بڕوانە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی لە (٢٧)دا، لەمەشەوە یاسای بەرهەمهێنانی فرێزی ڕێککەوتن لە (٢٨)دا شێوازبەنددەکرێت. بەمپێیە "دەستپێکی هەنگاوەکان بۆ دروستکردنی ئەو پڕۆژە سینتاکسییانەی سەرەوە، ($V^0$)ە، بەڵام لەپاش دروستبوونی فۆرمێکی سینتاکسیی لەجۆری ($V^-$)، پڕۆژەکان دەکەونە دەست سەرە ئەرکییەکانی وەك (تافو ڕێکەوتن)."[٢٦٩]، هەربۆیە فرێزی ڕێککەوتن هاوشێوەی فرێزی تاف، لەجۆری فرێزی ئەرکیی دەبێتو هەڵاوێرکردنی تەواوکەرە سینتاکسییەکەشی، هۆکار دەبێت بۆئەوەی نیشانەکانی ڕێککەوتن وەك سەری ئەرکیی[٢٧٠]، دیارییبکرێن.

**٢٧) [TP] + $AGR^0$**

**٢٨) AGRP ←[[ $AGR^0$ + TP ] + DP ]**

بەپێی یاسای (٢٧)، لەبەرئەوەی جێبەجێبوونی ویستە فەرهەنگییەکەی $AGR^0$، گەورەترین پڕۆژەی تێروتەسەلو بێکەموکوڕیی بەرهەمدێنێت[٢٧١]، هەربۆیە AGRP پەیکاڵی دروستەی ڕستەی زمانی کوردیی دەبێت، کە بۆ گشت جۆرەکانی فرێزی کرداریی، هەمان هەنگاوەکانی پڕۆژەسازدانی

---

[268] تافو بەلایەنی کەمەوە ڕووکار بەدەگمەن لە پەیوەندییەکی وەك ڕێککەوتندا ڕوودەداتو دەردەکەوێت، یان هەرگیز ڕوونادات. محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ١٧٥)

[269] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٧٧)

[270] لەناو تیۆری GB دا، هەندێك لە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك (نیشانەکانی ڕێککەوتن، مۆرفیمی کات، مۆرفیمی نەرێکردن) بە سەری ئەرکیی هەژماردەکرێن. بڕوانە: (Fattah, M. (1997: 212_213

[271] ئەگەرچیی محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ٨٥)، پێیوایە $V^-$ ەکان نە سەرو نە تەواوکەرن، لەو ڕووەشەوە، کە دەتوانن دووبارەببنەوە، ڕستەکانی زمانی کوردیی دەتوانن پڕۆژەی کرداری $V^-$ بن، هاوکات لەبەرئەوەی دەتوانن شوێنی Spec ێکی ئازادیان هەبێت، بۆیان هەیە پڕۆژەی داخراویش بن، بەڵام لە وەچەپاری (٢/١_١_٥_٢)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە سەلمێنرا، کە کرداری سینتاکسیی $V^-$، دەتوانێت گۆکردنی سەری ڕێزمانیی هەبێتو لە قۆناغی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسییدا، تەواوکەری سینتاکسیی هەڵاوێربکات، بەوەش پڕۆژەیەکی دیکەی لەجۆری $V^-$ بەرهەمبێنن، پڕۆژەکەش بەهۆی نەبوونی ڕێککەوتن/ کەسەوە، ناتوانێت پەیکاڵی گەورەترین پڕۆژەی ڕستە بێت، کە پڕۆژەی ڕێککەوتنە، لەلایەکی تریشەوە، ناتوانرێت دروستەی کردارێکی شکاوەی کاتو کەسدار بکرێتە بەڵگەی بەسەربوون بۆ حوکمکردنو پێدانی دۆخی نۆمینەتیڤیی، چونکە پێچەوانەی ئەو هەنگاوانە دەوەستنەوە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەسەر=

فراوانكراو لە داواكردنی كەس‌و دواتریش بەرهەمهێنانی پڕۆژە ڕستەییەكاندا بە ناواخن‌و زانیاریی جیاوازەوە، دەگیرێنەبەر. لە دوای ئەم قۆناغەوە، پڕۆژە پاش_ڕستەییەكانی (ڕستەی لێكدراو، ڕستەی ئاڵۆز، مۆرفۆسینتاكس، ڕستەی ترۆپك) دەستپێدەكات، كە لەپاش نواندنی خورتیی سینتاكسییەوە بۆ پرۆژە ڕستەییەكان، بەرهەمدەهێنرێن. واتە دیوێكی تری نواندنی فەرهەنگیی $X^0$ ەكانن.

## ٢/٣ نواندنە پاش_ڕستەییەكانی توخمە فەرهەنگییەكان $X^0$

### ٢/٣_١ نواندنی پاش_ڕستەیی كردار

لەو ڕوانگەیەوە، كە سینتاكس نواندنی زانیاریی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەكان بێت، ئایا كردارە فەرهەنگییەكان وەك سەری پڕۆژەسازدەر، دەكرێت چەند نواندنیان هەبێت؟ لەكاتێكدا وەك لە فرێزو دەستەواژیلە ئاوەڵناوییەكاندا خرایەڕوو، ئاوەڵناوەكان $A^0$، دوو جۆر نواندنی دەستەواژیلەیی‌و دەستەواژەییان $A^-$ هەن. بە دەربڕینێكی دیكە، بەرجەستەكردنی ویستی ناوەكیی كردارەكان بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی كرداریی، هەمان فۆڕمی دروستەی فرێزیان دەبێت؟ یاخود بەپێی ئاڕاستەكردنی فەرهەنگ بۆ بەرهەمهێنانی جۆرە جیاوازەكانی ڕستە، ئەگەری گۆڕان‌و فراوانكردنیان دەبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بە ئەو شكانەوە جیاوازانەوە بەندە، كە بۆ تەواوكەری كردار لەئارادان، چونكە دروستەی فرێز بۆ هەندێك جۆری كردار، توانای تێركردن‌و بەرهەمهێنانی دروستەی فرێزێكی كرداریی بێكەموكوڕیی نییە، بەڵكو دەتوانرێت زانیارییەكان لە فۆڕمی ڕستەدا بەشێوەی پڕاوپڕ بۆ هەمان كردار بگەیەنرێن، هەربۆیە جیاوازیی شكانەوەی تەواوكەرەكان، كە لە هەردوو فۆڕمەكەدا بەهەمان گۆكردنەوە ڕوودەدەن، پشت بە جۆری كردارو دروستەی ڕستە بەرهەمهێنراوەكان دەبەستێت، بەوەش دەبنە نواندنە سینتاكسییە جیاوازەكانی هەمان كردارو بە فۆڕمێكی تر پێكهاتەی (٣) دەنوێنن. بۆ نموونە ناوێكی كرداریی وەك /پێزانین/، كە پەیڕەوی یاسای $[Y]+V^0$ دەكات، بەوپێیەی

═ بنەمای تیۆری X-bar نراون‌و تێیدا هەریەك لە كەتیگۆرییەكانی $T^0$ و $AGR^0$ بە سەری ئەركیی Functiona Head بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی تاف‌و فرێزی ڕێككەوتن هەژماركراون.

هاوكات حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٦٥)یش، ڕستەی كوردیی، بە پڕۆژەیەكی گەردانیی كات‌و كەس دادەنێت، بەو پاساوەی، فرێزی كرداریی، پڕۆژەی فەرهەنگیی كردارەو فۆڕمی فەرهەنگیی كرداریش، فۆڕمێكی گەردانننەكراو (چاوگ)ە. چاوگیش لەڕێی یاساكانی لقكردنی كاتیگۆرییانەوە تەواوكەرێكی ناوەكیی (بەركار)ی بۆ دیاریدەكرێت‌و لەڕێگای پڕۆژەسازدانی فراوانكراویشەوە تەواوكەری دەرەكیی بكەری بۆ دیاریدەكرێت، بەجۆرێك لەم كاتەدا، فۆڕمە فەرهەنگییەكەی كردار لە فۆڕمێكی گەردانننەكراوەوە بۆ فۆڕمێكی گەردانكراو دەگۆڕێت، كە كات‌و كەسی تێدایەو ئەو كات‌و كەسەش دەبێتە سەرەی ڕستەو دەڵێت: "ڕستە لە كوردییدا بەهۆی كات‌و كەسەوە دروستدەبێت. بە بەڵگەی ئەوەی، كە هەر ڕستەیەك دەبێ لە كاتێكدا جێگیربكرێت‌و بكەری ڕستەكەش دەبێ لە كەس‌و ژمارەدا لەگەڵ مۆرفیمە گەردانییەكەی كەس ڕێكبكەوێت"، بەڵام بۆچوونەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە پەیوەست بە ئەم بابەتەوە، لە پێشتردا ڕوونكرانەوەو پێشكەشكران.

تەواوکەرێك لە جۆری PP لە ناواخنیدا هەڵگیراوە، بەجێبەجێبوونی ویستەکەی لە فۆڕمی فرێزدا، کردارە بەرهەمهاتووەکە دەتوانێت دروستەی ڕستەیەکی سادە بەرهەمبێنێت (بڕوانە (٦_ا))، کەچیی ویستی فەرهەنگیی هەمان کردار بۆ بونیاتنانی دروستەی ڕستەی ئاڵۆز، لە نواندنێکی سینتاکسیی جیادا بە شکانەوەی تەواوکەر بەشێوەی ڕستیلە[٢٧٢] جێبەجێدەبێت، بەواتا ویستە داواکراوەکەی لە دروستەی PP یەوە بۆ فۆڕمی ڕستەیەکی شوێنکەوتوو دەگۆڕێت، کە لەناو ڕستە سەرەکییەکەدا دەشکێتەوە، بەمەش گۆڕینی دروستەی ڕستەی سادە بۆ ڕستەی ئاڵۆز، وابەستەی گۆڕینی فۆڕمی ناواخنی کردارەکە دەبێتو کردارەکە بەرهەمیدەهێنێت، بەجۆرێك "ڕستەی ئاڵۆز، لەئەنجامی گۆڕینی دروستەی ئەرکێکی سینتاکسی لە فرێزەوە بۆ ڕستە دادەڕێژرێت"[٢٧٣]، بەوپێیەی مەرجی ڕوودانی ڕستەی ئاڵۆز[٢٧٤]، هەبوونی ڕستەیەکی سەرەکییو ڕستەیەکی شوێنکەوتوو/ ڕستیلە دەبێت (بڕوانە (٦_ب))، بۆیە ئەو گۆڕانە دروستەییە، مەرجی پێویستییە سینتاکسییو دروستەییەکەی ڕستەی ئاڵۆز تێردەکات.

٦_ ا. من بەدەرچوونی تۆم زانی. /پێزانین/
ب. من دوێنیٚ لە سەیرانەکە زانیم، کە تۆ دەرچوویت. /پێزانین/
پ. ئەو وەڵامی پرسارەکەی زانی. /زانین/
ت. من تۆم بەپیاو زانی. /پێزانین/
ج. من ئەوم زۆر بە پیاو دەزانی. ~ من ئەو زۆر بەپیاو تێگەیشتبووم.~ من ئەوم زۆر بەپیاو دادەنا.

---

[272] ڕستیلەکان پەیوەست بە پێدانی دۆخی ڕێزمانیی کردارەکانەوە، گۆکردنی سینتاکسیی جیاوازیان هەن، وەك گۆکردنی (بکەریی، بەرکاریی،....هتد)، لەسەر ئەو بنەمایەش، بەکر عومەر عەلیو ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢: ٧٣_٩٥) جۆرەکانی ڕستەی ئاڵۆزیان دیاریکردووە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تیشکدەخرێتەسەر نواندنە سینتاکسییە جیاوازەکانی ئەو جۆرە کردارانە بۆ بونیاتنانی دروستەی ڕستەی ئاڵۆز.

[273] بەکر عومەر عەلیو ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢: ٧١)

[274] بەکر عومەر عەلیو ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢: ٧١) بۆچوونیان وایە، ڕستەی ئاڵۆز، ڕستەیەکی سادەیە، کە فۆڕمی یەکێك لە ئەرکە سینتاکسییەکان تێیدا، لە فرێزەوە بۆ ڕستە گۆڕرابێت. لەڕاستیدا گەر گۆڕینی فۆڕمی ناواخنی کردارەکان دروستەییانە لێکبدرێتەوە، ناتوانرێت دروستەی هەردوو جۆر ڕستەکە بە پەیکاڵی یەك دابنرێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دروستەی فۆڕمە گۆڕاوەکە لە فرێزەوە بۆ ڕستە، ناتوانێت لە هەمان جێکەوتە فرێزییە بنەڕەتییەکەیدا ڕووبدات، بەڵکو گۆڕانی دروستەیی، گۆڕانی جێکەوتەییش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەربۆیە بە دوو دروستەی جیاواز دادەنرێن. بڕوانە جیاوازیی دروستەی نموونەکانی (ا،ب،پ) پەیوەست بە جێکەوتەو سەرەوریزبوونی کەرەستە_هێڵ بەژێرداهاتووەکانیانەوە.

ا. من بە ڕۆیشتنی ئەوم زانی.
ب. * من کە ئەو ڕۆیشتووە زانیم
پ. من زانیم، کە ئەو ڕۆیشتووە.

(٦_ا) دروستەی ڕستەیەکی سادەیە، ناوی کرداریی /پێزانین/یش، کە گۆڕینی مۆرفۆلۆژییانەی کرداری /زانین/ە، بەهۆیەوە ناواخنە فەرهەنگییەکەشی، کە دروستەی فرێزی هەیە، گۆڕانی بەسەرداهاتووە، چونکە لە (٦_پ)دا ناوی کرداریی /زانین/، هەرچەندە بەهەمان شێوەی کرداری /پێزانین/ یاسای $[Y]+V^0$ جێبەجێدەکات، کەچیی جۆری ناواخنەکەیان لەیەکجیاوازە، بەوپێیەی لە (٦_ا)دا پێشناوی فەرهەنگیی /پێ_/ لە سینتاکسدا بۆ فرێزی پێشناویی شکاوەتەوە، هەروەك تەواوکەرە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی، نیشانیدەدات، کەچیی جیاواز لەوە لە (٦_ب)دا، فرێزە پێشناوییەکە بۆ دروستەی ڕستیلەیەك شکاوەتەوە، بەوەش ویستە فەرهەنگییەکەی کرداری /پێزانین/ _ڕستیلەی >کە تۆ دەرچوویت<_، سینتاکسییانەو لەڕووی گۆکردنەوە پەیکاڵی دروستەی فرێز دەبێتو ناشتوانرێت لە ئەو فۆڕمە بچووکتر بکرێتەوە، بەمەرجێك پێویستیی سینتاکسییو واتایی کردارەکە تێربکات. لەمەوە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەی ئەم کردارە سینتاکسیی دەبێتو دەکرێت یاساکەی لە (٢٩)دا دابڕێژرێتەوە، بۆ ئەوەش ڕستیلەکان پەیوەست بە ناواخنی فەرهەنگیی کردارەکانەوە بە گۆڕاوی $Y^-$ لە یاساکەدا بەرجەستەدەکرێن، ئەمەش بۆ جیاکردنەوەیانە لە دروستەی فرێزو ڕستە وەك تەواوکەر $Y$ لە نواندنە تەختەکەیاندا. بڕوانە نواندنی (٦_ب) لە هێڵکاریی (٤)دا.

**٢٩) $[Y^-]+V^0$**

شیکردنەوەکانی سەرەوە دەریدەخەن: (ا) دروستەی ڕستەکانی (٦_ا،ب)، هەردووکیان پڕۆژەی هەمان کرداری فەرهەنگیین، نەك دوو کرداری جیاواز، تەنها لە یەکەمدا ڕستەیەکی سادەو لە دووەمیشدا ڕستەیەکی ئاڵۆزی بەرهەمهێناوە. (ب) فرێزی کرداریی هەردوو ڕستەکە، لە هەمان پێکهاتەی واتایی کەوتوونەتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕینی فۆڕمی تەواوکەر پەیوەست بە جۆری ڕستەکانەوە، کاریگەریی لەسەر گۆڕینی واتاو ناوەڕۆکی ڕستەکان دروستنەکردووە، بگرە هەردوو ڕستەکە سیمانتیکییانە پەیکاڵی یەکن، چونکە پێکهاتەی واتاییان چوونیەکە. کەواتە بۆ ئاخێوەری زمانی کوردیی، دوو پێڕەوی زمانیی هەن، کە ڕستەی سادەو ڕستەی ئاڵۆزن، بەڵام هەردووکیان لە هەمان زانیاریی فەرهەنگییەوە هاتوون.

هێڵكاریی (٤)


AGRP
AGR-
DP
TP
T-
Adv-
دوێنێ
AGR0
T0
VP
V-
PP/ Adv-
له سه‌یرانه‌كه
م
ی
من
Y-
V0
زان
AGRP
Par
(كه)
AGR-
DP
AGR0
TP
T-
T0
VP
V-
V0
یت
وو
ده‌رچ
تۆ

لە (٦_ت)دا، ناوی کرداریی /پێزانین/ پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی $[Y]+[[Y]+V^0]$ دەکات، بەوەش وەك ئەو جۆرە کردارانە ڕەفتاردەکات، کە لە ناواخنی فەرهەنگییو نواندنە تەختەکەیاندا دوو تەواوکەر ویستی کردارەکە تێردەکەن[275]، بەلاَم لە پەیوەندییە هەڕەمییەکەیدا، تەواوکەری فرێزی پێشناویی {بە پیاو} لەلایەن ڕەگی کردارەکەوە دۆخی پێدەدرێتو تەواوکەری {تۆ}ش، $V^-$ دۆخی ڕێزمانیی ئەکوزەتیڤیی دەداتیٚ، پرۆژەکەش، دروستەی ڕستەیەکی سادەی بەرهەمهێناوە، بەوەش پێشبینییدەکرێت (٦_ت)، ببێتە نواندنێکی دیکەی ناوی کرداریی /پێزانین/ لەتەك ڕستەکانی (٦_ا،ب)دا، چونکە وەك خرایەڕوو، ویستی کردارەکە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەو ڕووەوە، کە لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا زیاتر لە تەواوکەرێك بژاردەدەکات. جێی سەرنجە، ناوی کرداریی /پێزانین/ لە (٦_ت)دا، سیمانتیکییانە لە /پێزانین/ی ڕستەکانی (٦_ا،ب) جیاوازە، چونکە لە (٦_ا،ب)دا ناوەڕۆکی کردارەکە واتای هەبوونو بەدەستهێنانی زانیارییەك لەلایەن ئاخێوەرەوە دەردەبڕێت، کەچیی لە (٦_ت)دا، واتای /پێزانین/ پەیکالَی واتای فۆڕمەکانی /تێگەیشتن، دانان/ە (بڕوانە (٦_ج))، کەواتە کردارەکە وێناکردنی کەسیی ئاخێوەرە بۆ بابەتێکی دیاریکراو، کە مەرج نییە لە ڕاستیدا بەو جۆرە بێت، لەکاتێکدا لە ڕستەکانی (٦_ا،ب)دا، کردارەکە دەربڕی زانیارییەکی ڕەهایە بەو جۆرەی لە ڕاستیدا بوونی هەیە، بەوەش ئەگەرچیی کردارەکە لە ڕستەکانی (٦_ا،ب،ت)دا هەمان دروستەی هەیە، بەلاَم ناوەرۆکی واتاییان لەیەکجیاوازن.

لەتەك ئەم بۆچوونەشدا، گریمانەدەکرێت کردارەکە لەو جۆرانە بێت، کە تەنها یەك تەواوکەر لە ناواخنی فەرهەنگییاندا هەن، وەك ناوە کردارییەکانی /بردن، نووسین، شتن، خواردن...هتد/، ئەوکات ناوە کردارییەکە، فۆڕمی /بەپیاوزانین/ی دەبێتو نواندنە فەرهەنگییەکەشی پەیڕەوی یاسای $[Y]+V^0$ دەکات، بەپێی ئەم گریمانەیە بێت، پێشبینییدەکرێت فۆڕمەکانی /بەکەمزانین، بەزۆرزانین، بەگێلزانین، بەگەمژەزانین...هتد/یش هەمان هەڵسوکەوتی سینتاکسییان هەبێت، بەوپێیەی تەنها یەك تەواوکەر پێویستیی فرێزە کردارییەکەیان تەواودەکات.

**ئەنجامی ئەم دوو لێکدانەوەیە، ئەو پێشبینییە ڕەتدەکاتەوە، کە کرداری (٦_ت) نواندنێکی دیکەی هەمان کرداری /پێزانین/ بێت، بۆ ئەمەش لە لێکدانەوەی یەکەمدا واتاو لە دووەمیشدا دروستەی کردارەکە، کە /بەپیاوزانین/ە، ڕاستیی بۆچوونەکە پشتڕاستدەکەنەوە.**

٧_ا. ئەو گۆرانیی گوت.

ب. ئەو گوتی، من زوو دەگەڕێمەوە.

---

[275] تالَیب حوسێن عەلی (٢٠١٤: ١١٩_١٢٠، ١٢٥) بۆچوونی وایە، لە ڕستەیەکی وەك >ئەو تۆ بەپیاو دەزانیٚ< دا، بەرکاری {تۆ}، پێویستی بە جێکەوتەیەکی تر هەیە، کە لەشێوەی فرێزی بەنددا دەردەکەوێتو پەیوەندی لەگەڵ بەرکارەکەدا دەبەستێت، بۆئەوەی وەك تەواوکەری بەرکارەکە، واتای ڕستەکان بەیەکەوە تەواوبکەن، هەروەك کردارەکەش بە /زانین/ دادەنێت.

کرداری /گوتن/ بەوپێیەی کردارێکی تێپەڕە، لەناواخنەکەیدا تەواوکەرێك هەڵگیراوە، هەروەك (٧_ا) نیشانیدەدات، بەڵام لە (٧_ب)دا تەواوکەری کردارەکە بۆ فۆڕمی ڕستە گۆڕاوە، کە تەواوکەرێکی سینتاکسییە، هەربۆیە /گوتن/ لەو کردارانەیە، کە بۆ تێرکردنی ویستە فەرهەنگییەکەی، تەواوکەری جیاواز لەجۆری فەرهەنگیی‌و سینتاکسییش هەڵاوێردەکات، هەمبەر بەمە، کردارە تێنەپەڕەکان لەبەرئەوەی هەر لە فەرهەنگەوە تەواوکەریان تێدا خەزنننەکراوە، بۆیە خورتیانە ڕستەی ئاڵۆز بەرهەمناهێنن، بۆ نموونە کرداری /ڕۆیشتن/ بەوپێیەی کردارێکی تێنەپەڕە، نواندنە فەرهەنگییەکەی بەشێوەی $V^0+[\ldots]$ دادەڕێژرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە کردارەکە هیچ ئارگومێنتێك داواناکات، بۆیە ناتوانێت تەواوکەر نە لە جۆری DP، نە لەجۆری ڕستە وەربگرێت، لەبەرئەوەی هیچ دۆخێکی بۆ تەواوکەر پێ نییە (بڕوانە (٨_ا،ب)).

٨_ا. ئەوان بۆ ئاهەنگەکە ڕۆیشتن.

سەربار

ب. کە تۆ گەڕایتەوە، من دەڕۆم.

سەربار

## ٢_٢/٣ نواندنە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکانی پارتیکڵ $Par^0$

ڕستەی ئاڵۆز، بەهۆی پارتیکڵەکانی (بۆیە، کە، چونکە، لەبەرئەوەی، ...هتد)ەوە بونیاتدەنرێت، واتە ئەم پارتیکلاْنە، مەرجی لەئارادابوون‌و ڕوودانی دروستەی ئەمجۆرە ڕستەیە تێردەکەن‌و خۆیان دەبن بە سەری پرۆژەسازدەر/ پریدیکاتۆرو بۆ دروستکردنی پریدیکات داوای تەواوکەرێکی سینتاکسیی دەکەن. لەم ڕووەوە Haegeman لە چوارچێوەی تیۆری X_barدا دروستەی ڕستە لەگەڵ فۆڕماتی $X^-$دا چونیەکدەکات، دواتریش فۆڕماتی $X^-$ بۆ ڕستەی شوێنکەوتوو فراواندەکات، کە تێیدا جۆری ڕستە شوێنکەوتووەکە، وابەستەی جۆری واژەگۆکەرەکان دەبن. لەم بۆچوونەوە، ناوبراو پێشنیازی ئەوە دەکات، واژەگۆکەرەکان، کە بە $C^0$ دەنوێنرێن‌و نیشانەدەکرێن، بە سەر Headی ڕستەی شوێنکەوتوو دابنرێن[٢٧٦]، بەوەش پارتیکڵەکان وەك هەر سەرێکی دیکە، بەهۆی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییانەوە ناواخنەکەیان دەردەخرێت. بۆ ئەوەش "پرۆژەی C، بریتییدەبێت لە پرۆژەی سەرێکی ئەرکیی‌و CP یش پرۆژەیەکی ئەرکیی دەبێت"[٢٧٧]، بەپێی ئەمە بێت، سەری ئەرکیی $Par^0/\ C^0$، تەواوکەرێکی سینتاکسیی لەجۆری ڕستە بۆ خۆی هەڵاوێردەکات، کە دەکرێت لە یاسای (٣٠)دا شێوازبەندبکرێت. پاش هەولاوێرکردنی تەواوکەرە سینتاکسییەکەی‌و بەرهەمهێنانی پریدیکات،

---

[276] Haegeman, L. (1994: 116)
[277] ibed

ئەگەرچیی ڕستە شوێنکەوتووەکە/ پریدیکاتەکە حوکمی سەرباری هەیە، پێشبینییدەکرێت وەك پریدیکاتۆر ڕەفتاربکات، بەوەی تەواوکەرێکی دیکە لەفۆڕمی ڕستە داوادەکات.

**٣٠) [AGRP] + Par / [Y] +Par**

بەپێی یاسای (٣٠)، پارتیکڵەکان سەری ڕێزمانیین‌و هەمان حوکمی توخمی فەرهەنگیی $X^0$ یان هەن، ئەوانەی وشەی دەسەڵاتدارن‌و لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا تەواوکەر دیاریدەکرێت، هەربۆیە پارتیکڵەکانیش، بە زانیارییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، کە دەتوانرێت بەپێی تیۆری X-bar، زانیاریی ناواخنەکانیان لە سینتاکسدا دەربخرێن‌و بنوێنرێن. لەم ڕووەوە، پارتیکڵەکان جیاواز لە توخمە فەرهەنگییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار)، تەواوکەرەکانیان سینتاکسیین، کە دروستەی ڕستەیەکی سادەن، هەروەك لە (٨_ب)دا، پارتیکڵی /کە_/ پریدیکاتۆرەو تەواوکەرێکی سینتاکسیی، کە ڕستەی >تۆ گەڕایتەوە< یە، داوادەکات‌و پێکەوە دەبنە پریدیکات، ئەگەرچیی بە وەرگرتنی پارتیکڵەکان، فۆڕمی ڕستەکە _تەواوکەرە سینتاکسییەکە_ بۆ ڕستەی شوێنکەوتوو/ ڕستیلە دەگۆڕێت، لەکاتێکدا سەرە ڕێزمانییەکانی دیکە، بژاردەکردنی تەواوکەرەکەیان لەنێوان دروستەکانی (فرێزی دیارخەریی، فرێزی ئاوەڵناویی، فرێزیی خستنەپاڵیی)دا دەبێت، هەربۆیە هەندێکیان لەجۆری تەواوکەری فەرهەنگیی‌و هەندێکی دیکەشیان لەجۆری سینتاکسیی دەبن.

هێڵکاریی (٥)




بەپێی هێڵکاریی (٥)، پارتیکڵەکان هاوشێوەی پێشناوە سینتاکسییەکان، کەتیگۆرییەکی سەرسەرەتان، واتە هەمیشە وەك ئارگومێنت_داواکەر جێکەوتەی لای ڕاست دەگرن، بەوەش تەواوکەرەکەیان لای چەپی دروستەکە پڕدەکاتەوە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت، سەرسەرەتایی پارتیکڵ، وادەکات جێکەوتەیەکی چەسپاوو نەگۆڕی هەبێت، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، هەر گۆڕانکارییەك لە سەرەوریزبوونی سەرو تەواوکەردا ڕووبدات، پەیوەندیی بە جوڵاندن‌و گواستنەوەی تەواوکەرەوە هەیە، نەك گواستنەوەی پارتیکڵ، بەوپێیەی گشت سەرە پرۆژەسازدەرەکان وەك سەری حوکمکەری پرۆژەکە، جێگیرن (بڕوانە (٩_ا،ب))، بەڵام ڕێگەدەدرێت کۆی ڕستە شوێنکەوتووەکە لەگەڵ ڕستەی سەرەکییدا شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن، واتا جێکەوتەکانیان پێچەوانەببێتەوە، بێ ئەوەی گۆڕانی واتایی ڕووبدات (بڕوانە (١٠_ا،ب)). جێی ئاماژەبۆکردنە، ئەم پێکهاتەیە _ڕستیلە_، تەنها دیوێکی

دروستەیی ئارگومێنت_داواکەرن، نەك دیوی واتایی، بۆیە گرنگە بچنەناو پێکهاتەی واتایی (٣)وە، کە لەناویدا واتاو ئارگومێنت _پۆلەڕەگەزی پێکهاتوو_ بۆ دروستەکە هەیە.

٩_ا. درەنگ هەستام، چونکە ماندووبووم.

ب. درەنگ هەستام، ماندووبووم چونکە.

١٠_ا. چێشتم لێدەنا، کە باوکم گەیشتە ماڵەوە.

ب. کە باوکم گەیشتە ماڵەوە، چێشتم لێدەنا.

١١_ا. کە ئەو ڕۆیشت، من هاتم.

ب. من پێریێ هاتم.

لە (١١_ا)دا، ڕستیلەی >کە ئەو ڕۆیشت<، بەشێکە لەو کەرەستە سەربار ZP ەی لە ڕستەی سەرەکیی >من هاتم< دایەو لەڕووی واتاو دروستەشەوە لەلایەن TPی هەمان ڕستەوە حوکمکراوە، دروستەکە گۆکردنی ڕستیلەی ئاوەڵکرداریئاسا Adverbial clause[٢٧٨] ی هەیە، چونکە سیمانتیکییانە پەیکاڵی واتای ئاوەڵکرداری کاتییە، بەجۆرێك واتاکەی پراگماتیکییانە لەلایەن قسەکەرو گوێگرەوە هەڵدەهێنجرێت، لەبەرئەوەی کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی نییە، بەڵکو دارشتنێکی تاکەکەسیی هەیەو واتاکەی پەیوەست بە دەربڕینی کاتەوە لێکدەدرێتەوە، هەربۆیە ڕستە شوێنکەوتووەکە شکانەوەیەکی تری کاتەکە دەبێت، لەو ڕوانگەیەشەوە، کە لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ڕوویداوە، کەواتە $T^{-}$ مارکەدەکات، ئەمەش وادەکات بە فرێزی تاڤ ڕستە سەرەکییەکەدا هەڵبواسرێت (بڕوانە هێڵکاریی (٦)).

کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (١١_ا،ب)، هەردووکیان زانیاریی لەسەر کاتی ڕوودان دەدەن، بەوەش پێشبینییدەکرێت ڕستە شوێنکەوتووەکەی >کە ئەو ڕۆیشت< ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ئاوەڵکرداری سینتاکسیی /پێریێ/، بەڵام دەبێت بگوترێت، لە (١١_ب)دا، /پێریێ/ تێگەیشتنێکی گشتیی پەیوەست بە کاتەوە دەردەبڕێت، کەچیی لە (١١_ا)دا زانیارییەکانی ڕستە شوێنکەوتووەکە، وەك کۆدێکی نێوان قسەکەرو گوێگر بەدیاریکراویی کاتەکە ڕووندەکاتەوە، بۆیە کردنەوەی کۆدەکە، یەکێك لە ئەگەرەکانی /دوێنێ، پێریێ، بەسرپێریێ، ...هتد/، پەیوەست بە زانیاریی کاتی /هاتن/ەوە دەستنیشاندەکات، بەوەش هەڵگری فیچەری [−گشتیی][٢٧٩]دەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە، تێنەپەڕیی کرداری /هاتن/، دەبێتە بەڵگەو سەرباریی ڕستیلەکە پشتڕاستدەکاتەوە، بەوەش گۆکردنێکی سەرپشکیانەی دەداتێ.

---

[278] بۆ زانیاریی، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢٢١)، هاوکات لەبارەی گۆکردنەکانی ڕستیلە لەناویەکداشکاوەکانو جۆرەکانیانەوە، بڕوانە: Baker, A. & Hengeveld, K. (2012: 162_164).

[279] لەگەڵئەوەشدا، کە ڕستە شوێنکەوتووەکان واتای ئاوەڵکردارییان هەن، کەچیی فەرهەنگیی نین، بە دەربڕینێکی دیکە، گشتییو ئامادەکراو نین، بەڵکو تێگەیشتنو لێکدانەوەیان، تاکەکەسییو سنوردارە، ئەمەش وادەکات پەیوەست بە دەوروبەری ئاخاوتنی نێوان قسەکەرو گوێگرەوە، هەڵگری واتاو ڕاڤەکردنی جیاواز بن.

هێڵکاریی (٦)


AGRP
AGR-
AGR-
DP
من
AGR0
TP
T-
ZP/Y-
T0
VP
V-
Par
AGRP
که
V0
م
ت
ها
AGR-
DP
AGR0
TP
T-
T0
VP
V-
V0
Ø
ت
ڕۆیش
ئەو

هەر سەبارەت بە پڕۆژە بەرهەمهاتووەکانی فرێزی تاف، وەك لە پاری (فرێزی تاف)یشدا ڕوونکرایەوە، TP یەکان وەك پڕۆژەیەکی سینتاکسیی، بۆیە نەبوونە ڕستە، چونکە بەهۆی نەبوونی ڕێککەوتنەوە، نەبوونە پڕۆژەیەکی تێرو بێکەموکوڕیی. دروستەی {ئاشکرایە}/ TP لە (١٢)دا، فرێزێکی کرداریی کاتدارە، کە گۆکردنی ڕستیلەی هەیەو پریدیکاتە، بۆیە وەك هەر TP یەکی دیکە، بەتەنها ئازادو ڕێپێدراو نییە، بەڵکو "(TP)یە بێڕێکەوتنەکان/ بێکەسەکانی لە چەشنی (دەبێت، دەشێت، دەبوو، پێویستە، پێویستبوو، ئاشکرایە،...) دەبێت، (Agrp)یەکیان تێدا بشکێتەوەو دروستەی ڕستەیەکی ئاڵۆز دروستبکەن"[280]، واتە {ئاشکرایە} کەسی تێدا نییە[281]، بۆیە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی تێرو بێکەموکوڕیی، فرێزێکی ڕێککەوتنی لەناودا بشکێتەوە، تاوەکو بەهۆی گواستنەوەی بکەری ڕستیلەکەی دوای خۆیەوە بۆ Specی TP یە بێکەسەکە، TP یەکە تێربکرێت، دواتریش بە گواستنەوەی بکەر بۆ Specی AGRP، ڕێککەوتن لەنێوان کەسی AGRP یەکەو TP ی {ئاشکرایە}دا ڕوودەدات، چونکە بە بێ بوونی کەس، دروستەی TP یەکە ڕێپێدراو نییە.

١٢. ئاشکرایە، کە ئەو هاتووە.

شیکردنەوەی داتاکان لەبارەی ڕستەی ئاڵۆزەوە ئەوە دەردەخەن: (ا) هەندێکجار ناواخنی فەرهەنگیی کردارەکە، بە گۆڕینی فۆڕمی تەواوکەری $V^0$ دەستەبەردەبێت، هەروەك ناواخنی کرداری /پێزانین/، کە تەواوکەرەکەی لە فۆڕمی PP یەوە بۆ ڕستیلە دەگۆڕێت. (ب) ڕستیلەی TP، ناتوانێت بەبێ بوونی کەس وەك ڕستە گۆبکات، بۆیە بۆئەوەی ئەمە ڕووبدات، دەبێت TP یەکە هاوشێوەی کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی لەناو AGRP دا بشکێتەوە، کەواتە تێرکردنی پڕۆژەی TP، بەخورتیی وابەستەی شکانەوەی دەبێت لەناو AGRP یەکدا، بەمەش ڕێککەوتن لەنێوان کەسو ئارگومێنتی بکەریی ڕستە لەناوشکاوەکەدا ڕوودەدات. هاوکات دروستەکانی {دەبێت، پێویستە، دیارە، ...هتد}، هەروەك پێشتر خرایەڕوو، بەهەمان شێوە گۆکردنی TP یان هەن، بۆیە ڕوودانیان مەرجدارە بە شکانەوەی AGRP یەك لەناویاندا، تا بەهۆی بوونی کەسی AGRP یەکەوە حوکمی DP ی بکەر بکەن. (پ) لەسینتاکسدا دوو تەواوکەر لەناو یەکدا دەشکێنەوە، بەوەش لەناو پڕۆژە گەورەکەدا، هیچ کام لە دروستەکان نابنە ڕستەی سەرەکیی، بەڵکو هەردووکیان دوو دروستەی نائازادنو دەبنە تەواوکەری یەك، هەربۆیە بە تەنهاو بێ بوونی یەك، گۆکردنو ئازادیی ڕوودانیان نابێت. (ت) هەبوونی سەربار ZP، کە گۆکردنێکی ئاوەڵکرداریی هەیەو لە دەرەوەی TP یەکەوە دێت، بۆیە بە TPیەکەدا

---

[280] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٨٠)

[281] بشڕوانە: Radford, A. & Atkinson, M. (2009: 275)

هەڵدەواسرێت، چونکە لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا تافی کردارەکە مارکەدەکات. (ج) پارتیکڵەکان[٢٨٢] سەری ئەرکیی پرۆژەسازدەرن‌و وەك هەر سەرێکی دیکە، بەهۆی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییانەوە ناواخنەکەیان دەردەخرێت، کە تەواوکەرەکەیان دروستەی ڕستەی دەبێت. بەپێی ئەمە بێت، سەری ئەرکیی $Par/C^0$، تەواوکەرێکی سینتاکسیی لەجۆری AGRP بۆ خۆی هەڵاوێردەکات.

بەوپێیەی ئەو کەرەستانەی لەناو پێکهاتەی (٣)دا هەن، دروستەی فرێزن، کەواتە پێویستییەکانیان لە تەواوکەرو پارامیتەر جێبەجێبوون، هەربۆیە لەناو پێکهاتەکەدا ئارگومێنت، ئارگومێنت_داواکەر، پارامیتەر هەن.

لەناو دروستەی پریدیکاتدا، دوو زانیاریی بنەڕەتیی هەن: (١) ئارگومێنت/ دروستە، کە ئارگومێنت_داواکراون، بەوپێیەی دروستەی پریدیکات، بەهۆی ئارگومێنت_داواکەری پریدیکاتۆرەوە ڕوودەدات، لەتەکئەمەشدا خودی پریدیکات وەك پێکهاتەیەکی ئارگومێنت_داواکەر گۆدەکات. (٢) واتا _کۆتوبەند_، پەیوەست بەو فیچەرانەوە هەن‌و لەئارادان، کە مەرجە ئارگومێنت_داواکراوەکان هەیانبێت. بەپێی ئەمە بێت، لەناو پریدیکاتدا، سەرەتا زانیاریی یەکەم دەستەبەردەبێت، واتە تەنها زانیارییە دروستەییەکە جێبەجێبووە، نەك زانیاریی‌و لێکدانەوەی واتایی، بەڵکو واتای پریدیکات وابەستەی ڕستەی سەرەکیی دەبێت، بۆیە ڕستەی شوێنکەوتوو، ڕستەیەکی نائازادو ڕێپێنەدراوە، تا ئەو کاتەی، مەرجی واتایی پەیوەست بە ڕوودانی ڕستەی سەرەکییەوە دابیندەکرێت، بەپێچەوانەوە ڕستە شوێنکەوتووەکە هیچ بەهایەکی واتایی نامێنێت، بەوپێیەی بەشێکی سەربارەو پەیوەست بە پێدانی زانیاریی زیاتر لەسەر کردارەکە گۆدەکات، هەربۆیە پێویستە شکانەوەی ڕستەی شوێنکەوتوو لەناو ڕستەی سەرەکییدا ڕووبدات، ئەوکات هەردوو زانیاریی دروستەیی‌و واتایی پریدیکاتەکە دەستەبەردەبن (بڕوانە (١٣_ا،ب)).

١٣_ا. * لەبەرئەوەی کارم هەیە

ب. نایەم بۆ ئاهەنگەکە، لەبەرئەوەی کارم هەیە.

وێڕای شکانەوەی ڕستەی شوێنکەوتوو لەناو ڕستەی سەرەکییدا، هەندێکجار ڕوودەدات دوو ڕستەی شوێنکەوتوو لەناو یەکدا دەشکێنەوە، بەوەش هیچ کام لە دوو ڕستەکە، نابن بە ڕستەی سەرەکیی، بەڵکو دوو ڕستەی تەواوکەر دەبن‌و پێکەوە پرۆژەکە تەواودەکەن، بڕوانە (١٤_ا)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٧)دا.

١٤_ا. بۆیە نەهاتووە، چونکە نەخۆشە.

ب. نەهاتووە، چونکە نەخۆشە.

---

[282] بۆ زانیاریی لەبارەی (پارتیکڵ لە زمانی کوردی دا)، بڕوانە: ابوبکر عمر قادر (٢٠٠٧)

پ. بۆیە نەهاتووە، نەخۆشە.

لەو دروستانەدا، کە دوو ڕستەی تەواوکەرن‌و لەناو یەکدا دەشکێنەوە، دەکرێت یەکێک لە پارتیکڵەکان دەرنەبڕدرێت، بە واتا پارتیکڵێکیان گۆکردنێکی سەرپشکیی دەبێت، بەوپێیەی کاریگەریی لەسەر گۆڕینی واتا دروستناکات، تەنها لەڕووی دروستەییەوە، یەکێك لە ڕستە تەواوکەرەکان، دەبێتەوە بە ڕستەی سەرەکیی. بڕوانە (١٤_ب،پ)و بە (١٤_ا) بەراوردیانبکە.

هێڵکاریی (٧)



## ٣_٢/٣ نواندنە ڕستەیی‌و پاش_ڕستەییەکانی مۆرفێمی تەکخستن $Conj^0$

ڕستەی لێکدراو[٢٨٣]، کە پێواژۆی لێکدان‌و خستنەتەکیەکی دوو ڕستەی سادە دەگرێتەوە، بەپێی بنەماکانی تیۆری X-bar پێویستی بە هەبوونی سەرێکی ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرە، تاوەکو بەهۆیەوە پێواژۆی خستنەتەکیەکەکە جێبەجێبکات، بۆ ئەوەش مۆرفێمی خستنەتەکیەکی /_و_/، سینتاکسییانە وەك سەرێکی ڕێزمانیی حوکمکەر بۆ بونیاتنانی دروستەی ئەمجۆرە ڕستەیە، گۆدەکات (بڕوانە هێڵکاریی (٨))، کە نواندنی سینتاکسیی گشتیی پرۆژە تەکخراوە جیاوازەکان دەخاتەڕوو.

هێڵکاریی (٨)




بەپێی هێڵکاریی (٨)، مۆرفێمی تەکخستن $Conj^0/\ X^0$ لەناو $X^-$ ە ناوەندییەکەدا سەری ڕێزمانییە، بۆیە وەك هەر توخمێکی فەرهەنگیی دیکە، زانیاریی ئەبستراکتی فەرهەنگیی لە ناواخنیدا هەڵگیراوە، لێرەشدا پەیوەست بە ڕستەی تەکخراوەوە، $Conj^0$ دەبێتە پریدیکاتۆر/ ئارگومێنت_داواکەر بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێك پرۆژەی ڕستەیی/ نائازادی شکاوە، کە دروستەیەکی لەجۆری $[X^-/\ Conj^-]$ی دەبێت (بڕوانە هێڵکاریی (٩))، واتە لە هەنگاوی یەکەمدا، پریدیکاتۆرەکە ڕستەیەکی سادە داوادەکات، پاشان ڕستە سادەکە لە دروستەیەکی پاش_ڕستەییدا، کە ڕستەی تەکخراو/ لێکدراوە، دەشکێتەوە. بۆ ئەوەش مۆرفێمەکە وەك سەری ڕێزمانیی‌و وشەی دەسەڵاتدار، جێکەوتەی چەپی هێڵکارییەکە دەگرێت، جێکەوتەی ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکەش، بە ڕستە تەواوکەرەکە پڕدەکرێتەوە.

---

[283] _ا. "ڕستەی لێکدراو ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە پتر لە کارێکیان تێدایەو هەر کارێك ڕستەیەکی سەربەخۆ پێك دەهێنێ، بەڵام بەشدارییێکی هاوبەش لە نێوانیان هەیە، وەك هاوبەشی لە هەمان فرێزی ناوی، چ بکەر بێ، چ بەرکار، یان بەشداری لە ڕووی کاتی ئەنجامدانی کارەکان". عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠٠٥: ٤٦). هاوکات بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕستەی لێکدراو، بڕوانە: یوسف نوری محەمەدئەمین (٢٠١٥).

ب. بۆ زانینی جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣: ٧١_٧٣)

پەیوەست بە پرۆژەی ڕستەی تەکخراوەوە، ئەو کەرەستانەی بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە دەخرێنەتەکیەك، دروستەی ڕستەن، واتە ئازادیی سینتاکسییو واتاییان هەن، بەلاّم ڕستەی یەکەم بەهۆی حوکمکردنی مۆرفیمەکەوە، گۆکردنی ڕستیلەی دەبێت، بەوەش مۆرفیمو تەواوکەرەکەی پێکەوە/ $X^-$ دروستەی پریدیکات پێکدێنن، پاشان پریدیکات/ ڕستیلەکە، کە پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسییە، تەواوکەری سینتاکسیی دووەم، کە بەهەمان شێوە دروستەی ڕستەی دەبێت، داوادەکات. بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوە بێت، ڕستە تەکخراوەکان بە مۆرفیمی خستنەتەکیەکی سینتاکسیی /_و_/، لەڕووی حوکمو دەسەلاّتەوە هاوپلە نین[284]، بەلّکو تەواوکەری سینتاکسیی لای چەپ، لەژێر دەسەلاّتو مەودای $Conj^-$_سەری ڕێزمانییو تەواوکەری لای ڕاست_دا، حوکمدەکرێت. هەر لەمڕووەوە بەپێی تیۆری X-bar، مۆرفیمی /_و_/ بە کەرەستەیەکی دۆخدەر هەژمارناکرێت[285]، چونکە بەپێی تیۆری دۆخ، تەنها فرێز کەرەستەیەکی دۆخ_وەرگر دەبێت، نەك وشەو ڕستە، بۆیە تەنها حوکمی تەواوکەرەکەی لای ڕاست دەکات[286]، پرۆژە گەورەکەی $Conj^=$/ ConjP یش، بەسەر هەردوو ڕستە_تەواوکەر_ەکەدا زالّدەبێتو حوکمیاندەکات.

جێی ئاماژەبۆکردنە، دەکرێت هەمان یاسای (١٣)[287]، کە پێشتر لە بەشی دووەمدا بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی تەکخراو شێوازبەندکرا، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی لێکدراو/ تەکخراویش پەیڕەوبکرێت، چونکە یاسایەکی گشتیی ئەبستراکتی کەرەستە تەکخراوەکانە، کە بۆ وشە[288]و فرێزو

---

[284] بەپێی هەندێك توێژینەوە، لە ڕستەی لێکدراودا هەردوو ڕستە لێکدراوەکە هەمان پلەی سینتاکسییان هەن، واتە هیچ ڕستەیەك بەسەر ڕستەکەی دیکەدا زالّ نییە، بەلّکو هەردوو ڕستەکە سەرەکیین، بە بەلّگەی ئەوەی، نۆدی سەرەوەی درەخت_هێلّکارییە دووپەلکیی_یەکە، بەسەر دوو نۆدی ڕستەی (١)و ڕستەی (٢)دا دابەشبووەو بە ئامرازی لێکدەر لێکدراون. بڕوانە: یوسف نوری محەمەدئەمین (٢٠١٥: ٥٩).

هەروەها کوردستان موکریانی (١٩٨٠: ١٢٦_١٢٧) لەبارەی ڕستەی لێکدراوەوە دەلّێت: "ئەو ڕستەیەیە کە لە دوو ڕستە وە یا زیاتر پێك هاتبێت بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە، ئەو ڕستانەی بەشداری داڕشتنی ڕستەی لێکدراو دەکەن لە هەمان بارو ڕادەی سینتاکسی دانو خاوەنی هەمان پلەی سەربەخۆیین".

[285] بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٨٢)

[286] شلێر ڕەسولّ محەمەد (٢٠٠٤: ٣٨_ ٣٩) بۆچوونی وایە، ڕستەی لێکدراو، کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستە، یان زیاتر بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە دروستدەبێت، هەر ڕستەیەك وەك ڕستەیەکی سەربەخۆو پڕ لەڕووی ڕێزمانەوە ڕەفتاردەکاتو ئامرازەکە ناچێتەناو داڕشتنی ڕستەکەوە، بەلّکو تەنها ڕستەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

[287] بڕوانە: ل (٩٤)

[288] _أ. یاسای دروستکردنی وشەی لێکدراو بەهۆی کۆنجەکشنەوە، بەمجۆرە دەنوێنرێت: $[[X^0 + [Conj^0 + X^0]]$، تێیدا "وشە تەکخراوەکان دوو جێکەوتەی یەکواتایی بەرهەمهێنراون" عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٦٤)، بۆ ئەمەش پێویستە هەردوو کەرتی وشەکە، هاوپۆلەڕەگەز بن، واتە مەرجی دروستیی وشە لێکدراوەکە، وابەستەی هەمان پۆلەڕەگەزی کەرتەکان دەبێت. بڕوانە /هێلکەوڕۆن، کەشوهەوا، لەرزوتا/ بۆ پۆلەڕەگەزی ناو و /ڕەشوسپی، گەرموگوڕ/یش بۆ پۆلەڕەگەزی ئاوەلّناو. =

ڕستەش دەستدەدات، بەجۆرێك یاساكە بۆ دیاریكردنی جۆری كەتیگۆریی كەرەستە تەكخراوەكان، ڕێنیشاندەر دەبێت، چونكە سەرجەم كەرەستە تەكخراوەكان لە فەرهەنگو سینتاكسیشدا بەهۆی سەری ڕێزمانیی /ـو_/ەوە هەمان میكانیزمی دروستكردنو بەرهەمهێنانیان هەن، بەوپێیەی "كۆنجەكشن وشەیەكە وەك /ـو_/ بۆ دروستكردنی پەیوەندیی لەنێوان (وشەكان، فرێزەكان، ڕستەكان)دا بەكاردێت."[٢٨٩]، كە تێیدا شكانەوەی پرۆژەكان لەناویەكدا ڕوودەدات. بۆ ئەمەش، دوو زنجیرە وشە دەتوانرێت بخرێنەتەكیەك، كە پێكهاتە Constituentsبنو هاوكات هەمان پۆلەڕەگەزی سینتاكسییشیان هەبێت[٢٩٠] (بڕوانە هێڵكاریی (٩)).

هێڵكاریی (٩)




بەپێی هێڵكاریی (٩)، ئاڕاستەی هەڵاوێركردنی ویستی فەرهەنگیی كۆنجەكشنی /ـو_/، كە مۆرفێمێكی خستنەتەكیەكی سینتاكسییە، هاوشێوەی فرێزە تەكخراوەكان[٢٩١] سەرەتا بەهۆی $Conj^0$ ەوە بەرەو لای ڕاستو پاشانیش بەهۆی $Conj^-$ ەوە بەرەو لای چەپ جێبەجێدەبێت، ئەمەش بە جۆری دروستە بەرهەمهاتووەكەوە بەندە، كە دروستەیەكی لەجۆری تەكخراوی دەبێت، بۆیە مەرجی تێركردنی پێویستییە سینتاكسییو واتاییەكان بۆ دروستەیەكی تەكخراوی بێكەموكوڕیی، هەبوونی دوو جێكەوتەی تەواوكەر بە دوو ئاڕاستەی جیاواز دەبێت، لەمەوە یاسای (٣١) دادەڕێژرێت، كە دەریدەخات، بۆ دروستەی تەكخراو دوو جێكەوتەی بەتاڵ لەئارادان، كە پڕكردنەوەیان مەرجی

---

= ب. گشتگیریی یاسای (١٣)و جێبەجێبوونی لە دروستەی جیاوازی فەرهەنگییو سینتاكسییدا، دەیسەلمێنێت مۆرفیمی تەكخستنی/ـو_/ وەك مۆرفیمێكی دوولانە لە فەرهەنگدا بۆ دروستكردنی فۆڕمە_وشەی لێكدراوو لە سینتاكسیشدا بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی فرێزو ڕستەی تەكخراو گۆدەكات.

[289] Yule, G. (2006: 239)

[290] Tallerman, M. (1998: 137)

[291] بڕوانە: ل (٩٥_٩٦)

دروستیی‌و ڕێگاپێدانی دروسته بەرهەمهێنراوەکە دەبێت، بەپێچەوانەشەوە بوونی جێکەوتەی یەك ئاڕاستەیی بۆ ئارگومێنت_داواکەری کۆنجەکشنی /_و_/، دروستەکە تێرناکات، بۆیە ڕێپێدراو نییە (بڕوانە (١٥)).

$$[\,Y + [\,X^0 + Y\,]\,]$$ (٣١

١٥_ا. *هات ڕۆیشت و

ب. *و هات ڕۆیشت

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، مەرجی ڕوودانی فرێزی تەکخراو، ڕەچاوکردنی هاوپۆلەڕەگەزیی تەواوکەرەکان بوو لە هەردوو جێکەوتەی لای ڕاستو چەپی سەرە ڕێزمانییەکەی $Conj^0$ دا، هەمان مەرجیش بۆ ڕستەی تەکخراو لەئارادایە، "ئەگەرچی ڕستە تەکخراوەکان خاوەنی هەمان تاقی گراماتیکین، بەڵام لە خستنەتەکیەکی ڕستە هاوتافەکاندا بەپێی جێکەوتەی ڕستەکە پلەی ڕوودانی تافەکە دەگۆڕێت"[٢٩٢]، بە دەربڕینێکی دیکە، هەڵاوێرکردنی ڕستەکانو سەرەوڕیزبوونیان پەیوەست بە جێکەوتەوە، هەڕەمەکیی‌و لەخۆوە نییە، بەڵکو بە لۆجیکی ڕوودانیانەوە پەیوەستە (بڕوانە (١٦)).

١٦_ا. هێشوو گۆشتەکەی برژاندو Pro خواردی.

ب. *هێشوو گۆشتەکەی خواردو Pro برژاندی

دەکرێت یاسای (٣١) بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی تەکخراو، جارێکی دیکە بە پڕکردنەوەی جێکەوتەی تەواوکەرەکان لە (٣٢)دا دابڕێژرێتەوە، چونکە هەمان یاسای خستنەتەکیەك، بە بوونی جیاوازیی دروستەی تەواوکەرەکانیانەوە پەیڕەودەکەن، بڕوانە (١٧)و نواندنە سینتاکسییەکەی لەهێڵکاریی (١٠)دا.

$$[\,AGRP + [\,Conj^0 + AGRP\,]\,]$$ _(٣٢

١٧. هاتو ڕۆیشت.

---

[292] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٦٨_٦٩)

هێڵکاریی (١٠)




## ٣/٣ نواندنی مۆرفۆسینتاکسیی

دروستەی مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسەو بەشێکە لە مۆرفۆلۆژیی کرداری سینتاکسیی، بەوپێیەی بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە ڕوودەدات. مۆرفۆسینتاکس نواندنی پێکهاتە سینتاکسییەکانە، واتە لە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی دیکە دەکەوێتەوە، نەك ئەوەی خودی خۆی، کەرەستەکانی ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەربگرێت، هەربۆیە هەنگاوەکانی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی نابڕێت، بەڵکو لە پێواژۆکانی پاش سینتاکس/ ڕستەوە بەرهەمدێت، بەجۆرێك بەرهەمی سەرە ئەرکییەکانەو لە چێوەی ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕۆدەنرێت. بۆ نموونە هەریەك لە نیشانەکانی (م_مان)، کە لە پرۆژەکانی ڕێککەوتندا دەردەکەون، لە مۆرفۆسینتاکسدا نواندنێکی بچووکتری ئەو

جێناوە سەربەخۆیانەن، کە لە سینتاکسدا گۆکردنی بکەریی‌و بەرکارییان هەن‌و لە پێکهاتەی (٣)دا دەخرێنەگەڕ، بڕوانە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییە جیاوازەکان، کە لە هێڵکاریی(٥)ی بەشی یەکەمدا خراوەتەڕوو[٢٩٣]، ئەویش خۆی لە شکانەوەی سینتاکسییانەی توخمە فەرهەنگییەکان $X^0$ دا دەبینێتەوە.

بەپێی ئەو هێڵکارییە، سەرە ئەرکییەکان، کە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنن، پاش گواستنەوەی کەسی بکەریی بۆ Spec ی فرێزی ڕێککەوتن، دەردەکەون، بەهۆی ئەو گواستنەوەیەشەوە، کە پەیکاڵی a بجولێنەیە بۆ زمانی کوردیی، ڕستەی کوردیی بەرهەمدێت. ڕستە، کە هەنگاوی سینتاکسیی پەیوەست بە دروستەوە هەروەها قۆناغی واتایی تایبەت بە خۆی بڕیوە، دەبێتە دوا نواندنی خورتیی پێکهاتە سینتاکسییەکان (بڕوانە نواندنی خورتیی سینتاکسیی پێکهاتەی (٥))[٢٩٤]، بەڵام هەرچیی نواندنێك لە پاش ئەو دروستە خورتییەوە دەربڕدرێت، دەبێتە نواندنێکی سەرپشکیی سینتاکسییانە، کە لێکۆڵینەوەکە خۆی بە نواندنی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە خەریکدەکات (بڕوانە هێڵکاریی (١٣))، کە تێیدا جێکەوتە سینتاکسیی‌و مۆرفۆسینتاکسییەکانی ئارگومێنت‌و ئارگومێنت_داواکەرەکان پەیوەست بە دوو نواندنی جیاوازەوە، دەستنیشانکراون.

مۆرفۆسینتاکس پرۆژەی مۆرفیمی ڕێککەوتنە[٢٩٥]. مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن هاوسەنگیی نێوان سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس پەیوەست بە پارامێتەرو دۆخ‌و دروستەی ئارگومێنتەوە ڕادەگرن (بڕوانە پارەکانی دواتر)و واشدەکەن، هەردوو پرۆژەکە بەرهەمبێن‌و بەوەش سەرەوەی پرۆژەکە دەگرن (بڕوانە هێڵکاریی(١١)). واتە گەر زمانی کوردیی، پێڕەوی ڕێککەوتنی نەبووایە، ئەوا هەریەك لە گواستنەوە خورتیی‌و سەرپشکییەکانی بەرهەمنەدەهاتن. دروستەی مۆرفۆسینتاکس، بە بوونی دروستەیەکی سینتاکسیی لە چەشنی ڕستەوە پەیوەستە، کە تێیدا هەر ئارگومێنت/ کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی، بەپێی ڕۆڵە واتاییەکانیان لە جێکەوتەی سینتاکسیی خۆیاندا گۆکردنیان دەبێت، بەوەش وەك پێشتر خرایەڕوو، ڕستە لەڕووی پێداویستییە سینتاکسیی‌و سیمانتیکییەکانەوە[٢٩٦]، دروستەیەکی تێرو

---

[293] بڕوانە: ل (٣٥)

[294] وەچەپاری ٣/١_٢، ل (١٥٤_١٥٧)

[295] _ا. ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥: ٥٣)

ب. ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠: ١٣٢) بۆچوونی وایە، کە "ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی دروستەی ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی وەك فرێزی ناوی یان فرێزی جێناوی لەجێکەوتەکانی بەرکارو تەواوکەرو سەربارو دیارخەردا پاش گوێزانەوەیان بەجێناوی لکاو (نووسەك) لە دروستەی ڕووکەشدا جێگیردەکرێن‌و بە بەشێکی ناو ڕستەکەوە دەلکێن".

[296] بڕوانە: ٣/٣_٤، ل (١٩٦_١٩٧)

بێکەموکوڕییە، هەربۆیە خاوەنی پێکهاتەی سینتاکسیی‌و واتایی خۆیەتی. لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی سینتاکسە؟ یان بە پێڕەوێکی سەربەخۆو جیاواز دادەنرێت؟

دەستخستن‌و گەیشتن بە وەڵامێکی دروست‌و گونجاو بۆ پرسیارێکی لەو جۆرە، پێویست بە هێنانەوەی نموونەو داتاو پاشان شیکردنەوەیان دەکات. لەم ڕووەوە، ئەگەر کار بەو بۆچوونە بکەین، کە مۆرفۆسینتاکس نواندنی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی ڕستەیە بە مۆرفیم[٢٩٧]، ئەوا بۆچوونەکە ئەو مەرجە دەسەپێنێت، کە دەبێت لەبری هەر کەتیگۆرییەکی دەرنەبڕراو، مۆرفیمێك لەجێگەی دابنرێت/ کۆپییبکرێت[٢٩٨] (بڕوانە (١٨)). پەیوەست بەمەوە، بەوپێیەی ڕەگی کردار $V^0$، سەری ڕێزمانیی حوکمکەرەو لە سینتاکسدا هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی‌و پۆلەڕەگەزیی بۆ تەواوکەرەکەی دەکات، بوون‌و هێشتنەوەی لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا خورتییە. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە ڕەگ $V^0$ هەڵگری واتای سیمانتیکیی کردارە، وەك توخمێکی فەرهەنگیی، جڵەوی هەردوو پرۆژەی سینتاکسیی ڕستەو مۆرفۆسینتاکسیشی گرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی $V^0$ بەتەنها پرۆژەسازدەری ڕستە نییە، بۆیە نەك ڕەگ، تەنانەت فرێزی کرداریی بێ تاف VPیش، کە پرۆژەی ڕەگە، بە تەنها ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو بۆ TP، گۆکردنی تەواوکەرێکی سینتاکسیی دەبێت، کەواتە TP یش لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا، هاوشێوەی پرۆژەی سینتاکس، فرێزێکی هەبووەو ڕوودەداتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆیەیە، هەرچیی کەتیگۆرییە دەرنەبڕراوەکانی بکەرو بەرکارە، پاش کۆپییکردن‌و جوڵاندنیان[٢٩٩]، بە فرێزی تافەوە دەلکێنرێن، نەك بە فرێزی کرداریی‌یەوە، بەوەش مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی سینتاکسییە لە ئاستی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا بەرهەمدێت، چونکە ڕێککەوتن، کە سەرێکی ئەرکییە، بونیاتیدەنێت.

١٨. ئەوان وانەکەیان خوێند. ⟵ خوێندیان Ø.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە جەخت لە ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە هەرچەندە ڕەگ هەڵگری واتای کردارەو وەك بنەڕەتی پێکهێنانی دروستەی سینتاکسیی گۆدەکات، بەڵام لەبەرئەوەی بەپێی ئەو

---

[297] پێشڕەو ساڵح عەلی (٢٠١٥: ٩٠) لەمبارەیەوە دەڵێت: "مۆرفۆسینتاکس دارشتەیەکی تێکچرژاوی ئاڵۆزی مۆرفیمەکانی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیی‌و سینتاکسە، بەهۆی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە بەیەکەوە بەستراون".

[298] کۆپیکردن (لەبەرگرتنەوە): یاسایەکی گواستنەوەیە، جێبەجێکردنی بەسەر ڕەگەزەکانی ڕستە، لە شێوەزاری سلێمانیدا، بە یاسایەکی گواستنەوەی بەئارەزووەوە بەندە. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢: ٢٣١).

[299] ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠: ١٤٩) لەتێزی دکتۆراکەیدا بۆچوونی وایە، دروستەی ڕستە پاش بەرهەمهێنانی، لە دروستەی قوڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش دەگوێزرێتەوە، لەئەنجامی ئەم گوێزانەوەیەدا بەهۆی یاساکانی گوێزانەوەوە Transformational rules، کۆمەڵێك پرۆسە جێبەجێدەکرێن، وەك پرۆسەی بەکلیتیککردن‌و پرۆسەی بەلووتکەکردن !

ویستو ناواخنە فەرهەنگییەی، $V^0$ وەك توخمێکی فەرهەنگیی پڕۆژەسازدەر هەیەتی، تەواوکردنو دەستەبەرکردنی واتاکەی، وابەستەی ئارگومێنتەکانیەتی، کەچیی هەبوونی کۆپیی ئارگومێنت_داواکراوەکان لەتەك TP دا، مەرجی سینتاکسییانەو سیمانتیکییانەی ڕوودانی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی دەبێتو تێردەکات.

دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان وەك قۆناغێکی پاش_ڕستەیی Post-sentential، لێکەوتەی پڕۆژە سینتاکسییە_ڕستەییەکانو لەوانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بەوەش "مۆرفۆسینتاکس ئاستێکی ڕووکەشی دروستەی ڕستەیە، ئەوەش وادەکات توخمەکانی پەیکالّی دروستەی ڕستە/ AGRP بن"[300]، واتە هاوشێوەی ڕستەی سینتاکسیی، مۆرفۆسینتاکسیش پڕۆژەی ڕێککەوتنەو ڕێککەوتن حوکمیدەکاتو سەرەوەی پڕۆژەکە دەگرێت (بڕوانە هێلّکاریی (١١)). ئەوەش دەیسەلمێنێت، کە (ا) مۆرفۆسینتاکس نواندنی پڕۆژەی سینتاکسە، واتە نواندنی ئەو کەتیگۆرییانەی، هەبوونیان لەناو وەچەپێکهاتەکانی ڕستەدا گرنگو خورتیین[301]، لەمەشەوە وا گریمانەدەکرێت، هەردوو پڕۆژەکە لەڕووی پۆلەڕەگەزو هەبوونی جێکەوتەو پارامیتەریشەوە، چوونیەكو هاوتابن. (ب) ناتوانرێت پێشبینیی ڕاڤەکردنێکی واتایی دروست بۆ دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی بکرێت، ئەگەر سینتاکسییانەو سیمانتیکییانە بۆ کەتیگۆرییە سینتاکسییە دەربڕاوەکان نەگەڕێنرێنەوە[302]، هەربۆیە سینتاکس بە بنەماو مەرجەعی بەدەستهێنانەوەی تەواوی واتاو زانیارییە هەلّگیراوەکانی نێو دروستەی مۆرفۆسینتاکس هەژماردەکرێت. بە دەربڕینێکی دیکە، هەلّهێنجانی واتای مۆرفۆسینتاکس بە ئەو زانیارییانەوە بەندە، کە لە دروستەی ڕستەدا بەهۆی پۆلەڕەگەز/ کەتیگۆرییە سەربەخۆکانەوە دەگەیەنرێن، بەوەش دروستەی مۆرفۆسینتاکس سیمانتیکییانە پەیکالّی ڕستە لێبەرهەمهێنراوەکەی دەبێت، بەپێچەوانەوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشینەی زانیارییەکانی پڕۆژە سینتاکسییەکەی ڕستە، چاوەڕواندەکرێت چەند وێناو ئەگەرێگ بۆ لێکدانەوەی واتایی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە لەئارادابێت، بڕوانە (١٩)و ئەگەرە واتاییەکانی لە (٢٠)دا.

---

[300] عەبدولجەبار مستەفا مەعروفو کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ٤٣٢)

[301] کەتیگۆرییە سەربارەکان بەمۆرفیمناکرێن، چونکە لەگەلّ هیچ نیشانەیەکدا ڕێککەوتنیان نابێت. بۆ نموونە مۆرفۆسینتاکسی ڕستەکانی >ئێمە خانووەکەمان کڕی< و >ئێمە دوێنێ خانووەکەمان کڕی <، هەمان دروستەی >کڕیمان Ø< یان هەیە، کە تەنها کەتیگۆرییە خورتییەکانیان بە مۆرفیم نوێنراون.

[302] بڕوانە: ٣/٣_٤، ل (١٩٦_١٩٧)

١٩. بینیمن[٣٠٣].

٢٠_ ا. من ئێوەم بینی.

ب. من ئارامو شیرینم بینی.

پ. من تۆو ڕۆژانم بینی.

ت. من مامۆستاکانم بینی.

ج. من هاوڕێکانم بینی.

ح. من خزمەکانم بینی.

٢١_ ا. خواردتان؟

ب. ئێوه مزرەسێوەکانتان خوارد؟

هێڵکاریی (١١)




303 ا. هەندێك لێکۆڵەر، دروستەکانی (سوتام، دێ، خواردمان، نوسییان، بردت، هێنای.....) بە سادەترین ڕستە، یان ڕستەی وشەیی، ناودەبەن. بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ (٢٠١٤: ٤٨)

ب. عرفان مستەفا حمە ڕحیم (٢٠٠٣: ٤٢) پێیوایە، مۆرفۆسینتاکس خاوەنی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژییو دروستەیەکی سینتاکسییە، هەروەك دروستەکەش بە ڕستەیەکی ناوکەوتوو/ بەناویەکدا شکاوە ناودەبات.

(٢١_ا)، دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسییەو بەهۆی دەرنەبڕینی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانەوە، واتاکەی تەمومژاوییو ناڕوونە، بۆیە ڕاڤەکردنی واتاکەی بۆ گوێگر، جارێکی دیکە پێویستی بە دارِشتنەوە، یان گەڕانەوە بۆ بونیاتی ئەو دروستە سینتاکسییە هەیە، کە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی لێبەرهەمهێنراوە، هەروەك ناتوانرێت بێ بوونی (٢١_ب)، پەی بە ئەو زانیارییە واتاییە ببرێت، کە لەناو دروستەی (٢١_ا)دا هەڵگیراوە، ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە مۆرفۆسینتاکس ئەگەرچیی بنەماکەی دروستەیەکی سینتاکسییە، بەڵام بەهۆی نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی کەتیگۆرییەکانەوە، لەڕووی سیمانتیکەوە دروستەیەکی کەمزانیارییەو نرخو بەهای واتایی، بە ئەندازەی دروستە سینتاکسییەکە تێر نییە، مەگەر بە پێشینەی زانیارییە سینتاکسییەکەوە گرێبدرێتەوە، بۆ نموونە دروستەیەکی وەك (٢٢_ا) لەڕووی بەهای واتاییەوە پەیکاڵی (٢٢_ب) نییە، بەڵکو لە (٢٢_ا)دا، زانیارییەکان دیسپلینکراون، واتە هەر زانیارییەکی ئاشکرای پۆلەڕەگەزیی، بە شاراوەیی لەناو مۆرفیمێکدا هەڵگیراوەو نوێنراوە، ناڕوونییەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆپییکردنی هەر کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی، بەهۆی هەمان فۆڕمی وەکیەكو لەیەکچووی نیشانەکانی ڕێککەوتنی (م_مان)، (م_ین)ەوە ڕوودەدات، کە جگەلە فیچەرەکانی کاتو کەس، بواریان بۆ گرتنەوەو خستنەڕووی جۆراوجۆریی فیچەرو زانیارییەکانی ناواخنی ئارگومێنتە بنەڕەتییەکەیان نییە.

٢٢_ ا. ڕواندمن.

ب. من نەمامەکانم ڕواند.

سەرنجدان لە نموونەکانی (١٩_٢٢)، ڕێگە بۆ هەڵهێنجانی ئەو ئەنجامە خۆشدەکەن، کە واتای دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی، لەڕێی مارکەلێدانی سینتاکسییەوە بەدەستدەهێنرێتەوە. بەجۆرێك ئەم کردەیە، مارکەلێدانی پۆلەڕەگەزیی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن دەستەبەردەکات، کە بە بەرجەستەکردنەوەی ئارگومێنت/ کەتیگۆرییە سینتاکسییە هەبووەکەیەوە پەیوەستە، بەوەش ئەمجۆرەی مارکەلێدان، وەك (٢٢_ب) نیشانیدەدات، لەڕێی دووبارە دەربڕینەوەی دروستەی DP یە دەرنەبڕاوەکانەوە جێبەجێدەکرێت، چونکە نیشانەکانی ڕێککەوتن، دەبنە کۆد بۆ پۆلەڕەگەزی جیاواز بە فیچەری جیاوازەوە، بۆیە هەر بەهۆی مارکەلێدانی سینتاکسیی کەتیگۆرییە جیاوازەکانیشەوە ئەو کۆدانە دەکرێنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر نیشانەیەکی ڕێککەوتن، خاوەنی پێشینەیەکی زانیاریی دیاریکراوە لە فۆڕمی دروستەیەکی سینتاکسیی_واتاییدا، بەوپێیەی لە پێکهاتە سینتاکسییو سیمانتیکییەکاندا هەڵاوێرکردنی سینتاکسییو واتاییش برێنرانەوە، هەربۆیە "کۆدەکە، ئەگەر لای

قسەکەر مارکەلێدراو بێت، ئەوا لای گوێگر لێکدانەوە واتاییەکەی یەکسان دەبێت"[٣٠٤]، بەمەش لەلایەك DP یە بەرجەستەکراوەکە لەسینتاکسدا هاوتاو پەیکاڵی نیشانە مۆرفۆسینتاکسییەکەی دەبێتو لەلایەکی دیکەشەوە، سینتاکسییانە هەمان نیشانەیان دەبێت/ هاونیشانە دەبن.

## ٣/٣_١ پێکهاتەی سینتاکسیی پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە

ئەگەر مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی مۆرفۆلۆژییانەی کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان بێت، ئەوکات وەك لە پاری پێشوودا خرایەڕوو، بۆ دەستخستنی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس، هەبوونی دروستەی ڕستەیەکی بێکەموکوڕیی، گرنگو خورتییە، کە تێیدا پێداویستیی ڕەگی کردار وەك سەرێکی فەرهەنگیی پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە جێبەجێبووبێت، بەوەش بەپێی چەشنی کردارەکە، بۆ هەر پۆلەڕەگەزێك، گۆکردنێکی جیاواز لەئارادایە، لەلایەك پەیوەست بە جێکەوتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەست بەو دۆخە ڕێزمانییەوە، کە پێیدەدرێت. بەمۆرفێمکردنی ئەو پۆلەڕەگەزانە بەهۆی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە، بە واتا گۆکردنی مۆرفێم/ نیشانەکانی ڕێککەوتن وەك ئەلتەرناتیڤی پۆلەڕەگەزە سینتاکسییە دەرنەبڕاوەکان، ئەمەش وادەکات پۆلەڕەگەزەکانو مۆرفێمە لەبریدانراوەکانیان لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدا بن، چونکە هەردووکیان بۆ گەیاندنی هەمان ناوەڕۆكو واتا، لە دروستەی ناوەکیی جیادا[٣٠٥] گۆدەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە، بۆ جێبەجێبوونی پێویستییەکانی دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی‌و بونیاتنانی، هەنگاوی یەکەم بە دەرنەبڕینی ئارگومێنت/ کەتیگۆرییە سینتاکسییە خورتییەکان لەناو هەردوو وەچەپێکهاتەی بکەرو کرداردا دەنرێت، ئەم هەنگاوەش بەپێی یاساکانی دەرنەبڕین Deletion Rules، ڕوودەدات. لە هەنگاوی دووەمیشدا پەیوەست بە تیۆری کۆپییەوە، لەبری هەر کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی دەرنەبڕاو، مۆرفێم _نیشانەی ڕێککەوتن_ لەجێکەوتەکەی دادەنرێت (بڕوانە (٢٣))، واتە "دەبێت لە شوێنی فرێزەناوییە لابراوەکە کۆپییەك بەجێبهێڵرێت، مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردیی

[٣٠٤] عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٤: ٩٨)

[٣٠٥] لە هەندێك توێژینەوەدا ئەو بۆچوونە خراوەتەڕوو، کە هەموو کردارێك لە کوردییدا ڕستەیە، کاتێك بە تەنها دەردەکەوێت، بەوپێیەی ڕستە بریتییە لە کردارو پێویستییەکانی. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥: ٧٨)، هەروەك ئەو بۆچوونەش لەئارادایە، کە پێیوایە، دەشێت ڕستەی سادە لە کوردییدا لە تاکە وشەیەکدا بێت، بەجۆرێك سادەترین ڕستەی کوردیی، لە کردارێکی گەردانکراو پێکدێت، کە چەمکی بکەرو کردارو هەندێکجار بەرکاریشی تێدا بێت. نازەنین جەلال ئەحمەد (١٩٩٥: ٥١)، بەڵام بەپێچەوانەوە بەپێی شیکردنەوەو بەڵگەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سینتاکسو مۆرفۆسینتاکس لەڕووی پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی‌و سیمانتیكو تەنانەت پارامێتەریشەوە، دوو پرۆژەی ئەلتەرناتیڤی یەکترن.

پەیکاڵی ئەو وەچەتیۆرەیەو لابردنەکانی لە ڕێگای مۆرفیێمەکانی ڕێککەوتنەوە جێبەجێدەکات"[306]. کۆپییکردن لە جێکەوتەی کەتیگۆرییە دەرنەبڕاوەکان، بەهۆی نیشانەکانی (م_مان)، (م_ین)ەوە ڕوودەدات، بەوپێیەی نیشانەی دیسپلینکراون بەو ئەدگارە سینتاکسییە جۆراوجۆرانەی، بەهۆی فیچەرە واتاییەکانەوە لە (٢٤)دا دەردەخرێن. لەو نێوەندەشدا، وەکیەکییو پەیکاڵیی کەتیگۆریی بکەریی[307]و بەرکاریی لەگەڵ نیشانەکانیاندا، بەهۆی ناوکۆیی فیچەرەکانی [کەس، ژمارە] وە بواریان بۆ دەڕەخسێت، بە دەربڕینێکی دیکە "جێناوە سەربەخۆکانی زمانی کوردیی هاوپێڕستی ئەو دوو دەستە کلیتیکەن، کە بەپێی جێکەوتە سینتاکسییەکان دەشکێنەوە"[308]، یان لە ڕاستیدا دەرفەتی دەرنەبڕینی ئارگومێنتەکانو دواتر جولاّندنی جێگرەوەکانیان، لە دەستی کلیتیکەکان/ مۆرفیێمەکانی ڕێککەوتندان، ئەویش بۆ پاراستنی پارامێتەرو ئاڕاستەکانی دۆخن. کەواتە نیشانەکانی ڕێککەوتن، بوار بۆ کردەی دەرنەبڕینی کەتیگۆرییەکان دەڕەخسێنن، چونکە بەپێی تیۆری کۆپیی، "فرێزێکی ناویی/ دیارخەریی لە ڕستەدا، لەڕووی سیما ڕێزمانییەکانی (کەسو ژمارە، یان ڕەگەز)ەوە کۆپی دەکرێتو لە جێکەوتەیەکی تردا دەردەکەوێت، کە دەبێتە جێگری فرێزەکە"[309]، ئەوەش لەسەر بنەمای زانیاریی کۆن/ پێشتر ڕوودەدەن، ئەگینا مۆرفیێمەکانی ڕێککەوتن لەدروستەی مۆرفۆسینتاکسدا پەیوەست بەو زانیارییانەوە، لەڕووی واتاوە ناڕوونن. پاشان جولاّندنی[310] نیشانەی کەتیگۆرییە کۆپییکراوەکان لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپی TP ڕوودەداتو پێیدا هەڵدەواسرێن، ئەویش لەبەرئەوەی مۆرفیێمەکانی ڕێککەوتن لە زمانی کوردییدا، دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی کردارەکانن. بڕوانە هێڵکاریی (١٢)، کە هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس پێشنیازدەکات.

---

306 ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥: ٥٣)

307 محەمەدی مەحویی، رستەسازیی کوردیی (٢٠٠١: ٣٣٩) پێیوایە، جێناوی لکاوی بکەریی زمانی کوردیی، بەشێکی فەرهەنگیی کردارەکەن، بەواتا لەڕێی جێبەجێکردنی یاسای جێگۆڕکێوە پەیدا نابن، بەڵکو خۆیان لە بنەڕەتدا هەن. هەر لەم ڕووەوە، تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٥_٥٩)یش وای بۆ دەچێت، کلیتیکی بکەریی، بەرهەمی گواستنەوە نەبێت، بەڵکو بەرهەمی دروستەی قوڵ بێت، هەمبەر بەمە، کلیتیکی بەرکاریی، بەرهەمی سینتاکسیی بێت، کە لە پاش بەکلیتیککردنو گواستنەوە لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا بەرهەمدێت، بە بەڵگەی ئەوەی، کلیتیکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە فۆرمی تەواوی فەرهەنگیدا، چونکە ئەگەر کلیتیکی بەرکاریی، وەك بکەریی، بەرهەمی دروستەی قووڵ بووایە، نەدەبووە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنیدا. لە ڕاستییشدا ئەم لێکدانەوانە، لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا یەکناگرنەوە، چونکە ئاڕاستەی کارکردن تێیدا بەو جۆرەیە، کە هەردوو کلیتیکی بکەرییو بەرکاریی لە دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدەن، هەروەك هێنانەوەی نموونەو بەڵگەی پێویست، دروستیی بۆچوونەکە پشتڕاستدەکەنەوە.

308 ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥: ٥٤)

309 ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ١٠٤)

310 بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی جولاّندنەوە، بڕوانە:
Kobele, G. M/ http://home.uchicago.edu/~gkobele/files/Kobele10AAbar.pdf

٢٣ـ ا. مـن جـلـەكانـــم شت.

ب. م ن شت.

کۆپیی کەتیگۆریی دەرنەبڕاوی بکەریی | کۆپیی کەتیگۆریی دەرنەبڕاوی بەرکاریی

پ. pro$_i$ trace$_j$ شتمــــن$_{i\ j}$. (لکاندنی نیشانە)

٢٤. /م_مان/، /م_ین/
+ سەری ئەرکیی
+ نیشانەی کەس
+ نیشانەی دۆخ/ نیشانەی ڕێککەوتن
+ پارێزەری ئاڕاستەی دۆخ
+ ژمارە
+ پارێزەری پارامیتەر

هێڵکاریی (١٢)



بەپێی هێڵکاریی (١٢)، دروستەی ڕووکەشی ڕستە[٣١١]، کە دوا نواندنی سینتاکسییە (بڕوانە نواندنی خورتیی سینتاکسیی (٥)ی هێڵکارییەکە)، دەستپێکی هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس دەبێت، چونکە پاش ڕوودانی گواستنەوەکان لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش‌و بونیاتنانی پرۆژەی ڕستە، بە چەند هەنگاوێك نەخشە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی پاش_ڕستەیی مۆرفۆسینتاکس دەکێشرێت. بنەڕەتی بەرهەمهێنانی دروستەکەش، پاش دەرنەبڕینی کەتیگۆریی خورتیی لە سینتاکسدا، پابەندی جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆری جوڵەی کۆپیی[٣١٢] دەبێت لای چۆمسکیی، کە تیۆرەکە، جوڵە بە ئۆپەراسیۆنێکی ئاوێتە لە هەردوو وەچە ئۆپەراسیۆنی دەرنەبڕین‌و کۆپییکردن دادەنێت[٣١٣]. هاوکات جوڵاندن "کردەیەکە تێیدا پێکهاتەیەك بەهۆی کۆپییکردنییەوە، لەجێکەوتەکەی خۆی دەجوڵێنرێت‌و جێکەوتەیەکی تر لە دروستەکەدا دەگرێت"[٣١٤]، بۆ ئەم بنەمایەش، ئەو مەرجە سینتاکسییە لەئارادایە، کە دەبێت نیشانە لەبریدانراوەکان/ کۆپییکراوەکان لەگەڵ جێکەوتەی بنەڕەتیی ئارگومێنتە دەرنەبڕاوەکانیاندا (pro، trace)[٣١٥]، هاونیشانەبن (بڕوانە (٢٥))، لەمەوە جوڵەی کەتیگۆرییە دەرنەبڕاوەکان بە نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە پەیوەستن، چونکە نیشانەکانی ڕێککەوتن ئەلتەرناتیڤی ئەو کەتیگۆرییانەن‌و هەر ئەوانیش دەرفەتی دەرنەبڕین‌و جوڵاندنیان بۆ دەڕەخسێنن.

٢٥_ ا. من هاوڕێکانم بینی.

ب. $\underline{pro}_i$ $\underline{trace}_j$ بینیـ$\underline{ـمـ}_i$ـــ$\underline{ن}_j$.

ئەگەرچیی "مۆرفۆسینتاکس پرۆسەیەکە کە تایبەتێتی سینتاکتیکی وشە فەرهەنگییەکان دەرەخسێنێت‌و بۆشاییەکانی پێکهاتەی فرێزو ڕستەکان بیرکاریانە لەڕێ ی گونجاندن‌و هاوتابوونی پێکهێنەرەکانیانەوە پڕ دەکاتەوەو تێگەیشتن دێنێتە ئاراوە"[٣١٦] کەچیی، وێڕای جیاوازیی سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکس لەڕووی دروستەی ناوەکیی‌و جێکەوتەوە، دەتوانرێت دروستەکان بەهۆی

---

311 پێشڕەو ساڵەح عەلی (٢٠١٥: ١١٢) بۆچوونی وایە "لە دروستەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیدا، کەرەستەکانی دروستەی ڕستەی تەواو لە ئاستی قووڵەوە DS بۆ ئاستی ڕووکەش SS بچووکدەکرێنەوەو ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی لێدروستدەکرێت".

312 بۆ دەستخستنی زانیاریی لەبارەی تیۆری جوڵەی کۆپییەوە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

(a) Baltin, M. (2010: 1) / https://as.nyu.edu/content/dam/nyu-as/faculty/documents/baltin_copytheoryofmovement.pdf

(b) Bošković, Ž. & Nunes, J. / http://web.uconn.edu/boskovic/papers/Boskovic-Nunes-2007.pdf

313 Radford, A. (2012: 125)

314 ibed, 394

315 بەلای چۆمسکیی ١٩٨١ وە، پێویستە شوێنپێ لە جێکەوتەی بنەڕەتیدا، بەهۆی پەیوەندیی ئاماژەبۆکراوی شوێنپێکەوە، حوکمبکرێت. Kang, D. (2005: 17)

316 ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٨)

هاونیشانەکردنەوە هاوتابکرێنەوە، تاوەکو ڕێککەوتن لەنێوان جێکەوتەی کەتیگۆرییە سینتاکسییە دەرنەبڕاوەکەو کۆپییەکەیدا ڕوودات. لەلایەکی دیکەشەوە بەو هۆیەوە، کە لە سینتاکسدا کرداری فەرهەنگیی، ئارگومێنت_داواکەرەو ئارگومێنت_داواکراوەکەش جێکەوتەی ڕاستی کردارە فەرهەنگییەکە دەگرێت، پارامێتەری هاوسێیەتیی Subjucency Parameter لەنێوان کرداری فەرهەنگییو بەرکاردا دروستدەبێت، کەچیی لە مۆرفۆسینتاکسدا وەك لە سەرەوە خرایەڕوو، جوڵاندنی کۆپیی ئارگومێنتە دەرنەبڕاوەکان بۆ جێکەوتەی چەپی کردارە تافدارەکە، دەبێتەهۆی تێکچوونی پارامێتەری هاوسێیەتیی نێوان سەرو تەواوکەر، تێکچوونی ئەم پەیوەندییەش، لەڕێگای هاونیشانەکردنو ڕێککەوتنەوە چارەسەردەکرێتو ڕێگادانی بۆ دەستەبەردەکرێت، چونکە بەهۆیانەوە دەستەبەری بنەمای سینتاکسیی زمانی کوردیی دەکرێت، کە خۆی لە ئاڕاستەو پارامێتەری سەری ڕێزمانییدا دەبینێتەوە.

ڕوونکردنەوەی داتا سینتاکسییو مۆرفۆسینتاکسییەکان ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، کە هەردوو پرۆژەی سینتاکسو مۆرفۆسینتاکس، بەرهەمی هەمان توخمی فەرهەنگیی ڕەگن، چونکە لە هەردوو پرۆژەکەدا ڕەگ بە هەمان فۆڕمەوە پارێزراوە، بەڵکو پێواژۆی لەبرییدانان لەڕێی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە، جێکەوتەی ئارگومێنتەکانی (بکەر)، یان (بکەر، بەرکار) دەگرێتەوە، هەروەکچۆن لە دروستە سینتاکسییەکەدا ڕەگ $V^0$ بەرکار هەڵاوێردەکاتو دواتریش کردارە تافدارەکەی TP بکەری ڕستەکە دیاریدەکات، ئاڕاستەی هەردوو هەڵاوێرکردن Selection ەکەش پەیوەست بە تیۆری دروستەی ئارگومێنتەوە، بەرەو لای ڕاست دەبێت، لە مۆرفۆسینتاکسیشدا وابەستەیی نیشانەکان بە جێکەوتەی کەتیگۆرییە دەرنەبڕاوەکانیانەوەو ڕێککەوتنیان، هەر بەرەو لای ڕاست دەبێت.

### ٣/٣_٢ پارامیتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا

ئەگەر ڕوودانی مۆرفۆسینتاکس ئەنجامی دەرنەبڕینو دواتر جوڵاندنی کەتیگۆرییە سینتاکسییە بەمۆرفیێمکراوەکان/ نیشانەکانی ڕێککەوتن بێت، ئەوا پێشبینییدەکرێت بەهۆی کردەی جوڵاندنەکەوە، دروستە بەرهەمهاتووەکە دروستەیەکی پارامێتەر_جیاواز بێت، ئەگەرهاتوو چارەسەرنەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرەوڕیزبوونی مۆرفیێمەکان لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسداو پەیوەست بە کردارە تافدارەکەوە، گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەوپێیەی لە سینتاکسدا کەتیگۆریی بەرکار، ئارگومێنت_داواکراوی ناوەکیی کرداری فەرهەنگییەو بەوەش مەودای ڕوودانی، چوارچێوەی VP دەبێت، VP یەکەش پەیوەندیی هاوسێیەتیی لەگەڵ فرێزی تافدا دروستدەکات، هەرچیی ئارگومێنتی دەرەکیی بکەریشە، جێکەوتەی دەرەوەی فرێزی کرداریی دەگرێت، کەچیی پارامێتەری دروستە

مۆرفۆسینتاکسییەکە بەو جۆرە دەبێت، کە نیشانەی ڕێککەوتنی بکەریی، ڕاستەوخۆ بەدوای فرێزی تافداو نیشانەی بەرکاریش، جێکەوتەی دوای نیشانەی بکەریی _جێکەوتەی کۆتایی دروستەکە_ دەگرێت[٣١٧]. چۆنیەتیی سەرەوڕیزبوونو بەدوایەکداهاتنەکەش، لە (٣٣)دا شێوازبەنددەکرێت.

**٣٣) کرداری تافدار (فرێزی تاف) + نیشانەی ڕێککەوتنی بکەریی + نیشانەی بەرکار**

شیکردنەوەکان لەلایەك ئەوە دەخەنەڕوو، کە نیشانەکانی ڕێککەوتن لەبەرئەوەی مۆرفێمی بەندی ڕێزمانیین، دەبێت سروشتێکی لکاویان هەبێت، چونکە وەك گوترا، کرداره تافدارەکە ناتوانێت بەبێ بوونی نیشانەی بکەر، یان بکەرو بەرکار (ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بوو) گۆکردنی هەبێت، لەبەرئەوەی پێداویستییە جێبەجێبووەکەی لە سینتاکسدا بۆ نەگوێزراوەتەوە، بۆیە دروستەکە کەموکوڕیی دەبێتو ڕێپێپێنادرێت، تا ئەو کاتەی بۆ تەواوکردنی واتاکەی، لەگەڵ نیشانەکانی ڕێککەوتندا لەسنوری دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا ڕوودەدەن، بەمەش نیشانەکانی ڕێککەوتن دروستەکە تێردەکەنو دەرفەتی ڕوودان/ گۆکردنی بۆ دەڕەخسێنن. (بڕوانە هێڵکاریی (١٣))، کە تێیدا پارامێتەرو سەرەوڕیزبوونەکانی لە سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسیشدا، خراونەتەڕوو.

هەر لەم ڕووەوە، گرنگە پەیوەست بە پارامیتەرەوە ئەوەش بگوترێت، جێکەوتەی ڕیزبوونی مۆرفێمەکان لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا جێگیرو نەگۆڕن، لەگەڵئەوەدا، کە دەتوانرێت لە سینتاکسدا ئاڵوگۆڕ لە جێکەوتەی ئارگومێنتەکاندا بکرێت، هەروەك لە دروستەی ڕستەی ترۆپکدا ڕوودەدات (بڕوانە (٢٦_ب))، کە ترۆپکی ڕستەی (٢٦_ا)ە، کەچیی مۆرفۆسینتاکسی هەردوو ڕستەی (٢٦_ا،ب)، هەمان دروستەی (٢٦_پ)یان دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەریەك لەو مۆرفێمانەی، دەبنە نوێنەری ئارگومێنت/ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکان، هاونیشانە نین، بەڵکو دوو دەستە کلیتیکی لەیەکجیانو پەیوەست بە نیشانەی دۆخی ڕێزمانییەوە، گۆکردنی جیاوازیان هەن، بۆیە پارێزگاریی لە جێکەوتەی ڕوودانیان دەکەن.

هێڵکاریی (١٣)




[٣١٧] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی شوێنی کلیتیکی بکەرییو بەرکاریی لە ڕستەدا، بڕوانە: تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٥٤_٥٥)

٢٦_ا. من کتێبەکانم کڕی.

ب. کتێبەکان، من t کڕیمن.

پ. کڕیمن.

بەگوێرەی نموونەکان، لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا کرداری تافدار لە دوای خۆیەوە_ئاڕاستەی چەپی کردارەکە_، جێکەوتەی بەتاڵی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن دەبێت، کە پاش جوڵاندنیان، دەبێتە جێکەوتەی گیرسانەوەیان، چونکە "بەبێ بوونی جێکەوتەی بەتاڵ، گواستنەوە ڕوونادات"[٣١٨]. ئەمەش لەکاتێکدایە، کە ڕستەی زمانی کوردیی، پەیڕەوی ڕێسای سەرکۆتایی دەکاتو بەوەش ڕەگی کردار بەپێی ویستە فەرهەنگییەی، لەپێش خۆیەوە جێکەوتەی بەتاڵی بۆ ئارگومێنت_داواکراوەکانی هەیە، بەمە جێکەوتەکانی لای ڕاستی کردارە فەرهەنگییەکە پڕدەکرێنەوە، کەچیی لە مۆرفۆسینتاکسدا بەهۆی جوڵاندنی کەتیگۆرییە بەمۆرفێمکراوەکانەوە، جێکەوتە بەتاڵەکانی چەپی TP یەکە بە نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانیی ئارگومێنتە دەرنەبڕاوەکان پڕدەکرێنەوە، لێرەدا بۆئەوەی دروستەکە لەگەڵ سەرەوڕیزبوونی ڕستەی کوردییدا پێچەوانە نەبێتەوە، هاوکات جیاوازیی جێکەوتەی ئارگومێنت لەنێوان سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسدا کاریگەریی لەسەر پارامێتەری مۆرفۆسینتاکسو لەوەشەوە ئاڕاستەی پێدانی دۆخ دروستنەکات، نیشانەکانی ڕێککەوتن وەکیەکیی‌و هەمان ئاڕاستەیی بۆ کۆپیی کەتیگۆرییەکان دەڕەخسێنن، بەجۆرێك، کە ڕستەی زمانی کوردیی، سەرەوڕیزبوونەکەی پەیڕەوی ڕێسای سەرکۆتایی (بکەر_ بەرکار_ کردار) دەکات، کاتێکیش بەهۆی پێواژۆی کۆپییکردنەوە کردەی لەبریدانان بۆ کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی ڕستە دەکرێت، ئەوا مۆرفێمە لەبریدانراوەکان بەهەمان شێوەی ڕیزبوونی کەرەستە بۆدانراوەکانیان، لە دوای کردارە تافدارەکەوە بەدوای یەکدا دێن، واتە هەمان سەرەوڕیزبوونیان دەبێت، بەمەش هەروەك لە سەرەوە خرایەڕوو، سەرەتا نیشانەی ڕێککەوتنی بکەر، پاشان نیشانەی بەرکاری بەدوادا دێت (بڕوانە (٢٧))، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کەتیگۆرییەکانی (بکەر، بەرکار)ی ڕستە، بەشێوەی کەتیگۆریی سەربەخۆ بن، یان مۆرفۆلۆژییانە نوێنرابن، هەمان ئاڕاستەی ڕیزبوونیان هەن[٣١٩]، بەمەش لەبەرئەوەی مۆرفۆسینتاکس نواندنێکی پاش_ڕستەیی سینتاکسە، کەواتە نیشانەکانی ڕێککەوتن تێیدا پارێزەری پارامیتەری ڕێککەوتن دەبن، بەو بەڵگەیەی، کۆتایی کردارەکە دەگرن‌و یاسای سەرکۆتایی پەیڕەودەکەن.

---

[318] Cook, V. & Newson, M. (1997: 194)

[319] مەبەست لە سەرەوڕیزبوونی ڕستەیەکی ئاساییە، نەك دروستەی تۆپیك، کە تێیدا بەرکاری ڕستە دەهێنرێتەپێشەوە، سەرباری ئەوەش، لەم لێکۆڵینەوەیەدا کردارە ڕابردووەکان کراونەتە پێوەری شیکردنەوەو دەستخستنی ئەنجامەکان، نەك کرداری ڕانەبردوو.

٢٧. مـــن نامەکانـــم نووسی. ← نووسیـــمـــــن.

بکەر بەرکار TP TP ن.بکەر ن.بەرکار

جێکەوتەی ڕاستی TP جێکەوتەی چەپی TP

نیشانەکانی ڕێککەوتن ڕێگەنادەن دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان بە کەموکوڕییەوە ڕووبدەن، بەڵکو ئەم نیشانانە دەبنە هۆکاری گۆکردنی دروستەیەکی پڕو تێروتەسەل، لەبەرئەوەی: (ا) پارێزەری پارامیتەرن، (ب) پارێزەری ئاڕاستەی پێدانی دۆخن، (پ) نیشانەی دۆخن. کەچیی وێڕای گۆکردنی نیشانەکانی ڕێککەوتن، گەر بڕوانینە مۆرفۆسینتاکسی ڕستەکانی (٢٨)، کە کردارەکانیان ڕابردووی تێپەڕن، تێبینییدەکەین، دروستەیەکی جیاوازیان لەڕووی پارامیتەرەوە دەستخستووە، کە تێیدا گۆڕانکاریی لەسەرەوڕیزبوونی کۆپیی کەتیگۆرییە دەرنەبڕاوەکاندا ڕوویداوە، بەشێوەیەك پارامیتەری مۆرفێمە لەبریدانراوەکانی ناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکە، هاوشێوەی سینتاکس لەجۆری (بکەر_بەرکار) نیین، بەڵکو بۆ (بەرکار_بکەر) گۆڕاون، بەمەش لەگەڵ سەرەوڕیزبوونە بنەڕەتییە سینتاکسییەکەیاندا پەیکاڵو وەکیەك نیین، بەڵکو پێچەوانەبوونەتەوە[320]، چونکە سەرەتا نیشانەی ڕێککەوتنی بەرکاریی، پاشان نیشانەی ڕێککەوتنی بکەریی بە TP یەکەوە لکاوە، لەمبارەشدا پێچەوانەبوونەوەکە، پارامێتەری هاوسێیەتیی لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا بەبەراورد بە سینتاکس، بە پارێزراویی ناهێڵێتەوە، وەك دەبینین ئەم گۆڕانە تەنها لەو دروستە مۆرفۆسینتاکسییانەدا ڕوودەدات، کە لە ڕستەیەك کەوتوونەتەوە، بکەرەکەی کەسی سێیەم بێت[321]. هەروەها بۆ ئەو کردارانەش، کە ڕانەبردووی تێپەڕن، هەمان سەرەوڕیزبوونیان دەبێت (بڕوانە (٢٩)). پێویستە ئەوەش بگوترێت، پارامێتەر لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بۆ هەموو ڕستەیەکی بکەر جیاواز هەر بەو جۆرە دەبێت، کاتێك کردارەکانیان ڕانەبردووی تێپەڕ بن (بڕوانە (٣٠)).

٢٨_ا. ئەو موڵکەکانی فرۆشت. ← فرۆشتنـــی.

i j j i

[320] وریا عومەر ئەمین (٢٠١٦: ٢٤_٢٥) بە ناونیشانی (شوێنی ڕاناوی لکاو لەناو داڕشتەی کاردا)، بەپێی جۆری بکەر، ئاماژەی بە سەرەوڕیزبوونی هەردوو دەستەی (١)و (٢)ی جێناوەکان/ کلیتیکەکان کردووە.

[321] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٤٦) بۆچوونی وایە، پێشبینیی ئەوە ناکرێت، کە نیشانەکانی ڕێککەوتنی (بکەرییو بەرکاریی) لەناو دروستەی هەمان کرداردا، کامیان پێشتر دێن، هەمبەر بەم بۆچوونە، وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٠١) چۆنیەتیی ڕیزبوونی پێکەوەهاتنیانی دیاریکردووە.

ب. ئــەو منــی گەیاند. ← گەیاندمـــی.

i j j i

٢٩_ا. باخەوانەکە زەوییەکە دەکێڵێت. ← دەیــکێڵێت.

i j j i

ب. ئەوان دارەکان دەبڕنەوە. ← دەیـــانبڕنــەوە.

i j j i

٣٠_ا. من چا دەخۆمەوە. ← دەیـــخۆمـــەوە.

i j j i

ب. تۆ کتێبەکان دەخوێنیتەوە؟ ← دەیانخوێنیتەوە؟

i j j i

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، کە پاش ڕوودانی جوڵاندنەکان، وێڕای جیاوازیی پارامێتەری هاوسێیەتیی نێوان پرۆژەی سینتاکسو مۆرفۆسینتاکس، هەردوو پرۆژەکە هەمان پارامێتەری ڕێککەوتنیان هەن، چونکە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن لەمۆرفۆسینتاکسیشدا، کۆتایی کردارەکە، واتە جێکەوتەی پاش مۆرفێمی تاف دەگرن، بەوەش لە مۆرفۆسینتاکسی کوردییدا، مۆفیمەکانی تافو ڕێککەوتن هاوشێوەی دروستەی ڕستەی سادە، لە هەمان دەوروبەردا پێکەوە ڕوودەدەن[٣٢٢].

## ٣/٣_٣ مۆرفۆسینتاکسو دروستەی ئارگومێنت

ئەو ڕاستییەی، کە کردارە لێکدراوەکان لە زمانی کوردییدا بەهۆی پرۆسەی بەلێکسیمبوونەوە[٣٢٣] فۆرمو ناوەرۆکیان گۆڕانی بەسەردا دێتو دەبنە لێکسیمی سەربەخۆ، کاریگەرییان لەسەر دروستەو واتای مۆرفۆسینتاکس دەبێت، بەجۆرێك تەنها ئەو کردارە فەرهەنگییانەی، پەیڕەوی یاسای $[Y]+V^0$ دەکەنو لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییاندا ئارگومێنت_داواکەرن، ڕێگەیانپێدەدرێت تەواوکەرەکەیان دەرنەبڕرێت، چونکە تەواوکەرەکە ئارگومێنتێکی سینتاکسیی داواکراوە، واتە ئازادیی

---

[322] مەرج نییە ڕوودانی نیشانەی ڕێککەوتنو مۆرفیمی تاف لە هەموو زمانێکدا هەر بەمجۆرە بێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییدا نیشانەی تاڤی ڕابردوو /_ed/و نیشانەی ڕێککەوتنی ئاشکرای کەسی سێیەم /_s/ لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، کەچیی لە زمانی ئایسلەندییدا، نیشانەکانی تاڤی ڕابردوو /_ði, _ðu/ لەگەڵ نیشانەکانی ڕێککەوتندا، ئازادانە پێکەوە ڕوودەدەن. (Bobaljic, J. D. (1995: 28). کەواتە ئەگەر دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژیی تاف، دەرکەوتنی مۆرفۆلۆژیی ڕێککەوتن/ ئەگریمێنت بلۆکبکات، ئەوکات پێویستە هەردوو چەمکەکە لە مۆرفیمە دەرکەوتووەکەدا بەرجەستەبن.

[323] پرۆسە بەلێکسیمبووەکان لە سینتاکسەوە نەخشەیان بۆ دەکێشرێت، ئەویش بەوپێیەی یاساو دروستە سینتاکسییەکان لە بنیاتی فۆرمە مۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکاندا ڕۆڵیان هەیە. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٣: ٧٣). بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە پرۆسەی بەلێکسیمبوون، بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٠٨_١١٤)، محەمەد مەجید سەعید (٢٠١٥: ٤٥_٥٠). هەروەها سەبارەت بە پرۆسە بەلێکسیمبووەکانی کرداریش، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووفو کاروان عومەر قادر (٢٠١١: ١٩_٢٣)

ڕوودانی هەیەو نەبووەتە بەشێك لە کردارەکە، بۆیە دەکرێت ببێتە کەتیگۆرییەکی دەرنەبڕاوو بە نیشانەیەکی ڕێککەوتن جێگەیبگیرێتەوە (بڕوانە (٣١_ا،ب))، کە تێیدا /خوار/، $V^0$ی فرێزە کردارییەکەیە، چونکە ناوە کردارییەکەی /خواردن/ بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی ڕستەکە شکاوەتەوە، لەمیشەوە مۆرفۆسینتاکسی (٣١_ا) لە (٣١_ب)دا دەرخراوە، کەچیی ناوی کرداریی ڕستەی (٣٢_ا)، لێکسیمی /نانخواردن/ە، بەوەش کرداری فەرهەنگیی /نانخوار/ دەبێتە $V^0$و سەری ڕێزمانیی فرێزە کردارییەکەی پێکدەهێنێت.

لەو جۆرە کردارانەدا، کە دروستەی لێکسیمیان هەن وەك /نانخواردن، یارییکردن، نوێژکردن، شووکردن، ژنهێنان....هتد/، لەبەرئەوەی واتای کردارەکە بە کەرتی یەکەمی دروستەکەوە بەندەو تەنانەت واتایەکی جیاوازیشی پێداوە، هاوکات لەو ڕووەشەوە، کە "سەگمێنتە وابەستەکەی کرداری فەرهەنگیی_لێکدراو لە ڕستەدا جێکەوتەی ئارگومێنت_داواکراو ناگرێت، بەڵکو سەگمێنتە وابەستەکە لەگەڵ بناغە کردارییەکەدا بەشێوەی کردارێکی لێکدراو لە ڕستەکەدا پێکەوە دەبن بە ئارگومێنت_داواکەر..."[٣٢٤]، بۆیە دەرکەوتنو هەبوونی لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا خورتییە، بەوەش بوار بە دەرنەبڕینو بەمۆرفیمکردنی نادرێت (بڕوانە (٣٢_ب))، بەڵکو کردارە بەلێکسیمبووەکە بە هەمان ئەو فۆڕمەوە، کە لە سینتاکسدا شکاوەتەوە، لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا ڕوودەداتەوە، بەپێچەوانەوە دەرنەبڕینی کەرتی یەکەم، دەیکات بە دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی جیاواز، کە نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی پرۆژەی ڕستەیەکی دیکە دەبێت، نەك ئەو ڕستەیەی، کە کردارەکەی، شکانەوەی فۆڕمێکی بەلێکسیمبووە (بڕوانە (٣٢_پ)).

٣١_ ا. من نانم خوارد. /خواردن/

ب. خواردم Ø.

پ. من سێوم خوارد.

ت. من کێکم خوارد.

ج. من کولیچەم خوارد.

٣٢_ ا. من نانمحوارد. /نانمخوارد/

ب. نانمخوارد.

پ. خواردم Ø.

بە پشتبەستن بەو شیکردنەوانەی سەرەوە، دروستەی (٣٢_پ) بۆ نواندنی پاش_ڕستەیی مۆرفۆسینتاکسییانەی (٣٢_ا) نادروستە، چونکە پرۆژەی هەمان کردار نیین، بەڵکو ناوە کردارییەکە لە

---

[324] ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦: ٦٣)

(٣٢_ا)دا /نانخواردن/و لە (٣٢_پ)یشدا /خواردن/ە، بەوەش دروستەکانی (٣٢_ا،پ) سینتاکسییانەو سیمانتیکییانە پەیکاڵی یەك نین. بۆ لێکسیمی /نانخواردن/، کەرتی /نان/ واتایەکی جیاوازی لە /خواردن/ دەداتێ، کە هەڵگری واتایەکی گشتییەو فۆڕمەکەی بۆ کردەی (نانخواردن) داڕێژراوە، هەربۆیە کەرتەکانی، هاوشێوەی یەك فۆڕمی چەسپاوی مۆرفۆلۆژیی، ڕەفتاردەکەن، پێکەوەلکاندنیشیان لەڕووی فۆڕمەوە ئەوە مسۆگەردەکات، کە بە یەك کەتیگۆریی فەرهەنگیی دادەنرێن. بەپێچەوانەوە لە ناوی کرداریی /خواردن/دا، کە دەروازە فەرهەنگییەکەی لە /نانخواردن/ جیاوازە، ویستەکەی، ئارگومێنت_بەڵگەیی_و داواکراوەو بەپێی کۆتوبەندی واتایی کردارەکە هەڵاوێردەکرێت. بەڵگەییبوونی ئارگومێنت_داواکراوی /نان/ لە /خواردن/دا، ڕێگەدەدات تەواوکەری فرەچەشن لەلایەن کردارەکەوە پەیوەست بە دروستەی ئارگومێنتەوە هەڵاوێربکرێت، بەجۆرێك کۆتوبەندی واتایی کردارەکەی تێدا ڕەچاوکرابێت، بەوەش دەشێت ناواخنی فەرهەنگیی /خواردن/، بۆ هەر فۆڕمێکی دیکەی وەك /سێو، هەنار، نان، گوڵەبەڕۆژە، کێك،.....هتد/ بگۆڕدرێت، بەمپێیە دەشێت دروستەی >خواردمØ<، نواندنی مۆرفۆسینتاکسییانەی یەکێك لە دروستەکانی (٣١_پ،ت،ج) بێت، کەچیی لە /نانخواردن/دا نائارگومێنتییو نابەڵگەیی /نان/، گۆڕینی کەرتی یەکەمی لێکسیمەکە بلۆکدەکات، چونکە کەرتێکی نائازادەو بەوەش کردارەکە بەهەمان فۆڕمو ناوەرۆکەوە بووەتە لێکسیمی سەربەخۆو لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە. لەمەوە دەردەکەوێت، (٣٢_پ) نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی (٣٢_ا) نییە، چونکە دروستەکان لەڕووی دروستەی ئارگومێنتو هاوکات لە ڕووی واتاشەوە چوونیەك نین، بەڵکو کردارەکەی (٣٢_ا) پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی $V^0$+[...] دەکات، بۆیە بە کردارێکی تێنەپەڕ هەژماردەکرێت، هەر لەبەرئەوەشە فۆڕمی /نانخوار/ پریدیکاتۆرەو تەنها یەك جێکەوتەی بۆ بکەری ڕستەکە هەیە، پەیکاڵی ئەمەش، مۆرفۆسینتاکسی (٣٢_ب) تەنها یەك جێکەوتەی بۆ نیشانەی بکەریی هەیە، کەچیی بەپێچەوانەوە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی (٣١_ب)، بۆیە دوو جێکەوتەی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتنی بکەرییو بەرکاریی هەیە، چونکە کردارەکەی لەجۆری تێپەڕەو لە (٣١_ا) کەوتووەتەوە، کە لەڕووی توخمی فەرهەنگییەوە پەیکاڵی ئەوە.

لە نموونەکاندا نواندنی مۆرفۆسینتاکسییانەی کردارە بەلێکسیمبووەکان ئەوە دەردەخەن، کە (ا) دروستەکانی >خواردم Ø< و >نانمخوارد<، پێکهاتەی واتایی جیاوازیان هەن، چونکە لێکسیمی /نانخواردن/ فۆڕمێکی نوێیەو دەروازەی زانیارییەکەی لە /خواردن/ جیاوازە، جیاوازییەکەش لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا دەردەخرێت، هەروەك /نانخوار/ هیچ تەواوکەرێکی ناوەکیی داواناکات، بەڵکو لەدروستەی ئارگومێنتەکەیدا تەنها ئارگومێنتی دەرەکیی داوادەکات، کەچیی بۆ کرداری فەرهەنگیی /خوار/، هەردوو ئارگومێنتی ناوەکییو دەرەکیی، پێویستیی دروستەی ئارگومێنتی

کردارەکە تەواوو تێردەکەن. (ب) ئاخێوەری زمانی کوردیی، پەیوەست بە زانیاریی پێشوەختەوە دەتوانێت لە سینتاکسدا لێکسیمە سەربەخۆکە هەڵبوەشێنێتەوە، بەوەش پێشبینییدەکرێت لە قۆناغێکی تردا کەرتە نائارگومێنتەکانی کرداره لێکدراوەکەش، بکرێنە مۆرفیمی ڕێککەوتن (بڕوانە (٣٣)).

٣٣_ا. نەوزاد ژنیهێناوە. /ژنهێنان/

ب. ژنی هێناوە، یان کچ؟ /هێنان/

پ. ژنی هێناوە.

ت. ژنێکی جوانی هێناوە.

ج. ژنێکی باشو خانەدانی هێناوە.

ح. هێنا Ø ی؟

کرداری (٣٣_ا)، شکانەوەی لێکسیمی /ژنهێنان/ە، بۆیە /ژن/ کەرتێکی نائارگومێنتەو بەشێکە لە دروستەی فەرهەنگیی کردارەکە، دروستە/ لێکسیمەکەش، سیمانتیکییانە زانیاریی گشتیی دەداتو هەر بەهەمان فۆڕمیشەوە گۆکردنی سینتاکسیی دەبێت، کەچیی پەیوەست بە هەبوونی زانیاریی پێشوەختەوە سەبارەت بە جیاوازیی فیچەره واتاییەکانی/ژن، کچ/ لای گوێگر، لە سینتاکسدا هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمی /ژنهێنان/ ڕێگەپێدراوە، بەوەش ناوی کرداریی (٣٣_ب)، بریتی دەبێت لە /هێنان/، کە دەکرێت بەهۆی جۆراوجۆریی ناواخنەکەیەوە، زانیاریی تایبەت بۆ گوێگر بەرجەستەبکات، هەر بۆ نموونە پرسیارکردن لە کەرتی یەکەمی لێکسیمەکە لە (٣٣_ب)دا، دروستەکەی لە کەرتێکی نائارگومێنتییەوە کردووە بە کەرتێکی ئارگومێنتیی، لەبەرئەوەی دەستخستنی وەڵامەکە بۆ گوێگر، پێویستی بە بژاردەکردنی یەکێك لە ئارگومێنتەکانی /ژن، کچ/ هەیە، هاوکات (٣٣_پ) لە (٣٣_ب) وەرگیراوە، بۆیە کەرتی یەکەمی کردارەکە هەر بە ئارگومێنت دەمێنێتەوە، بەمەش چاوەڕێدەکرێت بەم قۆناغانە، دەرفەتی دەرنەبڕین بۆ کەرتە نائارگومێنتەکەی لێکسیمی /ژنهێنان/ لە (٣٣_ا)دا بڕەخسێتو بە مۆرفیمی ڕێککەوتن جێگەیبگیرێتەوە، وەك مۆرفۆسینتاکسی (٣٣_ح) نیشانیدەدات.

لێکدانەوەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە (ا) هەڵوەشاندنەوەکە، سینتاکسییانە گۆڕان لەناواخنی فەرهەنگیی لێکسیمەکەدا دروستدەکات، بەجۆرێك دەبێتەهۆی ئەوەی، لە کردارێکی تێنەپەڕەوە وەك کردارێکی تێپەڕی ئارگومێنت_داواکەر ڕەفتاربکات. (ب) هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمەکە، لە بەسینتاکسبوونی کردارەکەدا بەرجەستەدەبێت، چونکە بەپێی دەورووبەرە مۆرفۆلۆژییەکەی کردار، مۆرفیمی ڕێککەوتن لەناو فرێزە کردارییەکەدا بە بەرکارەوە دەلکێنرێت (بڕوانە (٣٣_پ،ت،ج))، هەروەك {جوان، باش، خانەدان}، زانیاریی زیادەن‌و پەیوەست بە بەرکاری {ژن}ەوە

لەسینتاکسدا دەدرێن، کەچیی لە (٣٣_ا)دا وەرگرتنی مۆرفێمی ڕێککەوتن لەناو دروستەی کردارەکەدا، پەیوەست بە ڕەفتاری مۆرفۆلۆژیی کردارەوە ڕوویداوە.

## ٣/٣_٤ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی

لە بەشەکانی پێشوودا بەبەڵگەوە سەلمێنرا، کە گشت پرۆژە ناوەندییەکانی لەجۆری دەستەواژیلەو دەستەواژەکان، بەهۆی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پرۆژەسازدانەوە بەرهەمدەهێنرێن و دواتریش لە قۆناغی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا پرۆژەکان بۆAGRP فراواندەکرێن. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا بۆ دەستخستنی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس، هەمان ئەو هەنگاوانە دەگیرێنەبەرو پەیڕەودەکرێن، کە لە بەرهەمهێنانی پرۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکاندا جێبەجێکردنیان خورتیی و پێویست بوو، یان پرۆژە سینتاکسیییەکان دەبنە بنەماو بناغە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی؟

گەڕانەوە بۆ هێڵکاریی(٥)ی بەشی یەکەم[٣٢٥]، کە پەیوەست بە پێکهاتە سینتاکسیی و واتاییەکانەوە بۆ تێرکردنی پێویستییەکانی سەر خرایەڕوو، دەستەبەری وەڵامی ئەم پرسیارە دەکات. بۆ ئەمەش ئەگەر وەهای گریمانەبکەین، لە بەرهەمهێنانی پرۆژە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا هەمان ئەو هەنگاوانە دەنرێن، کە بۆ بونیاتنانی پرۆژە ڕستەییەکان لەئارادان، ئەوا دەبێت هەنگاوی یەکەم بەپێی ڕێساکانی پرۆژەسازدان، سەری فەرهەنگیی ڕەگ، تەواوکەرێك بۆ خۆی هەڵاوێربکات، بەڵام کارکردن بەو بۆچوونەی، دەرنەبڕین و کۆپییکردنی کەتیگۆرییە سینتاکسییە خورتییەکان، لێکەوتەی مۆرفۆسینتاکسی دەبێت، بنەمای ڕێسای پرۆژەسازدان بۆ تێرکردنی پرۆژەی فرێزی کرداریی پێشێلدەکات، چونکە ڕەگ بەپێی زانیاریی ناواخنەکەی، هەڵاوێری سیمانتیکیی تەواوکەر دەکات، هەڵاوێرکردنەکەش، وابەستەی ڕێککەوتنی واتایی نێوان سەرو تەواوکەرە، بە دەربڕینێکی دیکە، هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی جۆری تەواوکەر، بەپێی ئەو فیچەرە واتاییانەی سەر دیارییاندەکات و دەیانسەپێنێت، سنوردارو مەرج بۆدانراوە، بەوەش ئازادانە ڕوونادات. بۆ نموونە کرداری فەرهەنگیی /خوار/، هەڵاوێری سیمانتیکیی بۆ ئارگومێنتێك دەکات، کە [+خواردن] بێت، بۆیە دەبێت ئارگومێنتەکە هەبوو و لەئارادابوو بێت و لەتەك سەرە هەڵاوێرکەرەکەیدا دەربڕدرێت، بەڵام لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، ڕەگ ناتوانێت هەڵاوێری سیمانتیکیی و تەنانەت پۆلەڕەگەزییش ئەنجامبدات، هۆو پاساوی ئەمەش لەبنەڕەتدا، بە هەبوونی کلیتیکەکانەوە گرێدراوە، چونکە ناتوانن دەربڕی کۆی ئەو فیچەرە واتاییانە بن، کە پۆلەڕەگەزە دەربڕراوەکەی لەسینتاکسدا، لەڕووی مەرجی ڕاستەقینەوە هەیبووە، بەڵکو سیمانتیکییانە نادیارن و تەنها دەربڕی کەس و ژمارەن، بەجۆرێك وەك پێشتر گوترا، کلیتیکەکان نیشانەی ئاخنراون بە زانیاریی

---

[٣٢٥] بڕوانە: ل (٣٥)

مۆرفۆلۆژییو سینتاکسیی، کە جگەلە کەسو ژمارە، زۆرینەی زانیارییە ئەبستراکتەکانی ناواخنی مۆرفیمەکان، نانوێنرێن، سەرباری ئەوەی، بەهۆی ئەم نیشانانەوە، ڕێککەوتنی سینتاکسیی بۆ پاراستنی پارامیتەرو ئاڕاستەی پێدانی دۆخ دەستەبەردەکرێت، هەربۆیە ڕەگ بەپێی زانیاریی ناواخنەکەی، دەسەلاتی ئەوەی نییە مەرجە واتاییەکانی بۆ دیاریکردنو هەلاوێرکردنی ئەو نیشانانە بسەپێنیتو بخاتەڕوو، بەوەش لە مۆرفۆسینتاکسدا بنەماکانی هەلاوێرکردنی سیمانتیکیی، کە بە ڕێککەوتنی فیچەری واتایی نێوان سەرو تەواوکەرەوە بەندە، جێبەجێناکرێت. وێڕای ئەوەش، لە مۆرفۆسینتاکسدا کرداری تافدار TP، جێکەوتەی بەتالی بۆ نیشانەکانی ڕێککەوتن هەیە، نەك ڕەگ، لەکاتێکدا لە سینتاکسدا TP وەك تەواوکەری $AGR^0$ بۆ بونیاتنانی پرۆژەی AGRP گۆدەکات، بۆیە هاوشێوەی ڕەگ، دەسەلاتی هەلاوێرکردنی کلیتیکی نییە.

هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن، ڕێساکانی پرۆژەسازدان بۆ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس چالاك نینو بەوەش ڕوودانو جێبەجێکردنیان پێشبینییکراو نین، ئەمە ئەو مانایە دەردەبڕێت، کە هیچ کام لە پێکهاتە سینتاکسییەکانی (٢،١)، لەوانیشەوە پێکهاتەکانی (٣)و (٤)یش لەئارادا نین، بەو هۆیەشەوە مۆرفۆسینتاکس لە قۆناغی پرۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕوودەدات، کە قۆناغی پاش بونیاتنانی پرۆژە ناوەندییەکانە. هەموو ئەمانە بەلگەن بۆ ئەو ڕاستییەی، مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکی پاش_ڕستەیی دروستەی ڕووکەشەو جێبەجێکردنی هەنگاوەکانیشی لەپێکهاتەی سینتاکسیی (نواندنی سەرپشکییانە)دا بەهۆی ئەو میکانیزمانەوە، کە خرانەڕوو، ڕوودەدات. ئەمەش پەیوەست بە وەلامی پرسیارەکەوە، بوونی وەها گریمانەیەك ڕەتدەکاتەوە، کە لە سەرەوە پێشکەشکرا، هاوکات هێنانەوەی بەلگەکانیش وادەکەن، خستنەڕووی هێلکاریی (١٤) پەیوەست بە هەلاوێرکردنی سیمانتیکیی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە بۆ پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس، ناپەسەندو ڕێپێنەدراو بێت.

هێلکاریی* (١٤)



### ٣/٣_٥ دۆخ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا

لەبەشی یەکەمدا پەیوەست بە تیۆری دۆخەوە باس لە ئەوە کرا، کە پالێوەری دۆخ وەك بنەمایەکی تیۆرەکە ئەوە مسۆگەردەکات، هەموو فریزێکی دیارخەریی ئاشکرا ئەو جێکەوتانە دەگرن، کە دۆخیان تێدا دەدرێت، بەوەش پالێوەرەکە ئەوە دەکاتە مەرج، کە هەر DP یەك لەناو ڕستەدا دەرکەوتنی هەبێت، دەبێت دۆخێکی ڕێزمانیی پێبدرێت، ئەم مەرجە بەخشکەیی دەربڕی ئەوە دەبێت، کە دەبێت بەرامبەر هەر کەرەستەیەکی دۆخدەر، دۆخ_وەرگرێك لەئارادابێت.

لێرەدا پەیوەست بە ئەو زانیارییەوە، کە لەسینتاکسدا کەتیگۆرییەکانی (کرداری فەرهەنگیی، کرداری سینتاکسیی، کرداری تافدار)[٣٢٦] کەرەستەی دۆخدەرنو هەریەکەیان لە پرۆژەو نواندنی جیادا دۆخ بە تەواوکەرەکەیان دەبەخشن، هاوکات بەوپێیەی مۆرفۆسینتاکس نواندنی سینتاکسە بە مۆرفێم، ئارگومێنتەکان بوونێکی بەرجەستەیان نییەو ڕێککەوتن بەرهەمیاندەهێنێت، کەواتە دەبێت مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن ببنە نیشانەی دۆخ بۆ کەتیگۆرییەکی دۆخ_وەرگری دەرنەبڕاوو ئەو جێکەوتانە بگرن، کە دۆخیان هەن، ئەمەش دەریدەخات، کە لەکاتی دەرنەبڕینی هەر ئارگومێنتێکی دۆخداردا، دەبێت نیشانەیەکی دۆخ ڕوویدات، بەو واتایەی، هەبوونی نیشانە، بەلگەیە بۆ بوونی دۆخی کەتیگۆرییەکی گۆنەکراو. لەم ڕووەوە "بوونی فۆرمی جیاوازی کلیتیکەکان لە زمانی کوردییدا، بۆ بوونی دۆخی ڕێزمانیی جیای فریزەناوییەکان دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هەریەك لە بەرکارو بکەر لەکاتی کرتاندنیاندا فۆڕمی جیای کلیتیکەکانیان وەردەگرن...."[٣٢٧]، هەروەك لەزمانی ئینگلیزییدا شکانەوەی ناوەکیی لە جێناوە سەربەخۆکاندا بۆ وەرگرتنی دۆخ ڕوودەدات، لەو ڕووەوە، کە دۆخ فرەچەشنیی ئەو فۆڕمانەن، کە DP یەکی دۆخ_وەرگر بەپێی جۆری گۆکردنەکەی لە سینتاکسدا وەریاندەگرێت. بۆ نموونە وەرگرتنی دۆخ لەڕێی شکانەوەی دروستەی ناوەکیی جێناوی سەربەخۆوە بۆ کەسی سێیەمی تاك بەرجەستەدەبێت، هەروەك فۆڕمی He بۆ دۆخی نۆمینەتیڤیی، His بۆ دۆخی خستنەپاڵ، Him یش بۆ وەرگرتنی دۆخی ئەکوزەتیڤیی، دەشکێنەوەو بەوەش وەك نیشانەی دۆخ گۆدەکەن، بەمپێیەش "دۆخ، ئەدگارێکی مۆرفۆسینتاکسییە، چونکە جێناوەکان لە ئینگلیزییدا فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی جیایان هەنو بەگوێرەی دۆخەکەشیان، جێکەوتەی سینتاکسیی جیاواز دەگرن"[٣٢٨]، هەروەك لە زمانی

---

[326] شایانی گوتنە لەناو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، هاوشێوەی سینتاکس، سەرە حوکمکەرەکانی $V^0$، $V^-$، $T^-$ ڕوودەدەنەوە، بەپێچەوانەوە بۆ نواندنی مۆرفۆسینتاکس، هەندێك لە ئارگومێنتە حوکمکراوەکان، ئەوانەی لە سینتاکسدا هەبوو و دەرکەوتوون، نیشانەی ڕێککەوتنیان نابێت، بەواتا کۆپییناکرێن. هۆو پاساوی ئەم سنوور بۆدانانەش، بە جۆری فیچەری واتایی پۆلەڕەگەزە سینتاکسییەکانەوە پەیوەستە.

[327] ئاوات سالح قادر (٢٠١٥: ٥٤)

[328] Radford, A. (2012: 394)

کوردییشدا شکانەوەی کلیتیکەکان بۆ دۆخی ڕێزمانیی ڕوودەداتو فۆڕمەکەشیان بەپێی جۆری دۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش بەڕوونیی لە دەستەی کلیتیکەکانی (م_مان)، (م_ین)دا دیارە، کە بەگوێرەی گۆکردنە جیاوازەکانیان لەسینتاکسدا دەشکێنەوە، بەوەش بەنیشانە دەرکەوتووەکانی بەرجەستەکردنی دۆخ لە کوردییدا هەژماردەکرێن. لەبەرامبەر ئەمەدا، پێشبینییناکرێت شکانەوەی ناوەکیی لە دروستەی کەرەستە دۆخ_وەرگرەکانی (فرێزی دیارخەریی/ جێناو)دا ڕووبدات.

لێکدانەوەی ئەو نموونەو بەڵگانەی هێنرانەوە، دەبنە وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی پێشتر سەبارەت بە سەربەخۆیی پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس ئاڕاستەکرا، هەروەك ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە لە زمانی کوردییدا پرۆژەی مۆرفۆسینتاکس پەیکاڵی پرۆژەی ڕستەیەو لەویشەوە وەردەگیرێت، بە بەڵگەی ئەوەی (ا) هەموو ئەو بنەماو ڕێسایانەی لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی ڕستەدا پەیڕەودەکرێن، بە هەمان شێوە لە مۆرفۆسینتاکسیشدا هەبوو و پارێزراون، (ب) هەروەکچۆن لە سینتاکسدا بکەرو بەرکار دوو ئارگومێنتی سەربەخۆو جیان، بەو شێوەیەش لە مۆرفۆسینتاکسدا نیشانەکانی دۆخی نۆمینەتیڤو ئەکوزەتیڤ، کە نیشانەن بۆ کەتیگۆرییە دۆخ_وەرگرەکان لەسینتاکسدا، لەیەکجیاوازن (j,i)، لەبەر ئەم دوو هۆکارە، ناتوانرێت مۆرفۆسینتاکس بە پێڕەوێکی سەربەخۆی جیاواز لە سینتاکس هەژماربکرێت.

ئەو کردارانەی بەهۆی پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/وە هەڵگوێزراون، وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەیانپێکرا، دەروازەی زانیارییەکەیان لە دەروازەی زانیاریی کردارە بنەڕەتییەکەیان جیاواز دەبێت، هاوکات ئەوەش خرایەڕوو، کە ئەم پێشناوە فەرهەنگییانە لە سینتاکسدا فۆڕمەکەیان بۆ پێشناوی سینتاکسیی دەشکێنەوە، بەوەش دروستەی PP بەرهەمدێنن، کە تێیدا پێشناوە سینتاکسییەکە وەك سەری ڕێزمانیی حوکمکەر گۆدەکاتو دۆخی ڕێزمانییش بە تەواوکەرەکەی دەدات. لەم ڕوانگەیەوە گرنگە ئەو ڕاستییە بزانرێت، بەرهەمهێنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس لەو ڕستانەوە، کە بەهۆی ئەم کردارانەوە بونیاتنراون، پەیوەست بە سەری حوکمکەرو پێدانی دۆخەوە، لێکدانەوەی جیاوازیان دەبێت، وەك لە (٣٤)دا ئەزموونبەنددەکرێت.

٣٤_ا. من لە بابەتەکانم کۆڵییەوە.

↓ ↓

ب. م ن کۆڵییەوە

پ. pro trace لێمکۆڵینەوە.

گەر بڕوانینە(٣٤)، تێبینییدەکەین کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانی دروستەی (٣٤_ا) هاوتاو پەیکاڵی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (٣٤_پ) ن، تێیدا نیشانەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئارگومێنتە دەربڕاوەکانی

(بکەر، بەرکار)ی (٣٤_ا)دا ڕێککەوتنیان هەیە، بۆ ئەوەش کرداری فەرهەنگیی /کۆڵی_ەوە/، دۆخی ئەکوزەتیڤیی بە PP ی {لە بابەتەکان} دەدات، PP یەکەش لەناوەوە دۆخی ئەکوزەتیڤیی هەیە، کە پێشناوی سینتاکسیی /لە_/دەیداتێ، نەك کردارە فەرهەنگییەکە، چونکە پرۆژە گەورەکەی PP، بەربەست بۆ پێدانی دۆخ لەلایەن کردارەکەوە بە تەواوکەری ناوەوەی PP یەکە دروستدەکات، بەڵام کاتێك (٣٤_ا) مۆرفۆلۆژییانە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (٣٤_پ)دا دەنوێنرێت، ئەوا پێشناوە سینتاکسییەکە بۆ پێشناوی فەرهەنگیی /لێ_/ دەگۆڕێتەوە[٣٢٩]، کە کەرەستەیەکی دۆخدەر نییە، لەمبارەشدا هەبوونی نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤیی /ن/، کە لە سینتاکسدا لەڕێگای پێشناوە سینتاکسییەکەوە دراوە، لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا لەڕێگای ڕەگەکەوە دەدرێت _کە بەهەمان فۆڕمەوە لەناو دروستەکەدا گۆدەکات_، چونکە بەهۆی هەبوونی تەنها یەك نیشانەی دۆخەوە، پێشناوی فەرهەنگیی /لێ_/ لەسەردەکەوێتو بەوەش توانای پێدانی دۆخی نامێنێت. ئەمەش بە ئەوەوە پەیوەستە، کە هەر سەرێکی ڕێزمانیی، تەنها یەك دۆخ دەداتو لەبەرامبەریشدا هەر دۆخ_وەرگرێك، تەنها یەك دۆخ وەردەگرێت، هەربۆیە /ن/، کە نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤیی تەواوکەری PP یەکەیە، تەنها یەك جار دۆخ لە ڕەگەکەوە لەبری پێشناوە فەرهەنگییە لەسەرکەوتووەکەی، وەردەگرێت، بەوەش ڕەگەکە وەك سەرێکی دۆخدەر دەبێتە ئەلتەرناتیڤی پێشناوەکە بۆ پێدانی دۆخ، چونکە مەرجە هەموو نیشانەیەکی دۆخ لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا لەلایەن سەرێکەوە حوکمی دۆخی ڕێزمانیی بکرێت.

بەپشتبەستن بە لێکدانەوەی نموونەی (٣٤)، پرسیارێکی گرنگ دێتەئاراوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا مەرجە لە هەموو دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسدا، نیشانەکانی ڕێککەوتن پەیکاڵی کەتیگۆرییە دەرنەبڕاوە بەمۆرفێمکراوەکان بن؟ بە دەربڕینێکی دیکە، بۆ بونیاتنانی دروستەی مۆرفۆسینتاکس لە سینتاکسەوە، مەرجە گشت ئارگومێنتە سینتاکسییەکان نیشانەی ڕێککەوتن لەجێی خۆیان کۆپیبکەنو لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا دەرکەوتنی خورتییان هەبێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بە چەندێتیی ئەو سەرە ڕێزمانییانەوە پەیوەستە، کە دۆخدەرنو لەناو دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا هەبوو و دەرکەوتوون، بەجۆرێك، کە بنەماکانی تیۆری دۆخیان تێدا پارێزراو بێت، بەوپێیەی پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان سەری دۆخدەرو ئارگومێنتی دۆخ_وەرگردا هەیە، بۆیە هەوڵدەدرێت بەرجەستەکردنی وەڵامی پرسیارەکە، بە هێنانەوەی بەڵگە لە (٣٥) دا تاقیبکرێتەوە.

---

[329] وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٩٩) بۆچوونی وایە، گەر بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوی لکاو جێگیرکرا، ئەوا پرییپۆزیشنی /بە_/ دەبێت بە /پێ_/و /لە_/ش دەبێت بە /لێ_/.

٣٥_ا. من جلەکانم لە تەنافەکـــە کردەوە.

ب. م   ن   نیشانەی نییە   کردەوە

پ. pro   trace   لێمـکردنـــەوە.

j   i   j   i

لە (٣٥_ب)دا، نیشانەکانی ڕێککەوتنی /م، ن/، پەیکاڵی هەردوو ئارگومێنتی بکەریی {من}و بەرکاریی {جلەکان}ن لە (٣٥_ا)دا، کە پاش دەرنەبڕینیان، بەو نیشانانە جێگەیان گیراوەتەوە، کەواتە لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی (٣٥_پ)دا، /ن/ پەیکاڵی بەرکاری ڕاستەوخۆی {جلەکان}ە، کە دۆخی ئەکوزەتیڤیی هەیەو لە سینتاکسدا لەڕێی کرداری سینتاکسیی $\bar{V}$ ەوە پێیدراوە، کەچیی لەبەرئەوەی فرێزی {لە تەنافەکە}، بەهۆی فیچەرەکانی [–کەس، –ژمارە، –توخم]ەوە، ئارگومێنتێکی بەمۆرفێمنەکراوەو نیشانەی نییە، بۆیە ڕەگی کردارەکە، کە پێشتر لە سینتاکسدا دۆخی بە دروستەی PP یەکە دەدا، لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا وەك سەرێکی ڕێزمانیی هەبوو، لەبری PP، حوکمی بەرکاری ڕاستەوخۆی {جلەکان} دەکاتو بۆ ئەوەش دۆخ بە نیشانەکەی دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەست بەم نموونەیەوە، لە سینتاکسدا هەردوو سەری دۆخدەری $V^0$، $\bar{V}$ هەبوون، کەچیی لە مۆرفۆسینتاکسدا تەنها یەك سەری دۆخدەری $V^0$ ماوەتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکاتەوە، کە $V^0$ توخمێکی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەر $X^0$ ە، بۆیە لە هەردوو پرۆژەی سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسدا فۆڕمێکی هەبووەو ڕوودەداتەوە. نەبوونی نیشانەی دۆخی PP ی {لە تەنافەکە}ش وادەکات، پێشناوە سینتاکسییەکە لە (٣٥_پ)دا لە فۆڕمە فەرهەنگییەکەیدا دەربکەوێتەوە، بەوەش توانای پێدانی دۆخی نامێنێت، کە لە سینتاکسدا بە DP ی تەواوکەری PP یەکەی دەدا، بۆیە وا چاوەڕواندەکرێت، ئەم هۆکارە پاساوی سینتاکسیی بۆ دەرنەکەوتنی PP لە مۆرفۆسینتاکسدا بهێنێتەوە، هەروەك وەڵامەکەش دەبێتە بەڵگەیەکی ئەزموونبەند بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیەی لە سەرەوە پێشنیازکرا.

٣٦_ا. من فەرشەکانـــــم بە ئەوان شت.

ب. م   نیشانەی نییە   ن   شت

پ. pro   trace   پێمـشتن.

j   i   j   i

له (٣٦_ب)یشدا، تەنها نیشانەی بکەرو تەواوکەری پێشناوەکە لە پێواژۆی کۆپییکردنی ئارگومێنتەکانی (٣٦_ا)دا دەرکەوتوون، بەڵام ئەوەی دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەی (٣٦_پ) لە (٣٥_پ) جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە لە (٣٦_پ)دا، /ن/ نیشانەی دۆخی ئەکوزەتیڤییە بۆ فرێزی {ئەوان}ی بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، نەك بەرکاری ڕاستەوخۆی {فەرشەکان}، کە هەمان دۆخی هەیەو لە سینتاکسدا لەڕێی $V^{-}$ ەوە دراوە، بەڵام وەك گوترا لەبەرئەوەی لە مۆرفۆسینتاکسدا تەنها سەری دۆخدەری ڕەگ ماوەتەوە، بەپێی بنەماکانی تیۆری دۆخیش، هەر سەرێکی ڕێزمانیی دۆخدەر تەنها یەك دۆخ دەدات، هەربۆیە ڕەگیش توانای پێدانی یەك دۆخی ئەکوزەتیڤیی هەیە، لەو ڕووەشەوە، تەواوکەری یەکە لە سینتاکسدا، کە فرێزی {ئەوان}ە، لەڕێی پێشناوی /بە_/وە دۆخی پێدراوە، بەڵام لە PP دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا لەبەرئەوەی خاوەنی فیچەرەکانی [+کەس، +ژمارە، +توخم]ە، بۆیە نیشانەیەکی ڕێککەوتن لەجێی خۆی کۆپییدەکات، کە نیشانەی دۆخە، ئەویش بەهۆی لەسەرکەوتنی پێشناوی فەرهەنگیی /پێ_/وە، ڕەگی کردارەکە حوکمیدەکاتو دۆخی دەداتێ.

ڕاڤەکردنی سینتاکسییانەی نموونەکانی سەرەوە بە ئەو ئەنجامەمان دەگەیەنن، کە هەبوونی سەری دۆخدەر، مەرجی هەبوونی تەواوکەرەکەیەتی، هەر کاتێکیش تەواوکەرەکە گۆنەکرا، ئەوا دەبێت نیشانەکەی هەبێت، بە واتا چەندێتیی ژمارەی نیشانە هەبووەکانی دۆخ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، دەبێت تەنها لەگەڵ ئەو ئارگومێنتانەی ناو دروستە سینتاکسییەکەدا بەرامبەرو وەکیەك بوەستنەوە، کە بەمۆرفیێمکراون، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، مەرج نییە بتوانرێت گشت ئارگومێنتە دەربڕراوەکان لەسینتاکسدا، بەمۆرفیێمبکرێنو بە نیشانەی ڕێککەوتن جێگەیان بگیرێتەوە، هۆکاری ئەمەش لەلایەك بە جۆری فیچەرە زگماکییەکانی ئارگومێنتەکانەوە پەیوەستە، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ژمارەی سەری ڕێزمانیی دۆخدەر لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا دەگەڕێتەوە، چونکە دەبێت سەری حوکمکەری دۆخو کۆپیی ئارگومێنتەکان/ نیشانەکانی ڕێککەوتن، هاوتاو پەیکاڵی یەك بن.

## ٤/٣ بەترۆپككردن[٣٣٠] و نواندنی ترۆپكیی

لە بەشەكانی پێشتردا ئەوە سەلمێنرا، كە نواندنی سینتاكسییانەی توخمە فەرهەنگییەكان، بەرهەمهێنەری پێكهاتەی سینتاكسییو نواندنی جیاوازی دروستەیین، بۆیە پرۆژەكان بەپێی سەرو تەواوكەر تێربوونو چوونەناو پێكهاتەی لە خۆیان گەورەترەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە، هەندێك لە زمانەوانان، دروستەییانە گفتوگۆی پێكهاتەكانی گواستنەوە دەكەن، بەجۆرێك ئەگەر زنجیرە وشەیەكی دیاریكراو وەك یەكەیەك ڕەفتاربكەن، ئەوا دەتوانرێت بۆ جێكەوتەیەكی دیكەی ڕستە بجولێنرێن[٣٣١]. هەروەك ئەكاروس Akaruese یش پێیوایە "هەندێك زنجیرەی وشە لەڕستەیەكی دیاریكراودا، دەتوانن لە جێكەوتەیەكی دیكەی هەمان ڕستەدا بۆ نیشاندانی شێوازی جیاواز گۆبكەن."[٣٣٢]

بەپێی ئەو بۆچوونانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، دروستەی ئەو پێكهاتانەی بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ترۆپك دەگوێزرێنەوە، لە زنجیرە وشە پێكهاتوون، بەڵام داتاو شیكردنەوەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنن، كە دروستەی ناوەكیی پێكهاتەكان، پێكهاتیلەكانو ئەوانیش دروستەی فرێزیان هەن، نەك وشە، كەواتە پەیوەست بە گواستنەوەوە، "تەنها پێكهاتە فرێزییەكان phrasal constituents لەجێكەوتەی هێنراوەپێش Topic دا ڕوودەدەن"[٣٣٣]، بەوەش ئەو كەرەستانەی لە جێكەوتەی بنەڕەتیی خۆیانەوە بۆ جێكەوتەیەكی جیاوازی هەمان ڕستە دەجولێنرێن، بەشێكن لە پێكهاتەكان، واتە پێكهاتیلەكانن. بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، پێشبینییدەكرێت ئەو كەرەستەیەی بەترۆپكدەكرێت، لەناو پێكهاتەكانی ڕستەدا ڕوویدات، نەك خودی ڕستەكە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، بەترۆپككردن هەڵوەشاندنەوەی پێكهاتە/ پێكهاتیلەكانەو خودی دروستەی ڕستە ناگرێتەوە، هەروەك لە هەندێك

---

[330] ا. لەو لێكۆڵینەوانەدا، كە پێشتر لەسەر ئەم بابەتە كراونو لەئارادان، زاراوەی /باسمەند/ بەرامبەر Topicalization بەكارهێنراوە، كە ناونانێكی واتاییە، چونكە وشەی /باس/ بەرامبەر Theme واتە /بابەت/ە لەزمانی ئینگلیزییدا، بەڵام لەم لێكۆڵینەوەیەدا، لەبەرئەوەی هەنگاوەكانی پرۆسەكە پەیوەست بەسینتاكسەوە پەسندەكرێنو دەخرێنەڕوو، بۆیە زاراوەی /ترۆپك/ بۆ پێكهاتە هێنراوەپێشەكە بە گونجاو زانراوە، لەبەرئەوە خودی زاراوەكە وەك ناونانێكی سینتاكسیی، پەسەندكراوە، نەك سیمانتیكیی، هەربۆیە زاراوەی /بەترۆپككردن/ لەبری زاراوەی /باسمەند/ بەكاردەهێنرێت. بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەست بە زاراوەكەوە، بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، تاڵیب حوسێن عەلی (١٩٩٨)، دیار عەلی كەمال (٢٠٠٢)، كاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، شلێر ڕەسوڵ محەمەد (٢٠٠٤).

ب. هەردوو پرۆسەی جێگۆڕكێ Dislocation و سكرامبلینگ Scrambling هاوشێوەی پرۆسەی ترۆپكن، كاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٥٩) هەردوو پرۆسەكەی شیكردووەتەوەو ناوكۆییو جیاوازییانی لەگەڵ پرۆسەی ترۆپكدا خستووەتەڕوو. هاوكات بشڕوانە: Jackendoff, R. (2007: 338, 350)

[331] Aarts, B. (2001: 194)

[332] Akaruese, Ch. U. (152)

[333] Liddell, (1977, 1980) وەرگیراوە لە AARONS, D. (1994: 171)

لێکۆڵینەوەدا پرۆسەکە وابەستەی کراوە. بۆ نموونە بەترۆپککردنی فرێزی تەواوکەر[٣٣٤] لەو پێکهاتە/ فرێزە کردارییانەدا، کە کردارەکەیان تێپەڕن.

هەنگاوەکانی پێشتر بەو شێوەیە نران، کە پێکهاتەکان وەك دروستەیەکی بێکەموکوڕیی، واتە وەك (X, Y) یەك تێردەبوون، ئەوەش بە جێبەجێکردنی پارامێتەری هاوسێیەتیی ڕوویدەدا، لەم ڕووەوە بەترۆپککردنی پێکهاتەیەك، کە توخمە بنچینەییەکەی $X^0$ بێت، $X^0$ یش گۆڕاوی پۆلەڕەگەزەکانی $V^0$,$P^0$,$A^0$, $D^0$، $Conj^0$، Par بێت، ئەوا پێکهاتەکە دروستەیەکی لەجۆری فرێز $X^-$ ی دەبێت، هەربۆیە پێکهاتەکان لە فۆڕمی فرێزدا بۆ بونیاتنانی دروستەی سینتاکسیی ڕستە هێنرابوونە پێکهاتەی (٣)یەمەوە، بەمەش دەتوانین بڵێین هەموو فرێزەکان بە مەرجی هاوسێیەتییەوە لەڕووی سینتاکسەوە نوێنرابوون. لەم ڕوانگەیەوە، یاسا گشتییەکەی نواندنە سینتاکسییەکان پەیوەست بە پارامیتەرو دۆخ و ئاڕاستەی دۆخ و حوکمکردنەوە، بەشێکە لە زانیارییە سینتاکسییەکانی زمانی کوردیی.

ئەوەی لە دروستەی ترۆپکدا ڕوودەدات، بەرهەمهێنانی دروستەیەکی سینتاکسییە بە هێنانەپێشەوەی پێکهاتەیەك پەیوەست بە یاسای هەڵواسینەوە Adjunction[٣٣٥]، "ئەم جۆرە گواستنەوەیە جوڵەیەکی سەرەکیی و دەربڕینی ڕووکەشی گۆکردنی ئاماژەو نیشانەکانی ڕیزبوونێکی تایبەتی وشەو پێکهاتەکانی ڕستەیە"[٣٣٦]، هەربۆیە ترۆپك لێکەوتەی یاسایەکی جوڵاندنە بەپێی زانیاریی ئاخێوەری زمانی کوردیی، ئەویش ئەو زانیارییە دەگرێتەوە، کە ئاخێوەر لە سینتاکسی زمانی کوردییەوە هەڵیهێنجاوە، لەو ڕووەشەوە، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە ترۆپك بەکارهێنانێکی تاکلایەنانەی سینتاکسەو بەشێکە لە داڕشتەی فەرهەنگی ئاوەزیی تاك، بۆیە پێشبینییدەکرێت بنەماکەی لە پرنسیپێکی گشتییەوە گەڵاڵەکرابێت/ وەرگیرابێت.

### ٣/٤_١ پرنسیپەکانی بەترۆپککردن

پەیوەست بە ئەم بابەتەوە، ئەگەر زانیاریی ترۆپك، زانیارییەکی تایبەتیی سەرپشکییانەی ئاخێوەر بێت، ئەوا دەبێت پرنسیپێکی گشتیی هەبێت، کە پێڕەوی بەکارهێنانی ڕێسا سینتاکسییەکە بگرێتەوە، پرنسیپەکەش بکرێتە پێوەر تا ئاخێوەر بەهۆیەوە زانیاریی تایبەتیی ترۆپك بونیاتبنێت، هەروەکچۆن ئەنالۆژییانە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بۆ دروستکردن و هەڵگواستنی دروستەی مۆرفۆلۆژیی نوێ بەکاردەهێنێتەوە. بۆ نموونە دانە فەرهەنگییەکان لەسەر بنەمای یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دروستدەکرێن،

---

[334] مەبەست لە فرێزی تەواوکەر، ئەو ئارگومێنتانەن، کە داواکراو و خورتیین، بۆ نموونە ئارگومێنتی بەرکار لەو ڕستانەدا، کە کردارەکانیان لەڕووی هێزەوە تێپەڕن، وەك فرێزی تەواوکەری کردارە فەرهەنگییەکە گۆدەکەن.

[335] بۆ زانیاریی لەبارەی یاساکانی گوێزانەوەو جۆرو چۆنیەتیی ڕوودانیان، بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٢٠_٤٢).

[336] کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٢٠_٤٢).

ئەم یاسایانەش دەبنە پێڕەو و بەشێوەی ئەنالۆژیی، فۆرمو واتای نوێ سازدەکەن. هەروەك پێشبینییدەکرێت وشە ئەگەرییە لێکدراوەکانی /کۆمپیوتەر فرۆش، موبایل فرۆش، سپلێت فرۆش/ بە ئەنالۆژیی لەسەر بنەمای یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی تایبەت بە زمانەکە، کە [بناغە+ ڕەگ]ە، دروستبکرێن، هەروەك وشەکانی /میوەفرۆش، سەرتاش، وتارخوێن،....هتد/ نموونەو وشە هەبووەکانی بەکاربردنی ئەو یاسایەن. بەهەمان شێوەش، یاسا سینتاکسییەکان لەلای کۆی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی، ئاکارێکی گشتییان هەن‌و بەهۆیانەوە تاك بە کۆمەڵەوە دەبەسترێتەوە، هاوکات هەر بەهۆشیەوە تاکلایەنانە دروستەی سینتاکسیی نوێ بەرهەمدەهێنرێت. ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە وەك بەڵگەی ئەزموونبەند وەردەگیرێن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی، کە ئاخێوەری زمان پەیوەست بە زانیارییە سینتاکسییە گشتییەکانەوە دروستەی ترۆپکیی بەرهەمدەهێنێت.

سەرەڕای ئەوەش، پێشتر ئەوە خرایەڕوو، ئەو کەرەستانەی بۆ ترۆپککردن دەهێنرێنەپێشەوە، پێکهاتیلەکانن، کە بەشێکن لە پێکهاتەو دروستەی فرێزیان هەن، ئاشکراشە ناوە گشتییەکان بۆئەوەی ببنە فرێز، دەبێت جێکەوتەی دۆخدار بگرن، چونکە دۆخ بە فرێز دەدرێت نەك بە وشە (بڕوانە (٣٧_ا))، کە تێیدا بەرکار بە جێکەوتەکەی، ئەو گۆکردنەی پێدراوە، بەڵام لە (٣٧_ب)دا، بەرکارەکە بەهۆی گواستنەوەیەوە، لەجێکەوتەیەکی تردا گۆیکردووە، کە جێکەوتەی بەرکار نییە، هەربۆیە لەلایەك مەرجی گۆکردنی لەجێکەوتەی فرێزدا بەزاندووە، لەلایەکی دیکەشەوە دۆخەکەی لەدەستداوە، لەبەرئەوە کاتێك بۆ سەرەتای ڕستەکە دەگوێزرێتەوە، ڕستەکە ناڕێزمانیی دەکات، هەربۆیە بۆ ڕوودانی ئەمە، پێویستە ناوە گشتییەکەی /کتێب/ لە (٣٧_پ)دا بەهۆی دیارخەرەوە فیچەری [+ناسراویی] ی پێبدرێت، ئەوکات گۆکردنی فرێزی دیارخەریی دەبێت‌و هێنانەپێشەوەی بۆ سەرەتای ڕستە، ڕێگەپێدراو دەبێت، پاشان لە هەنگاوی دواتردا، دەبێت کەرەستە هێنراوەپێشەکە نیشانەی دۆخ لەجێی خۆی کۆپیبکات (بڕوانە (٣٧_ت))، تاوەکو ڕێککەوتن لەنێوانیاندا ڕوویدات‌و بەوەش ترۆپکی بەرکار سینتاکسییانە لە (٣٧_ج)دا جێبەجێببێت.

٣٧_ا. تۆ کتێبت کڕی.

ب. * کتێب، تۆ کڕیت

پ. کتێبەکە، تۆ کڕیت.

ت. کتێبەکە، تۆ t Ø کڕیت.

ج. کتێبەکە، تۆ t کڕیت Ø.

i j i j i

جێی ئاماژە بۆکردنە، ناسراوکردنی کەرەستەکان _ئەوانەی فیچەری [+ ناوی گشتیی]یان هەن_ لە چوارچێوەی فرێزی کردارییدا، وەك مەرجێکی بەترۆپککردنیان هۆو پاساوی سیمانتیکیی بۆ هەیە، کە بە دروستەی زانیارییەوە بەندن، چونکە ئەو کەرەستانەی بەترۆپککدەکرێن، زانیاریی نوێن[٣٣٧]، بۆیە لەناو کەرەستەکانی دیکەی ڕستەدا، سینتاکسییانە تیشکیان دەخرێتە سەرو بەهایان دەردەخرێت[٣٣٨]، لەبەرامبەر ئەمەشدا، زانیاریی کۆنو زانراو لە دروستەی ڕستەی سادەدا جێکەوتەی سەرەتای ڕستە دەگرێت، چونکە گەیاندنی زانیاریی نوێ بە زانیاریی کۆنەوە پەیوەستە، بۆیە ئاخێوەری زمان دروستەی زانیارییەکانی بەو جۆرە ڕێکدەخات، کە لەڕێی زانیارییە زانراوەکەوە لە جێکەوتەی بەشەبکەردا، ڕێگە بۆ پێدانی زانیارییە نوێیەکە خۆشبکات، تا بەها واتاییەکەی لەدەستنەدات، لێکەوتەی ئەمەش: (ا) زانیاریی زانراو/ کۆن لە سنوری بەشەبکەردا، لینکی پەیوەندیی نێوان قسەکەرو گوێگر بەرجەستەدەکات، بەوەش ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن بۆ زنجیرەی زانیارییە نەزانراوەکانی دواتر، لە دەوروبەرە سیمانتیکییەکەدا دەستەبەردەکات، (ب) کۆی ئەم کردانە، ئەگەرچیی سیمانتیك هۆوهاندەری بەرهەمهێنانیانە، بەڵام سینتاکسییانە لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو جێبەجێدەکرێن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێت پەیوەست بە زانیارییە سینتاکسییەکانەوە، بۆ ترۆپك وەك فۆڕمێکی شکاوەی سینتاکسییانەی پێکهاتەی (٣)، بەپشتبەستن بە جۆری هێنانەپێشەوەی کەرەستەکان بەشێوەی خورتیی، یان سەرپشکیی، هەردوو جۆری ترۆپکی گشتییو ترۆپکی تایبەتیی بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی جیاواز، لەئارادابن.

### ٤/٣_١_١ بەترۆپککردنی گشتیی

ترۆپکی گشتیی، پێواژۆی هێنانەپێشەوەی خورتییانەی ئەو ئارگومێنت/ کەتیگۆرییانەیە، کە بۆ جێبەجێکردنو پاراستنی ڕێسای سەرکۆتاییو بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی، ڕوودەدات. دروستە بەترۆپککراوە گشتییەکەش، بۆ پەسنکردنو ناسینەوەی زانیارییە سینتاکسییەکانی ئاخێوەری زمانێکی دیاریکراوە، واتە ئەو زانیارییانەی، بەهۆیانەوە دروستەی سینتاکسیی ڕێگەپێدراو لای ئاخێوەری زمانەکە بەرهەمدێت، کەواتە ئەمجۆرەی ترۆپك، بەهۆی یاسا خورتییەکانی گواستنەوەوە جێبەجێدەکرێت، بەوەش "ئەم یاسایانە بوونەتە بەشێك لە زانیاریی زمانی"[٣٣٩]ی ئاخێوەر بۆ

---

[337] بشڕوانە: گۆنا عومەر عەبدوڵا (٢٠١٣: ٦١)

[338] هەروەها بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی ئەم ڕستانە: (١) <ئەوان بالەیان کرد.>، <بالەکە، ئەوان کردیان.>، (٢) <ئەوان نانیان کرد.>، <نانەکە، ئەوان کردیان.>، کە بۆ پێدانی زانیاریی نوێ بە گوێگر، بەترۆپککراون.

[339] ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ١٠١)

بەرهەمهێنانی دروستەیەکی سینتاکسیی دروست. ئەمجۆرەی ترۆپك لە دوو قۆناغدا ڕوودەدات: (ا) یەکێکیان لەناو پرۆژەسازدانی فراوانکراودا بە گواستنەوەی خورتیی بکەر بۆ Spec ی AGRP لە پێکهاتەی (٣)دا، تاوەکو TP لەڕێی ڕێککەوتنەوە دۆخی نۆمینەتیڤی پێبدات (بڕوانە(٣٨)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (٢،١)ی بەشی سێیەم[340])دا. Spec یش جێکەوتەیەکی بەتاڵی ئامادەکراوە[341] بۆ گیرسانەوەی ئەو پێکهاتە دۆخدارانەی، خورتییانە دەگوێزرێنەوە، لەبەرئەوە گواستنەوەی بکەر بۆ جێکەوتەی ئارگومێنت A_Position ڕوودەدات. (ب) ئەوی دیکەشیان پەیوەستە بە گۆڕینی یاسای فەرهەنگیی فرێزەکان بۆ یاسای سینتاکسیی، ئەویش بە گۆڕینی ئاڕاستەی حوکمکردنو پێدانی دۆخی ڕێزمانییەوە پەیوەستە، کە پارامێتەری (سەر) ڕێکیدەخاتو لە ڕێسای پرۆژەسازداندا ڕوودەدات، ئەمجۆرە بە گواستنەوەی تەواوکەر لەناو دروستەی فرێزدا جێبەجێدەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، پاش قۆناغی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکان (جگەلە پێشناو)، پێشبینییدەکرێت گواستنەوەی خورتیی تەواوکەر بۆ لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکە لەناو پێکهاتەی سینتاکسیی (١)دا، جۆرێك بێت لە ترۆپکی گشتیی، بەوەش دروستە/ کەتیگۆرییە سینتاکسییە بەرهەمهاتووەکە، دروستەیەکی ترۆپکی گشتیی دەبێتو بۆ پاراستنی ڕێسای سەرکۆتاییو پارامیتەر لەکوردییدا، بەخورتیی ڕوودەدات. لەخستنەڕووی ئەو دوو خاڵەدا، ئاخێوەری زمانی کوردیی، دوو زانیاریی سینتاکسیی لا بەرجەستەدەبێت:(ا) گواستنەوە خورتییەکان/ گشتییەکان لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاستن، (ب) گواستنەوە پرۆسەیەکی سینتاکسییەو لەکوردییدا ڕێککەوتن ڕێکیدەخات (بڕوانە (٤١_ج، ٤٢_ج)). ئەو دوو زانیارییە، دەبنە بنەمای بەترۆپککردنو ئاخێوەری زمانەکە تاکلایەنانە بەکاریاندەباتەوە.

بونیاتنانی دروستە سینتاکسییەکان بەهۆی سەرەکانی ($N^0$، $A^0$، $V^0$)یەوە، لە نموونەکانی (٣٩_٤٢)دا تاقیدەکرێنەوە. جێی ئاماژە بۆ کردنە، پرۆژەکانی ($A^0$، $V^0$) تەنها یەك جار بەهۆی گواستنەوەی تەواوکەرەکانیانەوە پرۆسەی ترۆپکی گشتییان تێدا ڕوودەدات (بڕوانە (٣٩، ٤٠))، کە لە (٣٩_ب)دا ویستی فەرهەنگیی ئاوەڵناوەکەو لە (٤٠_ب)یشدا ویستی ڕەگ بۆ لای ڕاست گوێزراونەتەوە، بەوەش دروستەی فرێزەکانی (٣٩ب، ٤٠ب)، بە دروستەی ترۆپکی گشتیی هەژماردەکرێن، چونکە زانیارییەکی تاکلایەنانە نین، بەڵکو لای گشت ئاخێوەرانی زمان بەمەبەستی پاراستنی ڕێسای سەرکۆتایی، گواستنەوەی تەواوکەر بۆ لای ڕاست لە بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکاندا ڕوودەدات. ئەوەی شایانی گوتنە، لە (٤٠_ب)دا گواستنەوەی بەرکار لە $V^-$ دا، وەك جۆرێك لە ترۆپکی گشتیی

---

[340] ل (١٥٧، ١٥٨)

[341] Fattah, M. (1997: 197)، بۆچوونی وایە Spec ی NP لە کوردییدا، جێکەوتەی یەکێك لەم کەرەستانە دەبێت: تاکبەندەکان Distributives، وشەی نیشانە Demonstratives، ڕادەکان Quantifiers

ڕوویداوە، نەك ترۆپكی تایبەتیی، چونكە جێكەوتەی ڕوودانی گواستنەوەكە، چوارچێوەی هەمان فرێزە. لە بەرامبەر پرۆژەكانی ($V^0$، $A^0$)دا، كە لە سەرەوە خرانەڕوو، ئەو پێكهاتانەی، پرۆژەی $N^0$ ن و لە جۆری ناوی تایبەتیی، یان جێناوی سەربەخۆن، دەشێت دوو جار بەترۆپكبكرێن (بڕوانە (٤١، ٤٢)).

٣٨_ا. سێوەكە خوارد من

ب. من سێوەكە خواردم

٣٩_ا. جوان + [كچ]

ب. كچی جوان

٤٠_ا. فرۆش + [نێرگز]

ب. نێرگز فرۆش

٤١_ا. نەوزاد + [كوڕەكان]

ب. كوڕەكانی نەوزاد لە هەولێر گەڕانەوە. (ترۆپكی گشتیی)

پ. * نەوزاد، كوڕەكان لە هەولێر گەڕانەوە

ت. نەوزاد، كوڕەكان ی $t$ لە هەولێر گەڕانەوە.

ج. نەوزاد، كوڕەكانـــی $t$ لە هەولێر گەڕانەوە. (ترۆپكی تایبەتیی)

$i \quad i \quad i$

٤٢_ا. تۆ + [كچەكان]

ب. كچەكانی تۆ ئەندازیارن.

پ. * تۆ، كچەكان ئەندازیارن

ت. تۆ، كچەكان ت $t$ ئەندازیارن.

ج. تۆ، كچەكانـــت $t$ ئەندازیارن.

$i \quad i \quad i$

نموونەی (٤١_ج) دوو جار بەترۆپككراوە، یەكێكیان ترۆپكی گشتییە، كە لە (٤١_ب)دا لە گواستنەوەی فرێزی تەواوكەری {كوڕەكان} بۆ لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەكەی {نەوزاد} بەخورتیی ڕوویداوە، بڕوانە فرێزە هێڵ_بەژێردا هاتووەكەی (٤١_ب)، كە تێیدا تەواوكەر $Y$ بەترۆپككراوە، واتە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەكی سینتاكسیی بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان، كە ڕێسای سەركۆتایی تێدا پەیڕەوكرابێت، ئاخێوەر بەناچاریی ئەم گواستنەوەیە جێبەجێدەكات، لەمەوە گواستنەوەی $Y$، جۆرێكە

له ترۆپکی گشتیی، که ڕوودانی بەشێوەی خورتیی دەبێتو ئەمەش پێشبینیی ئەو ئەنجامە دەکات، گواستنەوەو بەترۆپککردنی تەواوکەر بۆ بەرهەمهێنانی فرێز، ببێتە ڕێسایەکی گشتیی زمانی کوردیی، لەمەشەوە دەکرێت میکانیزمی بەرهەمهێنانی دروستەی فرێز پەیوەست بە ڕێسای سەرکۆتاییەوە له کوردییدا، له یاسای (٣٤)دا شێوازبەندبکرێت، هەروەك یاساکانی (١١،١٠)ش، پشتگیریی بۆچوونەکە دەکەن.

$$X^0 + YP \leftarrow Y + X^0$$ (٣٤

له نموونەی (٤١_پ)دا جارێکی دیکە بەترۆپککردن ڕوویداوە، ئەویش بە گواستنەوەو هێنانەپێشەوەی سەرە ڕێزمانییەکە $X^0$ ی {نەوزاد} بۆ سەرەتای ڕستەکە، بەڵام ڕستەکە بەهۆی نەبوونی ڕێککەوتنەوە، ڕێگەپێنەدراوە، بۆیە دەبێت کەرەستە هێنراوەپێشەوەکە نیشانەیەك لەجێی خۆی بەجێبهێڵێت تا لەگەڵیدا هاونیشانە بێتو بەهۆیەوە پارامیتەر پارێزراو بێت، بەڵام نەبوونی نیشانەکە، ئەم مەرجە پێشێلدەکات، بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش، کەرەستە بەترۆپککراوەکە، واتە سەرە ڕێزمانییە هێنراوەپێشەکە، نیشانەی /ی/، که نیشانەی ڕێککەوتنە کۆپییدەکاتو لەجێی خۆی بەجێیدەهێڵێت (بڕوانە (٤١_ت))، نیشانەکەش بەوپێیەی مۆرفیمێکی بەندە، سروشتێکی لکاوی هەیەو بە کەرەستەکەی پێش خۆیەوە دەلکێت، هەروەك له (٤١_ج)دا ڕوویداوە، بەوەش لەگەڵ سەرە ڕێزمانییە بەترۆپککراوەکەدا هاونیشانە دەبێتو بەهۆیەوە پارامیتەری سەر پارێزراو دەبێت.

(٤١_ج) نیشانیدەدات، که گواستنەوەی سەری ڕێزمانیی {نەوزاد} بۆ سەرەتای ڕستەکە، بەترۆپککردنی جۆری تایبەتییەو تاکەکەس بەرهەمیهێناوە، بەوەش دوو جۆر بەترۆپککردن ڕوویانداوە، ترۆپکێکی گشتییو ترۆپکێکی تایبەتیی. بۆ بەترۆپککردنی جێناوی سەربەخۆش (بڕوانە (٤٢))، که بە هەمان ئەو هەنگاوانەی له (٤١)دا نران، بەرهەمدێت.

٤٣_ا. ئەو....ە + [کوڕ]

ب. کوڕ ئەوە

پ. کوڕ ئەو ە

ت. ئەو کوڕە

نموونەی (٤٣) بەترۆپککردنی سەری ڕێزمانیی وشەی نیشانەی /ئەو...ە/ تاقیدەکاتەوە. له (٤٣_ب)دا، فرێزی تەواوکەری {کوڕ} بۆ لای ڕاستی سەرە ڕێزمانییەکەی {ئەوە} گوێزراوەتەوە،

بەوەش کەرەستە هێنراوەپێشەکە جێکەوتەی پێش سەری گرتووە، لەم هەنگاوەدا (٤٣_ب) دروستەیەکی لە جۆری (٣٩_ب)ی هەیە، کە تێیدا فرێزی تەواوکەری {کچ} بۆ پێش سەرە ڕێزمانییەکەی ئاوەڵناو جوڵێنرابوو، بەڵام جیاواز لەو، دروستەی (٤٣_ب) ڕێگەپێنەدراوە، ئەمەش بە پارامیتەری سەرە ڕێزمانییەکەی وشەی نیشانەوە پەیوەستە، کە سەرکۆتاییە، بۆیە دەبێت جارێکی دیکەش بەخورتیی بەترۆپککردن لە دروستەکەدا جێبەجێبکرێت، بۆ ئەوەش وشەی نیشانەی {ئەو} دەهێنرێتە پێشەوە (بڕوانە (٤٣_پ))، بەڵام بەمەبەستی پاراستنی پارامیتەر، کەرتی /ە/، کە بەشێکە لە سەرە ڕێزمانییەکە، لەجێگەی خۆی، کە کۆتایی تەواوکەرەکەیە، بەجێدەهێڵرێت، بەوەش دروستەیەکی ڕاستو دروستی لەجۆری (٤٣_ت) دەستدەخرێت.

شیکردنەوەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییە دەخەنەڕوو، ئەو فرێزانەی، پڕۆژەی وشەی نیشانەن، بەپێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی (ناو، ئاوەڵناو)ەوە، دوو جار بەترۆپککردنیان تێدا جێبەجێدەکرێت: (١) لە هەنگاوی یەکەمدا بەترۆپککردنی تەواوکەر $Y$، (ب) لە هەنگاوی دووەمیشدا بەترۆپککردنی سەر $X^0$، کە هەردووکیان لە جۆری ترۆپکی گشتیینو بەخورتیی ڕوودەدەن، لەکاتێکدا پڕۆژەکانی (ناو، ئاوەڵناو)، تەنها پێواژۆی بەترۆپککردنی تەواوکەریان تێدا ڕوودەدات، بەمەش دەکرێت لەچوارچێوەی پێکهاتە سینتاکسییەکاندا بەترۆپککردن بە میکانیزمی جیاواز ڕووبدات: (ا) تەنها بە جولاندنی $X^0$، (ب) تەنها بە جولاندنی $Y$، (پ) وێڕای خاڵەکانی (ا،ب)، هەندێکجاریش هێنانەپێشەوەو جولاندنی هەردوو پێکهاتیلەی $X, Y$ لە هەنگاوی جیاوازدا، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەیەکی تێروتەسەل بە بەڵگەو هۆکاری سینتاکسیی، خورتییانە ڕوودەدەن.

## ٤/٣_١_٢ بەترۆپککردنی تایبەتیی

ئەمجۆرەی ترۆپك تایبەتییەو بەپێچەوانەی ترۆپکی گشتییەوە تاکەکەس سەرپشکییو تاکلایەنانە بەهۆی گواستنەوەی ئارگومێنتەوە بەرهەمیدەهێنێت، "کاتێك گواستنەوەکە بەخورتەکی دەبێت، کە ئارگۆمێنتەکە دۆخی ڕێزمانی وەرنەگرێت لە شوێنی خۆیدا، بۆیە ناچار دەگوێزرێنەوە بۆ ئەو شوێنەی، کە تیایدا دۆخی ڕێزمانی وەردەگرێت"[٣٤٢]. بۆ ئەوەش، میکانیزمی جولاندنی کەرەستەکان بۆ لای ڕاست لەسەر هەمان ئەو پرنسیپانە جێبەجێدەکات، کە ترۆپکی گشتیی لە زمانەکەدا خستوونیەتەڕوو[٣٤٣]، بۆیە

---

[342] تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٩)

[343] دیار عەلی کەمال (٢٠٠٢: ٧٥_٧٦) پەیوەست بە بەترۆپککردنەوە، تەنها بەشێوەیەکی ڕووکەشییانەو لە چوارچێوەی ترۆپکی تایبەتییدا، ئاماژەی بە هەردوو کردەی (جێگۆڕکێو کۆپییکردن) داوە، بێ ئەوەی وردەکاریی هەنگاوەکان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ترۆپك بخاتەڕوو.

ئاخێوەری زمان ترۆپکی گشتیی، وەك گریمانەیەکی ئەزموونبەند دەکاتە مۆدێلی پڕۆسەکەو هەندێك پرنسیپو بنەمای سینتاکسیی لێوە هەڵدەهێنجێت، تا لە دەستخستنی دروستەی ترۆپکی تایبەتییدا، جارێکی دیکە پەیڕەویانبکاتەوە. ئەنجامی شیکردنەوەکان ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەرچیی ترۆپکی تایبەتیی لەجۆری سەرپشکییەو تاکلایەنانە جێبەجێدەکرێت، بەڵام ڕوودانی، پێڕەوبەندانەیە، چونکە وەك پێشتر باسکرا، ئاخێوەر وابەستەی پابەندبوونە بە هەندێك قەیدو مەرجی دیاریکراوە، هەروەك لەسەر بنەمای جوڵاندن بۆ لای ڕاستو ڕێککەوتن، پڕۆسەی بەترۆپککردن جێبەجێدەکات. بڕوانە ترۆپکی بەرکار لە (٤٦_ت)داو ترۆپکی سەر لە (٤١_ج)دا. دەبێت ئەوەش بگوترێت، پێکهاتە ترۆپککراوە تایبەتییەکە، کە ڕوودانی سەرپشکییە، بۆ جێکەوتەیەکی هەڵواسراو دەگوێزرێتەوە لەڕستەکەدا، لەکاتێکدا لەترۆپکی گشتییدا، Spec جێکەوتەی گێرسانەوەی ئەو پێکهاتانە بوو، کە خورتییانە دەگوێزرانەوە، بەڵام لە هەردوو بارەکەدا، هیچ کام لەو جێکەوتانە دۆخدەر نیین، بەڵکو لەڕێی هاونیشانەکردن/ ڕێککەوتنەوە، پێکهاتە دۆخدارەکان دۆخەکانیان بۆ دەگوێزرێتەوە[٣٤٤]. بەزاندنی ئەو مەرجو بنەمایانەی، پەیوەست بە ترۆپکەوە دیاریکرانو لەئارادان، ڕێگە لە گواستنەوەی سەرپشکییانەی ئارگومێنتەکانو بەترۆپککردنیان دەگرن. بۆ نموونە هەندێك لەو کردارانەی، پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_ تێ_، لێ_/ بەشێکن لە پێکهاتەی فەرهەنگییان، ناواخنەکەیان پەیڕەوی یاسای $[Y]+V^0$ دەکەن، بۆیە فرێزێکی تەواوکەر داوادەکەن، بۆ ترۆپککردنی تەواوکەری ئەمجۆرە کردارانە، بڕوانە تاقیکردنەوەیان لە (٤٤)دا.

٤٤_ا. من بە ئەو گەیشتم. /پێگەیشتن/

ب. * بە ئەو، من گەیشتم

پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە پێشناوە فەرهەنگییەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/ کەرەستەی دۆخدەر نیین، بۆیە فۆڕمەکەیان لە سینتاکسدا بۆ پێشناوی سینتاکسیی دەشکێتەوە، بەوەش دروستەی PP بەرهەمدێنن، کە تێیدا پێشناوە سینتاکسییەکە وەك سەری ڕێزمانیی حوکمکەر گۆدەکاتو دۆخی ڕێزمانییش بە تەواوکەرەکەی دەدات (بڕوانە (٤٤_ا))، کردارە فەرهەنگییەکەی /گەیش/یش، فرێزی پێشناویی {بە ئەو} داوادەکات، واتە PP یەکە ویستی فەرهەنگیی کردارەکەیەو وەك تەواوکەر

---

[344] کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٧٧_٧٩) پێشنیازی جێکەوتەی Spec دەکات بۆ سەرتۆپی هێنراوەپێشەوەی زمانی کوردیی، کە بە جێکەوتەیەکی دۆخداری دادەنێت، بەو واتایەی خاوەنی دۆخی ڕێزمانییەو هەر پێکهاتەیەك بچێتە ئەو جێکەوتەیەوە، ئەو دۆخەی تێدا خاڵیدەکرێتەوە، هەربۆیە لە گواستنەوەی پێکهاتەکاندا، ئاماژە بە پێکدادانی دۆخ Case Crash دەکات، ئەمەش لەگەڵ شیکردنەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەست بە جێکەوتەی Spec ەوە، یەکناگرێتەوە، کە تێیدا Spec بە جێکەوتەی پێکهاتەیەکی دۆخدار دادەنرێت، نەك خودی جێکەوتەی Spec دۆخدەر بێت. بڕوانە: ٣/٤_١_١، ل (٢٠٦_٢١٠).

گۆدەکات، بۆیە کرداری فەرهەنگیی /گەیش/ دۆخی ئەکوزەتیڤیی پێدەدات، فرێزە پێشناوییەکەش لەناووە شکاوەتەوە، بۆ ئەوەش پێشناوی سینتاکسیی /بە_/ دۆخی ئەکوزەتیڤیی بە {ئەو}دەدات، بەوپێیەی "دۆخی ئەکوزەتیڤیی، لەلایەن کردار، یان پێشناوەوە دەدرێت"[٣٤٥]. لە (٤٤_ب)دا ترۆپککردنی فرێزە پێشناوییەکە، ڕستەکە ناڕێزمانیی دەکات، چونکە فرێزە پێشناوییەکە بەهۆی گواستنەوەیەوە دۆخەکەی لەدەستدەدات، هاوکات هیچ نیشانەیەکی ڕێککەوتنییش لەجێی خۆی کۆپییناکات[٣٤٦]، تا بەهۆیەوە دۆخی ڕێزمانیی کردارە فەرهەنگییەکەی بۆ بگوێزرێتەوە، ئەمەش بەوەوە بەندە، کە ناتوانرێت دروستەی PP یەکە بەمۆرفێمبکرێت، چونکە لەو پۆلەڕەگەزانە نییە، کە فیچەرەکانی [+کەس، +ژمارە، +توخم]ی هەبێت.

٤٥_ا. من هەنجیرەکانم لە دارەکە کردەوە.

ب. * لە دارەکە، من هەنجیرەکانم کردەوە

ناوی کرداریی /لێکردنەوە/ لە (٤٥_ا)دا، لە فۆڕمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیدا پەیڕەوی یاسای [ $[Y]+[[Y]+V^0$ ] دەکات، واتە لە نواندنە تەختەکەیدا دوو تەواوکەر دیاریکراوە، تەواوکەری فرێزی پێشناویی {لە دارەکە} لەلایەن ڕەگی کردارەکەوە دۆخی پێدەدرێت، ئەم فرێزەش لەناووە بەهۆی پێشناوە سینتاکسییەکەی /لە_/وە دۆخ وەردەگرێت، تەواوکەری دووەم _بەرکاری {هەنجیرەکان}_یش، $V^-$ دۆخی ڕێزمانیی ئەکوزەتیڤی دەداتێ، بەڵام بەترۆپککردنی PP ی {لە دارەکە} لە (٤٥_ب)دا بەهۆی نەمانی دۆخەکەیەوە، ڕێگەپێنەدراوە، لەبەرئەوەی "لە ڕەگەزەکانی ڕستەدا، (دەرخەر، بەرکار، ئەدڤێربڵە کەسییەکان)، دەشێت کۆپی بکرێن"[٣٤٧]، هەربۆیە دروستەی PP یەکە نیشانەی ڕێککەوتنی نییە تا بەهۆیەوە دۆخەکەی بۆ بگوێزرێتەوە.

---

[345] Cook, V. & Newson, M. (2007: 153)

[346] کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ١٠٥) پەیوەست بە ئەم بابەتەوە بۆچوونی وایە، کە ئەم فرێزە پێشناوییانە دەتوانن لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیانەوە بۆ جێکەوتەی سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە بگوێزرێنەوە، بێئەوەی هیچ کلیتیکێك لە پێکهاتەی کردارەکەیاندا بێتەکایەوە، هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە خۆیان سەری ڕێزمانییان لەگەڵدایەو دۆخی ڕێزمانییان پێدەدات. هەر ئەمەش بە هۆکاری سەرپشکییانە دەربڕینی ئەو پێکهاتانە دادەنێت، بەڵام لەڕاستییدا، پێکهاتەی فرێزە پێشناوییەکان لەگەڵ هەندێك جۆری کرداردا _بەتایبەت ئەوانەی پەیڕەوی یاسای $[Y] + V^0$ دەکەن_ داواکراوو بەڵگەیین‌و وەك تەواوکەر گۆدەکەن، بۆیە نەبوونی نیشانەی ڕێککەوتن، نابێتە پاساو بۆ دەربڕینی سەرپشکییانەیان، بەپێچەوانەوە بوونیان خورتییو پێویستە، لەتەکئەمەشدا هەبوونی سەری ڕێزمانیی لەناو دروستەی PP یەکەدا، تەنها لەناووە دۆخی ڕێزمانیی بە تەواوکەرەکە دەدات، نەك بە دروستەی PP یەکە، بەوپێیەی هەر سەرێك تەنها یەك دۆخ دەدات، بەوەش PP یەکە لەلایەن ڕەگی کردارەکەوە دۆخی پێدەدرێت.

[347] ئازاد ئەحمەد حسەین، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا_ شێوەزاری سلێمانی (٢٠١٢: ٢٤٤). ناوبراو بۆچوونیشی وایە، فرێزی ناویی بکەر کۆپییناکرێت، چونکە نیشانەکەی، کە جێناوێکی کەسیی لکاوە، لە دروستەی کرداردا هەیەو ڕەگەزێکی سەرەکیی پێکهێنەرێتی.

### ٢_٤/٣ ترۆپك لە فرێزی کردارییدا

ئەو کەرەستانەی لەچوارچێوەی فرێزی کردارییدا حوکمدەکرێن، ئارگومێنت/ تەواوکەرەکانو نائارگومێنت/ سەربارەکانیش[٣٤٨] دەگرنەوە، کە دەکرێت بۆ نیشاندانی نرخو بەهای سیمانتیکییان، بەترۆپکبکرێن، بۆ ئەوەش هەریەك لە ئەو کەرەستانە وەك پێکهاتە، جێکەوتەی سینتاکسیی خۆیان هەن، بۆیە جوولاندنیان لەجێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیانەوەو گواستنەوەیان بۆ جێکەوتەیەکی دیکەی هەمان ڕستە، دەرفەتی بەترۆپککردنیان بۆ دەڕەخسێنێت.

### ١_٢_٤/٣ بەترۆپککردنی ئارگومێنت

بەترۆپککردنی ئارگومێنت، پێواژۆی هێنانەپێشەوەی ئەو کەرەستە/ ئارگومێنتانەیە، کە لەناو پێکهاتەی کرداردا داواکراوو بەڵگەیینو لەلایەن کرداری فەرهەنگییەوە هەڵاوێردەکرێن، بۆیە بوونیان لەناو فرێزی کردارییدا خورتییو پێویستە، بەوەش لە جێکەوتە بنەڕەتییەکەی خۆیاندا لەلایەن سەرە ڕێزمانییە حوکمکەرەکەیانەوە ڕۆڵی بابەتانەو دۆخیشیان پێدەدرێت. بۆ نموونە لەو کردارانەدا، کە لەڕووی هێزەوە تێپەڕن، پاش جێبەجێبوونی پێداویستییەکانی سەرە ڕێزمانییەکەی کردار $V^0$، دەتوانرێت ئارگومێنتە ناوەکییەکە[٣٤٩] ئارەزوومەندانە بهێنرێتەپێشەوەو بەترۆپکبکرێت، ئەمەش زانیارییەکی تاکلایەنانەیەو بۆ تیشکخستنەسەر باسێکی دیاریکراو بە خواستی ئاخێوەری زمانەوە بەندە، بەجۆرێك ئاخێوەر سەرپشکەو دەتوانێت دروستەیەکی سینتاکسیی جیاواز پەیوەست بە بەترۆپککردنی پێکهاتەیەکی دیاریکراوەوە گۆبکات. بڕوانە کەرەستە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٤٦_ا)، کە لەژێر ڕکێفی سەرە ڕێزمانییەکەیدا حوکمدەکرێتو دۆخی ڕێزمانیشی پێدەدرێت، بەوەش بەشێکە لە

348 کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٥٤) ئەم پێکهاتانە، کە بەرکاری ڕاستەوخۆو چەشنەکانی فرێزی پێشناویی (بەرکاری ناڕاستەوخۆو ئاوەڵکرداری "کاتو شوێنو چەندێتیو چۆنیەتی"و پێشناوە فەرهەنگیو مۆرفۆسینتاکسییەکانو پێکهاتەی نەکردن)ن، بە سەرتۆپی لاوەکیی دادەنێت.

349 پەیوەست بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە، کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٥٥) پێیوایە، ئەم پێکهاتەیە لە پێکهاتەکانی دیکەی ناو دروستەی ڕستە گرنگترە، بەجۆرێك لابردنی، ڕستەکە ناڕێزمانیی دەکات، هەروەك بۆچوونیشی وایە، کاتێك سەرتۆپی لاوەکیی یەك _بەرکار_ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی پرۆسەی باسمەندەوەو دەبێتە سەرتۆپی هێنراوەپێشەوە، قسەکەر ناتوانێت دەستبەرداری گرنگییەکەی بێت، لەبەرئەوەیە جێگرەوەی لەدروستەکەدا بۆ دادەنێت، کە ئەویش کلیتیکێکەو لەناو پرۆسەی کۆمێنتەکەیدا دەردەکەوێت. هاوکات بەپێی ئەو بەڵگانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێنراونەتەوە، هۆو پاساوی سینتاکسیی بۆ ئەم حاڵەتە لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە، کە بەرکاری ڕاستەوخۆ ئارگومێنت_داواکراو و بەڵگەییەو لەلایەن کرداری فەرهەنگییەوە داوادەکرێت، بەوەش دۆخی پێدەدرێتو ڕێسای دووپەلکییش لە دروستەکەدا پارێزراو دەبێت، هەربۆیە پاش گواستنەوەو ترۆپککردنی، نیشانەی دۆخ لەجێی خۆی کۆپییدەکات، تا بەهۆیەوە دۆخی سەرە ڕێزمانییەکەی کردار خاڵی ببێتەوە، لەکاتێکدا پێکهاتە سەربارەکانی وەك ئاوەڵکردار، بە بەترۆپککردنیان، بۆیە نیشانەی دۆخ لەجێی خۆیان بەجێناهێڵن، چونکە ئەم پێکهاتانە داواکراو نین، بەڵکو سەرپشکین، بۆیە لەلایەن کردارەوە تەنها حوکمدەکرێنو هیچ دۆخێکیان نییە.

کرداره سینتاکسییەکەی $V^{-}$، بەڵام لە (٤٦_ب)دا، ئارگومێنتی بەرکاریی، بەهۆی هێنانەپێشەوەیەوە بۆ سەرەتای ڕستەکەو نەمانی پارامیتەری هاوسێیەتیی، دۆخەکەی لەدەستداوە[350]، بۆیە ڕستەکە ڕێگەپێنەدراوە، نەمانی پەیوەندیی هاوسێیەتیش، پێویستیی هەبوونی نیشانەی دۆخ دەهێنێتەئاراوە، تاوەکو نیشانەکە وەك ئەلتەرناتیڤی پەیوەندییە هاوسێیەتییەکە، گواستنەوەو پێدانی دۆخ بۆ ئارگومێنتە گوێزراوەکە مسۆگەربکات، هەربۆیە لە (٤٦_پ)دا ئارگومێنتە گوێزراوەکە نیشانەی دۆخ لەجێی خۆی کۆپییدەکاتو شوێنپێش لە جێکەوتەی خۆی بەجێدەهێڵێت، چونکە "جولاندنی a، شوێنپێیەك لەجێکەوتەی دەستپێکردنیدا بەجێدەهێڵێتو ئەمەش، لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی گواستنەوەوە دەبێت...."[351]. لە (٤٦_ت)دا، نیشانەکە بەهۆی مۆرفۆلۆژیی کردارەوە، دەچێتەناو دروستەی کردارەکەوە[352]و دواتریش ئارگومێنتەکە بەهۆی هاونیشانەکردنیەوە لەگەڵ نیشانەکەیدا، بەترۆپکدەکرێت، بەوەش ڕێگەپێدانی بەترۆپککردنەکەی، بۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ نیشانەکەی لەناو دروستەی کردارەکەدا دەگەڕێتەوە، کە بەهۆیەوە دۆخی ڕێزمانیی ئەکوزەتیڤی بۆ دەگوێزرێتەوە، بەمەش پێداویستییو مەرجە سینتاکسییەکانی پێدانی دۆخ بۆ پێکهاتە هێنراوەپێشەکە تێردەبن، بڕوانە هێڵکاریی (١٥)ی تایبەت بە نواندنی (٤٦_ا)، کە تێیدا ئارگومێنتەکان لە جێکەوتەی خۆیاندا گۆیانکردووە، دواتریش بڕوانە دروستەی ترۆپکی (٤٦_ت)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٦)دا، کە تێیدا وەچەپێکهاتەی ئارگومێنتە بەرکارییەکە بۆ جێکەوتەی ترۆپك/ سەرەتای دروستەی ڕستەکە گوێزراوەتەوە، کە "ئەم جێکەوتەیە خاوەنی ڕۆڵی بابەتانەو دۆخی ڕێزمانی نییە"[353]، بەڵکو بەهۆی نۆدێکەوە بە AGRP یەکەدا هەڵواسراوە، بەوەش نۆدێکی دیکە لەجۆری $AGR^{=}$ بۆ هەڵواسینی پێکهاتە گیرساوەکە دروستدەبێت، کە بەسەر گەورەترین پرۆژەی ڕستە پێداهەڵواسراوەکە AGRP دا

---

[350] حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ٢٦٢) پێیوایە، کەرەستە هێنراوەپێشەکان نە ڕۆڵی واتاییو نە دۆخی ڕێزمانیشیان هەن، چونکە پێشتر لە شوێنە ڕۆنانییەکانی خۆیاندا ڕۆڵو دۆخیان وەرگرتووە، بۆیە ئەم گواستنەوەیە، بە گواستنەوە لەجۆری $A^{-}$_movement (گواستنەوەی نائارگومێنت) دادەنێت، بەڵام لێکۆڵەر ئەم هۆکارە بە پاساوێکی دروست نازانێت، چونکە پێکهاتە هێنراوەپێشەکان لە جێکەوتە گیرساوەکەیاندا لەبەر نەمانی پەیوەندیی هاوسێیەتیی، بەهۆی هاونیشانەکردن/ مۆرفیمەکانی ڕێککەوتنەوە ڕۆڵو دۆخەکەشیان بۆ دەگوێزرێتەوە، بەوەش بێ ڕۆڵو دۆخ نامێننەوە، بۆیە ئەو گواستنەوەیەی لەمبارەدا ڕوودەدات، هەر گواستنەوەی ئارگومێنت دەبێت، کە تەواو پێچەوانەی ئاکارە سینتاکسییەکانی پێکهاتەی نائارگومێنتو گواستنەوەشیان دەبێت.

[351] Kang, D. (2005: 15)

[352] "لەکاتی ڕابردوودا، جێناوی لکاوی سەر بەرکار، بەخورتی بۆ سەر کردار دەگوێزرێتەوە، چونکە موڵکی کردارەکەیەو لەبنەڕەتدا (ڕۆنانی ژێرەوە) لەسەر کردارەکە بووە، بۆیە بەرکار ناتوانێت لەگەڵ خۆیدا بیباتە دەرەوە". ئازاد ئەحمەد حسەین، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا_شێوەزاری سلێمانی (٢٠١٢: ٢٤١)

[353] کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٨٦)

زاڵدەبێتو دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، هاوکات شوێنپێیەکیش، لە جێکەوتەی بنەڕەتیی ئارگومێنتە گوێزراوەکە بەجێدەهێڵرێت.

٤٦_ا. شاباز خانووەکانی فرۆشت.

ب. * خانووەکان، شاباز فرۆشت

پ. خانووەکان، شاباز ن t فرۆشتی.

ت. خانووەکان، شاباز t فرۆشتنـــی.
j i i j i

هێڵکاریی (١٥)



هێڵکاریی (١٦)




گواستنەوەی دۆخی ڕێزمانیی بۆ ئارگومێنتە بەترۆپککراوەکە
بەهۆی ڕێککەوتن/ ئەگریمێنتەوە

کەواتە پەیوەست بە زانیارییەکانی سەرەوە، گواستنەوەی ئارگومێنت_داواکراوەکانی کردار، کە بۆ تێرکردنی فرێزە کردارییەکە هەبوو و لەئارادان، لە جۆری گواستنەوەی ئارگومێنت دەبێت، کە

تێیدا"جولاندنی DP یەکان بۆ جێکەوتەی ئارگومێنت"[٣٥٤] جێبەجێدەکرێت. پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، گواستنەوەی هەر ئارگومێنتێك لەجێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیەوە بۆ جێکەوتەیەکی سینتاکسیی دیکە، پەیوەست بە تیۆری کۆپییەوە ڕوودەدات[٣٥٥].

لەو ڕووەوە، کە لەم جۆرەی ترۆپکدا، گواستنەوەی ویستی فەرهەنگیی کردارەکە سەرپشکییانە جێبەجێدەکرێت، ئەو ئەنجامە دەستدەخرێت، کە بۆ ترۆپکی تایبەتیی، مەرجی ڕوودانی خورتیی لەئارادا نییە، واتە پێوازۆی گواستنەوەکە سەرپشکییانەیە[٣٥٦]، چونکە دروستەی ڕستەکەو ئەو دروستەیەی، یەکێك لە پێکهاتەکانی، ترۆپکی تایبەتییان تێدا ڕوودەدات، سیمانتیکییانە پەیکاڵی یەکن، وێڕای ئەوەی گشت مەرجو بنەما سینتاکسییەکانی دروستەی ڕاستودروستیان تێدا پارێزراوە، بەپێچەوانەی ئەوەوە، ڕوودانی ترۆپکی گشتیی، بە مەرجو خورتییانەیە، چونکە بێ ڕوودانی ئەو گواستنەوانە، ڕێسای سەرکۆتاییو دۆخو پارامیتەر لە کوردییدا، برینداروو پێشێلدەکرێن.

### ٣/٤_٢_٢ بەترۆپککردنی نائارگومێنت/ سەربار

نائارگومێنت ئەو کەرەستانەن، کە لە سنوری فرێزی کرداریدا ڕوودەدەن. ئەوانە سەربارنو بوونیان لە ڕستەدا خورتیی نییە، بەڵکو سیمانتیکییانە بۆ پێدانی زانیاریی زیادە پەیوەست بە کردارەوە گۆدەکەن، هەربۆیە دۆخیان نییە، لەمەوە جێکەوتەی نائارگومێنت، دۆخی ڕێزمانیی تێدا نادرێت، "چونکە شوێنی ئارگۆمێنتێك نییە، کە لەلایەن کردارەکەوە داواکرابێت، تا بە خورتەکی کەرەستەکە بگوێزرێتەوە بۆی"[٣٥٧]، لەبەر ئەم هۆکارە، مەرجە جێکەوتەی گیرسانەوەی ئەمجۆرە پێکهاتانە، جێکەوتەیەکی نائارگومێنت A¯_Position بێتو پەیکاڵی ئەدگارو ئاکارە سینتاکسییەکانی پێکهاتە گوێزراوەکە بێت. هەندێکی دیکەشیان، کەرتی یەکەمی ناوە کردارییەکان دەگرنەوە، کە دواتر لێیاندەدوێین. جۆری یەکەم، کە لە سینتاکسدا ڕوودەدات، ترۆپکی فرێزە ئاوەڵکردارییەکانن.

---

354 Cook, V. & Newson, M. (2007: 133)
Bussmann, H. (2006: 817) :بشڕوانە

355 بڕوانە: ٣/٤_١_١، ل (٢٠٦_٢١٠)

356 ئەگەرچیی گواستنەوەی ئارگومێنت بۆ A-position، مەرجی ڕوودانی ترۆپکی تایبەتییەو وابەستەی یەکن، بەلام ئاخێوەری زمان سەرپشکییانە خودی پێوازۆی ترۆپککردنەکە جێبەجێدەکات، بەوەش بۆ ڕوودانی هەر ترۆپکێکی تایبەتیی، لەگەڵ ئەوەی سەرپشکییانە جێبەجێدەکرێت، بەلام هێنانەپێشەوەو گواستنەوەی خورتیی ئارگومێنت لەئارادایە.

357 تارا موحسن قادر (٢٠٠٤: ٦٧)

### ٣/٤_٢_٢_١ بەترۆپککردنی ئاوەڵکردارو ئاوەڵکرداریی

سەربارەکان فرێزە سەرپشکییەکانی ناو پێکهاتەکانی ڕستەن، هەروەك ئاوەڵکردارەکانی کاتو شوێنو چۆنیەتیی، کە هەریەکەیان لە سنوری بەشە کردار (TP، VP)دا جێکەوتەیەکی دیاریکراو دەگرن، بەوەش "جێکەوتەی فرێزە ئاوەڵکرداربییەکان بەپێی چەشنەکانیان، چەسپاوو نەگۆڕن"[358]. لەناو دروستەی ڕستەی سادەی کوردییدا، سەرەوڕیزبوونی ئاوەڵکردارەکان لەناو بەشەکرداردا بەجۆرێکە، کە ئەگەر هەردوو ئاوەڵکرداری کاتو شوێن پێکەوە بێن، ئەوا لە دوای بەشەبکەر، ئاوەڵکرداری کات، پاشان ئاوەڵکرداری شوێنیی گۆدەکات، بەڵام هەریەك لەو ئاوەڵکردارانە ئازادنو دەتوانرێت سەرپشکییانە لەلایەن ئاخێوەرەوە بۆ جێکەوتەیەکی دیکەی ڕستە بگوێزرێنەوەو بەترۆپکبکرێن (بڕوانە (٤٧)).

٤٧_ا. من دوێنێ لە سلێمانیی زانام بینی.

ب. من لە سلێمانیی، دوێنێ  زانام بینی.

پ. لە سلێمانیی، من دوێنێ  زانام بینی.

ت. دوێنێ، من  لە سلێمانیی زانام بینی.

لە (٤٧_ا)دا، ئاوەڵکردارەکان لەجێکەوتەی خۆیاندا هاتوون، کە ئاوەڵکرداری کاتیی لەسنوری فرێزی تافو ئاوەڵکرداری شوێنییش لەچوارچێوەی فرێزە کرداربییەکەدا گۆیانکردووە (بڕوانە نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٧)دا).

لە (٤٧_ب)دا، فرێزی ئاوەڵکرداری شوێنیی {لە سلێمانیی} سینتاکسییانە بەترۆپککراوە، واتە کراوەتە کەرەستەیەکی هێنراوەپێش، بەوەش بۆ جێکەوتەی پێش ئاوەڵکرداری کاتیی گوێزراوەتەوە. لەو ڕووەوە، کە بوونی ئاوەڵکردار لە سنوری فرێزی کردارییدا سەرپشکییە، کەواتە کەرەستەیەکی بێدۆخەو تەنها لەلایەن کردارەکەوە حوکمدەکرێت، ئەمەش وادەکات گواستنەوەی لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی تر ڕێگەپێدراو بێت، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی ڕێککەوتن لەجێگەی خۆی کۆپیببکات. بەترۆپککردنی کەرەستەکەش، تەنها نۆدی TP یەکەی تێپەڕاندووە، واتە تەنها بەسەر یەك نۆددا گوێزراوەتەوە، بۆیە هیچ بەربەستێکی بۆ دروستنابێت. وەك گوترا کەرەستەکە نائارگومێنتەو بەشێك نییە لە ئارگومێنتە داواکراوەکانی بەشەکردار، پاش جوڵاندنیشی، بەوپێیەی جێکەوتە بنەڕەتییەکەی خۆی بۆ پێش ئاوەڵکرداری کاتیی دەگۆڕێت، بەهەمان شێوەی ئاوەڵکرداری کاتیی، بە TP یەکەدا

---

[358] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٦٩)

هەڵدەواسرێت (بڕوانە هێڵکاریی (١٨))، بەڵام ئەگەر هەمان ئاوەڵکردار بهێنرێتە سەرەتای ڕستەکەوە، ئەوا بەپشتبەستن بە جێکەوتەکەی، لەبەرئەوەی بە AGRP یەکەوە دەگیرسێتەوە، هەر بەویشدا هەڵدەواسرێت، بڕوانە (٤٧_پ)و نواندنەکەی لە هێڵکاریی (١٩)دا.

هێڵکاریی (١٧)



هێڵكاریی (١٨)


AGRP
AGR-
D-
من
AGR0
TP
T-
PP/Adv-
لە سلێمانیی
T-
Adv-
دوێنێ
T0
VP
V-
PP/Adv-
V0
D-
كەس
ی
بین
زانام
ڕێككەوتن

هێڵكاریی (١٩)




هەر پەیوەست بە فرێزی كردارییەوە، یەكێكی دیكە لە كەرەستە سەربارەكان، ئاوەڵكرداری چۆنیەتییە، كە هاوشێوەی ئاوەڵكرداری شوێنیی، جێكەوتەی هەڵواسینەكەی لە بنەڕەتدا فرێزی كردارییە. بڕوانە كەرەستە هێڵ_بەژێردا هاتووەكەی (٤٨_ا)و هێڵكاریی (٢٠)، كە فرێزە ئاوەڵكردارییەكە لەجێكەوتەی بنەڕەتییدا لەپێش فرێزی ئاوەڵكردارییئاسای شوێنییەوە هاتووە، بەڵام لە (٤٨_ب)دا، فرێزی {بەپەلە}، بۆ سەرەتای ڕستەكە گوێزراوەتەوە، بەوەش بە AGRP یەكەدا هەڵواسراوە، بڕوانە نواندنەكەی لە هێڵكاریی (٢١)دا. لە (٤٨_پ)دا فرێزی {لە پێشانگاكە}، بۆ پێش فرێزە ئاوەڵكردارییە چۆنیەتییەكە گوێزراوەتەوە. لەو ڕووەشەوە، كە "سەربارەكان پێكهێنە سەرپشكییەكانن‌و دەتوانن

دووباره ببنەوە"[359]، هەردوو جۆرە ئاوەڵکردارەکە مەودای ڕوودانیان لەبنەڕەتدا چونیەك/ وەکیەکە، بۆیە پاش گواستنەوەشی، هەر بە تۆدی VP یەکەدا هەڵدەواسرێت (بڕوانە هێڵکاریی (٢٢)).

٤٨_ا. من بەپەلە لە پێشانگاکە ڕۆیشتم.

ب. بەپەلە، من لە پێشانگاکە ڕۆیشتم.

پ. من لە پێشانگاکە بەپەلە ڕۆیشتم.

هێڵکاریی (٢٠)




---

[359] حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩: ١٢٨)

هێڵکاریی (٢١)


AGR=
AGRP
Adv-
بەپەلە
AGR-
D-
من
AGR0
TP
T-
T0
VP
V-
Adv-
V0
Adv-
م
ت
ڕۆیش
لەپێشانگاکە

هێڵکاریی (٢٢)




### ٣_٤/٣ پارامیتەرو ترۆپك

لە بەرهەمهێنانی هەر دروستەیەکی سینتاکسیی فرێزو ڕستەدا، جێبەجێکردنی بنەمای پارامیتەر، پێویستییەکی حەتمییەو ڕاستو دروستیی دروستە بەرهەمهێنراوەکە مسۆگەردەکات. لەم ڕووەوە دەکرێت پەیوەست بە پەیوەندیی سینتاکسیی نێوان کەتیگۆریی/ ئارگومێنتەکانو جێکەوتەی ڕوودانیانەوە لە سنوری فرێزو ڕستەدا، جۆرەکانی پارامیتەر لەخوارەوە بخرێنەڕوو.

### ٤/٣_٣_١ پارامیتەری ڕێککەوتن

بەوپێیەی ڕستەی زمانی کوردیی، پرۆژەی ڕێککەوتنە، جێکەوتەی ڕێککەوتنەکەش جێگیرەو لە کۆتایی کرداردایە، کەواتە زمانی کوردیی لەو زمانانەیە، کە لەناو دروستەی کردارەکەیدا مۆرفێمی تاف، پاشان ئەگریمێنت دێت، هەربۆیە سەرەوریزبوونی ئەو جێکەوتانە دیاریکراون، لەبەر ئەم هۆیە هەر گۆڕانێك ڕوودات، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تێکچوونی پارامیتەری ڕستەکە _پارامیتەری ڕێککەوتن_ دەبێت. بۆ نموونە گواستنەوەو جولاّندنی ئارگومێنتی بەرکار بۆ سەرەتای ڕستە، پارامیتەری ڕستەکە تێکدەدات، بەجۆرێك گەر چارەسەرنەکرێت، دروستەکە ڕێگەپێنەدراو دەبێت، لەبەرئەوەی "جێکەوتەی کرداروو ئارگومێنتەکانی لە دروستەی زمانی کوردییدا چەسپاون"[٣٦٠]، هەربۆیە بەهۆی پێڕەوی ڕێککەوتنەوە، پارامیتەری بەرکار لە دروستەکەدا دەپارێزرێت، بەوەی بەرکار لەڕووی کەس‌و ژمارەوە لەگەڵ ئەو نیشانەیەدا ڕێکدەکەوێت، کە لەجێگەی خۆی کۆپییکردووە. بڕوانە ئەزموونکردنی نموونەکەی لە (٤٦_ت)دا، بەلاّم ئەو کەرەستانەی لە ڕستەدا سەرپشکیین، کاتێك دەجولێنرێن، بەهۆی نەبوونی جێکەوتەی چەسپاوەوە، هیچ شوێنپێیەك بەجێناهێڵن، چونکە شوێنپێی t، جێکەوتەی چەسپاو/ بنەڕەتیی کەرەستە ئارگومێنتییە گوێزراوەکانە، واتە ئەو کەرەستانەی بوونیان لە ڕستەدا خورتییە، هەربۆیە بۆ گواستنەوەی نائارگومێنت، بەپێچەوانەی گواستنەوەی ئارگومێنتەوە، بەهۆی نەبوونی جێکەوتەی بنەڕەتییەوە، شوێنپێ‌و مەرجی وابەستەبوون بە تیۆری کۆپییەوە لەئارادانییە، هەر لەبەرئەوەشە، کە فرێزە سەرپشکییەکانی ئاوەڵکردار کۆپییناکرێن‌و بە مۆرفێم جێگەیانناگیرێتەوە.

هاوکات لەناو دروستەی فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارییدا، لەکاتی گواستنەوەی (سەر)دا بۆ سەرەتای فرێزەکە، پارامیتەری (سەر) بەهۆی پێڕەوی ڕێککەوتنەوە پارێزراو دەبێت. لەمڕووەوە (٤٩_ا) فرێزێکی خستنەپاڵی خاوەنداریی‌و سەرە ڕێزمانییەکەی، ڕێسای سەرکۆتایی پەیڕەوکردووە، بەلاّم لە (٤٩_ب)دا، سەرە ڕێزمانییەکە بەترۆپککراوە، بەوەش پارامیتەری لەدەستداوە، بۆیە بۆئەوەی دروستەیەکی ڕاست‌و دروست‌و ڕێگەپێدراو بەرهەمبێت، دەبێت لەڕێی هاونیشانەکردنەوە سەرە ڕێزمانییەکە لەگەڵ ئەو نیشانەیەدا ڕێکبکەوێت، کە لە پاش گواستنەوەی لە جێکەوتەی خۆی بەجێیدەهێڵێت (بڕوانە (٤٩_پ))، بەوەش پارامیتەری ڕێککەوتن لەنێوان سەرو نیشانەکەیدا جێبەجێدەبێت (بڕوانە (٤٩_ت)).

٤٩_ا. خانووەکەی ئێمە

ب. * ئێمە، خانووەکە

پ. ئێمە، خانووەکە   مان t

$_i$   $_i$

---

[360] عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ١٢٨)

ت. ئێمه، خانووه‌كه‌مان t
i i i

لێره‌دا پرسیاری گرنگ ئه‌وه‌یه، ئایا ترۆپكیش هاوشێوه‌ی ڕسته‌ی ساده‌ی كوردیی، پرۆژه‌ی ڕێككه‌وتنه؟ یان ده‌كرێت پرسیاری ئه‌وه بكرێت، مه‌رجه به‌ترۆپككردنی ئارگومێنت به‌هۆی ڕێككه‌وتنه‌وه ڕوویدات؟ هه‌روه‌كچۆن له پرۆژه‌ی مۆرفۆسینتاكسیشدا هه‌مان ئه‌نجام ده‌ستخرا.

وه‌لأمدانه‌وه‌ی ئه‌م پرسیاره له‌وه‌وه ده‌ستپێده‌كات، ئه‌گه‌ر بڕوامان به‌وه هه‌بێت، كه ترۆپك نواندنێكی سینتاكسیی پرۆژه‌یه‌كی پاش_ڕسته‌ییه‌و لێكه‌وته‌ی ڕسته‌ی ساده‌ی كوردییه‌و له‌وه‌وه به‌رهه‌مده‌هێنرێت، ڕسته‌ی ساده‌ش پرۆژه‌ی ڕێككه‌وتنه، بۆیه ده‌بێت هه‌مان پێڕه‌وو پرنسیپ له ڕسته‌ی ترۆپكیشدا هه‌بێت، به‌و واتایه‌ی، پێواژۆی گواستنه‌وه‌ی كه‌ره‌سته‌كان له پرۆژه‌ی ترۆپكدا، به‌بێ بوونی ڕێككه‌وتن ڕوونادات، چونكه نموونه‌و شیكردنه‌وه‌كان ئه‌و ڕاستییه‌یان سه‌لماند، ڕێككه‌وتن میكانیزمی پێدانی دۆخ‌و پاراستنی ئاڕاسته‌و پارامیته‌ریشه، به‌پێچه‌وانه‌وه، ئه‌وه‌ی به‌رهه‌مدێت، پرۆژه‌یه‌كی نادروست‌و ڕێگه‌پێنه‌دراو ده‌بێت، چونكه گواستنه‌وه‌كان، كه جڵه‌وی به‌رهه‌مهێنانی دروسته‌ی ترۆپكن، پارامیته‌ری هاوسێیه‌تیی پێشێلده‌كه‌ن‌و به‌وه‌ش به‌ربه‌ست بۆ پێدانی دۆخ دروستده‌كه‌ن، وه‌ك پێشتریش خرایه‌ڕوو، فرێزی تاف ئه‌و داوایه پێشكه‌شده‌كات، كه پرۆژه‌سازدانی فراوانكراو كه‌سی تێدابێت، به‌هۆی شكانه‌وه‌ی TP یه‌كه‌شه‌وه له‌ناو AGRP یه‌كدا، ڕێككه‌وتن له‌نێوان كه‌س‌و ئارگومێنتی بكه‌رییدا ڕووده‌دات، به‌مه‌ش پرۆژه‌ی ڕسته به‌رهه‌مدێت، له‌مه‌وه ترۆپكیش هاوشێوه‌ی مۆرفۆسینتاكس، پرۆژه‌ی ڕێككه‌وتنه، به ده‌ربڕینێكی دیكه بۆئه‌وه‌ی ترۆپك دروسته‌یه‌كی تێرو بێكه‌موكوڕیی بێت، مه‌رجه خورتیانه سیستمی ڕێككه‌وتنی تێدا په‌یڕه‌وبكرێت.

**٤/٣_٣_٢ پارامێته‌ری هاوسێیه‌تیی له دروسته‌ی ترۆپكدا**

له‌و ڕوانگه‌یه‌وه، كه به‌پێی تیۆری X-bar فرێزه‌كان له سه‌رو ته‌واوكه‌ر پێكهاتبوون، كه‌واته ئه‌و پێكهاتانه پرۆژه‌ی هه‌ر جۆرێكی سه‌ر بن، له‌گه‌ڵ ته‌واوكه‌ره‌كانیاندا جێكه‌وته‌كانی دروسته‌ی قووڵیان ده‌گرت. به‌وه‌ش وه‌ك له هێڵكاریی (٢٣)دا ده‌رخراوه، له‌به‌رئه‌وه‌ی هه‌ردوو پێكهاتیله‌كه‌ی سه‌رو ته‌واوكه‌ر X,Y خوشكی یه‌كن، هه‌ربۆیه په‌یوه‌ندیی هاوسێیه‌تیی Subjucency له‌نێوانیاندا هه‌یه، له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه‌ش، ته‌واوكه‌ره‌كان به پارامیته‌ری هاوسێیه‌تیی، دۆخ له سه‌ره ڕێزمانییه‌كه‌یان وه‌رده‌گرن. بۆ نموونه له‌ناو پێكهاته‌ی $\bar{V}$ دا، كه له سه‌ری ڕێزمانیی $V^0$و ته‌واوكه‌ره‌كه‌ی Y پێكهاتووه، له‌لایه‌ن ڕه‌گی $V^0$وه به‌هۆی پارامیته‌ری هاوسێیه‌تییه‌وه دۆخ به ئارگومێنتی ته‌واوكه‌ره‌كه‌ی ده‌درێت، به‌ڵام هه‌ركات

ئەم پەیوەندیی هاوسێیەتییە بەهۆی گواستنەوەی تەواوکەرەوە تێچکوو/ پچڕا، لەم بارەدا دەبێت پەیوەندییەکی دیکە، سینتاکسییانە وەك ئەلتەرناتیڤی ئەم پەیوەندییە جێبەجێببێت، تاوەکو بەهۆیەوە پارامیتەر بپارێزرێتو بەوەش ڕێگەنەدرێت هیچ بۆشاییەکی سینتاکسیی لەڕووی ئاڕاستەو پێدانی دۆخەوە دروستببێت، ئەو پەیوەندییە جێگرەوەیەش، پارامیتەی ڕێککەوتن دەبێت.

هێڵکاریی (٢٣)




کاتێك ڕێککەوتن ئەلتەرناتیڤی پارامیتەری هاوسێیەتیی بێت، ئەوا پەیوەندیی هاوسێیەتییو ڕێککەوتنی نێوان ئارگومێنتەکان لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدا دەبن، بەواتا هەرکات پەیوەندیی هاوسێیەتیی لەنێوان کەتیگۆریی/ فرێزەکاندا نەما، ئەوا بۆ هێشتنەوەو پاراستنی پەیوەندیی سینتاکسیی ئارگومێنتەکانو ڕوودانیان، ڕایەڵەیەك دروستدەبێت، کە ڕایەڵەی ڕێککەوتنە، ئەویش بەهۆی پرۆسەی هاونیشانەکردنەوە ڕوودەدات، تا لەڕێیەوە پەیوەندییە سینتاکسییەکان جێبەجێبکرێن، وەك گواستنەوەی دۆخ بۆ کەرەستەیەکی بەترۆپککراوی دۆخ_وەرگر بەهۆی ڕێککەوتنەوە (بڕوانە (٤٦_ت))و هێڵکاریی (١٦)). بەم پێیە بێت، ڕێککەوتن وەك نیشانەی دۆخ دەرکەوتنی دەبێت، ئەمەش دەبێتە بەڵگە بۆئەوەی، کە دۆخ لە زمانی کوردییدا بە مۆرفیمە. کەواتە ڕێککەوتن بۆ: (ا) پاراستنی پارامیتەر، (ب) پاراستنی ئاڕاستەی دۆخ، (پ) پێدانی دۆخ، گرنگەو ڕوودەدات.

### ٤/٣_٤ ترۆپك لە فرێزی تافدا

تاقیکردنەوەی نموونەکان لە وەچەپاری پێشوودا ئەو ڕاستییەیان نیشاندا، کە فرێزە ئاوەڵکردارییەکان لەبەرئەوەی کەرەستەی سەرپشکینو لەلایەن بەشەکردارەوە تەنها حوکمدەکرێن، هاوکات کەرەستەی بێدۆخیشن، بۆیە جوڵاندنیان لە جێکەوتەی خۆیانەوە بۆ جێکەوتەیەکی دیکە ڕوودەدات، بێ ئەوەی ڕستەکە ناڕێزمانیی بێت. پەیوەست بە ترۆپکەوە لەچوارچێوەی فرێزی تافدا، لەو ڕووەوە، کە فرێزی ئاوەڵکرداری کاتیی لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا بە فرێزی تافدا هەڵدەواسرێت، کەواتە ترۆپکی ئاوەڵکرداری کاتیی، لەناو فرێزی تافدا ڕوودەدات، کە بۆ سەرەتای ڕستەکە

دەگوێزرێتەوە، بەوەش پاش ترۆپككردنی، بە AGRP یەكەدا هەڵدەواسرێت. بڕوانە (٤٧_ت)و هێڵكاریی (٢٤).

هێڵكاریی (٢٤)




ئاوەڵكرداری چۆنیەتیی، وێڕای ڕوودانی لەگەڵ ئاوەڵكرداری شوێنییدا، دەكرێت لەگەڵ ئاوەڵكرداری كاتییشدا پێكەوە ڕووبدەن (بڕوانە (٥٠_ا))، كە جێكەوتەی بنەڕەتیی فرێزی {بەخێرایی}، لە دوای ئاوەڵكرداری كاتییەوە دێتو بەفرێزە كردارییەكەدا هەڵدەواسرێت (بڕوانە هێڵكاریی (٢٥))، كەچیی پاش

هێنانەپێشەوەی بۆ پێش ئاوەڵکرداری کاتیی لە (٥٠_ب)دا، جێکەوتەی گیرسانەوەکەی دەریدەخات، کە بە فرێزی تافدا هەڵدەواسرێت (بڕوانە هێڵکاریی (٢٦)). خۆ ئەگەر لەنێوان ئاوەڵکرداری کاتییو چۆنیەتییدا، فرێزە ئاوەڵکردارییە کاتییەکە ترۆپکبکرێت، ئەوا هاوشێوەی نموونەی (٤٧_ت)، کە لەگەڵ ئاوەڵکرداری شوێنییدا هاتبوو، ئاوەڵکردارە کاتییەکە تەنها دەتوانرێت بۆ سەرەتای ڕستەکە بگوێزرێتەوەو بە AGRP یەکەدا هەڵبواسرێت (بڕوانە (٥٠_ت)).

٥٠_ا. Pro پێرێ بەخێرایی وتارەکەم نووسی.

ب. Pro بەخێرایی، پێرێ وتارەکەم نووسی.

پ. بەخێرایی، Pro پێرێ وتارەکەم نووسی.

ت. پێرێ، Pro بەخێرایی وتارەکەم نووسی.

هێڵکاریی (٢٥)



هێڵكاریی (٢٦)




لە (٥٠_پ)یشدا، فرێزی {بەخێرایی}، بۆ سەرەتای ڕستەكە گوێزراوەتەوە، بەوەش بە AGRP یەكەدا هەڵواسراوە (بڕوانە هێڵكاریی (٢٧)). نموونەو شیكردنەوەكانی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، كە فرێزە ئاوەڵكردارییەكان لەبەرئەوەی كەرەستەی بێدۆخن، بۆیە جێگۆڕكێپێكردنو گواستنەوەیان بۆ سەرەتای AGRP یەكە ڕێگەپێدراوە، چونكە وەك گوترا، كەرەستەی سەربارن، واتە ئارگومێنت_داواكراو نیین، بۆیە گواستنەوەشیان سەرپشكییانە ڕوودەدات.

هێڵکاریی (٢٧)




شیکردنەوەو نموونەکان پەیوەست بە ترۆپکی ئاوەڵکرداری (کاتیی، شوێنیی، چۆنیەتیی)یەوە، ئەزموونبەندانە چەند ئەنجامێك دەستدەخەن: (ا) ئاوەڵکرداری کاتیی، لەو ڕووەوە، کە جێکەوتەی سەرەوریزبوونە بنەڕەتییەکەی، دوای بەشەبکەر دەگرێتو هاوکات هەموو گواستنەوەکانیش بۆ لای ڕاست جێبەجێدەکرێن، بۆیە بە ڕوودانی لەگەڵ هەردوو ئاوەڵکرداری (شوێنییو چۆنیەتیی)یشدا، تەنها یەك جار پرۆسەی بەترۆپککردنی تێدا ڕوودەدات، ئەویش بۆ سەرەتای فرێزی ڕێککەوتن دەبێت، بەوەش بەسەر نۆدی AGRP دا دەهێنرێتەپێشەوەو بە نۆدێکی تر پێیدا هەڵدەواسرێت. (ب) فرێزی

ئاوەڵکرداری شوێنیی، بەپشتبەستن بە جێکەوتە بنەڕەتییەکەی، سێ جار ئەگەری بەترۆپککردنی لەچوارچێوەی هەمان ڕستە_ لە سێ کاتی جیا_ دا هەیە: (١) دەکرێت بۆ پێش ئاوەڵکرداری کاتیی بگوێزرێتەوە، ئەوکات نۆدی TP تێدەپەڕێنێتو جێکەوتەی گێرسانەوەکەشی، هەڵواسین بە فرێزی تافدا دەبێت. (٢) لە گواستنەوەیدا بۆ جێکەوتەی پێش ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی، بەسەر نۆدی VPدا دەهێنرێتەپێشەوەو هەر بە VP یشدا هەڵدەواسرێت. (٣) دەتوانرێت جارێکی دیکە، هەمان فرێز بۆ پێش دروستەی فرێزی ڕێککەوتن بجولێنرێت، بۆ ئەوەش نۆدی AGRP تێدەپەڕێنێتو بە نۆدێکی نوێ پێیدا هەڵدەواسرێت. (پ) هەرچیی فرێزی ئاوەڵکرداری چۆنیەتییشە، وەك لە نموونەکاندا تاقیکرانەوە، تەنها دوو جار دەرفەتی گواستنەوەیان هەن: (١) جارێك گواستنەوەی بەسەر ئاوەڵکرداری کاتییداو تێپەڕاندنی نۆدی TP. (٢) جارێکی دیکەش هێنانەپێشەوەی بۆ سەرەتای دروستەی ڕستەو هەڵواسینی بە AGRP دا. ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، کە هێنانەپێشەوەی ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی بەسەر ئاوەڵکرداری شوێنییدا ڕوونادات، چونکە لە سەرەوڕیزبوونیدا، جێکەوتەی پێش ئاوەڵکرداری شوێنیی دەگرێت، کەچیی بەپێچەوانەوە دروستە.

لەلایەکی دیکەوە گرنگە بگوترێت، ئاوەڵکرداری (چۆنیەتییو شوێنیی)، لەبەرئەوەی هەردووکیان سنوری ڕوودانیان لە بنەڕەتدا فرێزی کردارییە، بۆیە کاتێك پێکەوە ڕوودەدەن، ئەوا فرێزە هێنراوەپێشەکە، کە لەمبارەدا ئاوەڵکرداری شوێنیی دەبێت، ئەگەرچیی بەسەر نۆدی VP یەکەدا دەگوێزرێتەوە، کەچیی پاش جولاندنیشی، بە نۆدێکی تر بەناچاریی هەر بە VP یەکەدا هەڵدەواسرێتەوە، بەڵام بە گۆڕینی جێکەوتەکەی بۆ پێش ئاوەڵکرداره چۆنیەتییەکە.

### ٤/٣_٢_٢_٢ ترۆپك لە دروستەی کرداری لێکدراودا

جۆرێکی دیکەی ترۆپکی کەرەستە نائارگومێنتەکان، بە گواستنەوەی ئەو کەرتانە ڕوودەدات، کە بەشی یەکەمی ناوە کردارییە لێکدراوەکانیان پێکهێناوەو بەوەش بوونەتە بەشێکی فەرهەنگیی $V^0$ەکانو وەك لێکسیم لە فەرهەنگدا گەنجکراون. لەمڕووەوە بەڵگەنەویستە دروستەی کرداری لێکدراو، بە هەردوو کەرتەکەیەوە لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت، بڕوانە /سوێندخواردن، یارییکردن، نانخواردن، شووکردن، ژنهێنان، سەرکەوتن، گوێگرتن، هەوڵدان، بانگکردن، قسەکردن...هتد/.

پەیوەست بە ترۆپکەوە، دەکرێت کەرتی یەکەمی هەندێك لەم دروستانە بجولێنرێنو بهێنرێنەپێشەوە، بەوەش ڕوودانی پرۆسەکە لە یەکێك لە بەشە بنەڕەتییەکان _فەرهەنگییەکان_ی فۆرمی کردارەکەدا جێبەجێدەکرێت. لەمڕووەوە، ئەگەرچیی کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراو بە

کەرەستەیەکی نائارگومێنت هەژماردەکرێت[٣٦١]، کەچیی هەندێکجار وەك بەشێکی سەربەخۆ ڕەفتاری سینتاکسیی دەکاتو بۆ جوولاَندن لەباردەبێت (بڕوانە تاقیکردنەوەی نموونەکان لە (٥١_٥٣)دا).

٥١_ ا. ئەو یارییکرد. /یارییکردن/

ب. ئەو یارییەکی باشی کرد.

پ. ئەو یاریی بە تۆپ کرد.

ت. * یاریی، ئەو کردی

ج. یارییەکە، ئەو t کردی.

j i j i

٥٢_ ا. ئارەزوو سوێندیخوارد. /سوێندخواردن/

ب. ئارەزوو سوێندی دنیای خوارد، کە ئەو کارەکەی نەکردووە.

پ. * سوێند، ئارەزوو خواردی

ت. سوێندەکە، ئارەزوو t خواردی.

j i j i

٥٣_ا. ڕۆژان چێتشتیلێنا. /چێشتلێنان/

ب. ڕۆژان چێشتێکی خۆشی لێنا.

پ.* چێشت، ڕۆژان لێینا

ت. چێشتەکە، ڕۆژان t لێینا.

j i j i

---

[361] لە لێکۆڵینەوەکاندا، ناوی جیاواز لە کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراو نراوە، بۆ نموونە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١) بە (تەواوکەر)، محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٥٣) بە (بەرکار)، ئازاد ئەحمەد حسەین، یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لەشێوەزاری سلێمانیدا (٢٠١٢: ٣٣) بە (تەواوکەری واتایی)، ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦)یش بە (سەگمێنتی وابەستە)ی دادەنێن. لەڕاستییدا کەرتی یەکەم بووەتە بەشێك لە دروستەی کردارە لێکدراوەکە، بۆیە بەڵگەییو داواکراو نییە، هەر لەبەرئەوەشە دروستەکە بە هەردوو کەرتەکەیەوە لە سینتاکسدا وەك ئارگومێنت_داواکەر گۆدەکات، لەمەوە ئەو بۆچوونانەی، کەرتی یەکەم بە بەرکار، یان تەواوکەر دادەنێن، ئەم لێکدانەوەیە هەڵدەگرن: (ا) دەبێت کەرتی یەکەم حوکمی تەواوکەری سینتاکسیی هەبێت، واتە وەك ئارگومێنت_داواکراوی سینتاکسیی گۆبکات، (ب) خاڵی (ا) ڕێگە بۆ گۆڕینی کەرتی یەکەمی دروستەکە خۆشدەکات، واتە ڕێگەدەدات جێکەوتەی یەکەمی کردارەکە، بۆ کەرەستەو دانەی تر بگۆڕێت، ئەمەش لەگەڵ مەرجەکانی بەلێکسیمبوونی پێکهاتە زمانییەکاندا پێچەوانە دەوەستێتەوە. لەلایەکی دیکەوە، لە وەچەپاری (١/٢_٣)، ل (٢٤_٢٥)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراو بە تەواوکەری فەرهەنگیی لەقەڵەمدراوە، نەك تەواوکەری سینتاکسیی، کە تێیدا هەڵاوێرکردنی تەواوکەرە فەرهەنگییەکە لە سنووری فەرهەنگدا ڕوودەدات، بۆیە کەرتە هەڵاوێرکراوەکە دەبێتە بەشێك لە دروستەی کردارە لێکدراوەکەو بەوەش فۆڕمێکی بەلێکسیمبووی فەرهەنگیی دەبێت، هەربۆیە لە سینتاکسدا ڕێگە بە گۆڕینی کەرتەکە نادرێت، بەڵکو پێکەوەو بە یەك فۆڕم گۆکردنیان دەبێت، بەوەش کەرتی یەکەم بە تەواوکەر/ بەرکار هەژمارناکرێت.

دروستەی فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکانی (٥١_ب، ٥٢_ب، ٥٣_ب)، لە کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکەو ئاوەڵناو/ ئاوەڵناوئاسایەك بەرهەمهاتوون، واتە کەرتی یەکەمی کردارەکان بوونەتە دەرخراو و بەهۆی ئاوەڵناو/ ئاوەڵناوئاسایەکەوە دەرخراون، ئەمەش پەیوەندیی بە فیچەری واتایی کەرتی یەکەمی کردارەکانەوە هەیە، واتە هەڵگری ئەدگاری سیمانتیکیی لەو جۆرەن، ڕێگە بە پەسنکردنو دەرخستن دەدەن، هەربۆیە لە سەری کردارەکە _کەرتی دووەم_ جیادەبنەوەو ڕێگە بە تێئاخنینی کەرەستەی تر دەدەن، ئەمەش بە خودی ئەو زانیارییانەوە پەیوەستە، کە دەشێت لە کەرتی یەکەمدا هەڵگیرا بن، بەوپێیەی "واتای ڕۆنانەکە هەمووی بەزۆری لە کەرتی یەکەمدا کۆدەبێتەوە"[٣٦٢]، هەربۆیە لە وەرگرتنو دەستخستنی زانیارییەکاندا بۆ گوێگر، ئەم کەرتە زیاتر تیشکیدەخرێتەسەر. گرنگە ئەوەش بگوترێت، تێئاخنینی کەرەستەی تر بۆ ناو دروستەی کردارە لێکدراوەکە، کاریگەریی لەسەر گەیاندنی واتای کردارەکە دروستنەکردووە، بەڵکو تەنها زانیاریی زیاتری لەسەر کەرتی یەکەم بەرجەستەکردووە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کردارەکان پەیوەست بە واتاوە گشتییانە دادەڕێژرێنو لە سینتاکسدا ڕوونکردنەوەی وردیان لەبارەوە دەدرێت.

٥٤_ا. ئەو منداڵەکە ژێردەکات.

ب. * ئەو منداڵەکە ژێر باش دەکات

پ. ئەو منداڵەکە باش ژێردەکات.

ت. * ژێر، ئەو منداڵەکە دەکات

ج. منداڵەکە، ئەو t ژێریدەکات.

j i j i

ح. *ئەو ژێری منالەکە دەکات

٥٥_ا. ئەڤین ژوورەکەی پاککردەوە.

ب. * ئەڤین ژوورەکەی پاك جوان کردەوە

پ. ئەڤین ژوورەکەی جوان پاککردەوە.

ت. * پاك، ئەڤین ژوورەکەی کردەوە

ج. ژوورەکە، ئەڤین t پاکیکردەوە.

j i j i

---

[362] محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠: ٢٥٣)

له نموونەکانی (٥٤_ب، ٥٥_ب)دا، کەرتی یەکەمی کرداره لێکدراوەکانی /ژێرکردن، پاککردنەوە/، ڕێگەنادەن بەهۆی کەرەستەی دیکەوە دەربخرێن، پێشبینییدەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە خودی ئەم کەرتانە له بنەڕەتدا ئاوەڵناون، بۆیە وەك له (٥٤_ح)دا خراوەتەڕوو، دروستەی خستنەپاڵیان لێبەرهەم نایەت، بەڵکو زانیارییە وردکراوەکە له بەرکارەکەدایە.

کەواتە نموونەکانی سەرەوە ئەو ئەنجامە دەدەن، کە (ا) هەبوونو تێئاخنینی کەرەستەی دیکە بۆ ناو دروستەی کرداره لێکدراوەکان، وابەستەی فیچەری واتایی کەرتی یەکەمی کردارەکانەو کەرتی دووەمیش تەنها ڕوودانی کردارەکە دەردەبڕێت. (ب) هەندێك کرداری وەك /سازکردن، وێرانبوون، هاربوون، درزبردن، ...هتد/، پێویستیان بە پلەبەندیی دیاریکردنی جۆرو چەشنی ڕوودانی کردارەکە نییە، کە وەك گوترا کەرتی یەکەم هەڵگری واتای کردارەکەیە، بەڵکو بەڕەهایی واتای پێویست دەگەیەنن، هەر لەبەرئەوەشە ئەمجۆرە کردارانە ڕێگە بە لێکترازاندن نادەنو یەکگرتوویی دروستەکانیان دەپارێزن، بەڵام کەرەستە ئاوەڵکردارییەکان دەتوانن چۆنیەتیی ڕوودانەکە پەیوەست بە لێکسیمەکە _هەردوو کەرتەکە_وە، پەسنبکەن (بڕوانە (٥٤_پ، ٥٥_پ)).

له (٥١_پ)دا، ئەگەرچیی /یارییکردن/ کردارێکی لێکدراوە، کەچیی فرێزی پێشناویی {بە تۆپ} لەنێوان کەرتە نائارگومێنتەکەو کەرتی دووەمی کردارەکەدا گۆیکردووە، ئەمەش ئەو کاتە ڕوودەدات، کە پێویستیی دەربڕینی زانیاریی زیاتر پەیوەست بە کەرتی یەکەمی لێکسیمەکەوە لەئارادابێت، بەوەش فرێزە پێشناوییەکە گۆکردنی ئەدڤێربلّی دەبێت، کەچیی له (٥٣_ب)دا بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵناویی {چێشتێکی خۆش} بەهۆی سەری ڕێزمانیی ئاوەڵناوەکەوە، بووەتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمەکە[٣٦٣]، ئەمە وادەکات کەرتی یەکەم وەك ئارگومێنت_داواکراوێك بۆ کەرتی دووەمی لێکسیمەکە هەڵسوکەوتبکات، ئەوەش گۆکردنی فرێزی بەرکاری دەداتێ (بڕوانە نواندنەکەی له هێڵکاریی (٢٨_ب)دا)، ئەوکات {خۆش} زانیاریی زیادەیەو پەیوەست بە بەرکاری {چێشت}ەوە لەسینتاکسدا دەدرێت، هەروەك بەسینتاکسبوونی کردارەکە ئەوە دەردەخات، کە بەپێی دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی کردار، مۆرفێمی ڕێککەوتن لەناو فرێزە کردارییەکەدا بە فرێزە ئاوەڵناوییەکەوە دەلکێنرێت، کە سینتاکسییانە وەك بەرکار ڕەفتاردەکات، نموونەکانی(٥١_ب، ٥٢_ب)ش، هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرن.

[363] هەڵوەشاندنەوەی لێکسیم پەیوەست بە بەترۆپککردنی کەرتی یەکەمی دروستەی کرداری لێکدراوەوە بەجۆرێکە، لەگەڵ ئەوەی کەرتی یەکەم دەبێتە بەڵگەییو هەڵسوکەوتی سینتاکسیی تەواوکەر/ بەرکاری دەبێت، بەڵام ئازادانە هاوشێوەی ئارگومێنت_داواکراوەکانی تر، گۆڕینی بە کەرەستەو دانەی تری فەرهەنگیی، ڕێگەپێدراو نییە، بەڵکو کەرتی یەکەمی کردارەکە لەڕووی واتاوە وابەستەی کەرتی دووەمە، بەوەش کەرتی دووەم هەڵاوێرکردنی هەر فۆڕمو کەرەستەیەکی دیکە لەبری کەرتە وابەستەکەی، بلۆکدەکات، لەکاتێکدا بۆ ئەو کردارانەی ئارگومێنت_داواکەری ناوەکیین، دەشێت چەند ویستێك لەئارادا بن، بڕوانە ویستە جیاوازەکانی کرداری فەرهەنگیی /خواردن، بردن/.

بەپێچەوانەوە لە (٥١_ا، ٥٢_ا، ٥٣_ا)دا، مۆرفێمی ڕێککەوتن پەیوەست بە ڕەفتاری مۆرفۆلۆژیی کردارەوە، لەناو دروستەی کردارەکەدا ڕوویداوە.

ڕێگەدان بە نموونەکانی (٥١_ب، ٥٢_ب، ٥٣_ب)و هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمەکانیان، لەوەشەوە ڕەفتاری سینتاکسییانەی کەرتی یەکەمو گۆکردنی بەرکارییان، ڕێگە بۆ بەترۆپککردنیان، واتە هێنانەپێشەوەی کەرتی یەکەمی کردارەکە خۆشدەکات، چونکە وەك گوترا جیاکردنەوەی کەرتەکانی کردارەکە لە یەکتر[٣٦٤]، هەڵسوکەوتی کردارە تێپەڕەکان بە لێکسیمەکە دەبەخشێت، بەوەش ڕێدەدرێت ناواخنە فەرهەنگییەکەی ترۆپکبکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە (٥١_ت، ٥٢_پ، ٥٣_پ)دا کەرەستەکانی /یاریی، سوێند، چێشت/ ناوی گشتیین، بۆیە ڕێگە بە هێنانەپێشەوەیان نادرێت، چونکە پێشتر ئەوە خرایەڕوو، مەرجە ئەو کەرەستانەی ترۆپکدەکرێن، گۆکردنی فرێزیان هەبێتو ناسراویش بن، بۆیە بەهۆی دیارخەرەکانەوە گۆکردنی فرێزی دیارخەرییان پێدەدرێت، هاوکاتیش لەبەرئەوەی کەرتی یەکەم هەڵگری زانیاریی کۆنو زانراون لەم دروستانەدا، بۆیە بەترۆپکدەکرێنو بە سەرەتای دروستەی ڕستەکەدا هەڵدەواسرێن (بڕوانە (٥١_ج، ٥٢_ت، ٥٣_ت)).

شیکردنەوەی نموونەکانی (٥١_٥٥) ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە ئەو کردارە لێکدراوانەی ڕێگە بە تێئاخنینی کەرەستەی تر دەدەن بۆ ناو دروستەکانیان، کەرتەکانیان لەیەکجیادەبنەوەو گۆڕان لە ناواخنی فەرهەنگییاندا ڕوودەدات، بەجۆرێك پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییان لە $V^0$+[...]ەوە بۆ $[Y]+V^0$ دەگۆڕێت، هەروەك نواندنی سینتاکسیی (٥٣_ا) لە هێڵکاریی (٢٨_ا)داو (٥٣_ب) لە هێڵکاریی (٢٨_ب)دا دەریدەخەن، بەوەش کەرتی یەکەمی کردارەکە حوکمی بەرکاری دەبێتو ڕێگە بە ترۆپککردنی[٣٦٥] دەدرێت (بڕوانە (٥١_ج، ٥٢_ت، ٥٣_ت)و هێڵکاریی (٢٩))، هەمبەر بەمە، دروستەی ئەو کردارانەی ڕێگەنادەن بەهۆی کەرەستەی ترەوە کەرتەکانیان لەیەکجیابکرێنەوەو هەڵوەشاندنەوەی لێکسیمەکەیان ڕووبدات، کەرتی یەکەمیان، نابێتە ئەلتەرناتیڤی ئارگومێنتی ناوەکیی بەرکار لەناو فرێزە کردارییەکەدا، بەڵکو لەگەڵ کەرتی دووەمدا پێکەوە وەك پریدیکاتۆر/ ئارگومێنت_داواکەر گۆدەکەن، بەوەش دروستەکەیان بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوەو ڕێگەنادەن کەرتی یەکەمیان ترۆپکبکرێن (بڕوانە (٥٤_ت، ٥٥_ت)). لەلایەکی دیکەوە، پێشبینییدەکرێت ناوە کردارییەکانی /ژێرکردن، پاککردنەوە/ لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا پەیڕەوی یاسای فەرهەنگیی $[Y]+V^0$ دەکەن، بۆیە فرێزی بەرکاریی ئەم

[364] بۆ دەستخستنی نموونەی زیاتر لەبارەی جیابوونەوەو جیانەبوونەوەی کەرتی یەکەمی کرداری لێکدراوەوە، بڕوانە: محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١ : ٩٢_١٠٠)

[365] ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ١١٦) بۆچوونی وایە "دیاردەی هێنانەپێشەوەی کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان، تایبەتە بەو کردارانەی کە بە یاسای ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار داڕێژراون، بەمەرجێك بە قۆناغی واتا خواستندا نەڕۆیشتبن" بۆ زانیاریی لەبارەی ئەو کردارانەی بەپێی ئەو یاسایە داڕێژراون، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٣٢.

ڕستانە ترۆپککردنی سەرپشکییان تێدا ڕوودەدات (بڕوانە (٥٤_ج، ٥٥_ج))، ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە ناتوانرێت کەرتی یەکەمی ئەم کردارانە لە دروستەی لێکسیمەکە بترازێنرێنو جارێکی دیکە سینتاکسییانە گۆکردنی بەرکارییان هەبێت، چونکە ئارگومێنتە ناوەکییەکە، پێویستیی ئەم کردارانە تێردەکات، بۆیە ڕێگەنادرێت لە هەمان کاتدا دوو فرێزی بەرکاری ڕاستەوخۆ بۆ کردارەکە لەئارادابێت، ئەمەش لەمپەری سینتاکسییو واتایی بۆ ترۆپککردنی کەرتی یەکەمیان دروستدەکات، بڕوانە (٥٤_ت، ٥٥_ت)و بە (٥٤_ج، ٥٥_ج) بەراوردیانبکە.

هێڵکاریی (٢٨_ا)



هێڵكاریی (٢٨_ب)



هێڵکاریی (٢٩)


AGR=
AGRP
D-
چێشتەکە
i
AGR-
D-
ڕۆژان
j
AGR0
TP
T-
T0
VP
V-
AGR0
AGR0
V0
کەس
Ø
ا
لێین
ti
j
i

## ئەنجام

لێکۆڵینەوەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:

١. بەپێی شیکردنەوەو بەڵگەهێنانەوەکانی لێکۆڵینەوەکەو ئەو ئەنجامانەی لە خاڵەکانی دواتردا دەخرێنەڕوو، توخمە فەرهەنگییەکان پێکهاتە بە پێکهاتە (پێکهاتەی یەک‌و دوو و سێ) لە فەرهەنگەوە پێشنیازدەکرێن، هەریەکەشیان لە فۆڕمی جیای وەک پێش_فرێزو فرێزو ڕستەدا دەنوێنرێن، بەوەش بۆ هەر توخمێکی فەرهەنگیی، بەپێی زانیارییە سینتاکسییە تێدا گەنجکراوەکانی، پێشبینیی بەرهەمهێنانی زیاتر لە پرۆژەیەکیان لێدەکرێت، کە دواتر بەپێی نواندن‌و جێکەوتەکانیان، بڕیار لە جۆرو ئاستی نواندنە سینتاکسییەکانیان دەدرێت. لەو ڕووەوە: (١) پۆلەڕەگەزی ناو $N^0$ (ناوە ڕووتەکان Bare nouns)، لە ناواخنیاندا پەیوەست بە نواندنەکانیانەوە زانیاریی زیاتریان لە خۆیاندا هەڵگرتووە: (ا) بەپێی زانیاریی خراوەڕووی سینتاکس، گۆکردنی سینتاکسییانەی فرێزی دیارخەریی DP یان دەبێت. (ب) بەهۆی هەبوونی فیچەری ئاوەڵکردارییەوە، لە چوارچێوەی فرێزی کردارییدا نواندنی AdvP یان دەبێت. (٢) ئاوەڵناو $A^0$، لەو ڕووەوە، کە توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرەو بەتەنها گۆکردنی نییە، واتە لە پرۆسەی بەسینتاکسبوونەکەیدا بە تەواوکەرەکەیەوە لە $A^0$ ەوە دەبێت بە $A^-$. ئاوەڵناوەکە بەپێی زانیارییە سینتاکسییەکەی، نواندن‌و شکانەوەی جیاوازی دەبێت‌و توخمەکە هەردوو پرۆژەی ناوەندیی (پێش_فرێز/ دەستەواژیلە، فرێز/ دەستەواژە) بەرهەمدەهێنێت. وێڕای ئەوەش، بەپێی جێکەوتەی سینتاکسیی، توخمەکە گۆکردنی سینتاکسییانەی ئاوەڵکرداری هەیە. (٣) کرداری فەرهەنگیی $V^0$، توخمی فەرهەنگیی پرۆژەسازدەرە، بۆیە سەری ڕێزمانیی‌و پریدیکاتۆرە، پەیوەست بە زانیاریی ناواخنەکەیەوە، دەبێتە بنچینەی بەرهەمهێنانی فرێزی کرداریی VP بە گشت جۆرەکانییەوە، واتە ئەو فرێزە کرداریی‌یانەی، فۆڕمداڕشتنە فەرهەنگییەکانیان جیاوازە. بۆ ئەوەش (ا) کردارە فەرهەنگییەکە $V^0$، پاش هەڵاوێرکردنی تەواوکەرو پێدانی دۆخی ئەکوزەتیڤیی، ئەوەی بەپێی ڕێسای دووپەلکیی بەرهەمیدێنێت، جۆرێکی دیکەی کردار دەبێت، کە بە کرداری سینتاکسیی $V^-$ دادەنرێت. بەوەش کرداری سینتاکسیی، نواندنی سینتاکسییانەی کردارە فەرهەنگییەکەیەو بە تەواوکەرەکەیەوە نواندنی $V^-$ ی هەیە، ئەویش بەوپێیەی، کردارەکە بە تەواوکەرەکەیەوە دێتە سینتاکس/ فرێزی کردارییەوە، نەک بە تەنها. (ب) کردارە سینتاکسییەکەش پریدیکاتۆری سینتاکسیی دروستدەکات، کە نواندنێکی جیای کردارە فەرهەنگییەکەیە، هەربۆیە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی سینتاکسییدا تەواوکەرێکی سینتاکسیی بۆ خۆی هەڵاوێردەکات‌و دۆخی ڕێزمانییشی پێدەدات. لەمڕووەشەوە، لەبەرئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەدا قۆناغی پاش_فەرهەنگیی/ پێش_سینتاکسیی دیاریکراوە، بۆیە فرێزی کرداریی $V^-$وەک فرێزێکی فەرهەنگیی، بە تەواوکەرەکەیەوە دەچێتەناو پێکهاتەی (٣)هەمەوە (ڕەگ سەری ڕێزمانیی

فرێزی کردارییه)، بەمەش دەبێت ویستە فەرهەنگییەکەی لەلایەك پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی‌و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەست بە سینتاکسەوە لە پێکهاتەکانی (٢،١)دا جێبەجێبوبێت.

(پ) کرداری سینتاکسیی $V^-$، وەك تەواوکەری سینتاکسیی کرداری تافدار گۆدەکات، بەوەش $T^-$ دەبێتە ئاستێکی جیای نواندنی کردار، کە توانای هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتی دەرەکیی هەیەو لەڕێی ئەگریمێنتەوە دۆخی ڕێزمانیی نۆمینەتیڤی پێدەدات. (ت) کردار جیاواز لە سەرە فەرهەنگییەکانی دیکە، لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، زیاتر لە نواندنێکی هەیە، بەوەش لەناو پرۆژەی کردارەکاندا بەپێی ڕێساکانی پرۆژەسازدان‌و پرۆژەسازدانی فراوانکراو، سەرە دۆخدەرەکان پەیوەست بە جۆری تەواوکەرەکانیانەوە دەگۆڕێن، ئەمەش وادەکات زیاتر لە نواندنێکی سینتاکسییان هەبێت. بەتایبەت لە زمانی کوردییدا، دۆخەکان بەپێی ئاستی نواندنی کردار دەگۆڕێن، بۆ نموونە دۆخی ئەکوزەتیڤیی لەلایەن ڕەگی کردارو کرداری سینتاکسیی، دۆخی نۆمینەتیڤییش لەلایەن کرداری تافدارەوە دەدرێت، ئەمەش دەریدەخات، لە کوردییدا کردار دوو جۆر دۆخی تێدایە، یەکێکیان لە $V^0$ و $V^-$ داو ئەوی دیکەشیان لە $T^-$ دا، واتە لە شکانەوەی کردارەکەدا دەبەخشێت، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی، لە شکانەوەکاندا جۆری دیکەی دۆخ دێتەئاراوە.

٢. ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکان $Adv^0$، ژمارەیان کەم‌و سنوردارە، بۆیە پۆلەڕەگەزەکانی دیکەی وەك ($A^0$ ،$N^0$)ەکان پەیوەست بە هەبوونی هەردوو مەرجی سیمانتیکیی‌و سینتاکسییەوە تێیاندا، کە ئەوانیش هەبوونی واتای ئاوەڵکردارییو جێکەوتەی سینتاکسییە، وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ نواندنی سینتاکسییانەی ئاوەڵکردار دەخرێنەگەڕو کەموکورتیی فەرهەنگییان پێ پڕدەکرێتەوە.

٣. بیرۆکەی پریدیکات‌و پریدیکاتۆر پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتی ناوەکیی‌و دەرەکییەوە، لەگەڵ بۆچوونەکانی دروستەی ئارگومێنتدا پەیکاڵی یەك نین، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە (ا) لە دروستەی ئارگومێنتدا، پڕکردنەوەی هەردوو جێکەوتەی ئارگومێنتی ناوەکیی‌و دەرەکیی بەهۆی کردارەوە جێبەجێدەکرێت، لەکاتێکدا نموونەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەسەلمێنن، کە بەرکار ئارگومێنت_داواکراوی ناوەکیی پریدیکاتۆرو بکەریش ئارگومێنت_داواکراوی دەرەکیی پریدیکات/ VP پێکدەهێنێت، واتە کردار لە دوو نواندنی جیادا هەڵاوێردەکات. (ب) بەپشتبەستن بە خاڵی (ا)، بیرۆکەی پریدیکات‌و پریدیکاتۆر کراونەتە سەنگی محەك بۆ دیاریکردنی ئاستی نواندنی جیای کردارەکان، کە خۆیان لە $V^0$، $V^-$، $T^-$ دا دەبیننەوە.

٤. شیکردنەوەی داتاکان لەبارەی ڕستەی ئاڵۆزیشەوە ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە: (ا) نواندنێکی پاش_ڕستەییەو لەڕووی واتایی‌و سینتاکسییشەوە لە توخمە فەرهەنگییەکانەوە پێشنیازدەکرێن، چونکە ناواخنی فەرهەنگیی کردارەکە بڕیار لە دروستەکە دەداتو پرۆژەی ڕستەی ئاڵۆز

بەرهەمدەهێنێت، بەوەش ڕستەی ئاڵۆز دەبێتە بەرهەمی نواندنی سینتاکسییانەی کردار. (ب) ڕستەی ئاڵۆز بەهۆی پارتیکڵەکانی (بۆیە، کە، چونکە، لەبەرئەوەی، ...هتد)ەوە بونیاتدەنرێت، واتە ئەم پارتیکلاًنە، مەرجی لەئارادابوون‌و ڕوودانی دروستەی ئەمجۆرە ڕستەیە تێردەکەن. بەوەش پارتیکڵەکان وەك هەر سەرێکی دیکە، بەهۆی پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگییانەوە ناواخنەکەیان دەردەخرێت. بەپێی ئەمە بێت، سەری ئەرکیی C، تەواوکەرێکی سینتاکسیی لەجۆری ڕستە بۆ خۆی هەڵاوێردەکات.

٥. دروستەی مۆرفۆسینتاکس، پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی واتاییو سینتاکسییشەوە نواندنێکی پاش_ڕستەیی پڕۆژە سینتاکسییە ڕستەییەکانە، بۆیە لە دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدات‌و مەوداکەشی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراوەو بەهۆی سەرێکی ئەرکیی وەك ڕێککەوتنەوە بەرهەمدێت، بەپێچەوانەشەوە هەنگاوەکانی ڕێسای پڕۆژەسازدان، نابنە ڕێوشوێن‌و میکانیزمی بونیاتنانی پڕۆژەی مۆرفۆسینتاکس، چونکە کردارەکە هەمان ئەو پڕۆژەیە دەنوێنێت، کە لە دروستەی ئارگومێنتی کردارەکەوە کەوتووەتەوە. دروستەی مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی سینتاکس پڕۆژەی ڕێککەوتنەو مۆرفێمی ڕێککەوتن حوکمیدەکات، بەوپێیەی نیشانەکانی ڕێککەوتن، پەیکاڵییو وەکیەکیی نێوان هەردوو پڕۆژەکە پەیوەست بە پۆلەڕەگەزو دۆخو پارامیتەرەوە مسۆگەردەکەن.

٦. ترۆپك لێکەوتەی یاسایەکی جوڵاًندنە بەپێی زانیاریی ئاخێوەری زمانی کوردیی، ئەویش ئەو زانیارییە دەگرێتەوە، کە ئاخێوەر لە سینتاکسی زمانی کوردییەوە هەڵیهێنجاوە، لەو ڕووەشەوە، لەبەرئەوەی ترۆپك بەکارهێنانێکی تاکلایەنانەی سینتاکسەو بەشێکە لە داڕشتەی فەرهەنگی ئاوەزیی تاك، ئاخێوەری زمان پەیوەست بە زانیارییە سینتاکسییە گشتییەکانەوە بەرهەمیدەهێنێت. واتە خودی ترۆپکەکە، گواستنەوەیەکی سەرپشکییەو ئاخێوەر لەسەر ترۆپکێکی خورتیی گشتیی بەرهەمیدەهێنێت. هەروەها دروستەی ئەمجۆرە نواندنە، پاش_ڕستەییەو ئەمیش هاوشێوەی دروستەی ڕستەو مۆرفۆسینتاکس مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن بەرهەمیدەهێنێت‌و حوکمیدەکات. شایەنی گوتنیشە (ا) بەپێی ئەو ئاڕاستەیەی نامەکە کاری پێکردووە، ترۆپك پەیوەستە بە پێکهاتەکانی ناو ڕستەوە، نەك خودی ڕستەکان، ئەویش بەوپێیەی، ترۆپك لەناو دروستەی فرێزەکاندا ڕوودەدات، نەك لە ڕستەدا. (ب) ئەگەرچیی کەرتی یەکەمی کردارە لێکدراوەکان بەشێکی فەرهەنگیی کردارەکەن‌و زانیاریی زانراوو پێشبینییکراون، کەچیی بەترۆپکدەکرێن‌و بەبێ ڕێککەوتن بۆ تێئاخنینی زانیاریی نوێ، لە کەرتی دووەمی کردارەکە دووردەخرێنەوە/ جیادەکرێنەوە.

# سەرچاوەکان

## بەزمانی کوردیی:

### ا- کتێب:


١. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩)، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، لەبڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان، چاپخانەی یاد، (ب.ش).

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، رێزمانی کوردی، _مۆرفۆلۆژی_ناو ، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٣. ________ (١٩٩٨)، رێزمانی کوردی، _وشەسازی_ ژمارەو ئاوەڵکردار، بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم، دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٤. ________ (٢٠٠٠)، رێزمانی کوردی، _وشەسازی_ کردار، بەرگی یەکەم، بەشی پێنجەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥. تالیب حوسێن عەلی (٢٠١٤)، زانستی زمان‌و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

٦. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٩)، پەیوەندییە رۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٧. دلێر صادق کانبی (٢٠١٥)، تیۆری بارگەخستن‌و رۆنانی رستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٨. سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣)، پێزی مۆرفیمە داڕێژەکانی بچووککردنەوەو ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩. سەباح رەشید قادر (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی رێزمانی دەسەلات‌و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠. شیلان عومەر حسەین، (٢٠١٢)، پەیوەندیی سینتاکس‌و سیمانتیك لە رێزمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)، دروستەی فرێز لەزمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

١٢. عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٣)، رستەسازی رۆنانکاری‌و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٣. عەبدوڵلا حوسێن رەسوڵ (٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی رستەسازی کوردی، هەولێر.

١٤. ___________ (٢٠١٤)، ناكردن له كورديدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٥. کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨)، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، لەبلاوکراوەکانی مەلبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
١٦. کۆمەڵێك زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێلو مۆدێلەکانی رێزمان، و: محەمەدی مەحویی، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
١٧. محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، و: حەسەنی قازی، سوید.
١٨. محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح رەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، بەشی ڕووناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٩. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٢٠. محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٠٤)، بەرگی یەککەم، سلێمانی.
٢١. ___________(٢٠٠١)، رستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
٢٢. محەمەد مەحوییو نەرمیین عومەر (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، لە بلاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانیی نوێ (٣٢)، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
٢٣. محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦)، ئاوەزدارییو ڕێزمانی ناوەرۆك_وابەستە، زانکۆی سلێمانی.
٢٤. ___________ (٢٠٠٨)، فۆنەتیكو فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانیی.
٢٥. ___________ (٢٠٠٨)، فۆنەیتیكو فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانیی.
٢٦. ___________(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، زانکۆی سلێمانیی، بەرگی یەکهەم، سلێمانیی.
٢٧. ___________(٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.
٢٨. محەمەدی مەحویی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن (٢٠١٠)، دروستەی کردار_بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.
٢٩. نەریمان عەبدوللا خۆشناو (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاستو کرمانجی سەروو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٣٠. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بلاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣١. ______________ (٢٠١٦)، ڕێزمانی کاری زمانی کوردی، بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاّحەددین، هەولێر.

٣٢. یوسف نوری محەمەدئەمین (٢٠١٥)، ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپو پەخشی نارین، هەولێر.

**ب- نامەی زانکۆیی (بلاّونەکراوە):**

٣٣. ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦)، دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کرداریيدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣٤. ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٥. ئاوات ساڵح قادر (٢٠١٥)، ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیيو فارسییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٦. ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠)، مۆرفۆسینتاکسو دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٧. ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیو فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٨. بڕوا ڕەسول ئەحمەد (٢٠١١)، دۆخ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیو کۆمەلاّیەتییەکان، زانکۆی کۆیە.

٣٩. پێشڕەو ساڵەح عەلی (٢٠١٥)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٤٠. تارا موحسن قادر (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤١. تارا موحسین قادر (٢٠١١)، زمانی کوردیو مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٢. تاڵیب حوسێن عەلی (١٩٩٨)، هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاّحەدین.

٤٣. دیار عەلی کەمال کەریم (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی روانگەیەکی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاّحەدین_ هەولێر.

٤٤. شلێر ڕەسوڵ محەمەد بەرزنجی (٢٠٠٤)، ياساكانی داڕشتنی لاڕستەی ديارخەری لە زمانی كورديدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاّحەدين.

٤٥. شنە جەبار فەتاح (٢٠٠٦)، ئاوەڵناو وەك كەرەستەی فەرهەنگیو سينتاكسی لە شێوەزاری هەوراميدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٤٦. طە ڕەحيم ڕەشيد (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێز لە زاری كرمانجيی ناوەڕاستو كرمانجيی ژووروودا، نامەی ماجستێر، سكوڵی زمان/ فاكەڵتی زانستە مرۆڤايەتييەكان، زانكۆی سلێمانی.

٤٧. عرفان مستەفا حمە ڕحيم (٢٠٠٣)، ڕستەی ئاوێتە لەزاری سلێمانیو هەوراميدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٤٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی كورديیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٤٩. عەبدوڵلاّ حوسێن ڕەسوڵ (١٩٩٥)، مۆرفيمە ڕێزمانييەكانی كار، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاّحەدين.

٥٠. ڤيان سلێمان حاجی (٢٠٠١)، ڕێككەوتن لە شێوەی ژووروويی زمانی كورديدا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاّحەددين، هەولێر.

٥١. ________(٢٠٠٧)، كەرەسە بەتاڵەكان لە روانگەی تيۆری دەسەلاّتو بەستنەوە ((شێوەزاری كرمانجی سەروو))، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاّحەددين، هەولێر.

٥٢. كەوسەر عەزيز ئەحمەد (١٩٩٠)، بيردۆزی مۆرفيمو هەندێ لايەنی وشەسازی كوردی، نامەی ماجستێر، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاّحەدين.

٥٣. گۆنا عومەر عەبدولاّ (٢٠١٣)، دروستەی زانياريی لە زمانی كورديدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٥٤. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١)، دابەشبوونی كرداری لێكدراو لەڕووی داڕشتنو ئەركەوە_لە كرمانجيی خوارووودا_، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٥٥. ________(٢٠٠٨)، كردەی تەواوكردن لە كرمانجيی خوارووودا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٥٦. محەمەد مەجيد سەعيد (٢٠١٥)، فەرهەنگو پرۆسەی بەلێكسێمبوون، نامەی ماجستێر، سكوڵی زمان، زانكۆی سلێمانی.

٥٧. نازەنين جەلال ئەحمەد (١٩٩٥)، ڕستە لە ڕووی داڕشتنەوە لە زمانی كورديدا، نامەی ماجستێر، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی بەغدا.

٥٨. نەرمین عومەر ئەحمەد، (٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**پ- گۆڤار:**

٥٩. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢)، یاسای گواستنەوەی کۆپیکردن لە سینتاکسی زمانی کوردیدا_ شێوەزاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٢).

٦٠. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢)، یاساکانی گواستنەوە بەگشتی لە شێوەزاری سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٤).

٦١. ابوبکر عمر قادر (٢٠٠٧)، پارتیکڵ لە زمانی کوردی دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٢).

٦٢. بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠١٢)، تێڕوانینێکی نوێ بۆ ڕستەی ئاڵۆز، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٥).

٦٣. سازان زاهیر سەعید (٢٠١٥)، مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوەی ناو و ڕێگرەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٦).

٦٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، کاروان عومەر قادر (٢٠١١)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا، گۆڤاری الأستاذ، جامعة بغداد، العدد (١٨٦).

٦٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢)، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگو سینتاکسی زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٤).

٦٦. ___________(٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکانو دروستەی فۆرمە گۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٣٨).

٦٧. ___________(٢٠١٤)، زانیاریی زمانییو پێڕەوی نیشانەکردن لەزمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٤٥).

٦٨. ___________(٢٠١٧)، پارامێتەری سەری ڕێزمانیی لە زمانی کوردییو فارسییدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (١)، ژمارە (١٢).

٦٩. کوردستان موکریانی (١٩٨٠)، جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی شەشەم، ژمارە (١)

٧٠. محمود فتح الله (٢٠١٧)، لایەنی جیاوازیو لێکچوونی کاتەگۆری تێنس، ئەسپێکتو موود لە کوردیو زمانەکانیتری وەك ئینگلیزیو یابانیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، تایبەت بە کۆنفرانس،ساڵی چوارەم، ژمارە (١٣).

٧١. محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠٠١)، زمانەوانیو فەرهەنگسازیو دەوڵەمەندکردنی دەروازو فەرهەنگییەکان، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (١٩).

**بەزمانی عەرەبیی:**

٧٢. احمد عزوز (٢٠٠٢)، اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، دمشق، سوريا.

**بەزمانی ئینگلیزیی:**

73. Aarts, B. (2001), English Syntax and Argumentation, Second Edition, Palgrave.
74. AARONS, D. (1994), ASPECTS OF THE SYNTAX OF AMERICAN SIGN LANGUAGE, Doctor of Philosophy, BOSTON UNIVERSITY.
75. AHMED, A. (2016), CASE IN STANDARD ARABIC: A DEPENDENT CASE APPROACH, DEGREE OF DOCTOR OF PHILOSOPHY, YORK UNIVERSITY, TORONTO, ONTARIO.
76. Akaruese, Ch. U. TOPICALIZATION AND PASSIVISATION IN THE ENGLISH LANGUAGE,/
https://www.ajol.info/index.php/jrhr/article/view/119695/109155
77. BAKER, M. (2004), Lexical Categories Verbs, Nouns, and Adjectives, CAMBRIDGE STUDIES IN LINGUISTICS, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
78. Baker, A. & Hengeveld, K. (2012), Linguistics, first published, WILEY BLACKWELL.
79.Black, CH. (1998), A step -by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, SIL - Mexico Branch and University of North Dakota.
80.Bobaljik, J. D. (1995), MORPHOSYNTAX: THE SYNTAX OF VERBAL INFLECTION, Massachusetts Institute of Technology.
81. Bussmann, H. T: Trauth, G. & Kazzazi, K. (2006), Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Taylor & Francis.
82. Carnie, A, (2001), Syntax, Blackwell Publishers, Oxford.
83. CARNIE, A. (2011), MODERN SYNTAX, A COURSE BOOK, First publish, United States of America, Cambridge University Press.
84. Caruso, D. Z. (2011), In support of a DP-Analysis of Nominal Phrases in Croatian, University of Stuttgart.
85. Chomsky, N. (1982), Lectures on Government and Binding, The Pisa Lectures, Seventh edition, FORIS PUBLICATIONS, Dordrecht-Holland.
86.Chomsky, N. (1986a), knowledge of language: its nature, origin, and use, New York, praeger.
87. Chomsky, N. (1993), Lectures on Government and Binding, The Pisa Lectures, Seventh edition, FORIS PUBLICATIONS, Dordrecht-Holland.
88. Cook. V. & Newson, M. (1997), Chomsky's Universal Grammar, second edition, Blackwell Publishers.

89. Cook. V. & Newson, M. (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing.
90. CRUSE, A.(2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics.
91. Crystal, D. (2003) A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.
92. Fattah, M. M. (1997), A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished doctoral dissertation, university of Amsterdam.
93. FALK, J. S. (1978), LINGUISTICS AND LANGUAGE, Second Edition. Michigan State University.
94. Fromkin, V. & Rodman, R (1988), An Introduction to LANGUAGE, Fourth Edition, The Dryden Press, Saunders College Publishing.
95. Gibson, T. (2005), Psycholinguistics: Syntax II/ https://ocw.mit.edu/courses/brain-and-cognitive-sciences/9-59j-psycholinguistics-spring-2005/lecture-notes/0208_syntax_2.pdf
96. Haegeman, L. (1994), introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing.
97. Johnson, K. (2004), Introduction to Transformational, Grammar, University of Massachusetts at Amherst.
98. Kang, D. (2005), Scrambling in Universal Grammar: an analysis of scrambling as optional movement in Korean and other languages, Institut fuer Linguistik/Anglistik der Universitaet Stuttgart, Doktors der Philosophie.
99. KATAMBA, F. and STONHAM, J.(2006), Morphology, 2nd edition.
100. Lieber, R. (2004), Morphology and Lexical Semantics, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
101. Lieber, R. (2012), Introducing Morphology, 3rd printing, Cambridge Introducing to Language and Linguistics, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
102. MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.
103. Miller, J. (2002), An Introduction to English Syntax, Edinburgh University Press.
104. Munn, A, (2007), LIN 200 Notes on Empty Elements and Movement in syntax./ https://msu.edu/course/lin/434/PSets/notes-on-movement.pdf
105. Musabhien, M. (2008), Case, Agreement and Movement in Arabic A minimalist Approach. The Degree of Doctor of Philosophy, School of English Literature Language and Linguistics, Newcastle University.
106. OKU, S.(1994), The Extended Projection Principle Effect in the Minimalist Approach./https://eprints.lib.hokudai.ac.jp/dspace/bitstream/2115/33635/1/43(1)_PL 127-154.pdf
107. Ott, D. (2015), X-bar theory/ http://artsites.uottawa.ca/dennis-ott/doc/Week-3.pdf
108. Parker, F. & Riley, K. (2005), Linguistics for Non-Linguistics, Forth Edition, PEARSON.
109. Pierrehumbert, J. (1990), Phonological and Phonetic representation, Northwestern University.

110. Radford, A. (2004), English Syntax An Introduction, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
111. Radford, A. & Atkinson, M. (2009), LINGUISTICS AN INTRODUCTION, SECOND EDITION, Cambridge University Press.
112. Radford, A. (2012), AN INTRODUCTION TO ENGLISH SENTENCE STRUCTURE, First published, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.
113. Scalise, S. (1986), GENERATIVE MORPHOLOGY, FORIS PUBLICATIONS Holland, U.S.A.
114. Steinberg, D. D. (1999), Psycholinguistics Language, Mind and World, A Longman paperback.
115. Sun, W. (2015), X-bar Theory, Peking University./ http://59.108.48.12/lcwm/course/fs/lec/lec03.pdf
116. sutherland, D. (2006), PHONOLOGICAL REPRESENTATIONS, PHONOLOGICAL AWARENESS, AND PRINT DECODING ABILITY IN CHILDREN WITH MODERATE TO SEVERE SPEECH IMPAIRMENT, The degree of doctor of philosophy, University of Canterbury.
117. Sutherland, D. & Gillon, G. (2005), Assessment of Phonological Representations in Children With Speech Impairment, University of Canterbury, Christchurch, New Zealand.
118. Tallerman, M. (1998), Understanding SYNTAX, Oxford University Press, New York.
119. Dalarna, H. (2006), X_bar theory and Atandard Arabic./https://www.diva-portal.org/smash/get/diva2:518280/FULLTEXT01.pdf
120. Trask, R. L. & Stockwell, P. (2007), Language and Linguistics, The Key Concepts, Second Edition, Routledge.
121. WEKKER, H. & HWEGEMAN, L. (1996), A MODERN COURSE IN ENGLISH SYNTAX, ROUTLEDGE, London, New York.
122. Yule, G.(2006), The Study of Language, 3th edition, Cambridge.

## پێگەی ئەلەکترۆنیی:

123. http://norbert.abelcorver.com/wp-content/uploads/2010/10/CorverLexicalCategoriesAndExtendedProjection.pdf
124. http://newstar.rinet.ru/~goga/biblio/johannessen/johannessen37.pdf
125. https://acasearch.files.wordpress.com/2015/03/extendingx-bartheorytofunctionalcategorieskks2016.pdf
126. http://home.uchicago.edu/~gkobele/files/Kobele10AAbar.pdf
127. http://web.uconn.edu/boskovic/papers/Boskovic-Nunes-2007.pdf
128. http://www.spiruharet.ro/facultati/limbi-straine/masterate/83aa73f65576971e9c182d09a39fa558.pdf
129.http://www.unibuc.ro/prof/avram_l/docs/2012/noi/25_00_27_16Avram_2006_Chapter_3.pdf
130. http://people.bu.edu/bfraser/EDM%20Papers/Carston%20-%20Introduction%20to%20Coordination.pdf
131.https://en.wikibooks.org/wiki/Government_and_Binding_Theory/Case_Filter

132. http://www.bu.edu/linguistics/UG/course/lx522-f01/handouts/lx522-3-xbar.pdf
133.https://pdfs.semanticscholar.org/3b10/f6871d443185d6ba906e06c8c1804efd4cb6.pdf